www.pertwk.com

www.pertwk.com

# پێشەکییەکی تایبەت

بەراییەکی دەزگای مخابراتی(MIT) ی تورکی ودەوری لە پارێزگاریکردنی کۆماری تورکیا.

دەستەواژەی میت لەناو تورکیادا بلاوەو سێ پیتی یەکەمی(تورکی-عەرەبی)یە. یەکەم وشە (M) واتە میللی، کەلە(ملە)ی عەرەبی وەرگیراوە، دووەمیان ئیستخبارات(I) بەمانای هەوالگری دێت، وسێیەمیان(T) بە مانای تشکیلاتیە، واتە پێکهاتە. کە هەرسێکیان لەزمانی تورکیدا بەمجۆرە ڕێکدەخرێت((میللی ئستخبارات تشکیلاتی))، لە وەرگێڕانیدا بۆ کوردی دەتوانین بە(تەشکیلاتی هەواڵگری میللی)) پێناسەی بکەین. ئەمەش لە دەستەواژەی ئاسایشدا بەرامبەر بە(ئاسایشی نەتەوەیی یان ئاسایشی دەولەت) دێت.

دامەزراندنی کۆنی مخابەراتی تورکی لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانیو لەناو کۆی ئەو دەستەڵاتەدا لەسەر شێوازی دەستە و شانەی نهێنی دامەزراوە. دواهەمین ئامانجی ڕوخاندنی سیستمی سولتانی وبەلاوەنانی خەلافەتی عوسمانی و دامەزراندنی ڕژێمێکی کۆماری نەتەوەیی علمانی بووە. سەرەتا ڕەگەزەکانی هەوالگری لە ناواخنی ئەو دەستە وتاقمە ئۆپۆزسیۆنانەی دژایەتی ڕژێمی سولتانیان دەکرد دەستی پێکردووە، کە خۆیان خزاندۆتە ناو پارتەکان و بە جۆرێك ئاراستەیان کردوون کە خزمەتی ئامانجە خۆییەکانیان بکات. یەکێك لەو پارتانەی کەڕەگەزەکانی مخابراتی توانیان کۆنترۆلی پارتەکەو ئەندامەکانی بکات(کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی) بوو, هەروەها توانی کۆنترۆڵی ئەو دەستەو تاقمانەش بکات کە داوای(لامەرکەزی) یان دەکردو، ئەوانەشی لایەنگری دەستوور بوون, ئنجا بۆ پارتەنەتەوە پەرستە توندڕەوەکانی تورك و عەرەب و بەلکانی. وە پاشان کەوتنە خۆشکردنی ئاگری ڕكو کینەی کوێرانەی تۆلەسەندنەوە, کە هیچ پێویست نەبوو لەناو دەستبژێرانی دەسەلاتدا هەبێت.



ئەم دەزگا نهێنیە سنوری چالاکی ڕەگەزەکانی هەر تەنها لە بۆتەی کاری ڕێکخستنی مەدەنیدا نەهێشتەوەو, پەلی بۆ هێزە سەربازییەکانی سنوری بەلکان و ویلایەتە عەرەبیەکان هاویشتو, کەم کەم دەستی لە جلەوی سوپا گیرکرد. بەمەش لێکترازانێکی نەتەوەیی ناوچەیی, مەزهەبی تەشەنەی کرد. جەنگی جیهانی یەکەم هات و هێزەدەرەکیەکان(هاوپەیمانەکان) شکستیەکی قورسیان بە دەسەلات و کۆلی سولتانادا. مخابراتیش کاری خۆی بەهەمەلایەنە لەناوخۆدا بە ئەنجام گەیاندبوو, تا لە کۆتایی جەنگدا هەیکەلێکی ڕێکخراوەیی چەند لایەنەی وردی داڕشتبوو.

مخابراتی تورکی وەکو دەزگایەکی چوست و چالاك لە کاتی سەرکردایەتی کردنی جەنگی ڕزگاریدا دەرکەوت, کە توانی سەرنجی ڕای گشتی ناوخۆو دەرەوە بە بەرزکردنەوەی دروشمی ڕزگاری تورکیا لە داگیرکردنی یونانی, کە(ئەزمیر) ی داگیرکردبوو بەرەو قولایی تورکیا دەکشا, بۆلای خۆی ڕابکێشێت.

لەمیانەی ئەو جەنگەدا دەزگای هەوالگری(میت) هەولیدەدا ڕەگەزەکانی وەکو پالەوانی نەتەوەیی و مجاهدی تورکی بخاتەڕوو, هەروەها ناوبانگی بۆ دروست دەکردن و ڕێزلێنانیشیانی دەسەپاندە سەر گەلی تورك.

ئەم دەزگایە بەکارەکتەری سەرەکی ڕوخاندنی ڕژێمی سەلتەنەتی و پالەوانی دامەزراندنی سیستمی کۆماری لە(1923) دادەنرێت و, خاوەن سومعە و ناوبانکێکی ناوخۆی باش بوو. بەلام پاش دامەزراندنی ئەو کۆمارە, کاتێ بووە سەرپشکی جێبەجێکردنی دەستوری نوێ و, سەرپەرشتیارو چاودێرکاری ئەو ڕژێمەو, پاسەوانی سەپاندنی ڕێساکانی علمانیەت بەسەر تورکیادا، ووردە ووردە ئەو ناوو ناو بانگە باشەی لە ڕۆژانی جەنگی ڕزگاریدا بە بالای بڕابوو لە دەستیدا.

هەر لەسەرەتاوە دەگازی هەواڵگری تورکی مۆرکی سەربازیانەی هەلگرتبوو نەك مەدەنیو، سالێ بەسالێ پاش سەقامگیربوونی دەسەلات لە دەست کۆماریخوازە علمانیەکانا چەندین دەزگای تری هەولگری جۆراو

www.pertwk.com

جۆر بەپێی تایبەتمەنیان دامەزرێنران. لەوانەش دەزگایەکی مخابراتی سەربە سەرکردایەتی پۆلیس و، دەزگایەکی هەواڵگری سەربە(جندرمە)و، دەزگایەکی تایبەت بە سوپا، کەئەمەیان جەند لقێکی زەمینیو دەریاییو ئاسمانی لێدەبێتەوە. هەرهەموویان بەپێی تایبەتمەندی کارەکانیان کاروچالاکیان جۆراو جۆرە، بەڵام لەبۆتەی مەیدانی بەشە تایبەت و دیاریکراوەکانیاندا سنوردار کراوەو، ڕێگایان پێنادرێت ئەو سنورانەی کەبۆیان دیاریکراوە بیبەزێنن. ئەم دەزگایانە بە دەربڕینێکی تر دەزگای تایبەتن بۆ کاری تایبەت. بەڵام لەمانە جیاوازتر دەزگایەك هەیە گشتیە ودەستەڵاتەکانی هەموو سنورو لەمپەرێك دەبەزێنێت. ئەو دەزگایە بە سەربازییانە دەستی پێکردووەو، پاشان گۆڕاوە بە دەزگایەکی ئاسایشی سەربازی و مەدەنی، کەلەیەکەی هەواڵگری نەتەوەیی پێکدێت و پەیوەستە بە(ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) یەوە. ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەش لە سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیران، وەزیری بەرگری، وەزیری ناوخۆ، سەرۆکی هەیئەی ئەرکان، سەرۆکەکانی سوپای زەمینی و ئاسمانی و ئاوی پێکدێن.

ئەم دەزگایە دەستەڵاتەکانی لەبەرزترین بڕیاردەری تورکیاوە وەردەگرێت، بەرزتریشە لە هەموو دەزگا ئەمنیو مخابراتیەکانی تری ناو تورکیا. لە ناوەوەو دەرەوە بە دەزگایەکی بهێزیو زۆر شاراوە ناسراوە. ڕەگەزەکانی لە لوتکەوە بۆ بنکە لەسەر پەیڕەوێکی ورد هەلبژێراون. ئەم دەزگایە بە پارێزەری(ئەتاتورکیەت) وزامنکاری سیستمی کۆماری علمانی وپالپشتی ڕژیمی تورکی دادەنرێت. لەناوخۆدا توانیویەتی هەموو پارتە تورکیەکان بسمێت، جابەشێوەی گشتی یان هەندێکیان، بەشێوەی ئاشکرایان نهێنی بێت. هەروەها پەیوەندیشی بە عەسابەکانی مافیاشەوە هەیەو، هەندێ جاریش کاری هاوەبەش، کە لە بەرژەوەندی هەردوولادایە، پێکەوە ئەنجام ئەدەن. سەرانی مافیاش لەجۆری(عبداللە جاتلی) دانیان بەمجۆرە کارانە داناوە، کەناوبراو لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە(سوسورلك) بەڕووداوی سەیارە کوژراوە. هەروەها(خلوق کرجی) ش، کەئێستا بە تاوانی ئەنجامدانی جەندین عملیاتی تیرۆرستی دەستگیرا کراوە، دانی



بەوەداناوە کەلەناوەو دەروەی تورکیا بە هاوکاری دەزگای(میت) چەندین جالاکی ئەنجامداوە. دەزگای هەواڵگری(میت) یەکێکە لەو دەزگا زەبەلاحانەی جەندین باڵو لقی هەیە و بەرژەوەنییە گشتیەکانی تێکەڵ بە بەرژەوەنییە تایبەتیەکان بووە، بۆیە ڕووپۆش و دەمامکەکانی بە پێی جۆری ئەو سەرچاوانەی کارەکانی ئەنجام دەدەن دەگۆڕێت، هەروەها کێشە ناوخۆییەکانیشی ڕەنگدانەوەی تایبەتیان دەبێت لەسەر سەرچاوە و بە کرێ گیراوەکانی لەناو مافیاو پارتەکاندا. بۆیە دەبینین ئەو کەسەی لەیەکێك لە کاتەکاندا پشتگیری و (صصانە) یەکی لەڕادەبەدەرو لە سەروویاساوەی هەیە، لە دەمێکی تردا تەنیاو بێپشت و پەناو کەساس دەردەکەوێت. قەساب دەبێتە قوربانی و گورگ بۆ مەڕ دەگۆڕێت. لە نمونەی ئەوانەش زۆرن لە تورکیادا، وەك پاشای قومار بازان عمر لوتفی تۆپال، وەتاریق ئومیت، عبداللە جاتلی، خلوق کرجی...هتد لە شێوازی هاوکاری کردندا ئەم دەزگایە تەنها هاوکاری مافیا ناکات، بەلکونیشانەی ئەوەش هەیە کە دوو سەرە هاوکاری تیرۆرستان لە لایەك و دژیان لەلایەکی ترەوە ڕادەوسێتەوە. هاوکاری دەزگای(میت) و مافیا هۆکاری سەرەکی کەوتنی پەنجاو پێجەمین وەزارەتی(مسعود یەلمان) بوو. ئەو دەمەشی(تانسۆ چیلەر) سەرۆك وەزیران بوو. دەگوترا گوایە(مسعو یەلمان) نەخشەی دەستگیر کردنی(ئوجەلان) کەلەلایەن(چیلەر) ەوە دانراوە گەیاندۆتە(پکك) بۆ ئەوەی ئەو کارتی سەروەری و شەرەفی دەسگیر کردنە لە دەستی(چیلەر) دا بسوتێنێت.

لە سەردەمی وەزارەتەکەی(نجم الدین ئەربەکان) ویستی سنور بۆ دەسەڵاتی مافیا دابنێت، بەڵام ئەنجام وەزارەتەکەی ڕوخاو پارتەکەشی هەڵوەشێنرایەوە. وەزارەتەکەی(بلند ئەجەوید) کە بە پشتگیری(میت) هاتە سەر حوکم، سەرەڕای ئەوەی تێزەکانی چەپگەرایی لەگەل سیستمی کۆماریدا دژن، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێت بەرامبەر بەرزبوونەوەی ڕادەی جەماوەریی(پارتی فەزیلە) ی ئیسلامی بوەستێتەوە جەماوەری تێبئالێت بەرگێکی نەتەوەیی بۆ باڵای(ئەجەوید) دوورا. ئەوەبوو تیرۆرستێکی مافیا بەناوی(خلوق کرجی) دەسگیرا کراوە هەلوەشاندنەوەی(پارتی گەلی

دیمکراتی) کە پارتێکی کوردی بوو، وە دەستگیر کردنی(ئوجەلان) کرانە هۆیەك بۆ ئەوەی لە هەلبژاردنی داهاتوودا نەتەوەپەرستەکانیش دەنگ بۆ پارتەکەی(ئەجەوید) بدەن. لە ڕاستیدا دەزگای هەوالگری (میت) لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا یەکێکە لە دەزگا بەهێزەکانو، بەلێوە شاوەیەو توانایٍ بەرزو نهێنی پارێزی و بەدیسپلینی لە دەزگاکانی تری ناوچەکە جوودا دەکرێتەوە، کە ئامادەی هەموو کارێکە بۆ درێژەدان بەسیستمی عیلمانی تورکیا.

# پێشەکی دانەر

ئەم کتێبە پێشکەش بە زۆر خۆشەویستم، برای گەورەو هاوڕێی هەردەم لە یاد نەچووم (محەمەد حیرام عەباس) دەکەم. دووای ئەوەی خانەنشین کرام و کاتم بۆ ڕەخسا دەستم دایە نوسینی یادداشتەکانم، ئەمەش وەك پێداویستیەکی کۆمەلگا کراوەکان دادەنرێت، کە نەوەکانی داهاتووش سوودی لێ دەبینێت. بەڵام پرۆسەی نوسینەوەکە بە کاوەخۆ بەڕێوەچوو، (20–تا25) لاپەڕەم دەنوسی‌و ماوەیەکی زۆر پشتم لێدەکردەوە. زۆربەی ئەو بابەتانەی کە نوسیومن پەیوەندییان بە کارەکانم لە دەزگای هەواڵگری میللی (MIT) وە هەبووە. مەسەلەکان هێندە بەناویەکدا تێکچڕژاون نەمدەزانی باسی چی بکەم، لە کوێ وە دەست پێبکەم؟ دەمویست لەلایەك بابەتەکان کاریگەری خۆیان لەسەر خوێنەر بە جێبهێلن و نەخشی پەیامیك بگێڕن، لەلایەکی تریشەوە بنیاتنەربن و زیان بە بەرژەوەندی میللەت نەگەیەنن، یەکێك لە گرفتەکانی ترم ئەوەبوو فێربوو بووم بە زمانی ڕەسمی بنوسم، ئەگەر چی جاوبار وریا دەبوومەوە، بەڵام بێهودەبوو، دەکەوتمەوە ناو زمانی ڕەسمی.

دوای شەهید بوونی (حیرام بیخوبێ) لە (26/ ئەیلول/1990) دا بنەماڵەکەیان بە حوکمی نزیکایەتی نێوانمان دۆسیەی کەسایەتیەکانیان بەمندا، ئەوەش ئەنجامی ڕێزگرتنی (حیرام بێگ) بوو بۆ من. کاتێ دۆسیەکانم گرتە دەست بیینیم ئەم پیاوە لە ڕادەبەدەروو بە هەموو شێوەیەك مەبەستی خزمەتکردنی دەولەت بووە. گەلێك (لێکۆلینەوە) و (شیکار کردنی) گرنگی لە دوو توێی دۆسیەکاندا ئەنجامداوەو، بە شێوەی ڕاپۆرت بۆ سەروو خۆی بەرزکردۆتەوە.

ئەگەر چاو بەو کەلوپەلانەی لە لایەن باوکیەوە بۆی بە جێماوە بگێڕی، هەست دەکەی (حیرام بێ) لە ڕووی ڕەوشتەوە چەند بە هێزبووەو، هەرگیز بایەخی بەمادە نەداوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم پیاوە مرۆڤێکی ڕێکوپێك بووەو، بەشەرەفەوە خزمەتی دەولەتی خۆی کردووە. هەموو



ژیانی لە خەباتکردندا بەسەر بردووە، لە بەرامبەر ئەو ناڕەوایی و (درۆودەلەسە) و دەمهەڵبەستانەی بەرامبەری کراون دلۆڤان ماوەو هیچی نەکردووە. سەرباری ئەوەش بە گوێرەی زانینی خۆی کاری کردووە وبیری خۆی پاراستووە. بە درێژایی ژیانی کارەکانی بە بێدەنگی‌و نهێنیانە بەڕێوە بردووە. زۆر جار لەگەڵ مردن ڕووبەڕووبۆتەوە، جارێکیش بە خەستی برینداربووە.

دووای ئەوەی دۆسیەکانم خوێندەوە بڕیارمدا ئەم کتێبە زوو تەواو بکەم، چونکە تاکە خزمەتکردنێك بۆ ئەو پیاوە تەواو کردنی ئەم کتێبەیە. ئەو کۆمەڵەش کە ئەو بێباکانە خزمەتی کردووە لە یادی نەکاتو، بەم کارە ببێتە بەشێك لە ڕاسیتەکان. ئەو یەکیك بوو لە دامەزرێنەرانی دەزگای (میت)ی تورکی، لەبەر ئەوە پێویستە بیروڕاکانی بلاو بکریتەوە، گفتوگۆی لەسەر بکریت وسوودی لێوەربگرێت. بەدرێژایی ژیانی و بەحوکمی کارەکەی لەبەرامبەر ناڕەوایی‌و دەمهەلبەستێکی بەرامبەری کراوە بێدەنگ ماوە. ئێستاش دوای ئەوەی بێشەرمانە لە پشتەوە لێیان داوە، واتێدەگەن کە بێدەنگیان کردووە، بەڵام جیتر بێدەنگ نامێنێت، چونکە هەندێ جار مردووش دێتە گۆ، ئەوا من ئەو بەقسە دێنم.

لێپێچینەوە بەشێکی جیانەکراوەی کاری ئیستخباراتە، ئەم کتێبەش لەو ڕوانگەیەوە بۆ شیکردنەوەو لێکۆلینەوەی ئەو قۆناغە نوسراوە, بۆیە ناوی لێکۆلینەوەم لێنا. لە کاتی باسکردن ولێکۆلینەوەکاندا چەندی بتوانم بێلایەن دەبم، ئەو شیکاریانەی جاروبار دەیانکەم مەبەستم لەبەر چاو خستن یان پاراستن وپارێزگاری کردن نییە. لەم کتێبەدا باش و خراپی ژیانی جەنگاوەرانی جیهانی بێدەنگی ئیستخبارات دەبینن.

www.pertwk.com

## دەروازە

هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم کارەکەم بەوجۆرە کۆتایی پێبێت.(ئەحمەد سلجوق) ی ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیران لە جێی خۆی دانیشتبوو، ناڕەحەتی پێوە دیاربوو، بەچاوی پڕ گریانەوە پێی وتم (دەبێ تا بەیانی وەڵامم بدەیتەوە!)، ئەوجا بە ناسکییەکەوە پرسی(دەتەوێ لە کوێ کاربکەیت؟).

هەڵبەت ڕاپۆرتیك بەرز کرابۆوە سەر تاسەری وڵاتی تووشی هەژان کردبوو. سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیرانی خستبووە ڕەوشێکی تەنگەژەوەو، کەسانی پایە بەرز لەڕاگەیاندنەکانیاندا دژی یەکتر دەپەیڤین. ڕاپۆرتیك بە ناوی(میت)ەوە لەئارادابوو، بەڵام ڕاپۆرتی (میت) نەبوو، فەرقی نەبوو، هەر چەندە ئەندامێکی(میت) نوسیبووی. دوای ئەوەی من بوومە مایەی ئەو هەموو شلەژاوی مەسەلانە سوپاسگوزارم کە سەرەو نگون نەکرام.

یەکسەر بڕیارمدا، منێکی لەناو دەزگای(میت) دا چاوم کردۆتەوە لە کوێوە تێهەڵچووم هەر لەوێشدا کۆتایی بە کارەکەم بهێنم. نەمدەویست لە فەرمانگەیەکی تری دەوڵەتدا کار بکەم. ئەگەر چی بڕیارەکەم بە (ئەحمەد بێ) ڕاگەیاند، بەڵام ئەو هەر دەیویست هەلێکم بۆ بڕەخسێنێت و(تابەیانی بیری لێبکەمەوە)، من لەلای خۆمەوە سوپاسی ئەو بایەخ پێدانەیم کردووە بە جێمهێشت.

لە ڕێگا بیرم دەکردەوە کە خۆزگە هەر خۆم بوومایە، چونکە(ئەحمەد بێ) لەناو(میت) دا بەشەش حەوت کەسی تری وتبوو بۆ دامەزراندن لە فەرمانگەیەکی تردا. کەواتە ئەوەی راوێژکارو(حیرام بەگ) گوتبوویان ڕاست بوو. باشە(حیرام بەگ) و نەقیب کۆرکوت، سەرۆکی ئیستخباراتی ناوخۆو ئەوانی تر تاوانیان چی بوو؟ ڕاپۆرتەکە لە سەردەمی سەرۆك کۆمار (کەنعان ئیڤرین) نوسرابوو، دەبێ بەچ شێوەیەك پەیوەندی ئەمانە بەو ڕاپۆرتەوە تاوتوێ کرابێت تا بڕیارێکی لەو جۆرە دەربکرێت؟!



ڕاوێژکار(ئەندۆل) بە نووسین ڕایگەیاندبوو کە ڕاپۆرتەکە لەلایەن منەوە نوسراوە، منیش لە بەردەم لیژنەی لێپێچینەوەدا وتە (افادە)ی خۆمدا. ئەو کارانەی کە پێیان هەلسابووم و لە ئەرشیفەکەمدا هەبوو وەرمگرتنەوە، بێ ئەوەی لای برادەرەکانم باسی بکەم چاپم کردن. من هەموو ئەو کارانەم خۆبەخۆ کردووەو بەمکارەشم ڕاپۆرتەکەم گرتە ئەستۆی خۆم ڕاسیتەکەش ئەوەیە من بە ئەزموون بووم، دەمزانی سەرلە بەری شتەکە بەسەری فەرمانبەرە بچوکەکاندا دەشکێتەوە، بەڵام بواری ئەوەم نەدا.

هەرکە گەیشتمە فەرمانگە ڕاستەخۆ چومەلای (حیرام بەگ)، بڕیاری خۆم پێ ڕاگەیاند و هەموو شتێکم تێگەیاند. ئەو سەرقاڵی کۆکردنەوەی کاغەزەکانی بوو، ئەوەی پێویست بوو تەسلیمی دەکردو ئەوەی تریشی دەسوتاند، چونکە هەروەکو وتی(پاش دەمێکی تر منیش دوانامەی خانەنشینی دەنووسم و پێشکەشی دەکەم). ئەو ڕاسپاردەیەی کە لەڕێی(ئەحمەد سلجوق) ەوە کرابوو سەرۆك وەزیران ڕەزامەندی لەسەر دەرنەبڕیبوو، گوتبووی هیچ نەماوە قسەی لەسەر بکرێت. کەلە فەرمانگە هاتمە دەرەوە بینیم (عمید کۆکورتی) جێگرم و هەڤاڵەکانی ترم بە خەفەتبارییەوە چاوەڕوانیم دەکەن. لەگەڵ کۆکورت چوومە ژوورەکەی خۆم، بڕیارو چاوپێکەوتنەکانی خۆم پێ ڕاگەیاند، ئەویش لە جێدا بڕیاری دەست لەکار کێشانەوەی خۆیدا، هەوڵمدا قایلی بکەم، بەڵام گوێی لێڕانەگرتم ئەو شوێنەی کە ئێمەی لێنەبین ئەویش لێی نامێنێتەوەو گوتی (بەهەر حاڵ ماوەی کارکردنی منیش لێرە کۆتایی پێدێت). کاتێ ئێمە نامەی خانەنیشینیمان دەنووسی ئەو بە جۆرێك دەگریا ئێمە هەست نەکەین، ئێمەش بە جۆرێك دڵمان دایەوەو پێمان ڕاگەیاند کە پێویست نیە خەمباربێت. دوانامەمان وەرگرت و چوینەلای ڕاوێژکار، کە وێڕاری پێشوازی و ئاخاوتنێکی شکۆدارانە لەو دەشتپێشخەرییە زۆر مەمنون بوو، راستەوخۆ ڕازی بوو. بەمەبەستی تەواوکردنی مامڵەی ئسولی ڕەوانەی بەشی خۆیەتی کردین من گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم و

www.pertwk.com

کەلوپەلی خۆم کۆکردەوە، لەهەمان کاتدا بەردەوام بیرم دەکردەوەو پرسیار بە لێشاو هوروژمیان بۆ مێشکم دەهێنا.

دوای ڕۆژێك لە ڕێکەوتی (28) ی مایسی 1988 سەردانی فەرمانگەی پێشووم کرد، خۆم وەك میوان هاتە بەرچاو، فۆرمی پەیوەندی بڕین و نەمانم لەویٚ بەسەر هەموو بەشەکاندا بڵاوکرابۆوە، هیچ جۆرە قەرزێکیشم نەبوو لە بەشی سۆشیال وەریگرم. برادەرێکم بە لێننامەیەکی لەبەشی خۆیەتی بۆ ئیمزا کردن هێنا، کەلەبارەی ئەو زانیارییانەوە بوو بەحوکمی کارکردن لە دەزگادا دەیانزانم و نابێت بە هیچ شێوەیەك بیاندرکێنم. دەمزانی لە پای مەسەلەی ڕاپۆرتەکە پێویستم بە خۆپاراستن دەبێت، بۆ ئەوەش دەبوو باسی هەندیٚ زانیاری بکەم، بۆیە بەلێننامەکەم ئیمزا نەکرد. لە بەر ئەوەش کارتی خانەنشینیم نادرێنیٚ و بەدەرکراو لە(میت) دەژمێردرێم، ئەمەش مەسەلەیەکی وانیە و باوابێت.

لە هۆڵە گەورەی کۆبوونەوەکەدا بە ئامادەبوونی سەرۆکی فەرمانگە و لێپرسراوانی بەشەکان (حیرام بیٚ) وەك ڕێوە ڕەسمێکی فەرمی واتەیەکی کورتی پێشکەش کرد، تەوقەکراو یەکتر ماچ کرا. بە مجۆرە پاش ساڵانێکی زۆر خەباتی چل و پێنچ ساڵێم بەم شێوەیە کۆتایی پێهات.



## هەنگاوە بەراییەکانی ئیستخبارات

(گوکهان) بە دەنگی نزم و بە ئاماژە بۆ کردنەوە پرسی (وەڵامی بەشی سێیەمی پرسیاری یەکەم چییە؟) پرسیاری یەکەم لە سێبەش پێکهاتبوو:-

أ/ میت (MIT) چییە؟

ب / ماه (MIT) چییە؟

ج / ناه (MIT) چییە؟

بە دەنگێکی نزم بە گۆکهانم گوت (پێت نالێم، نەکا گوێیان لێبێت)

دوای ماوەیەك، وەك چۆن بۆ مبایەکی ئەتۆمی بتەقێتەوە، داوای وەڵامی پرسیاری کۆتاییم لێکرد. ئەو بە توڕەییەوە هەمان وەڵامی پێشوومیدایەوە. کاتێك بۆ ماوەیەك هەردووکمان لە ژووری تاقیکردنەوەدا بە تەنیا ماینەوە هەلسام و پێمگوت:-

أ / میت: دەزگای ئیستخباراتی میللی

ب/ماه: خزمەتگوزاری ئاسایشی میللی

ج / ناه: خزمەتگوزاری لێکۆلینەوەی ئەتۆمی

ئەم کۆپیەم کە هەردووکمان ئاگاداری بووین دوواتر من کاتیٚ لێی وردبوومەوە بینینم (گۆکهان) ئەوەندەی تیشکدانەوەی تەقینەوەی ئەتۆمی گەشاوەتەوە. لەبەشی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و بە دواداچوون لەو دەزگایەدا ئەرکمان پێسپێردراو، لە (1ی کانوونی 1966) پێکەوە دەستبە کاربووین.

باوکم(مەزهەر ئەیمور) سەرباری ئەوەی خۆی لەو دەزگایە دا کاری دەکرد، بەلام منی نەخستە ئەو ڕیزەوە. دوای خانەنشین بوونی لە بەڕێوەبەرایەتی ناوچەی ئیستانبول، دوای هەولێکی زۆر ئنجا ڕازی بوو بچمە ڕیزی دەزگاوە.

یەکێك لە سیماکانی (گۆکهان) جوانی بوو، کوڕی بەڕێوەبەری ژمێریاری بوو، وەرزشکارێکی چوارشانەی تەندروست، لەهەمان کاتدا

خوێندکاری خوێندنی باڵای کیمیا بوو، لە سەروبەندی سەرەتایی خوێندنیدا ئەو هەلکەوتە جەستەییەی (مەبەست سیما جوانەکە یەتی) بوبوە هۆی خراپ هەڵسەنگاندن و لێ تێنگەیشتنی لەلایەن تاقیبچیەکانەوە، ئەوانەی هەردوای ماوەیەکی کورت بەسەر چونمان بۆ ئەویۆ، ویڕای دلسۆزی و لە خۆبوردوییمان هێشتا نەدەکەوتینە بەردڵیان و، لەنێو خۆیاندا دەیانگوت (ئەوا مندالی خانمە واسیتە دارەکان هاتن).

تاقییکردنەوە لە بنەمادا یاری و گاڵتەبوو، دامەزراوێکیش بەناوی (NAH) نەبوو. ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە بووبوونەنەریت و، وەك گاڵتەیەك لەگەڵ فەرمانبەرانی تازە دامەزراودا لەبری بەخێر هاتن لە سەرەتادا دەکرا. دووبەشی دوایی پرسیاری یەکەم بە تایبەت بۆ ئەو کەسانە ئامادەکرابوو کەوەکو (گۆکهان) خوێندکاری کیمیابوون. لەمیانەی پرسیارەکارندا جگە لە وشەی(ناوکی ئەتۆمی) ئەوانی تر هیچ مانایەکیان نەدەبەخشی, جۆرە پرسیارێك بوون کە وەڵام نەدەدرانەوە، وەك بایەخی هاوکێشەی باسکال چیە؟ حسابی گۆرینی یۆتۆنگ چۆن دەکرێت؟ ئیتر لەم تەرزە پرسیارە بێ بایەخ و ترۆهاتانە.

بیست تاسی ڕۆژ دەبوو دامەزرابووین و دەستمان بەکار کردبوو، پرسیارەکان من ئامادەم دەکردن و، لە تاقیکردنەوەشدا لەگەڵ (گۆکهان) داپێکەوە تێیان دەکەوتین. (گۆکهان) هەر چۆنێك بووایە وەڵامی جەی و ڕاستی پرسیارەکانی دەدایەوە، پاشان جێگری بەرێوەبەری بەشەکە کە لە هەمووومان کۆنتر بوو هەلساو قسەی کرد، باسی سەرکەوتن و دەرچوونی (گۆکهان) ی کردو پیروزبایی لێکرد. دوابەدوای ئەویش هەموو فەرمانبەرانی چاودێریکاریش پیرۆزباییان لێکرد، هاوکات ئەو بەلەخۆباییبوونەوە پیرۆزباییەکانی وەرگرت و، بەنیگایەك کە شانازی سەرکەوتن و لەخۆبایی‌بوونی لێدەباری سەیری منیشی کرد، بەڵام(گۆکهان) هەرگیز بۆی دەرنەکەوت کە ئەم تاقیکردنەوەیە تەنها بۆ گەمەو گالتەو گەپ و خۆشیەو هیچی ترنا.



## چاودێریکردن و بەدوادا چوون

بەرێوەبەرایەتی چاوێری لە بینایەکی کۆنی سەربەخۆدایە، کە بەسەر گۆرەپانی(تەقسیم)دا دەڕوانی، ئەوانەی بە ئیشوکار دەردەچن و ئەوانەشی دەگەڕێنەوە لێرە کۆدەبنەوە. نان دەخۆن، ڕاپۆرت دەنووسن و لەکاتی دەست بە تالێدا گالتەو گەپ و شەترەنج دەکەن. کاتێ بەرپرس لەوێ دەبوو حسابی برا گەورەمان بۆ دەکرد، کاتێکیش لەوێ نەدەبوو وەکو مندالً دەجولاینەوەو، تەنانەت کادرە کۆنەکانیش هەندێ جار دەنگە دەنگ و قاقاکانیان دەگەیشتە نهۆمی خوارەوەو دانسازەکە خوارەرەمان سەغڵەت دەبوو، بۆ ئەمەش سکرتێرەکەی دەهات و بەنەرمی ونیانی ئاگاداری دەکردین.(عیمد ڕەزا) ئەفسەرێك بوو لە شەری (کۆریا) بەشداری کردبوو، جارێکیان بۆمبایەك بەومەکۆیەدا دەکەوێت کە ئەوی تێدایە، هەرچەند بۆمباکە نەتەقی بوو، بەلام کاریگەری ڕووداوەکە لە سەر (عمید ڕەزا) هەرمابوو، مرۆیەکی ئیشکەرو کار لە بەڕۆشتووبوو، هەندێ جار لە ژوورەکەی خۆیەوە بە تریق‌و هووڕمان تووڕە هەراسان دەبوو هاواری دەکرد(بەسە...بەسە دیسان کردتانە حەمامی ژنان!).

لەئەرك و کارە گرنگەکاندا خودی خۆی بە گەرمی و لە دڵەوە بە شیداریمانی دەکرد، هەندێ جاریش بۆ ئەوەی بزانێ کارو ئەرکەکانمان بە ڕێکوپێکی ئەنجام دەدەین یان نا، دەهات و سەرپەرشتی دەکردین لە کاتی سەرماو سۆلەدا بۆ ئەوەی سەرما کارمان تێنەکات بستەی بۆ دەهێنایین. وێڕای ئەوەی ئەو وەك هاوڕێ و برادەر ڕەفتاری لەگەڵماندا دەکرد، بەڵام ئێمە لێی نزیك نەدەبووینەوە.

بە گشتی بە شەفت کارمان دەکرد، کاتێکیش کاری گرنگ هەبووایە شەفت و شتی لە و بابەتە نەدەما. هەموو یەکێکمان بۆ ئەنجام دانی کار شەوو ڕۆژمان بۆ نەبوو، بۆ هاتوو چۆکردن و کارئاسانی شتی پێویستمان لەو ڕووەوەکەم بوو، بەڵام هەست و گوڕوتینی کار کردنمان لە سەرووی ئەم کەموکوڕیانەوە بوو. شایانی باسە لە دوای کاتی

www.pertwk.com

دیاریکراوی کارکردنمان ئەگەر توشی ئامانجی پێشووتر یان گومانلێکراوێك ببوینایەتەوە بێ سێو دوو کردن دەکەوتینە کارو، ئەگەر هەلمان بۆ ڕێبکەوتایە داوای کۆمەکمان دەکرد تا کارەکە بە ئەنجام بگات. ئەم جۆرە کارە ڕێککەوتانەش پەیوەندی وچالاکی گرنگیان لێدەکەوتەوە.

چاودێری کردن و بەدوادا چوون(المراقبه والتعقیب) قورسترین کاری دەزگایە، ئەو گروپ و کەسانەی کاری چاودێریکردن و بە دوواداچوونیان لە ئەستۆیە هەندێ جار بە ڕۆژ بەمەبەستی بە دەستهێنانەوەی ناونیشان کەسێك کەدەسال پێشتر هەولی ناسینی دراوە لە خالێکدا دەچەقن وچاوەڕوان دەبن، هەندێ جار دووای ئامانج (هدف) دەکەوێ تاشوێنی خۆی، گەڕان بەدوای کەسەکەداو دەستنیشانکردن یان زانین و بە دەستهێنانی پەیوەندی و چالاکیە نهێنیەکانی ماندووبوونەکە دەسڕیتەوەو دواجار شەو نخونیەکە دەبێتە سەرکەوتنێکێ شکۆدارو مایەی شانازی. چالاکی بەدوادا چوون و چاودێریکردن بە شێوەی گروپ ئەنجام دەدرێت، ئەندامانی ئەم گروپانە وەکو ئەندامانی تیپی فەتبۆلێنن کە بە پاس دان بە یەکتر گۆل دەکەن، بەلام کەسی چاودێرکراو نابێت هەست بکات و کاتێ ئەنجامی کۆتایی دێتە دەست مانای گۆل کردنە.

چالاکییەکی دە ڕۆژەمان ئەنجامدا، تەکنیکسازەکان مایکرۆفۆنیان لە بینایەکدا دەچاند، کەتازە دروستکرابوو، هێشتا چۆل بوو، خاوەنی بیناکە زووزوو دەهات و بیناکەی بە سەردەکردەوە، هەرچی ڕێگاو بانێك کە دەچووەوە سەر بیناکە بە پیاوی خۆمان گیرابوو، بەشێوەیەك دامەزرابووین ئاگاداری جوڵەی یەکتریبووین. ئەو دەمانە بێسیم و شتی لەو جۆرەمان نەبوو، بەئاماژەی دیاریکراو یەکتریمان ئاگاداردەکردەوە. دەستی ڕاست بە قژدا هێنان مانای شتێك و، گوێخوراندن بە دەست مانایەکی تری دەبەخشی. ئەم ئاماژانەمان بە شێوەیەك تێگەیەنرابوو کە سەرنجی دەووروو بەر ڕانەکێشن، هەر مەترسییەك ڕوویبدایە بە ئاماژەی تایبەت ئەو کەسەمان ئاگادار دەکرد کەلە سەر بیناکە ڕاوەستابوو. لەم سەروبەندەدا ئیستانبول زستانێکی تەڕوتووشی بە خۆوەدەبینی، ئەگەر چی خۆم باش پێچابوەوەو دوو جوت گۆرەویم لە پێکردبوو، بەلام



هەردوو پێو گوێچکەکانم واتەزیبوون لەوەدابوو سڕببن، سەرباری ئەوەش بە بیرمدا نەدەهات ئەرکەکەم بە جێهێلم و بڕۆم لە شوێنێکدا خۆم گەرم بکەمەوە، چونکە بەجێهێشتنی ئەرکەکە بۆ ماوەیەکی کورت و بۆیەك چرکە بێئاگایی نواندن مانای وایە ئۆپراسیونەکە دەخرێتە مەترسییەوە . بەداپۆشینی گوێم بە ملپێچەکە توانیم کە مێك هەستیان پێبکەمەوە، بەلام چەند پێیەکانم بەزەویدا کوتان بۆ گەرم کردنەوەیان سوودی نەبوو. لە کۆتاییدا ڕۆژنامەیەکی فڕێدراوم لەو ناوە دۆزییەوەو لەسەر پلیکانەیەکی نزیك شوێنەکەم دانیشتم و لەقاچەکانمەوە پێچان، هەر چەندە گەرم نەبوونەوەو هەستم پێنەکردنەوە، بەلام لەمەترسی لەگۆکەوتن پاراستنم. ڕۆژی دواتر بە ئامادەکاری باشترو کارسازییەکی چاکترەوە درێژەمان بە کارەکەمان دا. بەلەبەرچاو گرتنی پرنسیپە گرنگەکانی چاودێریکردن وەك سەرنج ڕانەکێشانی گەنج و خەلکی فزوولی ودوکاندارانی گەڕەك، توانیمان ئەو ئەرکە زەحمەت و هەستیارە بەسەرکەوتووی ئەنجام بدەین، کەئامانج دامەزراندنی مایکرۆفۆن بوو لەناوبیناکەدا.

جارێکیان لەکاتی چاودێریکردندا بەهۆی بیر بلاویمانەوە ئامانجەکەمان بزرکرد، بەهۆی قەرەباڵغییەوە لەسەر سەکۆی دووکانەکان بە شێوەی بەرامبەر چاودێریمان دەکرد، بەلام لەو ساتەدا پاسێك بەوێدا ڕابووردو ئامانجەکەمان لێبزر. بەپەلەپڕوزە، بەلام بێ ئەوەی کەسانی دەوروبەرمان هەست بکەن، وەکو شێت کەوتینە گەڕان بەدوایدا، کاتێکیش دۆزیمانەوە وامان دەزانی هەموو جیهان هی ئێمەیە.

جارێکی تریش لە گەرەکی کارکۆی ئەو ئامانجەی چاودێریمان دەکرد چووە ناو ئاپۆڕەی بەرپێ کردنی ناو تەرمێك. ئێمەش لەبەر ئەوەی ماوەیەك بوو سەرنجی ڕووداوێکمان دەدا خەریك بوو ئاپۆڕەی تەرمەکەش بزربکەین، پاشان دوای ئەوەی ئامانجەکەمان لەنزیك گۆڕستانێك دۆزییەوە فەرامۆشیمان هات. ڕاستت دەوێت لە شوێنی قەرەبالغی بازاڕی داخراودا ئەگەر بۆیەك چرکە چاوت لە ئامانجەکە گواستنەوە بزری دەکەیت. لەو جۆرە شوێنانەدا زۆر سەرنجدان پێویستە، وانەبێت کارەکە

سەرناگرێت. فەرمانبەرە کۆنەکان ئەمەیان فێر کردین، ئەمانە هەموویان لە ناوەڕاستی تەمەنیاندا بوون، کەسانی قاڵوکارابوون. تازە کارەکانیان لەو ڕووەوە پەروەردە دەکرد، کەچۆن چاوببڕنە ئامانجی چاودێریکراو؟ چۆن مامەلەی لەگەڵدا دەکرێت؟ لەکوێدا پێویستە لێی نزیك ببیتەوەو لەکوێدا پێویستە لێی دووربکەویتەوە؟ وردەکاری تری ئەو بابەتانەیان فێر دەکردین. هەندێ لەو فەرمانبەرە کۆنانە وەکو سەگی ڕاو بۆنیان دەکرد، بەجۆرێك کەلەشارێکی پڕئاپۆڕەی وەك ئیستانبوڵدا ئەو ئامانجەی کەلە سیکرجی بزریان کردبوو لە عوسمان بەگ دۆزیبویانەوە. لە چاو بزربوون و لە دەستدانی ئامانج مشتومڕو کێشەی لەنێو ئەندامانی گروپدا دەنایەوە، یان لەوکاتانەی کە ئامانجەکە پێویستی بەماوەیەکی زۆرتری چاودێریکردن بوایەو دەبوو هەستیشی پێنەکات. لە هەردووبارەکەدا ئەندامانی گروپ بە گژیە کتردا دەچوون، یەکتریان تاوانبار دەکرد، ئنجا توڕەیی و بێسەرەو بەرەیی ڕوویدەدا. لەم بارانەشدا سەرەوە ئاگادار نەدەکرایەوە، مەگەر تەنها ڕەوشێکی کەسایەتی زۆر گرنگ لە ئارادابوایە، ئەوسا بەڕاپۆرت سەرەوەمان ئاگادار دەکرد. لەبواری ئیستخباراتیدا ئامانجی پەروەر دەکراو ئامانجی هەرە زەحمەتە، ئەم جۆرە ئامانجانە هەر ئەوەندەی هەست بە چاودێرییەکەی سەری بکات ڕاستەخۆ پێوەی دیاریدەدات و ئیتر هاتوو چۆو هەڵسوکەوتی نابینرێت، هەموو پەیوەندی وچالاکیە نهێنیەکانی ڕادەگرێت و ئاسایی دەبێتەوە.

لەسەرانسەری هەموو تورکیادا واباوە کە دەوڵەتی خاوەن دیسپلینی هەرە تەواو لەڕووی چالاکی ئیستخباراتیەوە سۆڤیەتە(یاداشتەکە بۆ سەردەمی پێش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت دەگەڕێتەوە)، یاساو ڕێسای کاری مخابەراتی(هەواڵگری) بە وردی پەیڕەو دەکەن و بەموو لێ لانادەن، لەهیچ کارێکدا بوار بۆ چانس(بەخت, ڕێکەوت) ناهێڵنەوە، سەرلەبەری کارە هەواڵگرییەکانیان بەپلان و پرۆگرامە. ڕۆمانەکان نمونەیەکی تری دەوڵەتە سەرکەوتوو پەردە ئاسنینەکانی هاوشێوەی سۆڤیەتن. بۆ لگارویونانیەکان هەندێ جار خوێن ساردییان لە دەست دەدەن. لەبیرمەکاتێ هەستیان بەوە کردبێ چاودیریان لەسەرە زمانیان



دەرکێشاوەو دیاردەی ناشیرینیان نواندووە. ژمارەیەکی زۆری ئەو بولگاریانەی بۆ تورکیا کۆچیان کردووە سیخوڕن. ئەو بوارە وای لێکردوون کەچالاکیەکی زۆر لە وڵاتەکەماندا ئەنجام بدەن و بەمەش ئەوانی هێناوەتە ڕیزی دەوڵەتە پەردە ئاسنینەکانەوە.

فەرمانبەرو کادری پسپۆری ئیستخباراتی دەولەتی سوریا، عێراق دەوڵەتی تری عەرەبی هەندێکیان کەسایەتی وان پلەو پایەو دەسەلاتی باڵایان هەیە، بەڵام بەگشتی کارەکانیان بێسەرەو بەرن، شتی هەرە ئاشکرایان ئەوەیە کەلە بەردەم پارەو ئافرەتدا لاوازن، لە پیشەو ئەرکەکانیاندا زیاتر خەریکی بازرگانیکردنن، ئامانجی هەرە گەورەیان بە دەستهێنانی داهات و قازانجی گەورەیە، تادوای تەواوکردنی کارو ئەرکەکانیان لە دەرەوەی وڵات، کەبۆ وڵاتی خۆیان دەگەڕێنەوە دەستکەوتیان هەبێت.

ئیستخباراتی دەوڵەتانی ڕۆژئاواش بە سوودوەرگرتن لەوەی کە تورکیا هاوپەیمانیانە ئەوا ڕێساو یاساکانی نهێنگەرایی زۆر پیادە ناکەن، سەرەڕای ئەوەی لە هەموو شوێنێکدا گوێیان هەیە، دەزانن کە دەزگاکانی ئاسایش شتێکی ئەو تۆیان بەرامبەر ناکەن کە کاریان لێبکات، لەبەر ئەوە بە گشتی دەستیان ئاشکرایە و بە کراوەیی کاردەکەن.

ئیستخبارات یەکێکە لە گەمەکانی عەقڵ، ئەوەی ئەم گەمەیە بە عاقڵانەتر بکات و بە شێوەیەکی گونجاوتر یاساو ڕێساکانی پیادە بکات براوەیە، مەگەر ئەوەی کە ڕێکەوتی بە تووشەوە ببێت. بەگشتی ئەو پلانانەی لە بەرامبەر سوڤیەتو دەوڵەتانی پەردە ئاسنیندا بەڕێوە براوە بە ڕێکەوت نەبێت ئەنجامی سەرکوتووانەی بە دەست نەهێناوە، کەئەویش لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکێکی تردا بەڕێکەوت هەڵکەوتووەو توانراوە پەی بە هەندێ پەیوەندی و چالاکی نهێنی ببردرێ، ئەگەر چی ئەو کەسانەش بەکار هێنراون کە شارەزان و ئامانج دەناسن.

سەرەتا کە چوومە ناو ئەو کارەوە دەزگاکە کەم توانا بوو. هەندێك جار ئامانجەکەمان کە سەیارەی پێ بووەو بەهۆی قەرەباڵغییەوە هێواش

www.pertwk.com

ڕۆشتووە ناچاربووین لەو بەری شەقامی بەی ئۆغلوەوە(شەقامێکی ئیستانبولە – وەرگێر) بە غاردان بپەڕێینەوە بۆ ئەو بەرلە تەقسیمەوە (گەڕەکێکی ئیستانبولە – وەرگێر) سەیارەی تەکسیمان گرتوەو کارەکەمان درێژە پێداوە. ئامانجەکەمان بۆ شۆفێرەکە دەسنیشان دەکرد، خۆمان بە پۆلیس و ئامانجەکەشمان بە تاوانبار دەناساند. هەندێ‌شوفێری تاکسی لە ئێمە گەرمتربوون بۆ کارەکەو جاری واڕێکەوتووە کرێیان لێ وەرنەگرتووین و تا ئێوارە لە گەڵماندا بوون.

بەشی چاودێری و بە دواداچوون لەلایەن ئەمریکیەکانەوە دامەزرێنرابوو، ئەوان فەرمانبەرانی بەشەکەیان پەروەردە کردبوو، لەسەر هەموو پێداویستی و مەسەلەیەکی تری تایبەت بەم کارە هەڵوێستەیان دەکرد. لەڕۆژی دەستبە کاربوونم لەو دەزگایەدا ئەمریکیەکانی تێدانەمابوو، کۆتاییان بەکارەکانیان هێنابوو، واتە لەو کاتەوە هیچ ئەمریکیەك لە ناو هیچ بە شێکی دەزگاکەدا نەمابوون و کاریان نەدەکرد، مەگەر تەنها لەهەندێ کات لەهەندێ ئۆپراسیونی تایبەتدا بەشدار ببونایە.

لەو قۆناغەدا سەرەڕای ئەوەی موچەی باشمان وەرنەدەگرت، بەڵام کادرانی ڕاستەقینەی دەزگا ئەمەیان بەسەر خۆیاندا نەدەهێنا، ئەمەش لە ساڵانی دووایدا لەڕووی هەندێ مافی تایبەتیمانەوە گیرو گرفتی بۆ دروست کردین.

لەدوای بزوتنەوەی سالی 1971( کودەتای 1971– وەرگێر) فەرمانبەرانی بەدواداچوون وچاودێری کردن بە ڕاستی بوونە کادێری دەزگاکە. لەساڵانی دەستبەکاربوونمدا بەشی چاودێری تەنها بۆ ناوخۆی وڵات بەکار نەدەهێنرا، بەلکو ئەگەر بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت لەگەل دەوڵەتانی تردا چەند ئەرکێکی هاوبەشمان ئەنجامداوە.

ژیانی پسپۆڕیم بەو شێوەیە بوو، لەبەر ئەوەشی کە یەکەم هەنگاوم لێرەوە نابوو، ئەوا بایەخی تایبەتیم بە چاودێریکاران و بەشی بە دواداچوون دەدا. ئەو ساڵانەش بەشی بەدوادا چوون و خزمەتکردنی کار گوزاری زۆر کەم توانا بوون، بەڵام ئێستا ئوتۆمبیلی مۆدیل جیاجیا,



بێسیم, دەزگای ناونوس و تۆمار کردن, مینی بوس بە دامودەزگاو تەکنیکی پێویستەوە کەوتوونەتە ناو کارەکانەوە، تەنانەت ژمارەی کادێرو فەرمانبەرانی بە بەراوورد لەگەڵ پێشوودا زۆر زیادیان کردووە.

ماوەیەکی زۆر چاودێری ئیستخباراتی بە ئەزموونی سۆڤیەتی(ئەناتۆلی پیرۆڤیج پریڤالۆڤ) مان کرد, بەڵام هیچمان دەسگیر نەکرد, ئەو کارەکانی بەهاوبەشی لەگەل فەرمانبەرە ناونوس کراوەکانی بالوێزخانەکەیان ئەنجام دەدا. بە گوێری فەرمانبەرو کادرانی تری باڵوێزخانە ئەو بەرزترین پلەی پارێزگاری(حصانە) دیبلۆماسی هەبوو. لەم ڕووانگەیەشەوە ئەم باوەڕو دلنیایی بە کادرانی بواری چالاکی نهێنی دەبەخشیێ, کەلە تورکیا وەك سیخوڕ کاردەکەن.

(پریڤالۆڤ) پێشترو لەساڵاتی 1955–1961 دا لەتورکیا کاری کردووە. لەساڵێ 1966دا دووبارە لەتورکیا دامەزرێنرایەوەو بۆ کارکردن هاتەوە. بەگشتی هەموو وڵاتە گەورەکان فەرمانبەرانی ئیستخباراتی و ئەوانەی دەرەوەیان بۆ ماوەیەکی درێژ لەیەك ناوچە (وڵات) دا دەهێلنەوە تا ئێکسپایەر دەبن. ئەوانە، زیاتر لە ئێمە کە خەڵکی وڵاتەکەین, شارەزایی شەقام و کۆڵانەکانی شارەکان بوون و, هەندێ جاریش جێگە و شوێنی نوێ لەوانەوە فێر دەبووین.

(پریڤالۆڤ) لە خانوویەکدا لە تۆپ ئاغاج (گەرکێکی ئەنکەرەیە–وەرگێر)–دەژیا, لەو ڕۆژەوە ئەو وەکو کەسێکی بەجێوڕێی هەڵاوێردەیی–امتیاز–ی سەربە هەواڵگری دەستنیشان کرابوو، وەك فەرمانبەرێکی ئاسایی سۆڤیەتی و بەشێوەیەکی سادە لەدەرەوە هەلسوکەوتی دەکرد، بەگشتی وەکو فەرمانبەرانی تری باڵوێزخانەکە لەدەرەوە دەمایەوە، ئەوانە لەڕووی سەردان وکارکردنیان لە بالوێزخانەدا پابەندی کات یان پڕۆگرامی تایبەت نەبوون.

لەکارێك دەگەڕاینەوەو ماندوو بووین، نزیکی یەك کاتژمێر و نیوی پاش نیوەشەو بوو, ژنەکەم برسی بوو, لەتونێلێکدا ڕامانگرت و لە نزێك باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە شوێنێك شتێکمان خوارد. شەقامی(بەی ئوغلو) زۆر چۆل بوو. لەو کاتەدا بینیمان دەروازە ئاسنەکانی بالوێزخانەی

سۆڤیەتی کرایەوەو ئوتۆمبیلێکی لێهاتە دەرەوە. من دەست بەجێ ژنەکەم سواری ئوتومبیلێك کردو ڕەوانەی ماڵەوەم کرد. بینیمان (پریڤالۆڤ) ەو بە ئوتومبیلی خۆیشی نیە، دەرچوونی بە ئوتومبیلێك کەهی خۆی نیەو لەو کاتە ناوەختەی شەودا سەرنجی ڕاکێشاین. لەهەمووشی زیاتر بە پێچەوانەی سایدی تونێلەکە بڕوات. بەخێرایی دوای کەوتین و ڕووەو ئاکسەرایی ڕێمان گرتە بەر تابیگرینەوە، بەڵام لێمان ونبوو. ڕاستەوخۆ تەلەفونمان بۆ بەشی چاودێری و بەدووادا چووندا کردو ئەو زانیارییەمان پێڕاگەیاندن. لەوێش ڕاستەوخۆ چەند سەیارەیەك دەرچوون و, لەو شوێنانەی ئەگەری تێپەڕبوون وگومانی سەردانی(پریڤالۆڤ)ی لێدەکرا خالیان دامەزراند. لە (ئاکسەرا، فاتح، لووتی زەیتونی, باقرکۆی) وەکو شێت دەستمان بە پشکنین و گەڕان کرد. ئوتومبیلەکانی تریش لە ناوچەکانی تربلاوبوو بوونەوە. تەواو نەماندەزانی کە(پریڤالۆڤ) بۆ کوێ چووە؟ لەکوێ گیرساوەتەوە؟!, بەڵام چەند سەرەداوێکمان دەست کەوت جارناجارێکیش تەلەفونمان بۆ فەرمانگە دەکرد تابزانین گروپەکانی تر چ هەواڵێکیان ناردووەو چیان بەدەست هێناوە؟ کۆڵان بە کۆڵانمان تەی کرد, وەك بڵێی زەوی شەقی بردبێت و(پریڤالۆڤ)ی هەللوشێبێت!!. کاتژمێر(4,30) دەقیقە تەلەفونمان بۆ فەرمانگە کردەوە, پێیان ڕاگەیاندین کە لەڕێگای ئەو کەسانەی لە دەوروبەری ماڵی(پریڤالۆڤ) بوون هەواڵمان پێگەیشتووە, کە ڕوسەکە هاتۆتەوە بۆ ماڵەوە. هەواڵێکی تریش ئەوە بوو کە دوو برادەرمان لەکاتی گەڕانەوەی(پریڤالۆڤ) سەیارەکەیان لە نزیك (حربیە) تامپۆن (دەعم)ی کردووەو بریندار بوون. چووین بۆ شوێنی ڕووداوەکە بەرامبەر مەڵبەندی سەرکردایەتی, بینیمان ئوتومبیلەکە خۆی بە درەختێکدا داوەو زۆری نەماوە بچێتە ناو دوکانێکیش. تا شوێنی شۆڤێرەکە تێکقوپاو بوو، ستێرنەکەی لە هەشت لاوە خواربووبوو. بەقسەی ئەوانەی لە شوێنی ڕووداوەکە بوون ئەو برادەرانە مەترسییان لەسەر نەبوو. شۆفێرەکەی برادەرێکمان بوو بەناوی(عارەب محمد), خەلکی مەلاتیا بوو. ئەگەر چی لەهۆش خۆی چووبوو, بەڵام هەرکە دکتۆر دەگاتە سەری ڕاست دەبێتەوە, چەتەوڵێکی بەهێزبوو, هەر لەبەر ئەوەش



بوو زیر شۆرەتی لێنرابوو. ئەوەی تەنیشتی ناوی (سادات) بوو, پیاوێکی زۆر بلیێ و درێژدادڕبوو, هەندێ جار بۆ گاڵتە کردن پێمان دەگوت چەناگەت بشکێ یان زمانت بەبڕین بچێ. لەوڕووداوەشدا سادات زمانی هەڵدڕابوو. پاش ئەوەی بۆیان دوورییەوە ماوەیەك نەیدەتوانی قسەی پێبکات. بەرپرسەکەمان هاتە شوێنی ڕووداوەکەو یەکسەر بڕیاری دا ئوتۆمبیلەکە ببرێتەوە، سەرزەنیشتی ئەوەشی کردین کە ئەو شەوە هەوالی مەسەلەی(پریڤالۆڤ)مان پێڕانەگەیاندووە. ئێمە وتمان ((شەوێکی درەنگ بوو, نەمانویست نارەحەتت بکەین)) ئەویش وتی ((چۆن وا دەبێ؟!, لە هەلومەرجی ئاوا ناسکدا نابێت کەس بسرەوێت))

لایەنی سرنج ڕاکێش لە ڕووداوەکە لەوەدابوو, کە کاتێ چاودێریچیەکان دەگەنە سەر ڕووداوەکە (پریڤالرڤ) یش بەوێدا تێپەڕ دەبێت و ئەو ئوتومبیلانەی بینیبوو کە لەوێ وەستا بوون. چەند سەعاتێك بوو لەدوای دەگەڕاین, کەچی ئەو بەڕێکەوت ئێمەی دۆزییەوە.

(پریڤالۆڤ) سەعات دوونیوی شەو چیکرد, کێی بینی؟! ئەی ئەوەی چاوی پێیکەوتووە کێیە؟!.. نازانم. تەنها ئەوەندە دەزانم کە ئەم کارەمان دەبێت لە کۆتاییدا بە خزمەتی تورکیا بشکێتەوەو سوودی ئەوی تیابێت.

ئەوشەوەو بەیانیە کەشی و ڕۆژی دواتریشی درێژەمان بە کارەکەمان دا، پریڤالۆڤ لە ساڵی 1967 تورکیای بە جێهێشتو ڕۆشت.

ئەندامانی گروپە چاودێرچییەکان بە گشتی پێبەپێی تایبەتمەندی ئەرك و کارەکان هەڵدەبژێردران، بە شێوەك کە هەریەکەیان لایەنی لاوازی ئەوەی تریان پڕبکاتەوە. بەمەش گروپەکە دەبووە تیمێکی یەکگرتووی وا کە یەکتریان تەواو دەکردو گوێڕایەڵی یەکتر دەبوون. هەندێ جار ئەرکی نائاسایی و هەستیار بە هەندێکەس دەسپێردرا, کە ئەندامانی تری گروپەکە نەیاندەزانی. ئەم جۆرە ئەرکانەش پێیان دەوترا ئەرکی تایبەت کەسانی تر لەوانەی کەبۆ ئەنجامدانی کار بڕێنە کروان وکاریان پێنەسپێردرا بوو مەراقیان بوو بزانن ئەو ئەرکە چییە؟ بەڵام سەرباری ئەوەش نەیاندەپرسی. هەندێ جاریش بەهۆی فشە کردن و

www.pertwk.com

خۆهەڵکێشانی چاودێرچییەکانەوە لە بایەخی ئەرکەکان کەم بۆتەوەو زانیاری دەربارەیان دزەی کردووە.

بە حوکمی ئەوەی کە فەرمانبەرێکی باوەڕ پێکراوبووم زۆر جار بە کاری ئەرکی تایبەت دەردەچووم، یان پێمسپێردراوە, لەناو ئەمانەشدا ناوی گرنگ هەیە کەلە چارەنووسی تورکیا ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە.

## باوکم

باوکم (مەزهەر ئەیمور)ئەفسەری بێسیم بوو, لە 25 ی ئەیلولی سالی 1900 لەیونان (سەرفیجە) لەدایك بووە. باوکی لەسوپای هەمایۆنی سیر فیجەی فەوجی یەکی فرقەی یازدە سەرقۆل بووە. لەسالی 1903 کۆچی دوایی کردووەو، لەنزیك مزگەوتی هۆرتاج لە سالۆنێك بەخاك سپێردراوە. دوای ئەمەش دایکی هاتۆتە ئیستانبول و لەوێ گیرساوەتەوە. بەم شێوەیە باوکم سەردەمی منداڵی لە گەڕەکی قاسم پاشا بە سەربردووەو چۆتە ئامادەیی سەربازیکولەلی. لەتەمەنی هەژدەساڵیدا هێشتا خوێندنی سەربازی تەواو نەکردبوو. لەیەکی ئابی ساڵی 1918 لە براوەتە تەعلیمگا، لەساڵی 1919 دەبێتە جێگری ئەفسەرو لە ساڵی 1920 دەبێتە ئەفسەر. لە 24 ئەیلولی ساڵی 1921 وەتا 23 ئابی 1923 لەشەڕی سەر بەخۆیدا بەشداری کردوە. بەکۆتایی هاتنی شەڕەکەش باوکم نیشانەی سەربەخۆیی شریت سووری وەرگرتووە.

باوکم لەساڵی 1925بۆتە (ملازم اول). لەساڵی 1928 لەخویندنگای جەنگی خوێندوویەتی و لەساڵی 1929 تەواوی کردوە. لەهەمان ساڵدا چۆتە خوێندنگای پراکتیزە کردنی هونەری و لەساڵی 1930پلەکەی بۆ(نقیب) بەرز کراوەتەوە. لەساڵی 1932بە پلەیەکی بەرز لە خوێندنگای پراکتیزەکردنی هونەری دەردەچێت و, یەکەم دەبێت، لەلایەکی تریشەوە لەکاتی دەستبە تاڵی خۆیدا سەرقاڵی کاروباری ئەلکترۆنی بوەو یارمەتی کەسوکارەکەی داوە. لەساڵی 1936بۆتە(رائد). سالی1938دژی یاخیبوونی کورد بەشداریکردوە. پێش ئەوەی بۆ دەرسیم بچێت لە



حەیدەر پاشای ئیستانبول لەگەڵ هاوڕێکانیدا وێنەیەکی گرتووە, کەلەناوەڕاستیاندایەو, لەپشتی وێنەکە ڕێکەوتی 25ی مایسی 1938نووسراوە. هەروەها بەپێی ئەو مێژووانەی بەپشتی وێنەکانەوەیە لە 27 مایسی 1938لە چێشتخانەی فرات لە ئەزلاغ بووە. لە30 مایس لەئۆردوگای چادرنشین، 15ی تموزی 1938 لەپلور وێنەی گرتوە. کۆدی دەرە، گۆڕستانی هۆزات، گۆڕستانی ئاڤاچك، مندالأنی پلوور، وێنەی سەدان ژنی کۆچەری پەچەداری کورد، ماڵی سەید ڕەزا، کۆنەئاغا بوو دەلەکانی پلوور، دەسماڵی شامو چەند کەسێك کەبەسەر یانەوەیە، پەڕینەوە لەئاوی مەنزورو(داژك بابا)ی ناسراوی گرتوە.

لەساڵی1940دا باوکم بوەبە (عمید) و لەساڵی 1949دا بوە بە (لیوا). ساڵی 1946 گواستراوەتەوە بۆ بواری کادیرانی مەدەنی. خزمەتی باوکم لە1940 لەکار کلارییەوە دەست پێدەکات، پاشان لەبەڕێوەبەرایەتی مەڵبەندی ئیستانبول کاری پێدەدرێت. لەساڵی 1943–1946 لە ئەرزەڕۆم دەبێت، لەساڵی 1946دا دیسان دەگەڕێتەوە مەڵبەندی ئیستانبول وماوەی دووساڵ سەرۆکایەتی بەشی تکنیکی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە دەکات.

لەساڵی 1948 ماڵمان بۆ ئەنکارا گواستەوە، چونکە کاری پاراستن و بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرایەتی خزمەتی تکنیکی لەوێ بەباوکم سپێردرابوو, کە بە (رئاسەت مەقامی) (ا) ناویان دەبرد. ئەوکاتە من لەقۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا بووم. لەوێش لە "کاڤاکلیدەر" لە دەرەوەی شار لەناو بینایەیەکی دوونهۆمیدا نیشتەجێ بووین.

ئەمڕۆش بەشی هەرەگەورەی (میت) (سەرۆکایەتی ئیستخباراتی ئەلکترۆنی وتەکنیکی)یە، کەبناغەکەی لەو بینایەدا ڕۆنرا. لەنهۆمی یەکەمدا دووسێ ژووری بچوك هەبوون، کەوەرشەی چاککرنەوەو کاروباری ئەلکترۆنی بوون. ژوورەکانی تریش ژووری کاڕکێری وهۆلی سەربازی بوون. نهۆمی سەرەوەش ئێمە وفەرمانبەرانی ئەوێی لێدەمایەوە. لەتەنیشت بیناکەشدا گەراجێکی سەر داخراو بۆ خزمەتی تەکنیکی هەبوو.

www.pertwk.com

له قۆناغی خوێندنی سەرەتایمدا، ئەو دەوروبەرە هەمووی چۆڵ بوو. لە ناو دارەکانی نزیکمانەوە چەمێك هەبوو، وە پشتی خانووەکەشمان باخبوو. سەرباز و فەرمانبەران و سەگەکانیان دەچوونە ئەم باخانەوە یارییان دەکرد لەو سەروبەندەشدا باوکم ئۆتۆمبیلی رەسمی (مەقام عەرەبەسی) دەوڵەتی لەژێردا بوو کە جێب ستێشنێکی رەنگ زەرد باوبوو بەلای قاوەیدا دەی ڕوانی کاتێ سواری ئۆتۆمبیلەکە دەبووم لە ناویدا یاریم دەکرد لەخۆشیاندا دەگەشامەوە. پاشان جۆرە ئۆتۆمبێلێکی شێوە سندوقی ئەمریکایی هاتن، کە مۆدێلی 1948 بوون و بە تازەیی گەیشتنە دەستمان، ئەوانە (MAUTH PLAY) ی مۆدێل 1948 و (KESTIRME) ی (2) جێگیر کردن و تەشویش بوون.

ئەو سەردەمەش خەریك بوو بینایەك لە دەوربەرمان دەکراو شەقامیش دروستدەکران. دوایی چەند ساڵ مانەوە لەوێ گواستمانەوە بۆ بینایەکی چوار نهۆمی کەگەراجێکی گەورەو باخچەیەکی هەبوو، ئەم بینایە لە نزیك هۆتێل دەدەمانی ئێستاوە بوو، نهۆمی ژێرەوەی ژێرزەمین و ژووری خزمەتچیان و وەرشەی چاککردنەوەی ئۆتۆمبیل و دارتاشخانە بوو. لەگەڵ نهۆمی هاتنە ژورەوە وەرشەکان و نوسینگەی کارگێری لێبوو. نهۆمی یەکەم بەشی قسە دزین (گوێهەلخستن / تنصت) و وەرگێرەکانی لێ بوو، نهۆمی سەرەوەش ماڵی ئێمەو بەشێکی تایبەتی تێدابوو کەکەس بۆی نەبوو بێتە سەرەوە. لەم بینایەدا لەپاڵ زیادبوونی ژمارەی کادر و فەرمانبەران چالاکیش، زیادی کردبوو، شایانی باسە یەك دوو ئەمریکیش لەم بینایەدا کاریان دەکرد.

لە شوێنە نوێکەماندا حەزم دەکرد یاری بەجێب و ئۆتۆمبیلەکان بکەم، ئیتر بەو هۆیەوە فێری کارپێکردنیان و سورانەوەیان لە ناو باخچەکەدا بووم. تەنانەت بە پارچە تەلێك کارم پێدەکردن و هێواش هێواش لە باخچەکە دەچوومە دەرەوە. لەبەر ئەوەی بچووك بووم لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا نەدەبینرام و خەڵکی وایان دەزانی ئەو ئۆتۆمبیلە خۆی دەڕوات. سەرەڕای ترسم لە باوکم ئەو ئارەزوەم تا ئەو ڕۆژەی مۆڵەتی شۆفێریم وەرگرت هەر مایەوە.



باوکم پیاوێکی جدی، بەشەرەف و لە هەمان کاتدا تەبیات توندبوو، هەست و سۆزی خۆی دەشاردەوەو دەرینەدەخست، باوەڕی بە دۆستەکانی دەکرد و بۆ خۆشی هەڵیدەسەنگاندن. لەو کاتەدا دوو ئۆتۆمبیلی سەرۆك وەزیران (عصمەت ئینۆنو) مۆدیل ئۆپلی رەشی رەسمی خراپ بووبوون، لەژێر سەرپەرشتی باوکم دا لە باخچەکەی خوارەوەدا چاککرانەوە. هەروەها شەش حەوت ئۆتۆمبیلی تری دوا مۆدیل بوون ژمارە مەدەنی هەبوون، کەهەموویان لەو گەراجەدا بوون، باوکم پارێزگاری لێ دەکردن و ماڵی دەوڵەتی وەك چاوی خۆی دەپاراست. جگە لە جێب ستێشنەکەی خۆی سواری هیچ ئۆتۆمبێلێکی تر نەدەبوو. هەروەها باوکم بەیانیان بە ئۆتۆمبیلەکەی بەلای خوێندنگای من و خوشکەممدا تێدەپەری، کەچی سەرەرای ساردوو سەرماش سواری نەدەکردین. مەگەر لەوێنەدا دەنا باوکمم بەبەرگی رەسمیەوە نەدیوە لەبواری میکانینك و ئەلیکترۆندا پسۆرێکی تەواو، پیاوێکی ماندوو نەناس بوو. بێ پشوو کاری دەکرد زۆر کاتیشی بۆ ئێمە و دایکم تەرخان نەدەکرد. لەو کاتانەدا کە تانیوە شەو زۆر خەریکی دەزگاو ئامێری نێرەو وەرگردەبوو دایکم چوار پێنچ جار بۆ نان خواردن بانگی دەکرد و تەنانەت نان خواردنیشی لەیاد دەکرد، کە دایکم جار جارە دەچووە لای دەیبینی سەرقاڵی کارکردنە، فیشەیەك دەردەهێنێ و یەکێکی تری پێوە دەکات، ئیتر ئێمە وەرس دەبووین.

ئێستگەیەکی زۆر بەهێز کەوتبووە پەخش کردن، بەرنامەکانی بەزمانی تورکی بوون، سەرەتا نەدەزانرا لە کوێوە پەخشیان دەکات.وامەزەندە کرا لە ناو تورکیاوە پەخش بکات، رادیۆکە ناوی (رادێوی ئێمە) بوو. لە بەرنامەکانیدا پروپاگەندەی کۆمۆنیستی بلاۆدەکردەوە، لە سەر تاسەری تورکیادا باش وەردەگیراو گوێی لێ دەگیراو. بۆ تێکدانی شەپۆلەکانی دەبوو ئێستگەیەکی زۆر بەهێز دروست بکرێت، کە ئەمەش کات و پارەیەکی زۆری دەویست.

باوکم بۆ ماوەی یەك دوو مانگ زۆر بەچری کاری کرد، لەو ماوەیەدا ئێستگەیەك یان ئامێرێکی بەپارەیەکی زۆر کەم دروست کرد, کە پارە و

www.pertwk.com

تێچوونێکی زۆری بۆ تورکیا گێرایەوە. ئەم ئامێرە لە زۆر شوێنی تورکیادا دانراو ئیتر دەنگی ئێمە نەدەبیسترا. سەرۆکایەتیش باوکم و ئەوانەی لەم کارەدا بەشداریان کردبوو ڕێزلێناو پاداشتی کردن.

هەندێ جار باوکم بۆ گەشت و گوزار بەناو تورکیادا دەگەڕا، جار ناجاریش بەشەو ئەو ئوتۆمۆبیلەی بێسیمی پێوە بوو دەردەکرد. دەمبینی کە زۆربەدڵخۆشیەوە ئۆتۆمبیلەکەی بۆ کار ئامادە دەکرد. دایکیشم لەپەنجەرەوە سەیری دەکردو مەراقی لێدە خوارد. دایکم ناوی (جەمیلە هـ. ئەیمور) ە، پاشناوی (گورەل) ە، لە ئیستانبول گەورە بووە، ئافرەتێکی زیرەك و خۆنەویست بوو، بەردەوام لەگەڵ باوکمدا بوەو منداڵەکانی زۆر خۆش ویستووە، نمونەی ئافرەتی تورك بوو، هەموو توانایەکی خۆی بۆ باشی بە خێوکردن و خوێندنی ئێمە تەرخان کردبوو، ئێستاش هۆشو گۆشی هەرلای ئێمەیە... منداڵەکانی.

باوکم بەگەشت سەردانی یەکێتی سۆڤیەت ودەوڵەتانی تری پەردە ئاسنین و ئیسرائیلیشی کردوە. بیستوومە کە دووکەس بوون بە شەمەندەفەر چوونەتە سۆڤیەت. لە ڕێگاو لەوێش بە نۆرەنانیان خواردووەو نوستوون. ئەو دەمانەی هۆی ئەوەم نەدەزانی، بەڵام دوایی زانیم بۆ جێگیر کردنی مایکرۆفۆن لە بالوێزخانەدا ئەم گەشتیەیان کردووە. لەساڵانی دواتریشدا چەندین کەس لەبەردەستیدا کاریان کردووەو پێگەیشتوون و کارەکانیان بەسەر کەوتووی ئەنجامداوە.

جارێکیان دایکم لەتاوی هەواڵێك کەلە ڕۆژنامەکاندا سەبارەت بە باوکم بڵاوکرابۆوە زۆر خەفەتی خوارد بوو ڕۆژنامەکانی تورکیا لە ژێر سەردێری (نهێنگەرایی لە مۆسکۆ) هەوالێکیان بڵاوکردبۆوە، بە گوێرەی ئەم هەواڵە سیخوڕێکی تورك کە بێسیم و چەندان کەلو پەلی تری پێبوە بەقاچاغ سنووری بەزاندوەو لە سۆڤیەت دەستگیر کراوە. بە قسەی دایکم دوای لێپێچینەوەو دادگایی کردن لە سێدارە دراوە، لە کاتی لێپێچینەوەشدا ناوی باوکمی داوە (ئەگەرچی ناوی هەندێ بەهەلە تۆمار کرابوو) گوایە ئەو پەروەردەو ئامادەی کردوە بۆ ئەو کارە. باوکم بە دەستگیر کردنی ئەو پیاوە، کەخۆی پەروەردەو پێی گەیاندبوو زۆر



نیگەران بوو, هەمیشە دەیگوت:– وتویەتی ئەگەر زۆر ناچار نەبووایە ناوی باوکیشمی نەدەهێنا. هەموو ئەو سیخوڕانەی لە ڕووسیا دەگیران لە کامپەکانی ئیشپێکردندا دەکوژران. ئەوسیخورە تەنها بە هۆی ناکۆکی ئایدیولۆژی و کۆك نەبوونی لەگەل کۆمۆنیستەکاندا کاری دەکرد. زۆرجار سنووری بەقاچاغ بڕیبوو گەڕابۆوە. چەندان جاریش ئاگادار کرابۆوە کە جگەلە کاتی پێویست, لە ڕەوشی خراپ و مەترسیداردا چالاکی نەکات، چونکە دەستگیر دەکرێ.

باوکم کە لەگەل هاوڕێکانیدا پێکەوە کاریان دەکرد، جارجارێ دادەنیشتن و قسە و گالتەیان دەکرد. هەندێ جار دەبوومە میوانی گوێگری ئەو گفتوگۆیانە. ئێوارەیەکیان بەسەردا چووم بینیم بێزەوق بوون، چونکە برادەرێکیان مردبوو. دەیانگێڕایەوە جارێکیان کە چاودێرچی بووەو لە دەوری بینایەك سوڕاوەتەوە دەبینێ سەگ گورگێکی هار(ولفدۆگ) لە باخچەکەدایەو هەست بەم دەکات، ئەویش پێڵاوەکانی دادەکەنێت و بە پێخاوسی تاتەپەی پێی نە بیسترێ دەچێتە ناو بیناکەوە، ئەو قارەمانە گومناوەی لە زستانی ساردی ئەنقەزە بەسەر سەهۆلدا ڕۆشتبوو ئەوەبوو کەمردبوو. کە گیرفانی گەڕابوون تەنها چەند قروشێك پارەی پێبوو بوو. خێزانەکەشی لە بارودۆخێکی ناهەمواردا دەژیان. باوکم و برادەرەکانی ئەو شەوە باسیان لەوە بوو چۆن یارمەتیان بدەن.

گوێمان لەدەنگی تەقەبوو لە بینایەی دواناوەندی نزیك کۆلیژی ئەنکاراوە، کەبەسەر پارکی ئازادیدا دەیڕوانی. هاوکات لە کۆلیژی زانستە سیاسیەکان و مافیشدا پێکدادان هەبوو. پۆلیسی سوارە لە شوێنە چۆلەکانی ئەو ناوە بڵاوببوونەوەو چاوەڕانی فرمان بوون. بە پێی قسەی خەلك و ڕۆژنامەکان سەدان کوژراوو بریندار هەبوون. (555K) واتە سەعات پێنچی ڕۆژی پێنجەمی و مانگی پێنج، ئەم وشەی نهێنی یان PAROLA) بە دەست گەیشتبوو. لە نیوە شەوی 26ی مایسی1960بە تەلەفون زانیاری بۆ باوکم هات، بزوتنەی شۆڕش (3) (بزوتنەوەی دەست بەسەردا گرتن وەرگێر) (3) دەستی پێکرد. یەکەم

www.pertwk.com

جاربوو باوكم بەشلەژاوی بینم. ڕاستەوخۆ چەند كەسێكی بانگكردو لە نزیك یەكتریەوە دانیشتن و فرمانی پێدان كە پاسەوانەكان كاریان بەسەرهیچەوە نەبێت و هیچ جۆرە دەستتێوەردانێك لەو ڕووەوە نەكەن.

(نەجدەت بەگ) كە جێگری باوكم بوو، مالەكەیان لە نزیك ئێمەبوو، بەو شەوە یەكسەر هات بۆ فەرمانگە. هەردووكیان چوونە بیناكەی بەرامبەر ماڵمان، كە دەزگای گوێگری(تنصت)ی تایبەتی لێبوو. لەوێ‌چەند كاسێت و كاغەزیان سووتاند. بە گوێرەی ئەوەی من بۆم دەركەوتبوو گوێگریان بەسەر ئەندامانی ئیدارەی پارتی گەلی كۆماری (CHP) كردبوو. باوكم لەو كاتەدا بە(نەجدەت بێ)ی گوت (چەند جارم پێگوتیت ئێمە لەم كارانەوە مەگلێنە، بەلاّم گوێت لێنە گرتم).

ئەو شەوە بە شێوەیەك پەشۆكاین خەو نەچوە چاومان، تابەیانیش بەردەوام گوێمان لە دەنگ و باسەكانی ڕادیۆ دەگرت. بۆ بەیانی لەگەل هاوەلەكانمدا چووینە ئەو بینایەی بۆ هوتێل دەدەمان دروستدەكرا. لەوبەری بیناكەوە شەقامی بە دارودرەخت ڕازاوەی ئەتا تورك و مالی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دەبینرا، كەلە بەرامبەریدا تانك ڕاگیرابوو. ئەفسەرە گەنجەكان پەیتا پەیتا دەهاتن و دەچوون و پەرلەمانترانیان كۆدەكردەوەو دەیانبردن، تەنانەت هەندێكیشیان بە بێجامەوە بردن. برادەرەكانیشم مالی چەند پەرلە مانتارێكیان بە ئەفسەرەكان نیشاندا.

ئەو ڕۆژە هاتووچۆكردن قەدەغە كرابوو، پێش ئێوارە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. ئوتۆمبیلە مارسیدیسەكەی (نامیق گەدیكی) وەزیری ناوخۆ لە بەردەمی مالماندا راوەستاو ئەفسەرێكی لێدابەزی. ئێمە لە سەرەوە سەیرمان دەكرد، چەند قسەیەكی لەگەل سەربازە پاسەوانەكە كرد، باوكیشم چووە دەرەوە. ئەفسەرەكە سلاّوێكی سەربازانەی بۆ باوكم كردو هەندێ پێكەوە قسەیان كرد. باوكم بۆ ئەوەی دایكم مەراق نەكێشێ پێی گوت(دەچم تاوێكم پێدەچێت و دەگەڕیمەوە). ئنجا ئەفسەرەكە لە پێشی مارسیدیسەكە و باوكم لە پشتەوە سواربوون ڕۆشتن. خەڵكی گەڕەكیش هەموو بە خەمبارییەوە سەیریان دەكرد. باوكم نیوە شەو گەڕایەوە ماڵەوە. ئێمە تا گەڕانەوەی بە پەرۆشەوە چاوەڕێیی بووین. ئەگەر چی



مرۆڤێكی نهێنپارێزو كەمدوو بوو، بەلاّم بەمەبەستی هێوركردنەوەی دایكم ناچار بوو مەسەلەی چوونەكەی بۆ باسبكات، كە بۆ ڕاوێژی تەكنیكی بردوویانە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر هەوڵی خۆكوژیدا، كە پێشتر (نامیق گەدیك) كردبووی ڕێوشوێنی گونجاو بگرنەبەر. لەوانەشە باوكم بۆ مەسەلەیەكی ترچووبێت و باس لە شتێكی تر كرابێت، یان لەوانەیە هەر بۆ ئەوە بووبێت كە بۆی باسكردین. ئەو ڕۆژە ژمارەیەكی زۆری پەرلەمانتارو خەڵكی سیڤیل و پیاوانی سوپا و ئاسایشی میللی دەستگیركران. باوكم لە ساڵی 1962 لە تەمەنی (62) ساڵیدا كرایە بەڕێوەبەری ناوچەی ئیستانبوول، یان وەكو ناوەكەی تری لە (باش موفتشییەی ناوچەی ئیستانبوول و دەووروبەری) بە سەرۆك دامەزرێنرا. لە چەندین ناوچەی وەك: تراكیا، بۆرسا، ئیزمیر و چەندین ناوچەی تری فراواندا گەڕاوەو بەر پرس بووە. لە هەر شوێنێكیش كە باوكم بۆی ڕاگوێزراوە بەجیا لە خانوودابووین. تاوەكو ئەم سەردەمە من وەكو كەسێك بە حوكمی كارەكەی باوكم لە نزیكەوە لە ناو ئەو كارانەدا ژیاوم. بەلاّم لەو شوێنانەی كەماڵمان جیا لە فەرمانگەكەی باوكم سەربەخۆ لە خانوویەكدابووین، بۆ ماوەیەكی كورت، بەو هۆیەوە لە كارەكەم دابڕام، تا لەكاتی دامەزراندنم لە مانگی كانوونی 1966. لەو قۆناغەدا من لە زانكۆبووم، خوشكەكانم شوویان كردبوو، یەكێكیان ماڵی لە بۆرسابوو. ئێمەش پاش هەفتەیەك چووینە بۆرسا. كاتێ باوكم بۆ فەرمانگە دەچوو منیش حەزم دەكرد بچمە بۆرسا. پاش ئەوەی ماوەیەك بۆ شوێنی فەرمانگەكە گەڕان لەگەڵ فەرمانبەرانی ئەوێدا چووینە خانوویەكی دوونهۆمیەوە.

لە شوێنێكی ئەو خانووەدا چەند كەسێك بەڕەسمی دانیشتبوون، دوو كەسی ڕیشداری بەخۆوەی شێوە كۆنە پارێزیش بەپێوە ڕاوەستابوون. دانیشتوەكان بەبینینی ئێمە هەستانە سەرپێ. باوكم بە تەمەن لە ئەوان گەورەتر بوو، لە ڕێگای وەرگێڕێكەوە چەند قسەیەكی كرد. من لەوێ نەمامەوەو چوومە خوارەوە بۆ لای شۆفێرەكە. پرسیم ئەوانە كێن، گوتیان پیاوێكی ئێرانییەو لە ئێران دوور خراوەتەوەو میوانی توركیایە. من زۆر

www.pertwk.com

بایەخم پێنەدا. پاش ماوەیەك مانەوە لەوێ گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە. پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر گفتۆگۆی باوكم لەگەڵ ئەو پیاوەڕیشدارەدا ئنجا بۆم دەركەوت ئەوە (ئایەتوڵا خومەینی) ڕابەری ئێستای ئێرانە باشە من بەچیدا بمزانییایە ئەو پیاوەی كە باوكم قسەی لەگەڵدا كرد چارەنووسی ئێران و جیهانیش دەگۆڕێت.

باوكم لە 13 ی تەمووزی 1965 داو، دوای پەنجا ساڵ و دە ڕۆژ خزمەتكردن خانەنشین كرا. لە ڕێوڕەسم داوەتێكی ڕەسمی، كە لەیانەیەكی ئیتالیدا بەڕێوەچوو خانەنشین كردنی ڕاگەیەنرا. لە ساڵانی خانەنشینیدا سەرقاڵی وەرشەكەی بوو، ئامێرو كەرەستەی چاكدەكردەوە. لە ڕۆژانی كۆتایی هەفتەشدا سەیری یاری تۆپی پێی دەكرد، پەرتووكی دەخوێندەوە، گۆڕانكارییە سیاسیەكانی بەسەر دەكردەوە، هەندێ جاریش دەچووە ژوورەكەی خۆی و دەرگای لەسەر خۆی دادەخست و بەدەنگێكی نەوی قورئانی دەخوێند. لەو ماوەیەشدا زۆر تاسەی بەرپرسە كۆنەكەی خۆی (ناجی پەركەلی) دەكرد، كە لە باوكم نەبینیوە كەسی تری هێندەی ئەو خۆشویستبێ. لەو ماوەیەدا باوكم، ئەگەر بەكەمیش بووبێت سەردانی برادەرە كۆنەكانی خۆی لە ئیستانبوول دەكرد. زۆر بیری دەكردەوە و حەزیشی نەدەكرد كەس سەری بیەشێنێت. حەزیشی بەوانەبوو كە دەهاتنە سەردانیو زۆر دادەنیشتن. كاتێ دەچووە سەردانی مەڵبەندی كاری پێشووی كارمەندەكانی ئەوێ كە هۆگری ببوون هەر لە باخچەكەوە بەڕاكردن بە پیریەوە دەچوون و دەستیان ماچ دەكرد. لە گەڕانەوەشیدا سەرەڕای پێداگرتنی فەرمانبەرەكان كە بە ئۆتۆمۆبیلی فەرمانگە بیگەننە ماڵەوە ئەو ڕازی نەدەبوو، بەڵام بەسوپاسەوە كارتی تایبەت بە كەم ئەندامانی لێوەردەگرتن، كە تایبەت بوو بەو كەم ئەندامانەی لە ناو پاسدا پارەیان لێوەرنەدەگرتن. هەر لەو كاتەشدا باوكم ڕێكخراوی (خەبات دژی شێرپەنجە) ی دامەزراندبوو ئەندامێكی چالاكی ئەو ڕێكخراوە بوو، لە 29 ی مارتی 1971 یشدا باوكم بەشێر پەنجەی سییەكان ماڵئاوایی لێ كردین.



## لە ماهەوە (MAH) بۆ میت (MIT):-

ئەوسا دەزگای خزكەتگوزاری عەمالەتی میللی (MAH) ( Milli Hizmetleri Amalet) وەك ئەمڕۆ چوارچێوەیەكی یاسایی سەرۆكایەتی نەبووە سەرگوزشتەی ئەم دەزگایە لە كۆماری توركیای لاودا لە (MAH) بۆ (MIT) بەمجۆرە بوو: ئەو سەردەمە دام و دەزگای پۆلیسی سەربازی و ئیستخبارات بەسەرپەرشتی (موستەفا موغلال) دامەزران و ئەركیان بۆ دیاریكرا. ئەم تەشكیلاتە تایبەتە سەرەڕای كەمتوانایی لەسەروبەندی شەڕی سەربەخۆیدا لە ئەنادۆل خزمەتێكی گەورەی پێشكەش كرد. لە دوای شەڕیش ئەم ئەركە بە (لقی هەوڵگری دەستەی گشتیئەركان) سپێردرا.

دوای دامەزراندن و ڕاگەیاندنی كۆمار (واتە كۆماری توركیا) و لەو كۆبونەوەیەی سەرەتای ساڵی 1926 كە ئەتاتورك لەگەڵ دەستەی ئەركاندا كردبووی فەرمانیدابوو كە (ئەم كارە بەو جۆرە نابێت، ناچارین ئێمەش وەكو دەوڵەتە كاریگەرەكان ئیستخباراتێكی مۆدێرن دابمەزرێنین).

بەمەبەستی پەروەردەكردن لە ئەوروپا دەستەیەك لە ئەفسەرانی ناو سوپا بە سەرۆكایەتی (ناجی ئەلدەنز) هەڵبژێردرا، ئەوانەش بوونە مامۆستای ئەو بوارەو فەرمانیان دەركرد كە لە پێناوی دامەزراندنی ئیستخباراتدا نابێ هیچ كەسێكی ناپسپۆری تێبكەوێ.

ناجی پاشا لە ساڵانی نێوان (1912 – 1919) لە كاتی شەڕیشدا لەگەڵ جەنەراڵی ئەڵمانی (ئۆبرست واڵتەر نیكولای)، كە سەرۆكی ئیستخباراتی سەربازی دەستەی گشتی ئەركانی ئەڵمانی بوو, پێكەوە كاریان كردبوو بۆیە ناجی پاشا ئەوی بانگهێشتی توركیا كرد بۆ سەر لە نوێ ڕێكخستنەوەی ئەو تەشكیلاتە. نیكۆلاش بە بانگهێشتەكە ڕازی بوو, لەسەرەتای ساڵی 1926 وە دەستبەكاربوو. لە ئەكادیمیای جەنگی ئەستانبول لەیلدز شوێنی بۆ دابین كرا, دەستیدایە پەروەردەكردنی

www.pertwk.com

کەسانی سەربازو سڤیل, پاشانیش ئەوانەی بۆ بینینی پەروەردەی پراکتیکی بۆ ئەلمانیا برد.

ئەوانەی خولی پەروەردەییان بینیبوو, لە6ی کانوونی‌یەکەمی 1927 یشدا گەڕانەوە بۆ تورکیا. ئەو دەمەش سەرۆکی دەستەی گشتی ئەرکان فەوزی چاکماك بە نوسراوێکی نهێنی فەرمانی‌دا کەمەڵبەند لە ئەنقەرە بکرێتەوەو لقەکان لە ئیستانبوول، ئیزمیر، ئەدەنە، دیار بەکرو قارس. ئیتر لەسەر ئەم بنەمایە دەزگای خزمەتگووزاری میللی دامەزرێنرا.

بە کورتیش ئەو چالاکیە هەواڵگرییەی پشکێنەری سوپا بەڕێوەی دەبرد درایە دەست ئەو دەزگانوێیە کە بە (MAH) ناسرابوو. دووای گۆرینی ڕێنوس (عەرەبی بۆ لاتینی – وەرگێر) ناوی دەزگاکە کرا بە خزمەتگوزاری ئاسایشی میللی ( MILLI EMNEIYET HZMETLERI) ئەم ناوەنوێیەش (MEH) لەگەڵ ئەوەی پێشوو (MAH)جیاوازی ئەوە بوو کە بۆ گویٚ خۆش نەبوو، بۆیە بە فەرمانی ئەتاتورك رەمزەکە هەروەك خۆی بە MAH مایەوە.

(MAH) تا ساڵی 1965 بەڕواڵەت هەر سەر بە وەزارەتی ناوخۆبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەزگایەکی یاسایی نەبووەو کارەکانی نهێنی بوون، بۆیە لە ڕووی پراکتیکەوە پابەندییەکەی هیچ بایەخێکی نەبوو. سەرەتا تەنها بەشی سیخوڕی، دژە سیخوڕی، پڕوپاگەندە، چالاکی تەکنیکی و هاوکاری هەبوو، لە بینایەکی دوو نهۆمی‌دا پێنج ژووری هەبوو لە کۆڵانێکی تەنگەبەرو تاریکی نزیك و مزگەوتی حاجی برایم لە ئەنقەرە. ئەم دەزگا بچوکە دەستی دایە چالاکی نواندن وێڕای کەمی و ساوایی کادرانی ئەوەندە دینامیکی بوون لەو ساڵانەدا خزمەتێکی گەورەی تورکیایان کردو سودێکی زۆریان پێگەیاند. (MAH) جێپەنجەی بەسەریا خیبوونی شێخ سەعید, چالاکی‌و کارەکانی لازستانی سوور، چالاکی کۆمەڵەی خۆیبوون و کۆمەڵەی تعالی کوردی کوردو ئەرمەنیەکان، چالاکیە نهێنیەکانی پارتە کۆمۆنیستەکان چالاکی خەلیفە خوازان و سەلتەنەت خوازان و پرسی ئەسکەندەرونە زۆر بەڕوونی دەبینرێت چالاکی گەورەی هەبووە لە سەریان وبەبابەتەکانیانەوە ڕەنگی داوەتەوە.



دوای ئەوخولی پەروەردییەی لەسەر دەستی جەنەرالی ئەلمانی بەڕێوەچوو, (MAH) لە ساڵی 1927 بەکردەوە دەستبەکاربوو. دواتر لە ساڵی 1955 دا کاتیٚ تورکیا بوو بە ئەندامی (NATO) پەروەردەی ئەمریکی دەدراو سیستمەکەشی گۆڕابە سیستمی ئەمریکی. لە ساڵی 1953 دا سەرکردایەتی هەواڵگری دەستەی گشتی ئەرکان، لیوا بەهجەت تورکمان وەکو سەرۆکی دەزگا و چەندان عەمید روکنی وەك فوئاد دۆغۆیان هێنایە ناو دەزگاوە، ئەو شەش کەسە سەنترالەش بۆ ڕاهێنان بەرەو ئەمریکا بەڕێکران. پاشان ئەوانەی دوای خولی پەروەردە گەڕانەوە تورکیا پێکەوە لەگەڵ ئەمریکیەکان لە ئیستانبوول (ئەمیرگان) پەیمانگەیەکی پەروەردەیان کردەوە، کە کادرانی (MAH) پەروەردەیان تێدا دەبینی.

ماوەیەك (عمید رکن دۆغ) ڕاگری پەیمانگەبوو، لە پاشاندا کرا بە یاریدەدەری مەڵبەندی پشکێنەرایەتی سەرۆکایەتی ئیستانبوول.

لە ساڵی 1965 بە یاسای ژمارە 644, (MAH) کرا بە (MIT) و لە ژێر ئەو ناوەدا بوو بە دەزگایەکی ئاشکرا، هەروەها (MAH) یش وەکو گروپێکی دایکانە درێژەی بە ژیانی خۆی‌دا. سەرۆکایەتی خزمەتگوزاری ئاسایشی میللی (MEH)، سەرۆکایەتی هەواڵگری، سەرۆکایەتی پاراستن و سایکۆلۆژی کاروباری کارگێری، سەرۆکایەتی دەزگای پشکنین و ڕاوێژکاری ماف، هەموویان سەر بە ڕاوێژکاربوون. پاشانیش لە ساڵی 1971 دا سەرۆکایەتی هەواڵگری ئەلکترۆنی و تەکنیکیش چوونە ڕیزی ئەو سەرۆکایەتیانەوە.

بەپێی یاسای ژمارە 644 ی دەزگای ڕێکخەری هەواڵگری میللی لە سەرۆکایەتی دەزگای مونەسیقی هەواڵگری میللی ڕاوێژکاری (MIT) دامەزرا کە بە (MIKK) ناسراوەو کورتکراوەی ( MILI ISTHBARAT KOORDINSYON KURULU). ئەندامەکانیشی لە سکرتێری گشتی یان جێگری ەزگای ئاسایشی نەتەوەیی(MGK)، سەرۆکی (MAH)، سەرۆك یان جێگری هەوڵگری دەستەی گشتی ئەرکان و وەزیری کۆمیشنەر پێك دێت. لە ساڵی 1976

یشدا لە سەردەمی (فەریق هەمزە گورگوچ) کاروبارەکان بە سەرپەرشتی سەرۆکی خۆیەتی (نوری بیٚ) دووبارە ڕیٚکخرانەوەو زۆربەشی تری جیاجیای بۆ زیاد کراو دامەزریٚنران. هەر لەو بوارەشدا بەشی کۆکردنەوەو هەڵسەنگاندنی هەواڵ جیاکرانەوەو سەرۆکایەتی (MAH) گۆڕا بۆ ئیستخباراتی ناوەوەو کرایە سەرۆکایەتیەکی سەربەخۆ، هەروەك چۆن بەشی هەڵسەنگاندنیش سەربەخۆکرا. دەزگای یاریدەدەری ڕاویٚژکاریش نویٚکرایەوەو، (لیوا نهادیلدز) بە سەرۆکی دانرا.

زۆر گۆڕانکاری تر بە دوای ئەم گۆڕانکاریانەدا هاتن، بەگشتی لە کاتی دووبارە ڕیٚکخستنەوەدا بە ئامانجی باشتر بەڕیٚوەچوونی کاروباری دەزگاکەو لەبەر چاوگرتنی هاوسەنگی و بۆ پاکسازی هەندیٚ کەس، کە لەسەرووی هەندیٚ فەرمانگەی دەزگادا شویٚنیان پیٚدرابوو، کاروبارەکانی ئەو دەزگایە کەمکرایەوە. هەندیٚ فەرمانگەی نویٚش هاتنە دامەزراندن و چەندین کەسی چالاك و ئیشکەریان بۆ دەستنیشان کرا. لە دەرئەنجامدا هەندیٚ بەش و فەرمانگەی دەزگاکە کەوتنە ژیٚر فەرمانی چەند بەش و فەرمانگەی ترو لەوبینا بۆ بینایەکی تر دەگویٚزرانەوەو وەکو نەریتیٚکی لیٚهاتبوو.

بەگویٚرەی یاسای ژمارە (2937) ی ڕیٚکەوتی (1983/11/1) خزمەتگوزاری ئیستخباراتی دەوڵەت و تەشکیلاتی ئیستخباراتی میللی (MIT) پیٚگەیەکی نوییان بەدەستهیٚنا. سەرۆکایەتی (بەڕیٚوەبەرایەتی – MAH) ی ئەتاتورك بەکردەوە کۆتایی پیٚهات و بووە میٚژوو. لە ساڵی 1927 وە تا وەکو ئەمڕۆ تەشکیلاتیٚ, کە بە MAH دەستی پیٚکردوو بە (MIT) دریٚژەی بە ژیانی خۆی داوە بیست و دوو بەڕیٚوەبەری گۆڕیووەو سەرۆك و ڕاویٚژکارانیشی ئەمانەبوون:

سەرۆکایەتی قۆناغی (MAH)

1- محەمەد شوکری عەلی ئۆغلو – (1927 – 1941). ساڵی 1896 لە ئەستانبول لە دایکبوە. دەرچووی خویٚندنگای جەنگییە. بەشداری شەڕی سەربەخۆیی کردوە. پەرلەمانتاری کردوە. لە ساڵی 1927 وە



لەلایەن ئەتاتورکەوە کراوەتە سەرۆکی (MAH). کە خانەنشین کراوە پلەی فەریق بوو. ساڵی 1973 مردووە.

2- ناجی پەر کەلی (1941- 1953) ساڵی 1889 لە ئەستانبوول لە دایك بووە. دەرچووی خویٚندنگای جەنگییە. بەشداری شەڕی بەلکانی کردوەو بە دیل گیراوە. لە ساڵی 1915 دا لەبەرەی عیٚراقدا برینداربوەو، لە هەمان سالیشدا دیلی ئنگلیزەکان بووەو ماوەی پیٚنج ساڵ لە هندستان بە دیلی ماوەتەوە. ساڵی 1929 بە پلەی (مقدم) لە (MAH) دامەزرازە. ساڵی 1934 بۆتە یاریدەری سەرۆك و دەگویٚزریٚتەوە بۆ بەشی کادیٚری سیڤل. ساڵی 1941 سەرۆکایەتی ئاسایشی میللی پیٚ سپیٚردراوە. ساڵی 1953 لە باڵیۆزخانەی تورکیا لە بەغدا دامەزریٚندراوەو ئیتر لە (MAH) دابڕاوە. لە ساڵی 1945 خانەنشین کراوەو، ساڵی 1969 کۆچی دوایی کردووە.

3- بەهجەت تورکمان – (1953 – 1957) ساڵی 1899 لە مستەفا باشا لەدایکبوە. دەرچووی خویٚندنگای جەنگییە. ماوەیەك بەر پرسی هیٚزی ئاگری سەربازی (NATO) لە ئەتینابووە. ساڵی 1951 لە ژیٚر فەرمانی (MAH) دا ئەرکی پیٚدراوە. ساڵی 1953 کراوەتە سەرۆکی خزمەتگوزاری ئاسایشی میللی. ساڵی 1957 بەهۆی دامەزراندنی لە بالویٚزخانەی تورکی لە بەغدا لە (MAH) جیابۆتەوە. دواتریش گواستراوەتەوە بۆ بالویٚزخانەی تورکیا لە ستۆکهۆلم (سوید). ساڵی 1972 مردووە.

4- ئەمین چوپان ئۆغلو – (1957) بە وەکالەت. ساڵی 1901 لە سەرەز لە دایك بووە. ساڵی 1922 خویٚندنگەی سەربازی تەواو کردووە. لە تەشکیلاتی ئاسایشی میلیدا بەر پرسیاریٚتی جیاجیای وەرگرتووە. ساڵی 1957 بۆ ماوەی نۆ مانگ بە وەکالەت سەرۆکایەتی ئاسایشی میللی وەرگرتووە. ساڵی 1960 خانەنشین بووە.

5- حوسین عەونی گۆکتۆرك – (1957 – 1959) ساڵی 1951 لە نیفدە لە دایك بووە ساڵی 1927 کۆلیژی مافی تەواو کردووە. لیسانسی لە جنیٚف و دکتۆرای لە بەرلین وەرگرتووە. لە کۆلیژەکانی ماف و زانستە

www.pertwk.com

سیاسییەکاندا وانەی وتۆتەوە. ڕاوێژکاری وەزارەتی ئیشغال بووە. پەرلەمانتاری کردووە. جێگری وەزارەتی دادو، وەکیلی وەزارەتی ناوخۆ بووە. ساڵی 1957 کراوەتە سەرۆکی خزمەتگوزاری ئاسایشی میللی. لە ساڵی 1959 لە دەزگا جیابۆتەوە.

6- ئەحمەد سالح کۆرۆ – (1959) بەوەکالەت. ساڵی 1905 لە ئیستانبوول لە دایك بووە. خوێندنگەی ڕوشدییەی سەربازی تەواو کردووە. لە سەروبەندی شەڕی سەربەخۆیدا لە فابریقە (کارگە) ی سەربازیدا کاری کردووە. بڕوانامەی لە مافناسیدا وەرگرتووە. بەڕێوەبەری گشتی تۆمارگەی خانوو بەرەو نیشتە جێکردن و، ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیران بووە. لە ماوەی ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیراندا بۆ ماوەی سێ مانگ بەوەکالەت سەرۆکایەتی خزمەتگوزاری ئاسایشی میللی کردووە.

7- جەلالەدین تۆفیق قەرەساپان – (1959 – 1960) لە ساڵی 1901 لە دایکبوە. دەرچووی زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانە لە پاریس. چەند جارێك بالوێزی تورکیا بووە. زمانی ئینگلیزی، ئیتالی، و فەرنسی زانیوە. سالی 1959 کراوەتە سەرۆکی (MAH) سالی 1961 بە سینەتۆری ئەفیون قەرەهیسار هەڵبژێردراوە. ساڵی 1974 مردووە.

8- زیا سەلشك – (1960 – 1961). ساڵی 1900 لە کرشەهیر لە دایك بووە. ساڵی 1926 خوێندنگای سەربازی تەواو کردووە. ساڵی 1938 وەکو پشکێنەر لە (MAH) دەستبەکاربووە. پاشان چەندین بەرپرسیارێتی لە دەزگاکەدا وەرگرتووە، تا دوا جار لە ساڵانی (1960 – 1961) بۆ ماوەی حەوت مانگ کراوەتە سەرۆکی ئاسایشی میللی. هەروەها دووبارە لە ماوەی (1964 – 1965) یازدە مانگ سەرۆکایەتی دەگرێتە دەست. لەبەر ئەوەی چۆتە ساڵەوە خانەنشین کراوەو ساڵی 1966 مردووە.

9- ناجی ئەشکۆن – (1961 – 1962). ساڵی 1908 لە ئۆشاك لە دایکبووە. ساڵی 1930 خوێندنگای جەنگی تەواو کردووە. سەرەتا بەپلەی (رائد رکن) چۆتە ناو دەزگاو لە ئەستانبول کاری کردووە، پاشان



لە ساڵانی (1949 – 1952) کراوەتە سەرۆکی بەشی ئەرزەڕۆم. لە ساڵانی (1961 –1962) کراوەتە سەرۆکی دەزگاکە. کاتێ خانەنشین کراوە پلەی فەریق بووە.

10- فواد دۆغۆ – (1962 – 1964). ساڵی 1914 لە ئەستانبول لە دایکبووە. لە 1934 خوێندنگای سەربازی تەواو کردووە. لە ساڵی 1954 وە لە دەزگادا دەستبەکاربووە، لەم بوارانەدا کاری کردووە: یاریدەدەری سەرۆکی بەشی ئەستانبوول، سەرۆکی بەشی مەڵبەندی ئەدەنە، یاریدەدەری سەرۆکی خزمەتگوزاری و سەرۆکایەتی (MAH)، پاشان چۆتە ئەفگانستان. لە ساڵانی (1962 – 1964) بۆ یەکەمجار دەبێتە سەرۆکی دەزگا. پاش تەواو بوونی خزمەتی لە سوپادا ساڵی 1966 دەگەڕێتەوە و دەبێتە ڕاوێژکاری (MIT). ساڵی 1971 بە پلەی فەریق خانەنشین دەکرێت و، لە بەر ئەوەی دەبێتە بالوێزی تورکیا لە دەزگا جیادەبێتەوە.

* ڕاوێژکارانی قۆناغی میت (MIT):

1- عەونی کانتان – (1965 – 1966) ساڵی 1910 لە ئەستانبوول لە دایکبووە، ساڵی 1932 لە خوێندنگای جەنگی دەرچووە. دوای ماوەیەك لە دامەزراندنی لە دەزگا کراوەتە سەرۆکی مەڵبەندی (میت) لە ئەنقەرە. لە ماوەی نێوان 1965 – 1966 دا بۆ نۆمانگ بەوەکالەت سەرۆکایەتی (میت) ی کردووە.

2- فواد دۆغۆ – لە نێوان ساڵانی 1966 – 1971.

3- نورەدین ئەرسین – (1971 – 1973)، ساڵی 1918 لە گالیبۆ لە دایکبووە. ساڵی 1937 خوێندنگای جەنگی تەواو کردووە. لە نێو سوپادا پلەو بەرپرسیارێتی جیاجیای وەرگرتووە. ساڵی 1967 تیپی (66)ی سوپا بە فەرماندەیی ئەو خرایە ژێر فەرماندەیی (میت) وە، کراوەتە سەرۆکی ئیستخبارات و بەرگری سایکۆلۆژی، هەمان ساڵ بۆتە (فریق) و دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ ڕیزی سوپا. ساڵی 1971 بە پلەی فەریقی یەکەم کراوەتە ڕاوێژکاری (میت)، کە تا ساڵی 1973 لەو کارەیدا بەردەوام بووە. لە تەمووزی ساڵی 1974 دا کراوەتە فەرماندەی هێزی

www.pertwk.com

ئاشتی پارێزی تورکیا لە قوبرس و ئەندامی شورای سەربازی، فەرماندەیی گشتی جەندرمە، سکرتاریەتی باڵای دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی، سەرۆکایەتی گشتی دەستەی ئەرکان و کۆنسەی ئاسایشی نەتەوەیی کردووە.

4- بولند تورکەر – (1973 – 1974) بەوەکالەت، لە ساڵی 1926 لە (ئوسکودار) لە ئەستانبوول لە دایك بووە. ساڵی 1945 خوێندنگای جەنگی تەواو کردووە، کاتێ پلەی بوەتە لیوا رەوانەی ئاسایشی میللی دەکرێ. لە ساڵانی (1973 – 1974) بۆ ماوەی حوت مانگ بەوەکالەت دەبێتە ڕاوێژکاری (میت).

5- بەهائەدین ئۆزولکەر – (1974). ساڵی 1914 لە ئەستانبوول لە دایکبووە. ساڵی 1933 خوێندنگای جەنگی دەریایی تەواو کردووە. ساڵانێکی زۆر لە ناو سوپادا خزمەتی کردووە. ساڵی 1966 کراوەتە سەرۆکی ئیستخباراتی دەستەی گشتی ئەرکان. بەپلەی فەریقی یەکەمی دەریایی خانەنشین کراوە. ساڵی 1974 پلەی بۆ ڕاوێژکاری میت بەرزکراوەتەوە و دوای حەوت مانگ لە دەستبەکاربوونی لە 1974/9/26 لە سامسۆن مردووە.

6- بولند تورکەر – (1974) بەوەکالەت. ساڵی 1974 بۆ ماوەی دوو مانگ بەوەکالەت ڕاوێژکاری (میت) کردووە.

7- هەمزە گور گووچ – (1974 – 1978). ساڵی 1913 لە سینۆب لە دایکبووە. ساڵی 1933 خوێندنگای جەنگی تەواو کردووە. لە سەرەتای چوونی بۆ ناو سوپا لە شەڕەکانی دەرسیم بەشداری کردووە. بۆتە فەرماندەی تیپی چیایی، کراوەتە نوێنەری سەربازی تورکیا لە پەیمانی سەنتۆ (CENTO). سەرۆکی ئیستخباراتی دەستەی ئەرکان بووە. فەرماندەیی سوپای سێیەمی کردووە. بەپلەی (موشیر) خانەنشین کراوە، پاشان کراوەتە ڕاوێژکاری (میت) و تا ساڵی 1978 لەم پلەیەدا ماوەتەوە. ساڵی 1988 مردووە.

8- عەدنان ئەیسۆز – 1978 – 1979

9- بولند تورکەر – 1980 – 1981



10- بورهانەدین بیگال – 1981 – 1986

11- خەیری ئوندۆل – 1986 – 1989

12- تیومان کۆمان – ساڵی 1989 دەستبەکاربووە.

## * گێهلن و ئیستخبارات

پاش ئەوەی مێژوی ئیستخباراتمان باسکرد هەوڵدەدەم ئاماژە بە نەخش و بایەخی پلەی ئیستخبارات لە دەولەتدا بدەم.

(حیرام بیگ) چاك پەی بەم مەسەلەیە بردبوو، یەكێك بوو لەوانەی زۆر هەوڵی دەدا بناغەی دەزگایەکی میللی و مۆدێرن دابنێ‌و چالاکی ئیستخباراتی ئۆرگانیزە بکات. بەلای ئەوەوە دەوڵەت و دام و دەزگاکانی دەبێت بەهەماهەنگیەکی ئۆرکسترایی باشەوە لەگەڵ ئیستخباراتدا کاربکەن. بەڵگەو زانیاریەکان لەناو یەکدەستدا کۆبکرێتەوە، هەر لەناو یەك دەستیشدا بلاوبکرێتەوەو بەڕێوە ببرێن. بوونی کەم وکورتی لە بواری کاری ئیستخباراتدا دەبێتە مایەی ئەوەی حکومەت لەمیانەی سیاسەتی دەرەوەیدا بڕیاری هەڵەو نابەجێ دەربکات.

لەمەیدانی ناوخۆشدا ئەم کەموکورتی و کەمهێنانی بواری ئیستخباراتیە دەبێتە سەرچاوەی کێشەو گیروگرفت و بلاوبوونەوەی تیرۆرو دواجار پشێوی و نائارامی لێدەکەوێتەوە. بەگوێرەی سەرچاوەیەکی بیانی دەکرێ خزمەتگوزاری ئیستخبارات وەکو(TEST) وەربگیرێت، بەلام لەوحاڵەتەدا دەبێت ئەم تایبەتمەندیانە رەچاو بکرێت:

1. لەچوارچێوەی خزمەتگوزاری گشتیدا (SERVIS).
- بیری کارمەندی‌دەزگا(واتە فکری کادیرانی دەزگاکە)
- تێڕوانین‌و توانای کادێران بۆ قاڵبوون. (احتراف PROFE SYNEL)
- ژمارەو چەندایەتی ئەوانەی سەنگەر دەگوازنەوە.
- توانای خۆگرتن‌و بەرگریکردنیان لەئاست دەزگا ئیستخباراتیەکان.

www.pertwk.com

- تواناى خۆنواندنو بەسەنگەر گۆڕين (واتە سەنگەر گۆڕينى مەبەستدار)
- تواناى دەستگيركردنى سيخوڕ.
- ئاستو رادەى سەركەوتنيان لەڕووى بەربەستكردنى خيانەت.
- ئاستى پەيوەندييان لەگەڵ ناوەندى دەزگا ئيستخباراتيە دۆستەكان.

2. تواناو هێزى ئەنجامدانى ئۆپراسيۆن:

A: دەورووبەرى سياسى:

- تيرۆركردنو كوشتن
- سەرئەنجامى چالاكيە نهێنييەكان(رادەى سەركەوتوويى)
- رێگەدان بەپڕوپاگەندەى روخێنەر(رەش)

B. شێوەى ئيدارەدانى ئەو سخوڕانەى دێنەلاى.

C – شێوەى ئيدارەدانى ئەوانەى هاناى بۆ دێنن، يان سەنگەرو بەرە دەگۆڕن.

D – چارەسەرى ژێرزەمينى, واتە چاندن لە شێوەى كارى نهێنى ژێرزەمينى.

E – ئيدارەى سيخوڕى دوو سەر .

F – سەر ئەنجامى چالاكى دزەكردن.

G – تواناى تەكنيك.

* پەروەردە
* تەكنيكى بێسيمى (مخابرە).
* شێوازو تاكتيكى ڕاكێشانى سيخورو كۆكردنەوەيان.
* پەيوەندى لەگەڵ بێسيمە بە جێورييەكان.

3– قازانج و سوود وەرگرتن لە بەرهەمەكان:

A ) بلاوكردنەوەى بە لگەوزانيارى لە كات و ساتى خۆيدا.

B) ناسين و دەسنيشانكردنى سەرچاوەى باوەڕ پێكراو.



C) تواناى وەرگرتنى بێسيم و شێوازى ئيشارات و شتە ڕەمزيەكانى ترى ئيستخباراتى وشيكردنەوەيان.

D) ئەنجامدانى لێكۆڵينەوەو هەڵسەنگاندنى ئەو زانياريية ئيستخبارييانەى كۆكراونەتەوەو، كارپێكردن بەو دەرئەنجامانە لەسەر بنەماى ئەو كاركردنە. (حيرام بىٚ)لە بارەى ئەگەرى بە(TEST) كردنى ڕەوشى دەولەت لە بوارى ئيستخباريدا پرسيارى زۆرى خۆى كردبوو، زۆريش لەو مەسەلەيە وردبوو بۆوە، گەيشتبوە ئەو بڕوايەى كە لە توركيادا كۆسپ و ئاستەنگى زۆر لە بەردەم گەيشتنە ئەو ئەنجامەدا هەيە. ئنجا بۆ بەرزكردنەوەى (ميت) بۆ ئاستى دەزگا ئيستخبارييەكانى سۆپەر دەولەتان، يان بەلايەنى كەمەوە بەرزكردنەوەى بۆ ئاستێكى گونجاو، بيرى لەوە كردبۆوە سەر لەنوىٚ دەزگا ڕێكبخاتەوە، تەنانەت هەندىٚ گۆڕانكاريشى ئەنجام دابوو. بەلاٚم دەستێكى شاراوە يەخەگيرى بوو بوو، بوبوە كۆسپ بۆ بە ديهێنانى ئەو ئامانجانە. لەلاپەڕەكانى داهاتوودا هەوڵ و كۆششى(حيرام بىٚ) بە شێنەيى دەخەمە ڕوو.

(حيرام بىٚ) كاتىٚ جێگرى ڕاوێژكار بوو، لە كتێبخانەى ژوورە ڕەسيمەكەى خۆيدا چەندين جار پەرتووكى(يادداشتەكانى گێهلن)ى تايبەت بەو بوارەى خوێندبۆوەو هەندىٚ تێبينيشى لەسەر تۆمار كردبوو.(ڕەيهارد گێهلن) دامەزرێنەرى ئيستخباراتى ئەلمانياى ڕۆژئاوايە (BNI). لەسالاٚنى(1945–1968)دا بەڕێوەبەرى ئەو دامەزراوە بوە. ناوى كتێبەكەى (SERVIS) ە. يادداشتەكانى(گێهلن) بۆ چوونى گرنگيان تێدايەو دەكرێت لە پێكهاتەى ئيستخباراتيدا سوودى لێوەر بگيرێت. گۆڕين و مۆدێرنيزە كردن و سوود وەرگرتن لەو ئەزموونەى كەهەيە، بە نيسبەت تەشكيلاتێكى گەورەوە بە جۆرێك كەلە سفرەوە دەستپێبكاتەوە كارێكى گەلێك زەحمەت و قورسە. لە سالاٚنى دوايدا(تەشكيلاتى ئيستخباراتى ميللى(4)) مان كەبە گروپى جياجيا لەناو خۆدا كاردەكەن بەردەوام بوونەتە جێگاى مشتومرو گفتوگۆ, لەم ڕووەشەوە دەكرێت سوودى باش لەو پەرتووكە وەربگيرێت. باس و بۆچوونە ئيستخباريەكانى(گێهلن)بە تاقيكردنەوە پێويستيان بە

www.pertwk.com

سەلماندن نیەو جێگای گومانیش نین. بۆیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو تێزانەوە دەکرێ کاروباری ئیستخباراتی کە لە وڵاتی ئێمەدا بەڕێوە دەچێت شیبکرێتەوە.. کە ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی (ناوەڕۆك و کاکڵەی ئیستخبارات بریتیە لە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی هەربوارو بابەتێك و – بە بوارو بابەتە پێویستەکانیشەوە – بە دواداچوون و چاودێریکردن و خوێندنەوەی بندێڕی ڕووداوەکان بە درێژایی کات، جگە لە پەیبردن بە ئایندەو پێشبینیکردن). تاکە ڕاپۆرتێك جێی هیچ ناگرێت، هەر زانیارییەك لە لایەن سەرچاوەیەکی تروسەربەخۆوە پالپشت نەکرێت بایەخی نابێت. کادرو کارمەندانی ئیستخباراتی زۆر هەستیارن، بۆیە ڕوودانی هەر هەڵەو دواکەوتنێك لە خالی سەرەوەدا ڕەنگدانەوەی خراپ و نێگەتیڤانەی چاوەڕوان نەکراوی وا دەخاتەوە کە وەك زنجیر, هەلقە بە هەلقە تاناو خەڵك شۆڕ دەبێتەوە. زۆری و بۆری ژمارەی کارگوزارانی ئیستخباراتی بێباوەڕی و دەستخستنە ناو کاروباری یەکتری لێدەکەوێتەوە. کە واتە زیادبوونی ژمارەی کارگوزارەکان زەمینەیەکی لە بارە بۆ درزە کردنی ڕەگەزی تری ئیستخبارتیو مەیدانێکی ئاسانیان بۆ دەڕەخسێنیٚ. لە لایەکی تر هیچ دەزگایەکی ئیستخبارتی بۆی نالوێت و ناتوانێت, وەك باقی دامودەزگاکانی تری دەوڵەت بەردەوام و لە هەموو ئانوسات و هەلو مەرجێکدا یاساو ڕێساکان پەیڕەو بکات.

پیادەکردنی ڕێوشوێنی بیرۆکراتیانە لە دەزگای ئیستخبارتیدا ئەنجام و بەرهەمی زۆر کەمە، تەنانەت دەتوانریٚ بکوتریٚ پراکتیزە کردنی ڕێوشوێنی بیرۆکراتیانە بە تاقیکردنەوە سەلمێندراوە کە کارێکی زڕە. بەڵکو لە ڕاستیدا کاری هەرە گرنگ و بنچینەیی بەرپرسانی دەزگای ئیستخباراتی ئەوەیە کە دژی بیرۆکراسیەت بجەنگن. لە هەمووشی گرنگترو پرنسیپی ئەمنیەتی هەرە گەورە ئەوەیە وەك ئاوی بن کا بن, لە کاتی گەلاڵەو پوختەکردنی ناوەرۆکی زانیارییە ئیستخبارتیەکاندا پێویستە بیٚلایەنیی بنوێنریٚ و توێژینەوەی کار لە ژێر کارتێکردنی سۆزدا ئەنجام نەدرێت. دەشکریٚ لەسەر بنچینەی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکان حوکم لەسەر چۆنایەتی خزمەتگوزاری بدریٚ.



لە ماشینی کاری نهێنگەرایدا هەر پارچەو بزاوتێك هێندە لەگەڵ یەکتردا گونجاوو تەبان کە یەك بێ ئەوی تر ناجوڵێن و بەو پەڕی هەماهەنگیەوە لەگەڵ یەکتردا کار دەکەن.

لەو حکومەتانەی کە هاوپەیمانمانن سەرۆکی بەشی کاری نهێنی لە ڕووی ڕێکخستن (ئۆرگانیزاسیۆن) کاردا ئازادن، ئەمەش لە سۆنگەی شارەزابوونیەتی لە کەسایەتی ئەندامەکانی و ناسینی یەکە بەیەکەیانە، هەر بۆیەش کاروباری بە باشی بەڕێوە دەچێت.

بەرپرسی دەوڵەت هەر چەندە بەرپرسێکی گەورە بێت, یان بەرپرسارێتێەکی مەزن و زۆر جەوهەریشی لە ئەستۆبێت, ئەگەر لە بواری کاری ئیستخبارتیدا خاوەن ئەزموون نەبێت, ئەوە نابێت لەو بوارەدا پلەی بەرزی پێبسپێردرێت. لە سیستمی دیموکراسیدا ئەرکی پاراستنی ڕژێمی فەرمانڕەوا لە بەرامبەر خەڵکدا لە ئەستۆی دەزگای کارگوزاریدانیە، هەروەها پێویست ناکات پەیوەستی نزیك و توند و تۆڵ لە نێوان مخابەرات و سوپادا هەبێت. لە مجۆرە سیستمانەدا کاری سەرەکی دەزگای موخابەرات تەنها چاودێریکردنی وڵاتانی دەرەوەیە. جگە لەوەی ئەرك و کاروبارەکان لەسەر ئاستی بەرپرسە باڵاکانی دەزگا دەستنیشان دەکرێن، هەر بۆیە ئەو بەر پرسانەش کەسانی گونجاو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو کارانە دەستنیشان دەکەن.

لە سیستمی دیموکراسیدا ئیستخبارات لەوانەیە هەندیٚ جار پێویستی بە پەیوەندی هەبێت لەگەڵ هێزی سوپادا، ئەویش ئەگەر ئامانجی دەوڵەتێك بێت، بەڵام ئەو زانیاریيانەی کە لەو بارەیەوە کۆدەکرێتەوە بەشێوەیەکی سنووردار بە سوپا دەدرێت و کار گوزارییەکان لە ژێر کۆنترۆڵی کارگێڕتی سیاسی دیموکراسیدا کاردەکەن و ئەرکەکانیان ئەنجام دەدەن.

## پرنسیپە گشتیەکانی هەواڵگری بێگانە، میت

A– ئەمریکا:

لە ئەمریکا هەواڵگری ناوخۆو دەرەوە لە ڕووی کارەوە دوو ڕێکخستنی جیاوازیان هەیە، کە بە (FBI)و (CIA) ناو دەبرێن. هەموو ئەندامانی هەردوو ڕێکخستنەکە کادری سڤیلن، لەلایەن بیرۆیەکی ئیستخباراتیەوە کە سەر بەسەرۆکایەتین نوێنەرایەتی دەکرێن و بەڕێوە دەبرێن. هەروەها سوپاش لەلایخۆیەوە دامودەزگای ئیستخباراتی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەو ئامانجەی کەلەلای کۆمسیۆنی ئیستخباراتی دەوڵەتە دەستنیشان دەکرێ، (سیا) کاری لەسەر دەکات، ئەو زانیارانەش کە خودی (سیا) کۆیان دەکاتەوە هەر لە ناو بونیادی خۆیدا شیدەکاتەوەو هەلیان دەسەنگێنێت بە گوێرەی پێویستیش ئەجنەدی کاری بۆ دادەڕێژێت. سەرۆکی (سیا) لەلایەن سەرۆکی ئەمریکاوە دیاری دەکرێت. پرسی سەرۆکی گروپە ئیستخباریەکانی تر، کە بۆ سەرۆکایەتی بەرزدەکرێنەوە، بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی دەبێت.

B– ئینگلتەرا:

هەواڵگری ناوخۆو دەرەوەی ئینگلتەرا لە بنچینەدا لە ڕێی هەردوو گروپی جیاوازی (MI5) و ( MI6) ەوە بەڕێوە دەبرێن، ئەندام و کادرانی هەردوو گروپەکە لە بنەڕەتدا سڤلین. دەزگای هەواڵگری دەرەوە (MI6) بە بەراورد لەگەڵ (سیا) ی لە مەڕ ئەمریکا هەندێ جیاوازی هەیە. وەزارەتێکی پەیوەندیدار ڕاستەوخۆ بە زانیارییەکانی ئەو گروپەوە گرێدراوە. ئەو زانیاریانەی کە ئەم گروپەکۆیان دەکاتەوە، جگە لە شیکردنەوەی چۆنیەتی بەڕێوە چوونی کارەکە لە ئەنجامدانی چالاکیەکدا، هەر بەو جۆرەی زانیارییەکان کۆکراونەتەوە بۆ وەزارەت ڕەوانە دەکرێت، لەوێش دەکرێنەوەو هەڵدەسەنگێندرێن، ئنجا پوختەی دەرئەنجامەکان بۆ ئیستخباراتی (MI6) بەرێدەکرێنەوە.



C – یەکێتی سۆڤیەت (SSCB):

دوو گروپی گەورەی هەواڵگری سۆڤیەتی بە ناوی (KGB) و (GRU ) هەیە. هەرچی (GRU) وە سەر بەسوپایە، (KGB) یش سەر بە پارتی کۆمۆنیستە، بەلام هێزی سەرەکی لە گروپی دووەمدا کۆبۆتەوە کە (KGB) یە. ئەم دەزگایە هەرچی زانیاری کە کۆی دەکاتەوە لە ناو بونیادی خۆیدا شیدەکاتەوە، هەڵیدەسەنگێنێ و دەکرێتە زانیاریەکی ئیستخباراتی و ئەوسا بە گوێرەی ئەو زانیارییە کارەکانی ئەنجام دەدات. سەرباری ئەوانەش (KGB) بەر پرسە لە ئاسایشی سنوورو ئاسایشی ناوخۆ.

D– تورکیا:

دەزگا ئیستخباریەکەی ناوی (MIT) وە تا ئێستا لە تورکیادا ساغ نەبۆتەوە ئەم دەزگایە سەر بە چ مەقامێکی بالأیە. بە پێی یاسا و ڕێساکانی خودی (میت) وا دەردەکەوێت سەر بە سەرۆك وەزیرانەو لەلایەن دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی (MGK) ڕاوێژکارو ئەندامانی هەڵدەبژێرێت، کە دەبێت پلەی جەنەڕال بێت. ئەمەش وا دەکات کە دەستەی ئەرکان ڕاستەوخۆ لە سەرەوە تا خوارەوە پەیوەست بێت بەو کارەوەو کاریگەریان لە سەری هەبێت. لە پێش ساڵەکانی (1980) سەرۆك کۆمارەکان بە زۆری بە ڕیشە پیاوانی سوپا و بەڕێوەبەرانی (میت) یش جەنەڕال بون یان لەلایەن جەنەڕالەکانی سوپاوە دادەنران. هەر ئەمەش بوو ڕاستەوخۆ دەبوە هۆی شێواندنی کارەکان. بەو جۆرە ئەم دەزگایە تا ئەمڕۆ سێکوچکەیە (واتە لە سێ شوێنەوە بەڕێوە دەبرێت)، ئەمەش وایکردووە کە دەزگاکە بە گشتی لە گێژاودا بێت و نەزانێت لە کوێوە فەرمانی پێدەکرێت.

لەم سۆنگەیەوە، ئەو کەم و کوڕییانە بوونەمایەی ئەوەی کە لە سەرووبەندی کودەتا سەربازییەکانی تورکیادا (میت) لەلایەن هیچ یەکێك لە دەزگا بالأکان، وردتر بلێین لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە، ئاگادارنەکرێتەوە. ئەمەش وایکردووە نەتوانرێت

ڕێوشوێنی پێویست و گونجاو بۆ ئەنجامی کودەتاکان وەربگیرێت، ئەم بارەش ڕاستیەکن لە دەرئەنجامی کودەتاکاندا کاریگەرییان بینراوە.

دەزگای (میت) پێش ساڵی 1980 نەخشی گرنگی لە دژی تیرۆری سیاسی و ئانارشیستیدا گێڕاوە، ئەگەر وەکو پێویست مامەڵەی لەگەڵدا بکرایە ئەوا دەیتوانی ڕۆڵی گەورەترو کاریگەرتریش بگێڕێت.

ساڵی (1960)، ڕاستتر دوای (29) ساڵ یەکەمین جاربوو لە دەوڵەتەکەماندا سەرۆك کۆمارێکی سڤیل دەستبەکاربێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەلێکی گرنگ بوو بۆ دەزگایەکی وەکو (میت) تا بەهۆیەوە لە هەموو ڕوویەکەوە خۆی بگەیەنێتە ئاستی دەزگای هەواڵگرییە جیهانیەکانی تری وڵاتە دیموکراسیەکان.

دوای ئەمانە، ئەم پەرە گرافانە لە ڕاپۆرتەکەی (حیرام بێ) دا دەبینرێن:

وێڕای ڕێزگرتن و بە هەند وەرگرتنی پلەو پایەی دەزگا باڵاکان، کە چالاکی هەواڵگری لە ناوخۆو دەرەوەی تورکیادا بەڕێوەدەبەن، چاکتر وایە کەهەماهەنگەکی پێویست لە نێوان هەردوو دەزگادا هەبێت. بۆیە پێشنیازی دامەزراندنی کۆمیتەی هەواڵگری دەبێتە شتێکی پێویست.

لە درێژەی ڕاپۆرتەکەی (حیرام بێ) دا دیارە کە لە ساڵی 1969 بە دواوە دەزگای (میت) لە کارو ئەرك و فرمانی سەرەکی خۆی دوورکەتۆتەوە وەك ڕێکخستنێکی پۆلیسی لێهاتوو، بۆیە تورکیاش تووشی بۆشاییەکی ئیستخباراتی هاتبوو. (حیرام بێ) لەم ڕووەوە ئاماژە بە چەند پەرە گرافێکی (گێلهن) دەکات، کە لەسێ بەش پێکدێت:

((هەم لە ئەمریکاو لە ئینگلتەراش، ڕاستیەکی دانپیانراو هەیە، کە ئەویش ئەمەیە: هەر بەرپرسێکی باڵای دەوڵەت، پلەی هەر چەند بەرز بێت و جەوهەرێکی باشیشی هەبێت، هێشتا ئەگەر لە بواری کاری ئیستخبارتیدا ئەزموونی نەبووبێت، ئەوا لە ڕیزی دەزگای هەواڵگریدا بەر پرسیارێتی پێنادرێت)). ((هەواڵگری بە فەرماندان و فەرماندەرکردن تەنها لانی کەمی کارەکانی بۆ ئەنجام دەدرێت، تەنانەت پیادەکردنی



ڕێوشوێنی سەربازیش بە هیچ شێوەیەك لە بارو گونجاو نیە)). ((پیاوانی هەواڵگری تا چەند بەڕێزو هێژا بن ئەوەندەش ئەو خزمەتەی پێشکەش دەکەن تەواوتر دەبێت)) ئەم بارەش بە بەراووردکردن لەگەڵ ئەو ڕاستیەی کە (گێهلن) باسی لێوەدەکات، کەسایەتی سیاسی (میت) تا ئەمڕۆ لە تەنگەژەدایەو بە شێواوی نادروستی بەڕێوە براوە. ئەوەشی کراوەتە سەرۆکی خزمەتگوزاری و لە سەرەوە دانراوە گومان لەوەدانیە کە لە ڕووی پسپۆڕییەوە سەرکەوتوو بوە، بەڵام لە بواری ئیستخباریەوە جەنەراڵێکی بێ ئەزموون بووە. هەروەها لەو باوەڕەدا بووە کە دەتوانێ بە گرتنە بەری ڕێوشوێنی سەربازی دەزگاکە بەڕێوەبەرێ. نموونەش زۆرە لەسەر ئەوەی کە ئەم جۆرە بەرپرسانە هیچ ئەنجامێکیان بە دەستنە هێناوەو لە بەرامبەریشدا کەسانی بەئەزموون لەیاد کراون.

لەبەشی کۆتایی ڕاپۆرتەکەشدا،(حیرام بێ)لە سیستمەکە دەکۆڵێتەوەو نەخشەی دووبارە ڕێکخستنەوەو دامەزراندنەوەی سیستمێکی ئیستخباراتی چالاکی تورکی دەخاتەڕوو.

## مانوکیان [6]

دارستانی(فاتح) ئەوەندە کشومات بوو بچوکترین دەنگی تێدا دەبیسترا.(بابیالی) لەناو باخچەکەدا وەك سەردەمی منداڵی لەگەڵمدا دەجوڵایەوە،(محمد شانسلی) ڕەحمەتیشمان لەگەڵدابوو، پێکەوە لەناو چیمەنەکەدا پاڵکەوتین.

(بابیالی) پاش تەواو کردنی ماوەی خزمەتی سەربازی هاتبوە ڕیزی دەزگا کەمانەوە, پیاوێکی نهێنی پارێزو، دڵ واڵا بوو. هەرلەبەر ئەوەش بوو لەڕیزدا وەرگیرابوو, لەبواری تەکنیکدا کاری دەکرد.

(شانسال) بێسیمێکی لەبەردەمدا بوو، ئەنتێنەکەی بە بێتەڵی بیابانی دەکرد، ماوەیەکی زۆر کاری پێکردوو بەدوای شەپۆلی بێسیمەکانی تردا دەگەڕا بەڵام وەرنەگیران و پەیوەندی نەبەسترا. ئەو ئێوارەیەش(مانوکیان)ی جاسوسی ئاژانسی سۆڤیەت گەورەترین تاوانی

www.pertwk.com

ئەنجام دەدا، ئێمەش لە شەقامە گەورەکەی {ماسلاك[7]} وەوە چووینە ناو دارستانەکەو لە شوێنێکی نزیك ڕێگاکەدا وەستاین. خالی دەتراپ[8] سێ سەد تاچوار سەدمەتر لە پێشمانەوە بوو، لەدەوروبەریشدا کاری پێویست کرابوو. ئەو چالاکیە کەچەند مانگێك بوو دەستمان پێکردبوو بەرەو کۆتایی دەچوو. بێسیمەکە باش کاری نەدەکرد، تەنانەت پەیوەندیشمان لەگەل چوار سەدمەتری دوور لە خۆمان بۆ نەدەکرا، بۆیە لەگەل برادەراندا قسەمان کرد بەیەك و بەشێوەیەکی وا بلاو بووینەوە کە بتوانین بە ئاماژە کردن یەکتر ئاگادار بکەینەوە. لەتاوی شەوە دەیجورەکە هەرچاوێکمان کردبوو بە بەچوار. ئەگەر(مانوکیان), یان لێپرسراوە ڕووسیەکەی لەلای ئێمەوە بهاتایە ناو دارستانەکە من یەکەم کەس دەبووم دەمبینی و ئاماژەی پێویستیشم دەدا.

(مانوکیان)لەلای من و(شانسا)وەهات و چوە ناو دارستانەکە. ئەو ئاماژانەی داماننابوون یەکبەیەك و هەنگاوبەهەنگاو تاناوچەی دەتراپەکە بلاوبوونەوەو گەیشتنە شوێنی مەبەست. ئێمە هێندە بێدەنگبووین هەناسەمان لە خۆمان بریبوو. دوای ماوەیەك لەکەناری ڕێگاکەو لەناوچەی دەتراپەکە، کەبەردێکی شەش گۆشەبوو، دەنگە دەنگ پەیدابوو. ئنجا هەواڵمان پێگەیشت کە (مانوکیان) دەستگیر کراوەو بردوویانە. ئەم ژنە، کەبەنهێنی هەوال و زانیاری دەگەیاندە سۆڤیەتیەکان، ماوەیەك لەمەو بەرببینیبووم. لەنێوان بەری ڕۆژئاوای گۆڕەپانی دۆلمە باخچەو شەقامی وای قۆناغ، لەو شوێنەی کە دارو دەرختی زۆری لێیە، تەوالێتێکی بچووك هەیە، ئەو تەوالێتە کرابوە دەتراپ و، هەرچی هەوال وزانیاری هەبوایە لەوێ دانا.(مانۆکیان) سەرەتا زۆر وەستایانە دەوروبەری شوێنەکەی چاودێری کرد، کاتێکیش لەوە دلنیابوو ئەو ناوە چۆلەو چاوی لەسەر نیە نامەکەی لەدەتراپەکەدا دانا.

پێش ئەوەی(مانۆکیان) بگاتە شوێنی دەتراپەکەلە دەوروبەری نەخۆشخانەی فەرەنسی ئاماژەی ئاسایشی بۆ درابوو کەناوچەکە پاکەو مەترسی لەئارادانیە. دوای ئەوەی نامەکەی لە شوێنی دیاریکراودا دانا، زۆر بەڕێکوپێکی بە شوێنی خۆیدا گەڕایەوە، نیشانەیەکی بەسەر



دارێکەوە دانا بەو مانایەی کە دەتراپە کە پڕکراوە. ئێمە لەپەنا دارێکی گەورەی نزیك گازینۆیەکی چۆل، کەلە بەرامبەر شوێنی دەتراپەکە بوو، خۆمان حەشار دابوو. وێڕای دووری نێوان ئێمەو خالی دەتراپەکە، بەلام سەر لەبەری ناوچەکەمان بە جۆرێك کۆنترۆل کردبوو کە ڕووداوەکەمان وەکو فیلم دەبینی. چاودێریکارانیش بە فراوانی و بەربلاوی بە ناوچەکەدا بلاوبوونەوە، هەر یەکەیان لەو شوێنەی بۆی دیاریکرابوو، چاودێری دەکرد. دوای ڕۆیشتنی (مانوکیان) بە (10 تا15) دەقیقە، بینیمان کە فەرمانبەرێکی سۆڤیەتی بەخۆیو ئوتۆمبیلێکی تریش پەیدا بوو، یەکێك دابەزی، ئنجا سواربۆوەو لەگەل ئۆتۆمبیلی‌یەکەمدا جوتیان کرد، بەلام بێ ئەوەی قسەبکەن یان ڕاوەستن. ئۆتۆمبیلی دووەم نیشانەی پڕبوونی دەتراپەکەی بە دارەکەوە خوێندبۆوەو بەوی تری ڕاگەیاند، ئەوسا ئۆتۆمبیلی دووەم ڕانەوەستا و ڕۆیشت. پاشان سۆڤیەتیەکە وەکو (مانوکیان) کەمێك لە دەوروبەری دارەکان گەڕاو، ڕاستەوخۆبەرەو سەرەوە بۆ دەتراپەکە کەوتەڕێ.

بە درێژی ژیانی پیشەییم ئەمە خۆشترین ڕووداو بوو کەتێیدا سەیری فیلمی کارێکی نهێنی سۆڤیەتیەکان بکەم، کە بەڕاستیش بە فیلم دەچوو.

دوای دەستگیر کردنی (مانوکیان) لە دارستانی فاتحدا سەرەی ڕووسیەکە هات. ئاماژەیەکم پێگەیشت کە ڕووسیەکە لەبەری لای کیلۆسەوە هاتە ناو دارستانەکە، ئێمەش شوێنی خۆمان بە جێ نەهێشت. پاش تاوێك هەراوهوریا بەرز بۆوە، بەرەو ناوچەی دەتراپەکە ڕامکرد، بینیم (یۆری ڤلادمێر ماکسیمۆف) پووتی ڕاوەماسی لە پێدایەو بەرگی وەرزشی پۆشیوە. بە شێوەیەك بە ماسی گری دەکرد ئەگەر بتبینیایە لە یەکەم ساتدا واتدەزانی تازە لە ناو دەریاوە هاتۆتە دەر. پیاوێکی کەلەگەتی چوار شانەبوو، هەر بۆیەش بە تەنها هاتبوو تانامەکە ببات. کاتێکیش دەستگیریان کرد ئەو پەڕی هەولیدا تا خۆی دەرباز بکات، بەلام هەر چۆنێك بوو کۆنترۆلیان کردبوو. هەردوو دەستی لە دواوە شەتەك درابوو، ئنجا لە ژووری کارگێڕتی دارستانەکەیان توند کرد، کە هەروا دوو سەد مەترێك لەو جێگایەوە دوور بوو. گەورە بەر پرسان لە

www.pertwk.com

ئەنقەرەوە هاتن و لە بیناکەدا چاویان پێیکەوت. دوای ئەوەی پێناسەکەی بە شێوەیەکی ئوسوولی سەیرکرابوو لیۆی کۆڵرابۆوە پێی وترابوو کە دەتوانرێت ئەو ڕووداوە پشتگوێ بخەین و باسی لێوە نەکەین، بەڵام دوای ماوەیەك بە حوکمی (حصانە) ی دیبلۆماسیەکەی ئازاد کراو گەڕایەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت. (مانوکیان) وەك سیخوڕی سۆڤیەتی پاش ئەوەی ماوەیەك کرا بە مانشێت و سەردێری ڕۆژنامەکان، دادگایی‌کراو بە زیندانی هەتا هەتایی حوکم درا. (مانوکیان) ئەکتەری سینەمایی بوو، لە شەقامی بەیئۆغلۆ لە دەوروبەری میسۆکاغ نیشتەجێ بوو. سۆڤیەتەکان ئەویان بۆ کاتی شەڕ ئامادەو پەروەردە کردبوو. بێسیمی دوور مەودای لە ژێر زەویدا شاردبۆوە. بۆ ئەوەی سارد نەبێتەوە لێیان دانەبڕێت جارو بار چالاکیەکی بچوکیان پێ بە ئەنجام دەگەیاند. هەرچی فەرمان و ڕێنمایەك بوو لە ڕێگای ڕادیۆوە پێی دەگەیشت، ئەویش بە پشتبەستن بەو شیفرەیەی کە لەلای بوو پەیامەکانی شیدەکردەوە. بەردانەوەی ئاوی شێرە (بەلۆعە)ی بانیژەی نهۆمی سەرەوە بۆ سۆڤیەتەکانی بەوێدا هاتوو چۆیان دەکرد ئاماژەی ئەوە بوو کە پەیامەکەی لە ڕێگای ڕادیۆوە بە دەست گەیشتوەو ناوەڕۆکەکەی شیکردۆتەوە. بەو جۆرە سۆڤیەتەکان هەرگیز ڕووبەڕوو لەگەڵ (مانوکیان) بەیەك نەدەگەیشتن. پاش دەستگیرکردنی (مانوکیان)، لە کاتی پشکنینی ماڵەکەیدا هەندێ مەلزەمەو شیفرەو ئامێرێکی وێنە گەورە کردن لە ماڵەکەیدا دۆزرانەوە.

ئێمە چۆن دەستمان دایە ئەم چالاکیە؟ چۆن زانیمان؟ بەچ شێوەیەك هەواڵی سیخوڕی (مانوکیان) مان بۆ هات؟ نازانم، بەڵام کێ دەزانێ، لەوانەیە (مانوکیان) خۆی سەردانی بالوێزخانەی ئەمریکای کردبێت و، دانی بە کارەکەیدا نابێت و بە دەستی خۆی چارەنووسی خۆی کێشابێت.



## ڕاوچی ئاژانەکان – سیخورەکان

دوای ئەوەی بوومە شوێن پێهەڵگر (تاقیبچی – بەدواداچوو) یەکەمجار (حیرام بێ) م لە ئەستانبوول ناسی. لەبەر ئەوەی کە بەدوادا چووەکان نەناسرێن لەلایەن فەرمانبەرانی ترەوە، نەدەکرا زۆر هاتووچۆی بنکە بکەین، چونکە بە فەرمانی بنکە هەندێ جار تاقیی هەندێ کەسی ناو دەزگا دەکرا. لەم ڕوانگەیەوە ئەو تەنها پەیوەندی بەکاروبارەکانی بەشەکەی خۆیەوە هەبوو. لە کاتی چاودێریکردنیشدا دەمبینی. (حیرام) پیاوێکی ڕێبەرو ناودارو، کاری خۆی باش زەبت کردبوو.

(مستەفا عەباس) لە ساڵی (1932) لە ئەستانبوول لە دایك بووە، باپیری کە ناوی (موبارەك غالب ئەلدەم)[9] بوو ناوی (حیرام) ی لێناوە. دایکی (حیرام بێ) (ڕوخسان خانم) لە دەستەی سازدانی (بالۆ)[10] ی ئەتاتورك جێدەستی دیاربووەو نەخشی خۆی هەبووە. خانمێکی دونیادیدەی ئیستانبوولی بوو. خۆی و خێزانەکەی وێنەی زۆریان لەگەڵ ئەتاتورکدا گرتووەو هەلیانواسیون، هەروەها وێنەی پێشەوای گەورە (سەدری ئەعزەم) (خواجە خەسرەو پاشا)[11]، (ئەدهەم پاشا)[12]، (موشیر شاکر پاشا) لە ماڵەکەیدا هەڵواسراوە[13]. یەکێك لە وێنە کێشە ناودارەکانیشمان کە (عوسمان حەمدی)[14] یەمامی باوکی (ڕوخسان خانم) بووە. (موبارەك غالب ئالدەم) لە ڤییەننا ئارکیۆلۆژی و فیلۆلۆژی خوێندندووە. زۆر بابەتی سەبارەت بە ئار کیۆلۆژی نوسیوە. کراوەتە ئەندامی فەخری ئەکادیمیای ئارکیۆلۆژی لە لەندەن، مۆسکۆ، بەرلین و ڤییەننا. هەروەها دکتۆرانامەی فەخریشی پێدراوە. بەڕێوەبەڕێتی گشتی شوێنەوار و مۆزەخانەکانیشی کردووە. لە ژیانیدا چەندین کتێبی داناوە و چەندانی بۆ سەر زمانی تورکی وەرگێڕاوە. جگە لەوەی پیاوی زانست بووە لە خەباتی میللی ئەنادۆلیشدا بەشداریکردووە. ناوی (حیرام) کە ئەو دایناوە لە ڕاستیدا لە ناوی (وەستا حیرام بێ) دامەزرێنەری ماسۆنیەتەوە وەریگرتووە، ئەم ناوە بەدرێژایی ژیانی (حیرام بێ) کێشەو

گرفتی بۆ دروست دەکردو لە سۆنگەی ئەمەشەوەبووە بە نزیکی لە ماسۆنیەت و ڕەگەزی ئەرمەنی تاوانبار دەکرا. سەرباری ئەوەش ئەم ناوەی هەر بەکاردەهێناو ڕۆژێ لە ڕۆژان ناوی ڕاستی خۆی کە (مستەفا)یە بەکارنەهێناوەو بە پێویستی نەدەزانی بە کاری بهێنێ. چونکە هیچ گوێی نەدەدا بەو نارەحەتیەی کە ئەم ناوە تاکتیکیەی لە مەڕ باپیری بۆی دەنایەوە.

(حیرام بێ) سەراپای ژیانی هەر لە گەنجی یەوە تا دوا ڕۆژەکانی ژینی بە کارەکەی بەخشی و هەرگیز لێی دانەبڕا. مەیلی بۆ هیچ پارت و ڕێکخراوێك نەبووەو تەنانەت پەیوەندی بە هیچ کۆمەڵەیەکیشەوە نەبووە.

باوکی (حیرام بێ) کە ناوی (عەباسی حیلمی عەباس) ە، لە ساڵی (1910) لە قەزای پلانکای دەڤەری ئوسکوی لەمەڕ یوگۆسلاڤیا لە دایکبووە. باپیری کە ناوی سلێمان نادر (عەباسۆڤیچ) بووە خاوەنی زەویوزارێکی فراوان و پیاوێکی دارابووە. (حیلمی عەباس) لە ساڵی (1924) هاتۆتە تورکیا و دوای تەواوکردنی خوێندنی بۆتە کاپتنی کەشتی و خزمەتی تورکیای زۆرکردووە. یەکەمین کەشتی لەژاپۆنەوە هێناوەتە تورکیا. پیاوێکی بالآبەرزی ڕێکپۆشی شکۆداربووە. (حیرام بێ) سەردەمی گەنجێتی خۆی لە موداده بەسەربردووە، ئارەزووی لە وەرزش بووە، بەتایبەتی مەلەوانی و بۆکسێن. لە قۆناغی خوێندنی ئامادەییدا شەڕەگێزو ئاژاوەچی بووە، بەجۆرێك کە تەنانەت سەرسەری و چەتووەکانی ئەسکۆداریش خۆیان لێ لادەوە، پاش ئەوەی دواناوەندی (سانیت جۆسیفتی) تەواو کردووە بۆ پەروەردە چۆتە پاریس و لەوێ ساڵێك ماوەتەوە. لەوێ لەو ماوەیەدا بۆ بەدەستهێنانی مەسرەفی خۆی و دەرامەت بۆ خێزانە نەدارەکەی لە پاڵ خوێندندا یاری بۆکسێنی کردووە، بەلام لەبەر ئەوەی مەسرەفی پاریس زۆر گران بووە نەیتوانیوە بمێنێتەوەو بە ناچاری گەڕاوەتەوە.

پاشان چۆتە (مولکیە)[15]. ئەو هاوەڵانەی ئەو دەمانە لەوێ لەگەڵیدا بوون تا ئێستا شەڕو قرەنانەوەی ئەویان لە یادە، کە جارێکیان لە بۆکسێندا لێدانێکی وایخواردووە کە کاری لە غودەی کردووە.



(حیرام بێ) لە ساڵی (1959) لە (باتۆم) لە یەکێتی سۆڤیەت دامەزێنراوە. ئەو پۆستەش یەکێك بووە لە پۆستە گرنگەکان. تەنانەت ڕەنگە پۆستی (باتۆم) زیاتر لە ئێمە بۆ هەواڵگری ئەمریکا بایەخی هەبێت، چونکە لەو کاتەدا چوونە هەندێ شوێن لە دیپلۆماتەکانیش قەدەغەکرابوو، تەنانەت لە ناو شاریشدا چوونە ناو هەندێ ناوچە قەدەغەبوو.

(حیرام بێ) لە (باتۆم) دا بە تەنها نەبوو، بەڵکو بەرپرسێکی هەبوو بە ناوی (نج) کە مەیخۆرێکی بێ ئەندازەبوو. هەنێ جار لە بالیۆزخانە زۆری دەخواردەوەو، لە شوێنە گشتیەکان دەسووڕایەوە. (حیرام بێ) چەندین جاربینیبووی کە پۆلیسی نهێنی سۆڤیەت لەو کاتانەی نج) سەرخۆش بووە چوونەتە ژێر باڵی و هێناویانەتەوە بۆ بالیۆزخانە.

لەو سەروبەندەدا بالیۆزخانە بێسەرووبەرە بووە، بەر پرسی چاودێری و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئێمە (یۆری ڤیکتۆرڤیچ) بووە پێش ئەو کاتە بەشەو (KGB) هاتبوونە ناو بالیۆزخانە قاسەیان کردبۆوە. ژن و منداڵ لە نهۆمی سەرەوە نیشتەجێکرابوون کە بیست ژوور زیاتر دەبوو. (حیرام بێ) لە نهۆمی خوارەوە لەناو ئاگرادا چووبووە بۆسەوە، هەوڵیدا بوو بە نهێنی بزانێت کێ بەشەو دەچێتە بالیۆزخانە. ڕووسەکان بەبوونی ئەو هەراسان بوو بوون بۆ ئەوەی لێی ڕزگار ببن، شتیان بۆ دەخولقاند، بۆ نموونە. گوتبویان گومان هەیە منداڵەکەی وەرەمی هەبێت، هەروەها گوایە ژنەکەی ڕیخۆڵە کوێرەیەتی و دەبێت نەشتەر گەری بۆبکرێت، بەلام پاشان ئەو قسانە بێ بناغە دەرچوون. هەواڵی ڕفاندن و ژەهردەرخواردانی درابوو، بەلام ئەو مرۆڤە نەبوو بە سانایی ورە بەربدات و وازبهێنێ. لە کۆتاییدا پاش ساڵێك مۆڵەتی خواست و گەڕایەوە بۆ تورکیا، بەلام (فواد پاش) بەرپێیکردەوەو پاش ماوەیەك پێداویستیەکانی پێگەیشت. لەئەنجامی ئۆپراسیونی(باتۆم) دا ئەمریکیەکان وایان لێکدابۆوە کە وەرچەرخانێك لەوێدا بووە. رایانسپاردبووکە(میت)لێکۆلینەوە لەگەل(نج)وەك جاسوسێکی سۆڤیەتی دا بکات، بەلام چونکە کارگێری لە ڕەوشێکی خراپدا بوو ئەم کارەنەکرا.

ئیتر لەوە بەدوا(نج) ماوەیەك كاروباری بێبایەخی لەلایەن فەرمانگەكەیەوە پێدەسپێرا. بێگومان ئەمەش لەسەر داواكاری(حیرام بیٚ)جێبە جێدەكرا، كەبەنوسراوێك ڕاوێژكاری لەو بارەیەوە ئاگادار كردبوو. پاشان (حیرام بیٚ) كرایە بەرپرسی فەرمانگەی ناوچە، بەلاٚم (نج) لەسەر كاری خۆی مایەوە تابەڕووداوی لێدانی ئۆتۆمۆبیل مرد.

بەڕای من (هەلوەشاندنەوەو بێكاریگەر بوونی تەشكیلەیەك) لەو جۆرە بیركردنەوە هەلاٚنەوە دێت كەلەدوای نەمانی(گومان لێكراو) مەسەكەیان دادەخست لەدووی هۆكارو هەنگاوەكانی بەرەو خیانەتكاری نەدەچوون، تاببێتە وانەیەك و ئەزموونی لێوەربگیرێت. ئەو عەقلیەتانەی دەیانگوت(قوٚل دەشكێت، بەلاٚم لەناو پۆشاكەكەیدا دەمێنێتەوە) ئەو بۆ چوونە كۆنە پارێزییەشیان دەپاراست. جالە ژیانی پراكتیكی و لەبواری كارەكانمدا نمونەی زۆرم لەم بابەتانە هاتۆتە پێش.

پاشان(حیرام بیٚ) جارێكی ترگەڕایەوە بۆ توركیا، چونكە كەوتبووە ژێرچاودێری توندی(KGB)، لەلایەكی تریشەوە گومانی كوشتنی(نج)ی لێدەكرا. دواتر لە توركیا چالاكی دژە سیخوڕی درێژە پێدا. یەكێك بوو لەوانەی كە بناغەی سەرەكی دژە سیخوری بوون. دووبەشی( MAH)یش سیخوڕیو كۆنترا سیخوڕی بوون، هەردوو بەشەكەش ڕێو شوێنەكانی ئەم كارەیان بەڕێكوپێكی پەیڕەو دەكرد، بەلاٚم بەشی كۆنترا سیخوڕی بەبەراورد لەگەل بەشەكەی تر جێگیر، چالاك وبەهێزتربوو. گروپی دژە سیخوڕی بۆ بەرەنگاریكردنی دەستە كۆمۆنیست و جودا خوازەكان دانران. بەو بۆچوونەی كەكەس ولایەنی دەرەكی هەیە لە پشت ئەو دەستانەوە، ئەم گروپانە ڕێوشوێنی كاركردنیان زیاتر پەیوەست بووبوو بەكاری ڕۆژانەوەو، لە ڕێو شوێنی هەوالٚگری دوور دەكەوتنەوە لە هەوالگری و بێئاكامبوونی بەدواداهات.

من و(حیرام بیٚ) یەكەمجار لەناو دژە سیخوڕیدا كارمان گرتبووە دەست و، لە چالاكیەكانی كە پێشتر ئەنجاممان دابوو ئەزموونمان پەیدا كردبوو، دوای ئەوەش لەبەشی سیخوڕیدا كارمان كردبوو.



ئیستخبارات كاروچالاكی (گەمەی عەقلە)، هەندێك لەناو گەمەكەدا دەبنە گەمە. هەوالگری باش ڕووداوەكان باش شیدەكاتەوە، باش لەدووی هۆكارو سەرچاوە سەرەكیەكانی ڕووداوەكە دەگەڕێت، لێیدەكۆلێتەوە، دەچێتە بنجوبناوانی و, توانای وردبینی و وردكردنەوەی زۆرە.

(حیرام بیٚ) لە سالی(1964) دا بۆ بینینی خولێك بۆ لەندەن بەڕێكرا. ماوەی مانگێك مایەوەو پاشان گەڕایەوە بۆ توركیا. دەسال دوای ئەوەش، واتە لە سالی(1974) دا, لەگەل من و هاوكارێكی تر چووینە لەندەن بۆبەشدار یكردن لەخولی پاراستنی ئاسایشی سەنتۆ. لەو كۆرسەدا بابەتەكانی پاراستنی بەلگەو زانیارییە نهێنیەكان، پشكنینی كەسیەتی، تەشكیلاتی هەوالٚگری یەكێتی سۆڤیەت و چین وترایەوەو زانیاریمان لەسەر پەیدا كردن. لەم خولەدا كەلەدوایدا لەسەنتۆ دەستبە كاربووین، سیٚ تورك وسیٚ پاكستانی ودوو ئێرانی بووین. لەڕۆژی تەواو بوونی خولەكەدا بزوتنەوەی ئاشتی قوبرس دەستی پێكردو سنوورداخرا، ئێمەش نغرۆی هەستی شەرمەزاری و بەخۆدا شكانەوە بوو بووین.

لەسالٚی(1967) دا ئۆپراسیونی(سلاڤیك) بەفەرماندەیی (حیرام بیٚ) بەسەر كەوتووی كۆتایی هات.(ئەدۆلف سلاڤیكی) بەڕەسەن نەمسایی لە سالی(1918)لە نەمساله دایكبووە, دكتۆرای لە بواری مافناسی لە زانكۆی(ڤییەننا)وەرگرتوە.لەسالی(1932)ئەندامی لاوانی هتلەر بوە، لە(1938) ئەندامی ڕێكخراوی لاوانی نەمساو پاشان بۆتە ئەندامی تەشكیلاتی (وافەنSS) كە ڕێكخراوێكی نازییەكان بووەو، ئەندامێكی چالاك بووە. لەسەروو بەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا سلاڤیك كەوتبووە دەستی ئەمریكیەكان.لەسالی(1945)دا گەڕاوەتەوەو لە دادگای گەلدا دادگایی كراوەو حوكم دراوە. یەكەمین پەیوەندی لەگەلٚ(KGB) لە زیندانی(ستەین)دا دەبێت. دوای ئەوەی هێزە داگیر كەرەكان نەمسا بە جێدەهێلن (سلاڤیك)لەلایەن نەقیبێكی(KGB) یەوە لە بالوێزخانەی سۆڤیەتەوە بەڕێوە دەبرێت. پاشان بە ڕێكراوە بۆ(جەزائیر)و، لەویٚ سەرپەرشتی دابەشكردنی چەكی(چیكۆسلۆڤاكی) كردووە. لەسالاٚنی نێوان(1949–1960)داوەكو سیخوڕێكی باوەڕپێكراوی سۆڤیەت

ڕەوانەی زۆر دەولـەت کراوەو کاری کردوە.لەسالی(1960)و لـەژێر ناوی کۆمپانیایـەکی هـاوردن ونـاردن هاتۆتـە ئیـستانبول وهـەموو بەشـەکانی کۆمپانیاکە کراوە بە ناوییەوە.

دەمـامکی چالاکیەکانیان تـەواو کـرد, کارهـاتبووە سەردەستپێکردنی کاری هەواڵگریانە.(سلاڤیك) لـە ڕۆژنامەکانـدا ڕاگەیانـدنێکی بلاّوکـردەوە، کـە پێویـستی بەمامۆسـتایەکی شـارەزای زمـانی تـورکی هەیـە. یـەکێك بەناوی(کوچەك کوتلو)، کەئەفسەرێکی خانەنشینکراوی هێزی ئاسمانی بـوو، بـۆ ئـەم کـارە چـووبوە پێـشەوە، پاشـان پەیوەنـدی لەگـەڵ (میـت)دا دامەزراندن و دەستکرابە چاودێری کردنی چالاکیەکان.

(سلاڤیك) داوای لیـستی نـاوی جەنـەرال و ئەفسەری کـارە گرنگـەکانی لـە(کوچـوك کۆتلـو)کردبـوو. هـەروەها داوای ڕاپـۆرتیکی لەسـەر پـارت و حکومەتـە ئیئتیلافیەکـەی تورکیـا کردبـوو. (میـت) لـەلای خۆیـەوە ئـەو زانیاریانەی بە(کوچك کوتلو) دابوو، کە(سلاڤیك)ی زۆر دلخۆش کردبـوو. جگـە لـەوەش زۆر پەیوەنـدی و تەماسـی تـریش دۆزرانـەوە کـە دروسـتی کردبوون، ئەوکاتەش کارەکەی گەیشتبووە ئاستێك کە زانیاری زۆری بـە دەسـت دەهێنـا. ئنجـا(سـلاڤیك) داوای لـە (کوچـلو) کردبـوو کـە بـچێتە ناو(ناتۆ)یان ئەکادیمیای جەنگی، بۆ ئەوەش لەلایـەن(میت)ەوە پێناسـەی پێویست بۆ دامەزراندنی کراو بەوەڕگێڕ دەمەزرێنرا.

لـە (1/شـوبات/1967) (سـلاڤیك) لـە کـاتی وەرگرتنـی ئـەو زانیارییـە سـەربازییانەی لـە (کوچـلو)ی داوایکردبـوو لـە جێـدا دەسـتگیر کـرا. لـە دادگـای سـەربازی لەشـکری یـەك دادگـایی کـراو بەشـەش سـال زینـدانی حـوکم درا، کەلەدوایـدا لەگـەل ئـەو تورکـە حوکمداراوانـەی بولگارسـتان ئالوگۆڕی پێکرا.

پـێش ئـەوەی (سـلاڤیك) دەسـتگیر بکرێـت، لەلایـەن (حـیرام بـیٚ) وە، لەسـەر دەمێـك کـە (فـواد دۆغـۆ) ڕاوێـژکاری (میـت) بـوو، سـەرۆك کۆمـار(سـلێمان دەمـیرل) لـەبارەی ڕەوشـی(سـلاڤیك)ەوە ئاگـادار کرابـوو.(حـیرام بـیٚ) لاوی سـی و پێـنج سـالە و فەرمانبـەری لێهـاتوو بـە



دەستگیر کردنـی ئـەو جاسوسـە سـەر کـەوتنێکی گـەورەی بـە دەسـتهێناو لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە پاداشت کرا.

لەسـالی(1967) لـە بـارەی مەسـەلەی (قـوبرس)ەوە لەگـەڵ (یۆنـان)دا گەیـشتبوینە ئاسـتی پێکـدادان. زانیـاری پێویـستیش سـەبارەت بـە زۆر بوارو ناوچەی جیاجیای یونان لەبەردەستدا نـەبوو. لەلایـەکی تریشەوە بـەدوادا چـووەکان لەلایـەن یونانـەوە زۆر بـەوردی چـاودێری دەکـران و ڕێگایـان لێـدەگیرا. لـەو هەلومەرجـەدا دەزگـا پێویـستی زۆری بـە زانیـاری دەربارەی یۆنان هەبوو، کەلەلایەن یەکێکی کارزان وشارەزاوو لێهاتووەوە کۆبکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش (حیرام بیٚ) هەلبژێردراو، لـەماوەی پـازدە ڕۆژدا خۆی کۆکردەوەو بۆ(ئەسینا) بەڕێکرا.

لـە ئـەیلولی 1967 کـاتیٚ حـیرام بـیٚ دەگاتـە باڵوێزخانـەی تورکیـا لـە ئەسینا دیبلۆماتەکان پێی دەلێن (ئێمە بەتەماین بگەڕێینـەوە بـۆ تورکیـا و تۆش هاتوویت بۆ ئێرە! ئایا تۆبە خواستی خۆت هاتوویت؟!).

مـاوەی نـۆ مـانگ تـوانی لەئەسـینادا کاربکـات. پاشـان لەلایـەن دەزگـا بالاّکـانی یۆنانـەوە بـە کەسـێکی ناحـەزو نەویـستراو نـاوزەدکراو، داوای لێکـرا لەماوەیـەکی کورتـدا خـاکی یۆنـان بـەجێبهێلێت. ڕۆژنامـەکانی ئـەو سەروبەندەی یونان بەمجۆرە باسیان لە (حیرام بیٚ) کردبوو:

(سـیا، ئەسـینا لـە بـارەی چـەند سـیخوڕێکەوە ئاگـادار دەکاتـەوە.)

(سـیخوڕەکانی(میـت) لـە یونـان، زانیارییـان دەربـارەی یارمەتییـە سـەربازییەکانی ئـەمریکا بـۆ یونان،لە ڕووی چـەك و تـەقەمـەنی و مێـژووی تەسلیم کردنیانەوە کۆکردۆتەوە. هـەروەها لـەبارەی موشـەك، فڕۆکـەخانـە، شوێنە پیشەسازییەکان، پیشەسازی مەدەنی، لە شکرەکانی دوو، شـەش, دە,یـازدە, دوازدە بۆنـۆو، پـازدەی یونـانی کۆکردۆتـەوە). ئـەم هەوالـە لەڕۆژنامـەی ئـەکرا پۆلیـسدا بلاّوکرابـۆوە، کەلەمیانەشـیدا ئامـاژە بـۆ هاوکاری نێوان (هەواڵگری یونان CIA KYP) کراوە.

ڕۆژنامەی ئەسینا (APPAA):

(کەسـێکی یونـانی بـەناوی-ئـەتهانا سـیادس پانتـە لیـسی-کەلـە دەریاوانیدا کاری کردوەو, تەمـەنی بیست و نۆساله، بەتاوانی سیخوڕی

کردن بۆ بالوێزخانەی تورکیا بەدەسال زیندانی حوکم درا, لەکاتێکدا کە داواکاری گشتی داوای سەپاندنی حوکمی هەتا هەتایی کردووە. ناوبراو زانیاری دەربارەی بارەگاکانی هێزی دەریایی و هێزەکانی یونان لە قوبرس بە–مستەفا عەباس–داوە.)

جێی باسە خێزانەکەی (حیرام بیێ)لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ تورکیا لەلایەن (KYP) بەووردی لە ژێر چاودێریدا بوون و،چەندین جار ئوتۆمۆبیلەکەیان تەنگەتاو کراوە بەمەبەستی هەلدێرانیان، بەلآم سەرنەکەوتوون.

سالێ (1968) کاتێ بەڕێوەبەرایەتی چاودێریم بە جێهێشتوو چوومەناو سوپا, (حیرام بیێ) لە ئەسینا گەڕابۆوە.پاشان چوو بۆ(بەیروت). لە ڕاستیدا ڕاسپێردرابوو بچێتە پاریس یان بەیروت. بەلآم لەو ڕوانگەیەوە کە ئەرکەکەی لە بەیروتەوە خزمەتی زیاتری تورکیا دەکات، بەیرووتی هەڵبژاردبوو. گەربچوایە بۆ پاریس ژیانێکی خۆش وپارەیەکی زۆری دەبوو, جگە لەوەش منداڵەکانی لە خوێندندا بروانامەی باشیان وەردەگرت. ئەو ئەوانەی بەلاوە گرنگ نەبوو, بۆیە ژیانی ناو تەقوتۆقی بەیروتی هەڵبژارد.(حیرام بیێ) تا سالێ(1971) لە بەیروت مایەوەو کارێکی سەرکەوتووانەی ئەنجامدا. تۆڕێکی سیخوڕی و هەوالدۆزی باشیشی دامەزراند. لە ژیانی کاریشیدا زۆر گرنگی بەناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست دەدا. زۆر بەووردی چاوەدێری ڕووداو گۆڕانکارییەکانی جیهانی دەکردو ڕەنگدانەوەی لەسەر تورکیا شیدەکردەوە.

لەنێوان سالآنی(1971تا1976) لە ئیستانبول ولەنێوان سالەکانی(1976تا1980) لە ئەنقەرە کاری کردووە سالێ(1980) لە سۆنگەی نوسینێکەوە داوای خانەنشینی کردوەو لە دەزگا جیابۆتەوە. پاشان ماوەیەك وەك بەشێکی تایبەت کاری کردوەکە ڕاستەوخۆلەلایەن سەرۆك کۆمارەوە کاری پێسپێردراوە. یەکێك لەو کارانەی پێی سپێردرابوو چالاکی کردن بوو دژی (ئاسالا–ASALS) گروپێکی معارزی ئەرمەنیە وگروپە تیرۆریستە ئەرمەنیەکانی تر لە لوبنان. شایانی



باسە ئەو تۆڕە سیخوڕییەی کاتی خۆی دایمەزراندبوو لەو بوارەدا ڕۆلێ چالاکیان گێڕاو ئێستاش سەرچاوەیەکی دەولەمەندی زانیاری و ئۆپەراسیونن.

سالی(1968)(حیرام بیێ)کرایە جێگری ڕاوێژکاری (میت)، بەلآم بەهۆی ڕاپۆرتێکی(میت)وە کەلە سەردەمی سەرۆك کۆمار(کەنعان ئیڤرین)دا بەرزکرابۆوە، بڕیاری گواستنەوەی بۆ شوێنێکی تردرا. بەلآم ئەو داوای خانەنشینی کردبوو, کەلەئەنجامدا داواکەی قبوولکرا.

لەکۆتاییدا (حیرام بیێ) لە تەمەنی پەنجاو هەشت سالیدا تیرۆرکرا. هەرسانیەیەکی ئەو سالآنەی تەمەنی سەرانسەر خزمەتکردن و دلسۆزی نواندن و شێلگیری بووە بۆ کارەکەی. پاش ئەوەی لەسالێ (1971) لە بەیروت گەڕایەوە زیاتر لەنزیکەوە ناسیم. بوو بەفەرماندە, ڕێبەر، ڕازگر, پشت و بڕواو جێگای باوەڕم. لەلاپەڕەکانی داهاتووشدا نموونەو ڕووداوی پێکەوە ژیان و نزیکایەتیمان زیاتر درێژە پێدەدەم.

www.pertwk.com

# کۆشکی زیوەربێگ

لە ناوەڕاستی ساڵی(1970)کاتێ گەڕامەوە بۆ ناو دەزگا ئەركی بەدوادا چونم(تعقیب) تەواو بووبوو. فەرماندەیی بەشی دژە سیخوڕیم پێسپێردرابوو، کەگۆڕەپانی چالاکیم دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو.

لە (12/ئادار/1971) سوپا دەسەلاتی گرتبووە دەست(کودەتای سەربازی– وەرگێر) لە تورکیا، ڕووداوی کاری تیرۆر ڕوولە زیادبوون بوو. حوکمی عورفی لەئارادابوو. ساڵێ (1971)یش لەو بەشەی کەمنی تێدا بووم بەوەکالەت وەك بەڕێوەبەر كارم دەكرد. هەرلەو سەروبەندەشدا بووکە (حیرام بێ) لە بەیروت گەڕابۆوەو, کرایە بەڕێوەبەری بەشەکەمان. لەو دەمانەدا خوێندکارە عەرەبەکان زۆر ڕێکخراوی ناڕەسمیان هەبوو, لەوێنەی (الفتح، الصاعقة، الجبهة الديمقراطية، الجبهة الشعبية، اتحاد طلبة العراق،اتحاد طلبة سوريا.. هتد) کەبە پێی یاساکانمان ئەو جۆرە ڕێکخراوە دەرەکیانە قەدەغە بوون. ئەم ڕێکخراوانە پەیوەندی زۆر بەر فراوان وبلاویان لەگەل خوێندکارە تورکەکان هەبوو, سەرجەمی ئەوانەش لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست بەپێی یاسای (بلاوکردنەوەی کەلتووری تورکی لەرێی لاوانەوە) زۆر سوودمەند دەبوون و بەوهۆیەوە لەزانکۆکانی تورکیا وەردەگیران. بەلام ئەمانە بە پێچەوانەوە لە جیاتی ئەوەی کەلتووری تورکی وەربگرن زیانیان بە تورکیا دەگەیاند و چالاکی هەمە جۆرەیان ئەنجام دەدا. لەناو ئەم لاوانەشدا ژمارەیەکیان دۆستایەتی پتەویان دروستکردبوو، کەهەر لەناو زانکۆکاندا دەمانەوەو دانەدەبڕان و لەسەر خوێندن بەردەوام بوون.

سەرانی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە، کەهەندێکیان کاریان بۆچەند دامودەزگایەتی ولاتانی تردەکرد دەستنیشان کرابوون، پاشان هەندێکیان لە تورکیا دەرکرد کاتێکیش باری (نائاسایی) ڕاگەیەندرا ئەم ڕێکخراوانە



بەپێی یاسا لە کارکردن ڕاگیران و، بەڕێوەبەرو ئەندامەکانیشیان درانە دادگا.

تۆڕێکی هێندە چالاکمان پێکهێنابوو کە ئەوانەمان بست بەبست چاودێری دەکرد. تەنانەت پێش ئەوەی هەر هەنگاوێك بنێن، یان چالاکیەك ئەنجام بدەن دەستبەجێ هەواڵمان پێدەگەیشت و ڕێگریمان لێدەکردن. تا لە ئەنجامدا کاربەوەگەیشت کە خوێندکارە عەرەبەکان نەیاندەوێرا بە گرووپی سێ تا چوار کەسی سەردانی یەکتری بکەن و پێکەوەبوەستن. تورکێك بە ناوی (ناهیدە توورە) پەیوەندی لەگەلێ خوێندکارە عەرەبەکان بەستبوو. ڕۆژێکیان لە مالێکدا لەگەرەکی (تەشویقیە)، کە پیاوەکانمان هەوالیان بۆ هێنابن، دەستگیرکرا. ئەو نامانەی لەولاتێکی بەئانج کراوەوە (هدف) دەهاتن یان بۆی دەچوو کۆنترۆڵ کرابوون. وەرگێرێکمان هەبوو زمانی عەرەبی زۆر باش دەزانی ئەسمەرێکی درێژی چاوکراوەی وریا بوو، بەناوی (حەزرەت) بانگمان دەکرد.

چاودێری کردنی دەوڵەتە عەرەبیەکان لە ئەستۆی (حەزرەت) بوو. ئەویش لە ئەنجامی کارو چالاکی چاودێریکردنەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەزگای موخابەراتی سوریا بەنامە زانیاری بۆ ڕەوانە دەکرێت. ئەو نامانەش بەدەست لەلایەن کەسێکەوە دەنووسران کە ناوی سیانی هەبوو. (حەزرەت) لەلای خۆیەوە کەسەکەی دیاری کردبوو. بە درێژایی چەندان ڕۆژ سەر سەختانە کاری دەکردو، بەهەزاران نامەی کۆنترۆڵ دەکرد. لەکۆتاییدا گەیشتە ئەوەی کەبەدووایدا دەگەڕا. ئەو نامانە یەکێك بەناوی (شەرەفەدین ئەیوب)ەوە دەینوسین و ڕەوانەی دەکردن، کە خزمی لەوێ هەبوو. لەناو ئەو هەزاران نامە هاتوو ڕۆشتووەدا کە (حەزرەت) دەیپشکنین توانی بەهۆی دۆزینەوەی نامەیەکی گونجاو پڕاوپڕی مەبەستەکە کە نامەیەك بوو بۆ سوریای ڕەوانە کردبوو کارەکتەری نووسەرو نێرەرەکەی بەناوی سیانیەوە دەستنیشان بکات. (ئەشرەف ئەبادە) ی ناسراوبە (شەرەفەدین ئەیووب) دەستنیشان کراو،

لە ڕێگای ناسیاوەکانیەوە خستمانە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵەوە، ئنجا دەستمان کرد بە ئۆپەراسیون.

(ئەیوب) لە ساڵی (1940) لە (قونێترە) لە دایك بووە. ناوی ڕاستەقینەی (ئەبازە) یە. ساڵی (1964) هاتۆتە تورکیا. لە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی ئەستانبوول دەیخوێند. لە ئەپارتمانێکی گەڕەکی (ئاکسەرا) دا نیشتەجێ بوو. ئەندامی ڕێکخراوی یارمەتی و هاوکاری قەفقاسیای باکوور بوو لە ئیستانبوول. پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ ژمارەیەك لە پیاوانی سوپا دروستکردبوو. لە ئەنجامی بەدواداچوون و چاودێری کردنیدا پەی بەزۆر پەیوەندی براو ناسران. هەروەها بواری چالاکیەکانیشی دەستنیشان کراو ناسرا. (ئەیوب) پارەی زۆر سەرف دەکرد، بەشێوەیەك کە لە خوێندکار نەدەچوو. شایانی باسە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مخابەراتی سوریا کە لەناو تورکیادا بوون نەبوو. لە ئاکامدا بڕیارماندا کە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکەین. بەو جۆرە لە (8/شوبات/1971) مۆڵەتی دەستگیرکردنی لەدادگای سوپای یەکەم وەرگیرا. ماڵەکەیمان پشکنی و لە ئەنجامدا بەڵگەی پێویستمان چنگ کەوت، هەروەها وێنەی نامەیەکی ڕەوانە نەکراو لەگەڵ ڕێنمایی سەربازی و چەندان تێبینی لە بارەی چالاکیەکانی خۆی کەنوسیبوونیەوە دۆزرانەوە. لەمیانەی لێپێچینەوەکەدا ئەوەی نەشمان دەزانی پێی وتین. ساڵی (1965) کاری بۆ سۆڤیەت کردووە. سۆڤیەتیەکان دوو جار بەئۆتۆمبیلی خۆیان بردوویانە بۆ بارەگەی بالوێزخانەکەیان لە (ترابیا)، هەر جارەش بۆ ماوەی هەشت تا دە ڕۆژ پەروەردەیان داوەو ئەویش بەرامبەر بە پارەکاری بۆ کردوون. (ئەیوب ") لە دادگای سەربازیدا دادگایی کراو حوکم درا. لە (2/ئەیلول/1978) لەگەڵ یەکێکی تورك ڕەگەز بەناوی (محمد مەمۆ محمد)، کە لەپای سیخوڕی کردن بۆ تورکیا لە سوریا بەزیندانی هەتا هەتایی حوکم درابوو، ئاڵوگۆڕی پێکرا.

زۆرمان کاردەکرد، هاتنی (حیرام بێ) ش خۆی لە خۆیدا جموجۆڵی زیاتری تێخستبووین و گوڕو تینی تێگەڕانبووین. هاوکات ڕووداویش نەدەبڕانەوە. ڕووداوەکانی (دەنیز گەزمیش) و هاوەڵەکانی، ڕفاندن و



بەبارمتە گرتنی کچێکی گەنج بەناوی (سیبەل ئەرکان) لەلایەن (ماهیر چایان) و هاوەڵەکانی[17]، هەڵاتنی پێکەوەی ماهیر چایان و هاوەڵەکانی لەزیندان، ڕفاندنی (ئەلرۆمی) بالوێزی ئیسرائیلی و دوا جار کوشتنی[18]، ئۆپەراسیۆنی کاری پشکنین و جێبەجێکردنی گەردەلوولی یەك لە ئەستانبوول[19] و گەڕانی ماڵ بە ماڵ و، هەروەها زۆر ڕووداوی تر لەو کاتەدا ڕوویاندا.

(چایان) و هاوەڵەکانی لەزیندانی (ماڵتەپە)، کە تیپی زرێپۆشی لێبوو هەڵاتبوون. لە ئەنقەرەوە (محمود پاشا) ڕەوانە کرابوو بۆ لێکۆڵینەوە. منیش لەلایەن جێگری سەرۆکی فەرمانگەوە (عمید یاس) ڕاسپێردرابووم لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە بکەم. (محمود پاشا) پیاوێکی قەلەندەر، دڵنەرم، نیاز پاك و هاوڵاتیەکی نەتەوە پەرست بوو، سەرەتای کارەکەی لە تیپی زرێپۆشەوە دەستپێکرد، پێدەچوو دەستەڵاتی فراوانی پێدرابێت.

(چایان) و هاوەڵەکانی لە ژێر زەویدا تونێلێکی درێژیان هەڵکۆلیبوو، پاشان بەرگی سەربازییان پۆشیبوو بە ناوەڕاستی تیپەکەدا، کە لە دەووروبەری زیندانەکەدابوون، تێپەڕی بوون. وازەندەکرا کە کەسانێك لە ڕیزی تیپەکەدا هاوکاریان کردبن و ڕێگای هەڵاتنیان بۆ خۆشکردبن. پێش هەموو شتێك ناوی ئەو پاسەوانانەمان وەرگرت کە لەو ڕۆژەدا پاسەوان بوون. بینیمان هەر لە ئەفسەری ئێشکگر تا سەربازی پاسەوان هیچ ڕووداوێکیان لەسەر نییەو پێشینەیان خاوێنە. من دەستم لە هیچ وەرنەدا.، تەنها گوێم ڕاگرت. لەناو ستافی لێکۆڵینەوەدا تەنها من گەنج و سڤیل بووم. شایانی باسە لەو خولەی لێکۆڵینەوەو بەدواداچووندا هیچمان دەستگیرنەبوو.

دوای چەند ڕۆژێك دەستمان کرد بە چاوپێکەوتن لەگەڵ یەك بەیەکی ئەفسەرو سەربازەکان، بەڵام دیسان بەهیچ ئاکامێك نەگەیشتین. (چایان) و هاوڕێکانی چەندان ڕۆژ کاریان کردبوو، زەوییان زۆر هەڵدڕیبوو، خۆڵەکەیان فڕیدابووە ناو تواڵێتەکەوە تا لەگەڵ ئاوەڕۆدا بڕوات و هەستی پێنەکرێت. بەپێی گوتەی ئەفسەرو سەربازەکان کەس پێی نەزانیبوون و گومانیشیان لێنەکردبوون. کەمتەر خەمی سەربازەکان لەوەدا بوو کە

www.pertwk.com

قاوش و هۆڵەکانیان کۆنترۆڵ نەکردبوو، کە ئەمەش بوو بووە هۆی ئاگادارنەبوو لەو پرسە.

(فەوزی یازجی) ئەفسەری پلەیەکی تیپی زرێپۆش بوو، چەند ڕۆژێك پێش هەڵاتنەکەی داوایەکی نووسیبوو کە تیایدا داوای کرد بوو زەماوەند لەگەڵ زیندانیەك بەناوی (ڕەچهان ماناسی)، ئەندامی (الحزب الشعبی لتحریر ترکیا الجبهە) (THKP-C) دا بکات. بەم شێوەیە ئەم ئەفسەرە ڕاستەوخۆ لە (سلیمیە) دەگیرێت. من پێشنیازم بۆ (عمید یاس – YS) کرد کە لەبارەگای (میت) لە لقی (ئەرنکۆی) لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت. لەو بارەیەشەوە قسەم لەگەڵ (محمود پاشا) کرد، بەڵام ڕای ئەو بەرامبەر بەو گومان و بۆچوونە نێگەتیڤانەبوو، سەرباری ئەوەش قسەی لەگەڵ (فایەق توورون) ی فەرماندەی باری نائاوارتە کرد و ئێمەش پەیوەندیمان بە سەرۆکی (میت) لە ئیستانبوول کردو پرسەکەمان بۆ ڕوونکردەوە. بەمجۆرە بڕیار لەسەر لێپێچینەوە لەگەڵ ئەفسەری پلەیەك (فزولی یازچی) دراو، بۆ لێکۆڵینەوە گوێزرایەوە بۆ کۆشکی (زێوەر بێ).

کۆشکی (زێوەر بێ) بایەخێکی گەورەی هەبوو. پەناهەندەو کۆچکردووەکان دەهێنرانە ئەوێ، دیوارێکی بەرزو باخچەیەکی فراوانی هەبوو کە داری زۆر گەورەی تێدابوو. ئەم کۆشکە دوو نهۆم بوو، نهۆمی خوارەوە ژێر زەمین و موشتەمەلاتی هەبوو. هەندێ لە پەناهەندە پایەبەرزەکان لەو کۆشکەدا میوانداری دەکران. لەلایەك لەبەر گرنگی و بایەخی زانیاریەکی کە هەیانبوو، لەلایەکی تریشەوە چونکە دیوارەکانی بڵند بوون بۆ خۆیان بە ئازادی دەسووڕانەوە. ئەم جۆرە کارانە لەو کۆشکەدا ڕۆژانە بەردەوام نەبوو، بۆیە بەگشتی شوێنێکی ئارام بوو. هەندێ جار لێپێچینەوەی ماوە درێژی لەگەڵ سیخوڕاندا تێدا ئەنجامدەدرا، هەندێ جاریش بۆ دیاریکردنی وادەو دانیشتنی سەرپێی بەکار دەهێنرا.

بەلاندرۆڤەرێکی درێژ لەگەڵ ژمارەیەك لە پیاوانی سوپاو فەرمانبەرێکی سڤیل پێکەوە چووین بۆ (سلیمیە). ئەفسەری پلەیەك (فزولی یازجی) بەبەرگی سڤیلی و بەدەست بەستراوییەوە لە پشتی



لاندرۆڤەرەکەمان سوارکرد. لە ڕاستیدا ئەم کەلپچە کردن و دەست بەستنەوەیەمان وەك ڕێوشوێنێکی پێویست هەموو دەم و گشت کاتێك بۆ هەموو کەسێك پەیڕەو دەکرد. (فزولی یازچی) بەو کەلپچە کردنە تێکچوو. چونکە ئەفسەربوو، دەیگووت (چۆن دەبێت چاوم ببەسترێت و کەلپچە بکرێم) پرسیاری دەکرد کە بۆ کۆیی دەبەین. ئێمەش هیچ وەڵامێکمان نەدایەوە، ئیتر زۆر ترسا.

لەگەڵ (عمید یاس)، ئەفسەرەکەمان برد بۆ لێپێچینەوە. دەم و چاوی (فزولی) هێشتا پاکوخاوێن و لووس بوو. لەبەر ئەوەی چەند ڕۆژێك بوو تەراشی نەکردبوو ڕیشی تازە سەری دەرهێنابوو. ئەفسەرێکی گەنج بوو. یەکەمین جاربوو ئەفسەرێك بۆ لێپێچینەوە ببەین. (عمید یاس) لەبەر ئەوەی خۆی ئەفسەر بوو باوکیشی ئەفسەر بوو زۆر بەشەرمەوە لە ئاست ئەفسەری پلەیەك (فزولی یازچی) دا دەجولایەوەو بەسۆزەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد. منیش لە کاتی لێپێچینەوەکەدا تەنها سەیرم دەکردو هیچی تر. لێپێچینەوە دوو ڕۆژ و نیوی خایاند کە لە ئەنجامدا هیچمان بە هیچ نەکرد. من لەوباوەڕەدابووم کە ئەو ئەفسەرە شتی زۆر لە ژێر سەردایە، بەڵام نایاندرکێنێ. بۆ ڕۆژی دواتر (عمید یاس) چوو بۆ لای تیپی زرپێوش و من درێژەم بە لێپێچینەوەکەدا.

ئەو ڕۆژە پورە (سوهەیلە) لە سەر چاپ بوو، ئەفسەر (فزولی یازچی) مان هێنا بۆ ژووری لێپێچینەوە، چاوی بەسترابۆوە. دوای تۆمارکردنی ناو و پیشە و ئەو زانیارییە بەراییانە دەستمان بە لێپێچینەوەکە کرد. ئەفسەرەکە لە بارەی پەیوەندی لەگەڵ (ڕەچهان ماناس) وەڵامی نالوژیکی پرسیارەکانمانی دەدایەوە. ئنجا من لێرەدا ویستم تەنگە تاوی بکەم و پێم گووت (تاڕاستی ئەم مەسەلەیەم پێ نەڵێیت ئێرە جێناهێڵێت) بەلێشاو پرسیارم لێکرد. دوای ماوەیەك کە زۆری بۆهات دەستی کرد بە گریان. گوتی هەموو شتێکتان پێدەڵێم، ئێمەش پێخۆشحال بووین و ئاهێکمان تێدا گەڕا. ئەفسەرەکە بە چاوی فرمێسکاوییەوە دەستی پێکرد، پورە (سوهلە) لە ئەنجامی کارتێکردنی قسەکانی کە بۆی

www.pertwk.com

دەگێڕاینەوە کەوتە گریان. پورە (سوهلە) ژنێکی قژلوولی تەمەن سەرە بوو.

ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لە زینداندا فێڵی (قولاپ هاویشتنیان) یان بۆ ئەفسەرەکانی بەندیخانەکە داڕشتبوو، (ڕۆچهان ماناس) چنگاڵی خۆی لە ئەفسەری پلەیەك (فزولی یازچی) گیر کردبوو. ئەم ئەفسەرە لاوە شەوێکیان ئێشکگر دەبێت، خالی ئێشکگرییەی کەوتبووە بەرامبەر ژووری (ڕۆچهان ماناس) ەوە. چاوی بەماناس دەکەوێت و ڕووبەڕوو دەبن. دوای ماوەیەکی کورت دیسان بەرامبەر لە یەکتر دەگرنەوە. بەو جۆرە ئەفسەری لاو گیرۆدە دەبێت. سەرەتا تاویٚ گفتوگۆو دوایی یەکتر لە ئامێزگرتن و ئنجا ماچ و موچ و لە کۆتایشدا لە ژووری ئەفسەری ئێشکگرو ڕاست لەسەر راخەرەکەی ئەویٚ دەقەومیٚ ئەفسەر (فزولی) پەیوەندی خۆی لەگەڵ (ڕۆچهان) لە زینداندا زیاتر پەرە پێدەدات. شەراب وعارەق بۆ زیندانیەکان دێنیٚ جگەلە (چی کفتە). بەو جۆرە قولاپیان لە زۆر ئەفسەری تریش گیرکردبوو.

ئەفسەر (فزولی) کرابوو بە ئەندامی بەشی سەربازی (THKP-C) و، لەسەروو هەمووشیانەوە (رائد ئورهان ساڤاشجی) هەبوو کە(هاڤا)ی ژن خوشکی (ماهیر چایان) بوو. ئەو ئورهانە لە چەندین ناوچەی تورکیادا بەر پرسیارێتی بینیوەو، بە ناوی (ئەستێرە – ڕۆژ) ەوە کاری کردووە. هەر ناوچەیەکیش بەر پرسیاری سەربازی خۆی هەیە. بەر پرسیاری سەربازی ئەستانبوول ڕائیدی پیادە (خەلدوون یەشیل) بوو. لە تیپی زرپێۆشدا زۆر ئەفسەریان ڕێکخستبوو. لە ڕووداوی هەڵاتنەکەشدا زۆر کەس ڕۆڵی بینیبوو. یەکێکیش لەوانە ئەفسەری پلەیەك (ئۆلجای ئوزسەڤەر) بووە.

بڕیاری پشوویەکم بۆ چاخواردنەوەدا. لەو ماوەیەدا تەلەفونم بۆ ئەستانبوول کردو قسەم لەگەڵ برادەرێك کرد لە بەشی پەیوەندیدار (لەبەر ئەوەی ئێستا ئەو برادەرە بەر پرسیارێتی باڵای هەی ناکریٚ ناوی بهێنم)، لێم پرسی کە ئایا ماهیر چایان برای ژنی ئورهان ساڤاشپییەیان یان نا؟ ئەو بە نەخێر وەڵامی دامەوە. پاشان سەیری ئەرشیفم کرد. دوای



ڕووداوی سیبەل ئەرکانیش بەشداری لێپێچینەوەکەی (چایان) ی کردووەو، لە چایان و حەوت هاوەلەکەشی بەر پرسیارە کە چی لە ئەرشیفیشدا لەم بابەتە نەبووەو نەبینراوە.

لە تەلەفۆنەکەدا باسی قسەکانی ئەفسەر (فزولی یازچی) م کرد. ئەویش گووتی (ڕێی تێناچیٚ! زۆر پێوەنانی پێوە دیارەو درۆ دەکات) لە بواری ئەم جۆرە هەڵسوکەوت و قایل نەبوونەم زۆر دیوە، کە بەبیٚ هیچ بیانوو هۆیەك و لێکۆلینەوەیەك هەندیٚ کەس لە بایەخی کارەکەیان کەمکردۆتەوەو بە هیپیان دانەناوەو، دەیانگوت (ئەمە شتێکی لیٚ سەوز نابێت). بۆیە بەردەوام دژی ئەم جۆرە بۆچوونانە بووم، کە بایەخ بە مرۆڤ و کارەکەی‌نادەن. بەشی پەیوەندیدار لە سەرەوەو، (محمود پاشا) و لیژنەی لێپێچینەوەشم بەو ئەنجامانە قایل کرد کە پێی گەیشتبووم.

من لەلای خۆمەوە باوەڕم بە قسەکانی (فزولی یازچی) کردبوو. ئەو کەسێك نەبوو فریوو درابیٚ یان بە زۆر هێنرابێتە قسە. بۆیە داوام لێکرد مەسەلەکەم بۆ باس بکات. ئەویش بیٚ کەم و زیاد هەمووی بۆ گێڕامەوە. بەڕای من هەمووی ڕاست بوو، ئەو خۆی ئیفادەیەکی وایدا کە بەبیٚ هیچ گوشارێك خۆی تاوانبار دەکرد. (عمید یاس) کە لە تیپی زرێپۆش بوو پێمڕاگەیاند کە هەندیٚ پێشکەوتن لە ڕەوتی لێپێچینەوەکەدا هەیەو داوام لێکرد ئامادەبێت. پاش سەعاتێك کە هات ددانپییانانی ئەفسەر (فزولی) م تێگەیاندن، ئەویش بە تەنیا جارێکی تریش لەگەڵیدا دواو ئومێدی پەیدا کرد. دوایش چوو بۆ لای (محمود پاشا) بۆ تێگەیاندنی لەو مەسەلەیە.

(محمود پاشا) پێش ئەوەی بێتە فەرمانگەی لێپێچینەوە ئاگاداری سەرۆکی فەرمانگەی ئیستانبوولی کردبوو، ئەویش ڕێگەی پێدابوون. ئێوارەیەکی درەنگ (محمود پاشا) هاتە کۆشکی (زێوەربیٚ). بە قسەکانی (عمید یاس) زۆر گەرم بوو بوو، چونکە چەندان ڕۆژ بوو هیچ ئەنجامێك لە لێپێچینەوە دەستەبەرنەکرابوو، ئێستاش کە سەرەداوێك پەیدا کراوە زۆر پێخۆشحال بوو. لە لایەکی تریشەوە هەر هەموو ئاگاداری ئەو مەسەلانە نەبووین و گومانمان بۆ ئەو شتانە نەدەچوو. ئەفسەری پلەیەك جارێکی تریش مەسەلەکەی بۆ (محمود پاشا) گێڕایەوە. پاشان من دەستم بە

لێپێچینەوە کرد، (محمود پاشا) لە ژووری لێپێچینەوەی لە مەڕ سەرۆکی بەش بە هۆی گوێبیستەرەوە گوێی گرتبوو. وەك خوێندکارێکی ئامادەیی زانیارییەکان زۆر کاریان لێکردبوو، هەمووی نوسیبوو. ئیتر بەمە (محمود پاشا) بە ڕاست و دروستی قسەکانی (فزولی یازچی) قایل بوو. پاشان من بواری پشوویەکم داو، لەو ماوەیەدا چووم بۆ لای (محمود پاشا)، کە یەکسەر ماچی کردم و گووتی لە کارێکی زۆر باش و گەورەدا سەرکەوتووین.

ئەو ئێوارەیە بۆ یەکەمجار ئەفسەری پلەیەك (ئۆلجای ئوزە سەڤەر) مان برد. سەرەتا هەندێ بەرگری کرد، بەڵام پاشتردانی بە مەسەلەکەدا نا. ئەو جگە لەوەی زانیاری لە ئەفسەر (فزولی یازچی) زیاتر بوو، چالاکیشی زیاتر بوو. (ڕائد خەلدوون یەشیل) یشمان لە ناو ماڵەکەیدا دەستگیر کرد. گروپی سەر بەسەرۆکایەتی مەڵبەند ئەو شەوە تا بەیانی چاودێری ماڵەکەیان کردبوو، پاشان دابوویان بەسەر ماڵەکەیاندا و لەگەڵ چەند ئەندامێکی تری ڕێکخراوەکە، کە لە ماڵی ئەودا بوون، دەستگیر کرابوون و هێنرانە (زێوەربێ). ڕووداوو دەستگیر کردنەکان یەك ئەوی تری ڕادەکێشا و، هەر یەکەیان دەرگایەك بوو بۆ سەر ئەوانی تر. لە ناو سوپادا زیاتر لە زانیارییەکانی (فزولی یازچی) ڕێکخستنیان هەبوو، ئیتر لە هەموو لایەکەوە دەستکرا بەگرتن و کۆکردنەوەی ئەفسەران لە هەموو پلەیەك. (ڕائد ئورهان ساڤاشچی) یان هێنابوو بۆ ئەرنەکۆی، کە لەلایەن (گولتەن چایان) ی ژنی (ماهیر چایان) ەوە ڕێکخرا بوو. بەمجۆرە جگە لە بیناکەی فەرمانگە، (زێوەر بێ) ش پڕ بوو لەو ئەفسەرە دەستگیر کراوانە. ئیتر (زێوەر بێ) بووە بارەگای (محمود پاشا) و گرنگترین شوێن لە تورکیا. وای لێهات بیناکە کەسی تری نەدەگرت. ژێر زەمین و هەموو ژوورەکانی تریشمان بەکار هێنا. یەك دوو مەفرەزەی ترمان لە هێزی تایبەت هێنا بۆ پاسەوانی و، لێکۆڵیاریشمان زیاد کرد. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ماڵ و ناوو شوێنی زیاتری ئەندامەکانمان بە دەست هێناو، لە کاتی هەڵکوتانە سەریان چەك و تەقەمەنی و نارنجۆکمان لەلایان دۆزییەوەو دەستمان بە سەریاندا گرت.



بەو جۆرەو بە مەبەستی زووتر تەواوکردنی لێچپێچینەوەکان، لە سۆنگەی زۆر بوونی ژمارەی دەستگیرکراوەکانەوە، لەلایەن پۆلیسیشەوە لێپێچینەوە دەکراو، شوێنەکانی سەرۆکایەتی فەرمانگەو (زێوەر بێ) بەکاردەهێنران و، کارو لێپێچینەوە تا بەیانی بێپسانەوە بەردەوام بوو.

(محود پاشا) و (عمید یاس) زۆر بایەخیان بە من دەدا. لەهەر مەسەلەو کێشەیەکدا کە ئەوان لێی دوو دڵ بوون بیرو ڕای منیان وەردەگرت، بەمەش جێگا باوەڕیان بووم.

لە ناو لێپێچینەوەکانی (زیوەر بێ) دا کەسی سەرنجڕاکێش کەناسیم کەسێك بوو بە ناوی (ئاس)، کە دەمەوێت باسی لێوە بکەم. (ڕائد خەلدون یەشیل) لەو ڕۆژانەدا دەستگیر کرابوو. لەبەر ئەوەش کە بەرپرسی شانەی ئیستانبوول بوو لە ڕێکخراوەکەدا، ئێمە زۆر گرنگیمان پێدەدا. ناوبراو (ڕائد خەلدون) لە کاتی لێپرسینەوەکەدا دانی بە هیچ شتێکدا نەنابوو. هەروەها(ئاس)یش. گروپی لێپێچینەوە تووڕەو تەنگاو بوو بوون و، گروپەکە کەوتبوونە بەکار هێنانی توندوتیژی لەگەڵیدا، کە چی سەرباری ئەوەش نەیانتوانیبوو بیهێننە قسەو وەڵامی هیچ پرسیارێکیشی نەدابوونەوە. دوای چەند ڕۆژێك لێی ساردبوونەوەو مشتومڕ کەوتە ناومان.

(ئاس)م بردە ژووری لێپێچینەوەو بەرامبەری دانیشتم، چاویم کردەوە. هەوڵمدا هەندێ زانیاری لێوەربگرم و قایلی بکەم قسەبکات بەم شێوەیە دەستم پێکرد. قسەکانی زانیاری زیاتریان خستە سەر ئەو شارەزانیارییەی لە لێپێچینەوەکەدا بەدەستمان هێنابوو. زۆر لەسەر خۆیی و بەڕاستی وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە. بەهێمنانەو بەڕێزەوە مامەڵەم لەگەڵدا دەکرد، ئەگەر بە خراپی و توندوتیژییەوە مامەڵەم لەگەڵ بکردایە بەرگری دەنواند و کاردانەوەی لە لادروست دەبوو هیچی نەدەدرکاند. بەدرێژبوونەوەی کات لە (ئاس) زیاتر نزیك بوومەوە. کەسێکی زۆر گرنگ بوو، ماوەیەك تەتەری ڕێکخراوەکە بووە، زۆری دەربارەی دەستگیرکراوەکان دەزانی، لەبارەی ئەوانەی تریشەوە زانیارییەکانی مام ناوەندی بوو، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر شوێنی نهێنی

ڕێکخراوەکەی لەسەر تا سەری تورکیادا دەزانی و زۆربەی ئەندامەکانیشی دەناسی. ئەو دەمەی لەگەڵ ئەودا باسمان لە چارەسەری کێشەکانی تورکیا دەکرد، ئەو لەو پرسەدا ڕاستگۆبوو. وا پێدەچوو کە لەسالآنی خوێندکاریدا و بە حوکمی برادەرایەتی و سۆزەوە چووبێتە ڕیزی ئەو ڕێکخراوەو گوشاری پۆلیسیش هاندەرێکی تربووە تا بچێتە ڕیزی ئەوانەی ڕۆڵی نیێگەتیڤانەیان هەبووە. برادەرایەتی بۆ ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوەو گوشاری پۆلیس و ڕووداوەکان هەوێن بوون تا (ئاس) خۆی لەناویاندا ببینێتەوە.

لە میانی کارەکەمدا زۆر کەسم بینیوە کە خەڵکی دڵسۆز و نەتەوە پەرستیش بوون، بەهەستی نەتەوە گەراییەوە بەشداری چالاکیەکانیان کردووە، بەلاّم هەڵسوکەوتی ناڕاست و نابەجیّ و ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤانەی ڕووداوەکان بیّ ئیرادەو ویستیان بەرەو ئاڕاستەیەکی تری بردوون. هەڵسوکەوتەکانی وەك قبووڵنەکردنی بیری جیاوازو بەکار هێنانی زەبرو زەنگ و گرتن و تیرۆکردنی مرۆڤ و مامەڵەکردنی ناڕاست لەگەڵ ڕووداوو مەسەلەکان، کەئەمرۆ بچوکەکان دەیکەن و خۆیان بەگەورە نیشان دەدەن، کێشەی زۆری لەو بابەتانەی دروست کردبوو، بەگشتیش ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤانەی هەبوو.

وێڕای پەیوەندی پتەوو چاکم لەگەڵ (ئاس) دا کەچی ئەو بەزەحمەت زانیاری و بەڵگەی لەسەر ڕێکخراوەکە پێدەدام، چونکە ئەو کارەی بەخیانەت دەزانی بەرامبەر بە هاورێکانی. منیش هەولّم دا خیانەت و پاکێتی لەو کارەدا بۆ ڕوونبکەمەوە لە ڕوانگەی دڵسۆزی نواندن بۆ تورکیا وا بکەم کە شوێنە نهێنیەکان و ناوی ئەندامەکانی ڕێکخراوەکەی پیّ پێبدرکێنم، بۆ ئەم مەبەستەش بە سەعات هەولّی قایل کردنیم دا.

ڕۆژێکیان هەردووکمان لە ئوتۆمبیلەکەمدا بووین پێکەوە دەسوڕاینەوە، من ئوتومبیلەکەم دەئاژووت و ئەویش لە تەنیشتم دانیشتبوو، بەلاّم هیچ مەترسیەکم بەدڵدا نەدەهات. لەڕێگا نانی گەرم و پەنیرمان دەخوارد، قایلم کرد کە مردنی هیچ کامێکیان لە ئەستۆی ئەودانیە، بەو جۆرەش لە دوورەوە ماڵێکی نهێنی ڕێکخراوەکەی



پیشاندام. کاتیّ گەڕاینەوە بۆ کۆشکی (زێوەر بیّ) گووتی (لە من زیاتر کەسێکی ترتان بەدەستەوە نیە؟ هەمووی هەر لە من دەپرسن و لە منتان دەوێت، منتان کردە خائن). نەخشەی ماڵەکەی بە وردی بۆ کێشاین، شوێنی پاسەوان و چەك و تەقەمەنی و ژوورەکانی تری بۆ دیاریکردین. ئەمڕۆ چەندین مرۆڤ کە لە ژیاندا ماون قەرزارباری (ئاس) ن. ئینشاالله هاوکاری دەکریّ و هەرچی چاکە ئەوەی بێتە ڕێگاو، هیواداریشم وەك هاولآتیەکی باش بەسەر بەرزی بژی.

خوێنەران مافی خۆیانە بپرسن کە بۆچی تا ئێستا باسم لە ئەشکەنجەو ئازاردان نەکردووە لە میانەی لێپێچینەوەکاندا؟!. سالآنێکی دوورو درێژە کە چ لە کۆشکی (زێوەر بیّ) و چ لە شوێنەکانی تر خوازیاری ئەوە هەیە کە باس لەوە بکرێت، چونکە زۆر کەس لەو باوەڕەدایە کە ئەو دووانە لە هەندیّ حاڵەتدا بیّ یەکتری نابن و، لەمەو دوواش باسیان لێوە دەکەم.

بەپێی فەرهەنگ، لێپێچینەوە بە واتای (لێکۆلینەوەو گەڕان دێت بەدوای کێشەیەکدا کە جۆرە تاوانێکی تێدایە). لە کاری ئیستخباریدا لێپێچینەوە بەمانای بەدەستهێنانی زانیاری گرنگ و کۆکردنەوەی زانیاری دێت، کە ئەوەش ئامانجێکی بنچینەیی و پێویستی هەواڵگرە. کەسێك کە لێپێچینەوەی لە تەکدا دەکرێت بەئاسانی زانیاری نادرکێنیّ و مەسەلەکان ڕوون ناکاتەوە، بەڵکو بەرگری دەنوێنێت، چونکە لەو بڕوایەدایە کە ئەو زانیاری و بەڵگانەی دەیدات بەدەستەوە زیان بەخۆی و براکانی دەگەیەنن. جگە لەمەش، مرۆڤ لێی چاوەڕوان ناکرێت کەمتەرخەمی و وردە تاوانەکانیشی بدرکێنیّ، چونکە سزادانیان بەدوادا دێت. بۆیە سووك و ئاسان دانیان پێدا نانێت و باسیان لێوە ناکات. ئاشکرایە کەسێتی و ڕۆحیەتی هیچ کەسێك لەوی دی ناچێت، لەو سۆنگەیەوەیە کەشێوازو ڕێبازی جۆراو جۆر لە لێپێچینەوەکاندا دەگیرێتە بەر. لەبەر ئەوە هەر لێپێچینەوەیەك خۆی لە خۆیدا ڕووداوێکی نوێیە. لێپێچینەوە لە تاوانبارێك پێویستە، هاوکات لە کاتی هەبوونی گومانیش لە پرسێکدا هەر پێویستە. لە کاتی لێپێچینەوەدا ڕەنگە ڕاستی و

ووردەكاری ڕووداوەكەی پێشوومان زیاتر بۆ ڕوون ببێتەوەو ئاگاداری ڕەوتی نەخشەو پلان دارشتنی ڕووداوەكانی داهاتووش ببینەوە. جگە لەوەش لە كاتی لێپێچینەوەشدا دەتوانین بگەینە پوختەكردنی ئەو گومانەی لە ئارادایە.

دەكرێت تاوانبارو گومانلێكراوان بەپێی كەسێتی بەمجۆرە پۆلێن بكرێن:

1- ئەوانەی كە ئامادەن قسە بدركێنن و هاوكاری بكەن و ڕاستگۆبن.

2- ئەوانەی ئامادەییان تێدانیە قسە بدركێنن و هاوكاری بكەن و، تەبیعەتیان توندە.

3- ئەوانەی چاوو ڕاو درۆدەكەن.

4- ئەوانەی ئامادەی هاوكاری كردنن، بەڵام ڕاستگۆیەتیان تێدانیە.

لێپێچینەوە پێویستی بە ڕۆشنبیری و كەلتوورێكی بەرزە لە بواری بەڕێوەبردندا. لێكۆڵیارێتی كارێكی گرانو ماندوهێنەرو پڕ لە بەرپرسیارێتییە. لێپێچینەوە بەر لەهەر شتێك بەڕادەیەكی بەرز كارو پیشەیەكی زانستیەو دەشێ لەو میانەدا سوود لە زانست وەربگیرێت. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە كارێك نییە كە هەنگاوەكانی پێ بەپێی بڕوای پێشینەی پێش لێپێچینەوە بنرێن، هەروەها پیشەی ئازاردانیش نیە. ئامانج لەو كارە بەرخواردنە نەك لێدان و تیرۆكردنی باخەوانەكە. لێپێچینەوە بەهیچ شێوەیەك ئەشكەنجەدان نەبووە، نابێت ئەشكەنجەدانی تێدا بگیرێتە بەر. لە كاتێكیشدا كە نابێت بەهیچ جۆرێك پەنا ببرێتە بەر ئەشكەنجەدان، دەبێت بە زمانێكی شیرین قسە لەگەڵ دەستگیركراودا بكرێت. لەبواری لێپێچینەوەدا بەكارهێنانی زرنگی یان فاكتەرە سایكۆلۆژییەكانو شتی لەم بابەتە كارێكی سروشتیە. بەڵام لەجەوهەری خودی لێپێچینەوەدا لایەنێكی توندو تیژی و كەمكردنەوەی ئازادیو سەربەستیش بەدیدەكرێت. بۆ چوون و تێڕوانینی مرۆڤانە بەوەی كە مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤێكی وەكو خۆیدا لێپێچینەوە ئەنجام دەدات جێگای گومان نیە. چونكە لەوانەیە هەندێ جار ئازادیو سەربەستی كەسانێكی بێتاوان بۆ ماوەیەك زەوتبكرێت، كە ئەوەش لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی



ئەو مرۆڤانە بۆ ماوەیەكی زۆر لە ژێر گوشاری سایكۆلۆژیدا بمێننەوەو ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤانەیان لەسەر ژیانیان هەبێت.

بەڵام جگە لە لێكۆڵینەوە هیچ ئەلتەرناتیڤێكی تر لە بەردەم لێكۆڵیاردا نیە تا لە گومانلێكراو بكۆڵێتەوە. ئەگەر ئەوە نەبوایە ئایا پیاوكوژو تاوانباران، هاوكارو هاوبەشەكان لە تاوانەكاندا دژ بە وڵات، دژ بە جیهان، دەبوایە چ جیهانێك بخولقێنن؟ ئەوەی دەمەوێت لێرەدا بیڵێم ئەمەیەكە: لێپێچینەوە لە پێناوی ئامانجێكدا لایەنێكی گوشارو كەمكردنەوەی سەربەستی تێدایە ناتوانرێت خۆی لێ لابدرێت و پەیڕەو نەكرێت، بەڵام ئەوانە ئەشكەنجدان نین و دەبێت جیابكرێتەوە. كەرەستەی سەرەكی لێپێچینەوە مرۆڤە، كەجۆرو كەسایەتی جیاوازیان هەیە. لێكۆڵیار یان ئەوەی لێی دەپێچرێتەوە و هەر لێپێچینەوەیەكیشی ڕووداوێكی سەربەخۆیە. (لاپەڕە 76–77 ی دەقەكە نەماوە لە كتێبە توركیەكەدا وەرگێڕ).

دەنگی تەقەیەك لە شوێنێكەوە هات، یەكێك گوتی (لەناو خانووەكەدا تەقە دەكەن)، ئیتر لە هەموو لایەكەوە دەستكرا بەتەقە. وامان هەست دەكرد تەقەكان لە پەنجەرەكانەوە بەسەر سەری ئێمەدا تێپەڕ دەبن. تەقەكردن نزیكەی (8 تا 10) دەقیقە بەردەوام بوو. نە لەناو بیناكەو نە لەدەرەوەش كوژراوو بریندارى لێ نەكەوتەوە. كۆمەڵێك پۆلیس دایان بەسەر شوێنەكەدا و چوار دەوری تەقەكەرەكان گیراو تیرۆیستەكان دەستگیركران. دوای كۆنترۆڵكردنی ماڵەكەش لە نهۆمی ژێرەوەیدا دەستمان گرت بەسەر بڕێك چەك و تەقەمەنیدا.

لە (13/ شوبات) بەمەبەستی لێپێچینەوە لەگەڵ كەسێكدا چووینە (ئەنقەرە)، بەسەرپەرشتی كارگێری سەركردایەتی مەڵبەند دامان بەسەر چەند ماڵێكدا، چەندان لە ئەندامانی ئەو ڕێكخستنانەو چەك و تەقەمەنیمان دەستگیر بوو. هەمان ئێوارە لە كۆڵانی ناوەوەی گەڕەكی (لەمەند مەنەكشە) پاش پێكدادانێكی قورس توانیبوویان خۆیان ڕزگار بكەن و بەشێوەیەك هەڵبێن كەلەبەر چاوونبن. بەوەش هەلێكی گەورەمان لەدەست چوو. بەبڕوای پۆلیس و میتچییەكان لە تەنگاویو ترسدا

لێکهەلبڕاون و (چایان) بەتەنیا ماوەتەوە. ئەم کارە زۆر کاریگەری لەسەر(حیرام بیٚ) هەبوو، وەسفکردنی ئەندامانی دەزگاشی بەترسەنۆکی پیٚ هەرس نەدەبوو.

لە (18/ شوبات 1972) دا هەواڵمان بۆ هات کە گروپەکەی (چایان) لە ماڵێکدان لە (فندق زادە)، کە بینایەکی چوار پێنج نهۆمیە لە ئەنقەرە. سەرەتا چووین ناوچەکەمان پشکنی، نیوە شەو لەگەڵ تیمێکی سەرکردایەتی ناوەندی چوار دەوری بیناکەمان گرت، (حیرام بیٚ) لە پێشەوە لەگەڵ تیمێکی پۆلیسدا بوو، ئێمەش نەماندەهێشت تەنها بێت و لەدواوە چاودێریمان دەکرد، بەگەڕەلاوژێیی گەیشتینە بەردەم دەرگای بیناکەو چووینە ژوورەوەو هەندێکیش بە پلیکانەکانیشدا سەرکەوتن. ئەوان لە ژوورەوە هەستیان ڕاگرتبوو زانیبوویان کە گروپێك هاتوونەتە ژوورەوە، پاشان چووینە هۆڵێك، ئنجا ژوورێکی بچوك، پاشان لە دەرگایەکی ترەوە بۆ هۆڵێك کە ژوورێکی بچوکی لە تەنیشتەوە کرابوو. هەرکە (حیرام بیٚ) گەیشتە ئەو ژوورە بوو بەتەقە. گروپێك پۆلیس لە دواوە پشتی ئەو ژوورەیان گرتبوو، دیاربوو چەند ژنێك لە تیرۆیستەکان لەو ژوورەدا خۆیان حەشاردابوو، تەنانەت مینی کاتیشیان دانابوو، بەڵام تەقەکان بوونەهۆی ئەوەی بەتەقاندنەوەیان ڕانەگەن و لە جووڵە بکەون.

هەموو ئەمانە بە خێرایی ڕوویاندا. بینیمان (حیرام بیٚ) چەکی بەدەستەوەیەو دەچێتە دەرەوە، ئێمە نەمانزانی و تێنەگەیشتین چی ڕوویداوە. دوو پۆلیس ڕووی چەکەکانیان لە ژوورەکە کردو دەستیان کرد بەتەقەکردن. ئیتر تۆزو خۆڵ و بۆنی بارووت هەموو لایەکی تەنی. پاشان یەکێك لە دەرەوە تەقەی لەو ژوورە کردەوە، ئێمەش هاوارمان لێکردن کە لە دەرەوە تەقە نەکەن، چونکە شوێنی ئێمە لەبارتربوو بۆ تەقەکردن لە ژوورەکە.

ئەو ژوورەی کە تەقەمان لێدەکرد دەنگە دەنگ و نالەی تێدا دەبیسترا، دوو کەس هاتنە دەرەوە کەشەلاٚلی خوێن بوون. دوای ماوەیەکی تر لە تەقەکردن دەنگێك لە ژوورەکەوە هاواری کرد (تەقە مەکەن تەسلیم دەبین). پاش ماوەیەکیش یەکێك سەری دەرکێشاو تەسلیم بوو. ئەوە ئەندامێکی



ڕێکخستنەکەبوو بە ناوی (زیا یەلمان). پۆلیسەکان پەلیان گرتوو ڕایان کێشا. دیاربوو بریندار بوو، خوێنی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو، هێنامانە ناوەڕاستی ژوورەکە، لەوە نەدەچوو بژی، چونکە نیوە مردوو بوو بوو.

پێکدادان تەواو بوو، کاتیٚ چووینە دەرەوە (حیرام بیٚ) مان نەبینی، زۆر مەراقمان خوارد، گوتیان بریندارەو لەگەڵ (زیا یەلمان) براون بۆ نەخۆشخانە. (حیرام بیٚ) دیاربوو سنگ و قوڕگی پێکرابوو، کە چوومە لای گوتی (با پێناسەو جزدان و دەمانچەکەم لای تۆبن. ئاگاداری ماڵەوە مەکەن) ئەوجا بردیان بۆ ژووری نەشتەرگەری.

فەوزی ئایسۆن پاشا فەرماندەی مەڵبەند لە نزیکەوە ڕووداوەکەی بەسەر کردەوە، پێمانی ڕاگەیاند کە خەمی (حیرام بیٚ) مان نەبێت و هەموو ڕێو شوێنێك بۆ ڕزگارکردنی دەگرێتە بەر. هەروەها داوای لێکردین کە ئۆپراسۆنەکە بەهەمان گوڕو تینی سەر بە فەرماندەیی مەڵبەند درێژە پێبدەین و بچینە سەر ماڵەکانی تری ئەو ڕێکخستنە.

ماڵێك لە گوندی ئەلبنایەکاندا هەبوو ئەگەری بوونی (چایان) ی لێدەکرا. بەڵام ئەو کەسەی کە زانیارییەکەی دابوو بە تەواوی شوێنی ماڵەکەی نەدەزانی، هەر ئەوەندەی وتبوو کە بینایەکی سیٚ نهۆمیە. بەڕەتل چووینە گوندی ئەلبانیەکان. بەیانی بوو، بایەکی فێنکی دەهات. چەند بینایەکی دوو سیٚ نهۆمیان پشکنی، بەڵام هیچمان نەدۆزییەوە. ئێمە بەباشی مامەڵەمان لەگەڵ خەڵکەکە دەکرد و، ئەوانیش ڕێزیان لێدەگرتین. پاشان چووینە بینایەکی حەوت هەشت نهۆمیەوە کە تازە دروستکرابوو. لە بێسیمەکەوە گوێمان لە دەنگی (محمود دیکلەر) ی بەر پرسی لقی سیاسی بوو کە دەیگووت (ئەو بینایە ماڵی منی تێدایە). پاش ئەوەی پشکنیمان (مەحمود) و خوشکەکەی لەو بینایەدا بوون، چەند ماڵ و خوێندکارێکی تریشی تێدابوو، بەڵام هیچی گومانلێکراومان نەدۆزییەوە. ئنجا چووین بۆ پشکنینی ژێر زەمینی بیناکە. کچێك دەرگای لێمان کردەوە، گوتی (فەرموون بپشکنن). دیاربوو خوێندکار بوو، ناوی (L.A) بوو، لەگەڵ خوشکێکیدا بە ناوی (ش) لەوێدا دەژیان. پاش پشکنین چەند جێگایەکی زیادەو هەندیٚ کەل و پەلمان بینی کە

www.pertwk.com

سەرنجی ڕاکێشاین. ئێمە خەریکی پرسیارکردن بووین سەبارەت بەجێگاو کەلو پەلەکان کە هی کێن؟ لە ناکاو گوێمان لە دەنگی تەقەو دەستڕێژبوو، وامان زانی تەقەکان لە دەرەوە یان لە ماڵەکانی ترەوە کران، هاوارم کرد (تەقەمەکەن ئێمە لێرەین). یەکێك گووتی (محمود ئاغا بێگ ئەوە تۆی؟ من بەخەستی برینداربووم) خاوەنی دەنگەکە ئەفسەری لقی یەکەم بوو کە لە ژوورەکەی تەنیشتمان بەبرینداری کەوتبوو. گووتی کاتێك بەناو ژوورەکەدا گەڕاوە دۆلأبێك سوڕاوەو تەقەی لێوە کراوە. ئیتر ئەم بریندار بوەو دەستەبەجیٚ تەقەی لە دۆلأبەکە کردۆتەوە. چووینە لای دۆلأبەکەو کاتیٚ پشکنیمان بینیمان لە ناوەوە بۆ ناو دیوارەکە کونکراوەو لاشەیەك چەك و تەقەمەنی لێکەوتبوو. ئەفسەری پۆلیس کە ناوی (T) ی بوو بە برینداری برایە دەرەوە تا بگەیەنرێتە نەخۆشخانە. کاتیٚ لەسەر بارەبەرەیەك ڕاکێشابوو (رائد) یٚکی سوپا زللەیەکی تێسرەواندبوو، ئەوەشی لەویٚ بوو سەریان سوڕمابوو، تومەز ئەفسەری سوپا وایزانیبوو کە ئەوە تیرۆریستەکەیە، بەلأم کاتیٚ زانیبووی ئەوەی لێیداوە ئەفسەری پۆلیس بووە دەستی کردبوو بە گریان.

پاشان (L.A) مان لەگەلٚ خۆمان برد بۆ لێپێچینەوە. کارەکەما تەواو بوو، بەلأم (چایان) مان نەدۆزییەوە. ئەگەرچی دوو ئەندامی گەورەیانمان دەستگیر کرد، (زیا یەلمان) بەبرینداری و (ئۆلاش بەردا کچی) بە کوژراوی. بەلأم ئەو خۆکوژی و بەرگری کردنەی کە لەبەرامبەر ئەو هێزە زۆرەدا نوانیان بەو شێوەیە لۆژیکیانەم نەدەبینی‌و هەولٚم دەدا لێی تێبگەم و لە هزرمدا وەلأمێکی بۆ بدۆزمەوە.

ئەوێمان جێهێشت و ڕاستەوخۆ چووین بۆ سەردانی (حیرام بیٚ) و (T) لە نەخۆشخانە. (حیرام بیٚ) نەشتەرگەری بۆ کرابوو، قۆناغی مەترسیداری تێپەڕاندبوو. تەنانەت خەریك بوو شۆخی لەگەلٚ دەکردین. بەلأم (T) گوللەیەکی بەرکەوتبوو، نەشتەرگەرییەکی ئالٚۆزی بۆ کراو، ئەویش ڕزگاری بوو. پاشان چوونەوە سەرکارەکانیان. (زیا یەلمان) و هاوەلٚەکانیشی برینەکانیان ساڕێژبوونەوە. (زیا) سیٚ گوللەی بەرکەوتبوو، سیٚ هاوەلٚیشی بە ناوی (حوسێن ئۆزکان، شەرەفەدین



سەردار، عوسمان جاهید ئیگون) لاقیان برینداربوو بوو. ئەم سەرکەوتنەی هێزەکانی دەولٚەت لە (فندق زادە، گوندی ئەلبانیەکان) ورەی هێزەکەو ئێمەشی بەرزکردەوە، هاوکاتیش ورەی ڕێکخستنەکەی ڕوخاندو پەرش و بلأویکردن.

(نورەدین ئەرسن پاشا) ی ڕاوێژکار سەرۆکی فەرمانگەی ئیستانبوول لە پای ئەو ئەنجامانە دەستخۆشی لێکردین و، بۆ ئەوەش لە (19/ شوبات / 1972) نوسراوێکی بەپەلەی پەخش کرد کە تیایدا هاتبوو:

1- سەرۆکایەتی فەرمانگەی ناوچەی ئیستانبوول لەم هەفتەیەی دواییدا لە میانەی دەستگیرکردنی ئانارشیستەکاندا، ئازایانە سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوەو ڕێزو پێزانینی گەورەکانمانیان قازانج کردووە. لەو باوەڕەشداین کە ئەم ئەنجامە بەسەر کەوتووی درێژەی پێدەدرێت تا پووکانەوەیان.

2- سوپاسی سەرۆکایەتی فەرمانگەی ناوچەی ئیستانبوول، لە سەرووشیانەوە سەرۆکی بەڕێزی (ت. د) و یەك بەیەکی ئەندامەکانی دەکەین لە بەرامبەر ئەو ماندوو نەناسی‌و هەستی نیشتمانپەروەرییەیان کە لەو ئۆپراسیونەدا نواندویانە، داوای سەرکەوتنی بەردەوامیان بۆ دەکەین. ڕێزو پێزانینمان بۆیان هەیەو چاویان ماچ دەکەم.

3- زۆر سوپاس و ڕێزمان بۆ بریندارەکان هەیە، بە تایبەتی (حیرام بیٚ) و ئەوانی تر، هیوای چاکبوونەوەی خێرایان بۆ دەخوازین، کە بەو ڕۆحە بەرزەی بەر پرسیارێتیەوە بەشداری ئەو چالاکیانەیان کردووە. چاویان ماچ دەکەم.

4- داواکارین ئەم فەرمانە لە دۆسیەی کەسایەتی سەرجەم بەشداربووەکاندا هەلٚبگیرێت. هەروەها فەرماندەی لەشکری یەکەم (موشیر فایەق تورەن) بەر پرسی حوکمی عورفی لە ئەنجامی ئۆپراسیونەکە زۆر مەمنون بوو، لە (25 / شوبات / 1972) نوسراوێکی بلأوکردەوە کەتیایدا هاتبوو ((بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی ئۆپراسیونی ڕۆژی (13/ شوبات 1972) لە فندقزادەو گوندی ئەلبانیەکان درێژەی پێدراو تێیدا نیشتمان پەروەرییەکی بیٚ وێنە و پر لە فیداکاری و بوێرییەکی گەورە

www.pertwk.com

نیشاندراوه كه سوپاسی یەك بەیەكی فەرمانبەرو بەشداربووانی دەكەم، لەسەرووی هەموویانەوە (جەنەراڵ. فازل پۆلات)، سەرۆكی مەڵبەندی ئیستانبوول، بەڕێوەبەری ئاسایش، سەرۆكی فەرمانگەی ناوچەی ئەستانبوول.

ڕێزو سوپاسم بۆ گشت بەشداربووان ڕادەگەیەنم و سەركەوتنیان بۆ دەخوازم)

(حیرام بیٚ) پاش ئەوەی هەفتەیەكی لە نەخۆشخانە بەسەر برد، لە كاتێكدا كە مۆڵەتی ڕەسمی هەبوو، بەقۆڵی بەستراوەوە گەڕایەوە سەركارەكەی. ئەگەر چی مووچەی ئەو ماوەیەشی بڕدرابوو، بەلاّم بەدلگەرمیەوە دەستی دایەوە كارەكە. ئەوانەی كە لێی دووربوون دەرفەتی سەردانیان نەبوو بەنامە هەواڵیان دەپرسی. یەكێك لەوانە (فواد دۆغۆ) بوو، ڕاوێژكاری كۆنمان و باڵوێزی دەوڵەت لە لیزبۆن.

(فواد پاشا) لە درەنگ كاتدا هەواڵی بریندداربوونی ئەوی پێگەیشتبوو، ئەو نامەیەی كە لە (11/ مایس /1972) ناردبووی ئەو پەڕی هەست ناسكی لێدەباری. نووسیبووی:

((كوڕی خۆشەویستم حیرام:

ئێوارەی (1/مایس) (سامی بیٚ و بەیبان) سەردانیان كردم، (سامی بیٚ) دوای شێوكردن بەجێی هێشتین. منو خانمو (بەیبان) یش تا سەعات دوازدەی شەو كوڕی قسەو باسمان گەرم كرد. بەر لەهەر شتێك كاتیٚ ئەو هەواڵەم بیست تاسام، تەواو كاری لێمكرد. كارتێكردنەكە ئەوەندە خێراو كاریگەربوو، (بەیبان) ناچاربوو بلێت: پاشام، كاشكیٚ ئەم هەواڵەم پێڕانەگەیاندیتایە. هتد نموونەی نامەكە هەمووی تەرجەمە نەكراوە، چونكە هەر پرس و سلاّوە – وەرگێر . لە كۆتاییدا من و خێزانم هیوای سەلامەتیت بۆ دەخوازین، پیرۆزبایشت لێدەكەین، چاوی جگەر گۆشەكانتان ماچ دەكەین، بەخودات دەسپێرین.))

لەئاكامی ئۆپراسیونەكەی گوندی ئەلبانیەكان ناوی كچەكەی (فواد پاشا) ی باڵوێزی كۆماری توركیا لە (لیزۆن) كەوتەناوناوان. ئەویش بەهۆی نیشتەجێبوونی لەو بینایەدا كە تیرۆریستەكان بەكاریان هێنابوو.



لە دەرئەنجامدا گومانی ئەوە پەیدابوو كە (محمود پاشا) ی فەرماندەی باری نائاسایی وای بۆ دەچێت كە (محمود دیكلەر) ی بەڕێوەبەری لقی سیاسی لەگەڵ (L.A) دا پەیوەندییان بەتیرۆریستەكانەوە هەبێت.

من (محمود دیكلەر)م دەناسی، خۆشم دەویست، بالاّبەرزێكی ئەسمەری ڕێكپۆش بوو. بەڕێوەبەری پۆلیس بوو. بنەماڵەكەیان دەوڵەمەندبوون. چەندین كاری بەسەر كەوتووی ئەنجام دابوو. هەرگیز مێژووی خزمەتكردنی بواریان بۆ گومان لێكردن نەدەهێشتەوە تەنانەت هیچیشمان لە سەری نەدۆزییەوە، كە شایەنی گومان خۆشكردن بێت. بەلاّم سەرباری ئەوەش دەبوو بەووردی لێكۆلینەوە لەو بارەیەوە درێژە پێبدەین. زۆر لە (L.A) تووڕە بووین، چونكە بەهۆی ئەو زانیارییە هەلاّنەی پێمانی دابوو دوو هاوەڵمان برینداربوون و تیرۆریستێكیش كوژرا. بەمجۆرە بەرپرسیارێتی ڕووداوەكەمان خستە ئەستۆی ئەو. ئەویش زۆرپێی تێكچوو. بەلاّم لە ڕاستیدا دەركەوت كە (L.A) تەنیا لایەنگرێكی ئەو ڕێكخراوەیەو پەیوەندیەكی توندوتۆڵی پێیانەوە نییە، هەروەها دەریش كەوت كە (محمود دیكلەر) یش هیچ پەیوەندیەكی بەو گروپەوە نییە. (L.A) لە ئەنجامی لێپێچینەوەدا كەوتبووە تەنگەژەیەكی دەروونی واوە كە خۆی بۆ كۆنترۆڵ نەدەكرا. خوێندكاری زانكۆی ئەنقەرە بوو. جارێك هێنامە دەرەوەو پێم ڕاگەیاند كە منیش لەو زانكۆیە خوێندومەو دەستم كرد بە شۆخی كردن لەگەڵیدا، ئەویش بەم كارە زۆر فەرامۆشی هات. لەو ڕۆژەوە ئیتر پەیوەندیەكی توندوتۆڵ لە نێوانماندا دروست بوو. لەڕێی پاسەوانەكانەوە دەینارد بەدوامدا. منیش لە تەنیشتی دادەنیشتم. هەرچی لەدڵیدا بوو بۆی هەڵدەڕشتم. ئێستا یادی دەكەم. كچێكی جوان بوو، دەستێك بێجامەی پیاوانی لەبەردابوو، پرچی تۆپ دەكرد و ڕووخسارێكی شیرینی هەبوو. كاتێك دەیانبردە توالێت پاسەوانەكان دەرگایان لەسەر دانەدەخست، ئەوەش ناڕەحەتی دەكرد. ئێمەش پاسەوانەكانمان ئاگاداركرد كە دەرگای لێدابخەن و بەڕێك و پێكیمامەڵەی لەگەڵدا بكەن. بۆ ئەوەی تێبینی خراپ و تێڕوانینی نێگەتیڤانە وەرنەگرێت. (محمود پاشا)و ئەوانی تریشم لەو فەرمانگەیە

ئاگادار كردەوە سەبارەت بەو شتانەی بەپاسەوانەكانم وتبوو. لەڕاستیدا ئەگەر من قسەو ڕەفتارم وەكو یەك نەبوایە لەگەڵ (L.A) دا ئەوا مرۆڤێكی باوەڕپێكراو نەدەبووم. بۆیە لە هەموو ژیانی پیشەییمدا ئەو تایبەتمەندییەم لە لابوو بووە سیفەتێكی باش. ئەو ڕۆژانەی سەردانیم دەكرد لە ژوورەكەیدا لەگەڵیدا دادەنیشتم و گفتوگۆمان دەكرد. ئەویش زۆر حەزی بەمە دەكردو دڵی پێیخۆش دەبوو. چەند جارێكیش (حیرام بێ) بەشداری گفتوگۆكانمانی كرد.

شەوێكیان چووینە پشكنینی ماڵێكی سەر بەڕێكخستنەكەیان. (حیرام بێ) بە (L.A) وتبوو گوایە من لەو ئۆپراسیونەدا كوژراوم یان بریندارم. ئەو لەنزیكەوە (حیرام بێ) ی نەدەناسی، نەیزانیبوو بۆ شۆخی ئەو قسانەی كردووە، زۆر نیگەران بوو بوو دەستی كردبوو بەگریان. بۆ ڕۆژی دواتر كاتێ منی بینی سەری سوڕما، گوتی (حیرام بێ) شتێكی وای وتووە. منیش گوتم شۆخی لەگەڵ كردووی، بەڵام ئەو هەرگیز لە (حیرام بێ) خۆش نەبوو. چەند ساڵێك پاش ئازادكردنی، لە كەناڵی ڕاگەیاندنێكی چەپدا، كەباسی كۆشكی (زێوەر بێ) ی كردبوو، وا باسی (حیرام بێ) ی كردبوو كە پیاوێكی سادیست و ئەشكەنجەخوازەو گاڵتەو ڕاستی لە یەك هەڵناوێرێت، بەڵام باسی منی نەكردبوو. ئێستا نازانم (L.A) لە كوێیەو؟ چی دەكات؟. هیوام وایە ئەم كتێبە بخوێنێتەوەو لەناو دێڕەكانیدا ڕێزی خۆمی پێشكەش دەكەم.



## دۆلەسوور – قزل دەرە

شوێن پێی چایانەكانمان هەڵگرت، ماڵ بەماڵ بەسەریانماندا دەدان، ئەوانیش شوێنیان دەگۆڕی و بۆ شوێنێكی تر دەچوون. هەندێ جار بەسەریانماندا داون خەریكی چا خواردنەوە بوون، بەشێوەیەك پەشۆكابوون تەنانەت پیالە چاكانیشیان بەجێهێشتبوو پاشتر زانیمان كە لە ئەنجامدا بەپڕی گەلابەیەك كەلوپەلەوە ئەنقەرەیان جێهێشتبوو, لە ئیستانبوولیش شوێنی حەوانەوەیان دەست نەكەوتبوو بۆیە ئەوێشیان جێهێشتبوو.

(چایان) و برادەرەكانی لە مانگی (ئازاری / 1972) دا بەرەو كەنارەكانی دەریای ڕەش ڕۆشتبوون. لە (سینۆپ) سێ پسپۆڕی ئنگلیزیان ڕفاندبوو، كە لەوێ كاریان دەكرد. وەك بارمتە گلیان دابوونەوەو بەیاننامەیەكیان بلاوكردبۆوە كە داواكارییەكانیان تێدا دیاری كردبوو. تیرۆریستەكان لە دوا جاردا لە دەوروبەری (ئونیە) بینرابوون ئەو ناوچەیە جێگای كارو خەباتی (زیا یەلمان) بوو. بۆیە لەو بارەیەوە زیاتر لێپێچینەوەمان لەگەڵ (زیا) كرد، بەڵام ئەو وەڵامی پێچەوانەی دەدایەوە، پڕوپاگەندەشی بۆ (ماركسیزم – لینیزم) دەكرد. نەیدەزانی چایانەكان لەچ شوێنێكن، چونكە ماوەیەكی زۆربوو لێیان دابڕابوو. (حیرام بێ) بەشداری لێپێچینەوەكانی كرد. پێی وت كە بۆ ئەو جوان نەبووە كە برادەرەكانی كردۆتە سەنگەرو لە پشتیانەوە خۆی حەشارداوەو، ئەوانیش تەقەیان كردووە. (زیا یەلمان) نكولی لەوە كردو هیچ وەڵامی نەدایەوە. ئیتر مشتومڕ لە نێوان ئەوو (حیرام بێدا) دروست بوو.

یەكێكی تر كە لەناوچەكەدا خەباتی كردبوو (نقیب M.B) بوو. (محمود پاشا) ئەوەندە بڕوای بە ئێمە بوو كە وای دەزانی بەبێ ئێمە كارەكان بەڕێوە ناچن و ئەنجام وەرناگرن، بۆیە داوایكرد (نقیب M.B) لەگەڵ خۆمان بەرین و بچینە ناوچەكە.

له دەوروبەری سەعات (19.00) ی (27/ئازار /1972) لەگەڵ زیندانی (نقیب M.B ) بەرەو ئەنقەرە کەوتینە ڕێ. بە ئۆتۆمبێلێکی ستێشن کە (عمید ئاس) و نەقیبی بەند کراوو من و شۆفێرەکەو دوو کەسی تربووین ڕۆیشتین. (حیرام بێ) ئارەزووی دەکرد لەگەڵمان بێت بەڵام سەرۆکی فەرمانگە ڕێگای پێنەدا. لە ڕێگا شوێنی (چایان) مان لە (نقیب M.B) پرسی، بەڵام ئەو زانیاری زۆری نەبوو، شوێنەکەی نەدەزانی، هاتنەکەی لەگەڵمان بێ سوود بوو. بۆسەر لەبەیانی ڕۆژی (28/ئازار /1972) گەیشتینە سەرۆکایەتی فەرمانگەی ناوچەی ئەنقەرە. فەرمانبەری بەڕێوەبەرێتی فەرمانگەی (سامسون) مان تێپەڕاندو دەوروبەری سەعات (10.00) ی ئێشکگر پێی ڕاگەیاندین کە دەستەی ئەنقەرە هەر بەیانی زوو دەرچوون. پاش چاخواردنەوە کەوتینە ڕێ ڕۆژی (28/ئازار 1972) گەیشتینە (ئونیە).

له (ئونیە) قسەمان لەگەڵ بەڕێوەبەر و جێگری ناوچەی (سامسۆن) کرد، پێیان وتین کە زانیاریان لەسەر زۆر کەس هەیە کەدەستیان هەیە لە حەشاردانیاندا، بەڵام لێپێچینەوەکان لەلایەن فەرماندەیی ناوەندی ئەنقەرەو فەرماندەیی جەندرمە لەناوچەکەوە دەکراو زانیاری لەو بارەیەوە بەمان نەدەدرا. ئێمەش هیچ نەبوو بیکەین و، چاوەڕوان بووین.

ڕۆژێکیان ڕاوێژکاری (میت) (فەریقی یەکەم نورەدین ئەرسین) لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگەی ناوچەی ئەنقەرە کە گروپێك بوون گەیشتنە (ئونیە). ڕاوێژکار هەرچی زانیاری پێویست بوو لە بارەی لێپێچینەوەکانەوە وەرگرت و فەرمانی دا کە بەهەماهەنگی لەنێوان (میت) وجەندرمەدا کار بکرێت و فەرمانی خۆ ئامادەکردنی بۆ هێرش کردن دەرکرد.

سەرەتا دەستمان کرد بە لێپێچینەوە لەگەڵ ئەم کەسانە (پارێزەر – A.K، پارێزەر S، مامۆستاH.G، زێڕنگەر T.D.G، جوتیار M.G، H.A, مامۆستا A.K، بەرگدروو T.A، N.A، جوتیار A.P، بەقال A.S، شۆفێر K.Y، بەرگدروو F.S) نەماندەزانی لە کوێوە دەست پێبکەین. ئەوانەی دەستگیر کرابوون بەو مەبەستەی زووتر دەرئەنجامی لێپێچینەوەکان بەدەست بهێنرێت وەزعیان شێوێندرابوو. گروپەکەی



ئەنقەرەمان کرد بە دوو گروپ و بەسێ گروپەوە دەستمان دایە کارکردن. ئنجا بەنۆرەو یەك یەك بەپێی سیستمێك دەستمان دایە لێپێچینەوە.

یەکەم جار (A.K و S.S) مان بەجودا بۆ لێپێچینەوە برد. دوای چەند پرسیارێك پێمان ڕاگەیاندن کەزوو بێت یان درەنگ دەگەینە ئەو ئامانجەی مەبەستمانە، جا لەو کارەدا یارمەتیمان بدەن یانا، ئەوەشمان بەئاشکرا بۆ ڕوونکردنەوە. لە کاتی لێپێچینەوە لەگەڵ پارێزەرەکاندا پێیان گوتین کە مامۆستا (H.G) شوێنی چایانەکان دەزانێت. پێش ئەوەی دەستگیر بکرێت بەپێی ڕێنماییەکانی خۆیان ماوەیەك شوانی کردووەو چەندین ئەشکەوت شارەزایە. چایان و هاوەڵەکانی لەو ئەشکەوتانەدان. دوای پارێزەرەکان مامۆستا (H.G) یمان بۆ لێپێچینەوە بانگ کرد. لەو باوەڕەدابووین کە هێنانە قسەی ئەم لەوانی تر زەحمەتترە. بەڵام وانەبوو ئاسان بوو. بەڵێ، لە دەوروبەری گوندی (تەکیران) هەندێ ئەشکەوت دەسنیشان کران، (H.G) و پارێزەر (S.S) دوای نیوەڕۆ تیمێکی کۆماندۆیان بردە سەر ئەو ئەشکەوتانە، بەڵام بەهۆی تەمومژی ناوچەکە نەیانتوانیبوو بمێننەوە. چووبوونە سەر ئەشکەوتەکانیش چۆڵ بوون. گەڕابوونەوە بۆ ئونیە. لێپێچینەوەمان درێژە پێدا، بەڵام هیچ زانیارییەکی ئەوتۆمان دەستگیر نەبوو کە سوودی بۆ ئەو کارەمان هەبێت. لەولاشەوە دوو گروپەی تر درێژەیان بە کاری خۆیان دادە لەگەڵ گیراوەکانی تر.

چوار مانگ لەومەبەر ( M.G) لەگەڵ (ئەحمەد ئەتاسۆی) پێکەوە چەند سندوقێك تەقەمەنیان لەئەشکەوتەکانی گوندی (ماس) شاردبۆوە و بۆ گواستنەوەشیان جێبی (زیا یەلمان) و جێبی (K.Y) یان بەکارهێنابوو. پاشان دەرکەوت کە موختاری گوندی (ماسی) یش ئاگاداربوەو زانیاری لەو بارەیەوە هەبووە. ئەم هەواڵەمان بۆ جەندرمە نارد. بە گوێرەی ئەزموونی کارەکەمان هەستمان کرد مامۆستا (H.G) زۆر زانیاری لایەو نایاندرکێنێ. دوای نیوە شەو دووبارە بۆ لێپێچینەوە بانگمان کرد. زۆر بەوردی و لەسەر خۆ لەگەڵیدا دەستمان پێکرد. لەمیانەی لێپێچینەوەکەدا گێڕاینیەوە بۆ دواین ڕۆژەکانی کە لەناو ناوچەیەدا بووە، بەوردەکارییەوە هەموو شتێکی درکاند. (H.G)

تەنگەتاو کرابوو. بۆبەیانی بە ئامانجی خۆمان گەیشتین. H.G دەترسا زانیاریمان دەربارەیان بداتێ، ئێمەش لەو بیرەدا بووین کە لەوانەیە بە ئەنقەست زانیاری هەڵەمان پێبدات.

(ماهیر چایان) لەگەڵ سێ هاوەڵیدا تا ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (24/ئازار /1972) لەلایەن مامۆستا (H.G.) وە لەماڵێکدا لە گوندی (N) حەشاردرابوون. لە ڕۆژی هەینیشەوە بینرابوون لەلایەن پیرەمێردێکەوە کە پێی دەگوترا (مام) کە خەڵکی نیکسارا بوو گوزراونەتەوە بۆ دەوروبەری (نیکسارا)، تەنانەت بە گەلابەیەك گوێزراونەتەوە. زانیارییەکانی جوتیار(M.G) مامۆستا (H.G) تەواوکەری یەکتربوون. گەیشتنە ئەوەی کە ئەو پیرەمێردە زوو زوو هاتووچۆی ماڵی موختاری گوندی (ماس) ی کردووە، بەگوێرەی زانیارییەکان بەسالاچوویەکی کورتە بالابوو. کۆنە موختاری گوندی (ماس) هەر ئەو ئێوارەیە هێنرا. ئەویش بێ ئەوەی ماندوومان بکات پێی گوتین کە ئەو کەسە ناوی (H) و خەڵکی گوندی (عبدالتامو)یە.

لە ڕێگای مامۆستا (H.G) یەوە زانیمان کە ئەو مامە تەمەن پەنجا ساڵەیە زوو زوو هاتوچۆی گوندی (تەکیران) ی کردووەو، بازرگانی خوری بووە. بەمەش بازنەکە تەواو بوو. ئەم زانیاریيانەمان بە (نیکسارا) ڕاگەیاندو داوامان کرد کە ئەو کەسەی بەو ناونیشانەیە دەستگیر بکرێت. ئێمەش بڕیارماندا بەرەو (نیکسارا) بڕۆین. ئەو زانیاریەی کە پێشتر مامۆستا (H.G) دەربارەی ئەشکەوتەکان دابوونی و لەگەڵ گروپەکەی ئەنقەرە چووبوونە سەر ئەشکەوتە چۆڵەکان پشتگوێ خست و لێپێچینەوەمان لەگەڵ ئەوانی تر درێژە پێدا. دوای ئەوەی یەك ڕۆژ لە (ئونیە) ماینەوە، واتە لە (29/ئازار/1972) لە دوای نیوەڕۆدا مامۆستا (H.G) مان لەگەڵ خۆمان هەڵگرت و بەرەو (نیکسارا) ڕۆیشتین. لە ڕێگا بە بارەگای گوندی (تەکیران) دا تێپەڕین. دیاربوو جەندرمەکان و خەڵکی گوندەکە ئەو پیرەمێردەیان بینیبوو، بەلام کەسیان ناوی خۆی و گوندەکایەنی نەدەزانی. فەرماندەیی جەندرمە لێپێچینەوەو گەڕانی خۆی درێژە پێدا. ئێمەش پێمان ڕاگەیاندن کە بەڕێگای تەلەفون لە کاتی



گەیشتنمان بە بارەگایەکی تری جەندرمە لە هەر زانیارییەکی تر کە دەستیان دەکەوێت ئاگادارمان بکەنەوە. هەر لەڕێگا تووشی فەرماندەی لیوای جەندرمەی (تۆکات) و فەرماندەی تیپی کۆماندۆی جەندرمەی (نیکسارا) بووین کە بەرەو ئونیە دەچوون. لە ڕێگا لە بارەگایەکی جەندرمەدا بە تەلەفون پەیوەندیمان کرد بە فەرماندەیی جەندرمەی گوندی (تەکیران) وهەواڵێکی سەر سوڕهێنەڕمان بەدەست گەیشت. پێش ئەوەی ئێمە بگەینە تەکیراز، ئەو مامە پیرەیە لە تەکیراز بینراوە کە بە پاسێك بەرەو (نیکسارا) ڕۆیشتووە. پیاوێکیش لە گوندی (ئالموس) گیرابوو کە بەووردی ئاگای لەو جموجۆلانە بووە. لە ڕاستیدا لەناو شار زەمینەی ناسین و دەست نیشان کردن زۆر لە بارنیە، بەتایبەتی یەکێکیش کە ناوی نەزانرێ و لەناوچەیەکی دوورە دەستدا بێت، چۆن دەستنیشان دەکرێت؟ ئەوەش پرسیاربوو کە لەمێشکمدا دەسووڕا، بەهەر حال درێژەمان بە گەشتەکەمان دا.

ئۆتۆمبیلێکی جەندرمەو یەکێکی تری فەرمانگەی ڕێگاوبان بەرەو ڕوومان دەهاتن. بینیمان کە ئەو مامە پیرەیەی تێدایە. بەگوێرەی نیشانەکانی کەهەڵدرابوو ناسیمانەوە. پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵەی ڕەقەڵەی بالامام ناوێنجێ بوو. مامۆستا (H.G) مامە پیرەی ناسی. بەسەر پێوە لێپێچینەوەمان لەگەڵ مامە پیرەدا کرد، ترسابوو، بۆیە ڕستەوخۆ وەلامی هەموو پرسیارەکانی داینەوە. گوتی گوایە لەلایەن (H.Y) لە گوندی (عبدالتامو) وە داوای لێکراوە ئەو کارە ئەنجام بدات. چووینە گوندی (ئالموس). لەوێ پرسیارمان لە (H.Y) کرد لەو بارەیەوەو، گوتی (بەڵێ.. بەپێی ڕێنمایی ئەحمەد ئەتاسۆی جولاوەتەوەو ئەم کارەی کردووەو، لە ڕۆژی (24/ئازار /1972) ئەو تیرۆریستانەی بەگەلابەیەك لە گوندی (نورەدین)ەوە گواستۆتەوە بۆ گوندی قزلدەرە و نیکسارا، لەوێش لە شوێنێك دایناون، ئێستاش لەو باوەڕەدایە هەر لە هەمان شوێن بن.) لەگەڵ (H.G) و (H.Y) کەوتینە ڕێ، کە گەیشتنە (نیکسارا) تەلەفۆنمان بۆ (ئونیە) کردو دووایین زانیاریمان لەو بارەیەوە پێدان. گروپی کۆماندۆ بەشەو کەوتبوونە ڕێ و ڕێنماییان پێدرابوو کە بۆ

بەیانی بگەنە قزلدەرەوئابلوقەی بدەن، بۆ ئەو کارەش ئامادەکاری کرابوو. دوای ئەوەی نەخشەی تەواو داڕێژرابوو، راوێژکار و سەرۆکی فەرمانگەی ناوچەی ئەنقەرە بەمەبەستی چاودێریکردنی نەخشەو پلانەکە بەرەو نیکسارا هاتبوون.

سەعات (23.00) ی ڕێکەوتی (29 /ئازار) (H.Y) بە جل وبەرگی سەربازییەوە کەسێکی تری مەدەنیو ئەفسەرێك بوونە ڕێبەرمان لەگەڵ گروپی کۆماندۆی جەندرمە بەڕێکەوتین. ئێمە بەجێب لە پێشیانەوە دەڕۆیشتین. (H.Y) لەگەڵ ئێمە سواربوو بوو، پێمان گوت گەر درۆمان لەگەڵ بکەیت هەموو ماندوو بوونەکە بەفیڕۆ دەڕوات وچارەنووسی خۆشی باش نابێت. ئەویش سوێندی دەخوارد کە درۆناکات و هەرچی ڕاستە ئەوە دەلێت. هەروەها لەڕێگا گوتی کە چەندین سندوقی چەك و تەقەمەنی و نارنجۆکی لەگەڵ چایانەکاندا بردووە بۆ ئەوێ.

ڕێگایەکی سەختمان گرتەبەر کەلایەکی هەڵدێرو لاکەی تری شاخی بەرزبوو، پیایدا سەرکەوتین. ئۆتۆمبیلە سەربازییەکانمان بەهۆی لیتەی ڕێگاکەوە بەزەحمەت ڕێگایان بۆ دەکرا. کۆتایی کاروانەکەمان لە خوارەوە لە دووری (1.5 تا 2کم) دەبینرا. هێزی سەربازی ناوچەکە بەر لە چەند ڕۆژێك ناوچەکەیان کێومالْ کردبوو، بەلاْم هیچیان نەدۆزیبۆوە. دیاربوو بە گەرمیەوە بەشدارییان لەم کارەدا دەکرد. شۆفێری جێبەکە بەهۆی قوڕو لیتەی ڕێگاکەوە چەند جارێك خەریك بوو کۆنترۆڵی لەدەستبدات و هەڵبدێرین. چەند ئۆتۆمبیلێمان لە قوڕدا چەقین، بەلاْم دەرمانکێشانە دەرێ. سەعات (2.00) ی پاش نیوە شەو گەیشتینە دۆلێك، دەبوو لەوێوە بەپێ ڕێبکەین، نەوەکا تیرۆریستەکان بەدەنگی ماشێنەکان بەئاگاببنەوە. هەتا سەعات سێ چاوەڕوانی هێزەکانی ترمان کرد تا پێمان گەیشتنەوە. فەرماندەی هێزەکەو فەرماندەی لیوای تۆکات هێزەکانیان دابەشکرد. هەموو ئۆتۆمبیلەکان لەگەڵ شۆفێرەکانیان و چەند پاسەوانێکمان بەجێهێشت، ئنجا بەپێ کەوتینە ڕێ. کە گەیشتینە (نکسارا) ماوەیەکی کەم پشومان دا. ڕێگاکە قوڕ بوو، پێلاْوەکانمان ئەوەندە قوڕیان هەڵگرتبوو هەنگاومان بۆ نەدەنرا.



سەعات (4.30) دەقیقەی بەیانی گەیشتینە سەرلوتکەی ئەو چیایەی کەبەسەر گوندی قزل دەرەدا دەڕوانی، هێشتا دنیا تاریك و ڕوون بوو گروپێك سەربازمان بۆ سەر ڕێگای گوندەکە بەڕێکرد. گوندەکە دووبەش بوو، بەگوێرەی ئارستەی ڕێکردنمان بەلای چەپدا ئێمە کەوتبووینە سەر بەشێکی گوندەکە کە مالْی موختار لەم بەشەدا بوو، بەشەکەی تری گوندەکە کەدەکەوتە لای دەستە ڕاستمان شەش سەد تا سەد مەتر لە خوارەوەمانەوە بوو. ماوەی نێوان ئێمەو گوندەکەش بەردەلاْنی و هەڵدێربوو، کە لێرەو لەوێ گا بەردی لێبوو.

(H.Y) دەوروبەری گوندەکەی بەباش بۆمان پێناسە کرد. لەو شوێنەش کە چەند سەد مەترێك لێمانەوە دوور بوو، سەرانسەر چڕی و تاوێرو تاشە بەردبوو، کە دەبوو تیرۆریستەکانی لێبێت، هیچ جۆرە جموجولێکمان نەدەبینی. فەرمانەدەکان دوو ئەفسەریان ڕەوانەی ناو گوندەکە کرد تا موختار بهێنن. پاش ماوەیەك ئەفسەرێکیان هێدی هێدی گەڕایەوە. کاتێك لە دەرگای مالێ موختاری دابوو کابرا خۆی دەرگای لێکردبۆوەو ڕاستەوخۆ کوتە کاغەزێکی لەناو لەپی نابوو، کەتێیدا نووسرابوو (سیازدە کەس لە ماڵەکەماندایە). ئیتر سەربازەکان بەپێی پێویست دابەشکران و، هەندێکیان مالْی موختاریان گەمارۆدا. ئەو دەمانە دنیا ڕووناك بووبۆوە.

بینیمان کە (ماهر چایان و عومەر ئانیان) لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەیان دەکرد. سەربازەکان بە بڵند بە تیرۆریستەکانیان گوت کە گەمارۆدراون و داوای خۆبەدەستەوە دانیان لێکردن. چایان وەلاْمی دایەوە (ئێستا هەموو جیهان و تورکیا چاویان بڕیوەتە ئەم شوێنە، ئەگەر نزیك ببنەوە یان تەقە بکەن ئەوا ئەم سێ بارمتە ئنگلیزە دەکوژین، بڕیاری مردن و کوشتنمان داوەو تادوا هەناسە بەرگری دەکەین). ئنجا تیرۆریستەکان سێ بارمتەکەیان یەك لەدوای یەك هێنایە بەر پەنچەرەکەو بارمتەکان بەبێ دەستەلاْتیەوە دەگووت و ئاماژەیان بەوە دەکرد کە هەر جموجوولێك بکرێت ئەوان لەجێدا دەکوژرێن. چایانو هاوەڵەکانی دەستیان کرد بە سروود گوتن و جار جارەش تەشەریان لە سەربازەکان

دەدا. ئێمە یان بە بەرگە مەدەنیەکامانەوە ناسیەوەو بۆ ئیستفزاز کردنمان دەیانگوت (پیاوەکانی مام سام)، (میتی فاشیست). نێوانی ئێمەو ئەوان (150 – 200 م) دەبوو. ئێمەش وەڵامـمان دەدانـەوە. ئەوان بەشێوازێك دەدوان تا کار بکەنە سەر سەربازەکان. داوایان لێدەکردن کە فرمانی ئەفسەرە فاشستەکان جێبەجێنەکەن. کەوتینە چاوەڕوانی کردن. ئێمە لە ماڵێکی نزیك ماڵی موختاردا بووین، ئەوانمان چاك لێوە دیاربوو، جار جارێك لەپەنجەرەکەوە تەقەیان دەکرد. پێیان دەگوتین (میتیپییەکان.. ناوتان چییە؟!..) و هەندێ شتی لەو بابەتەیان بە گوێماندا دەدا. ئەوەی کە قسەی زۆر دەکرد و تەشەری زۆری لێدەداین و قسەی پێمان دەگوت (ئەرتوگوڵ کوڕ کچوو) بوو.

لەو سەروبەندەدا ئەوان کونیان لە چەند لایەکی دیوارەکانی ئەو خانووە کردبوو کە تیایدا بوون، بۆ ئەوەش سوودیان لە کات وەردەگرت. لەناکاو بینیمان دوو کەڵ لە خانووەکە بەرز بۆوە. زانیمان کەهەندێك شت سووتێنرا. پاش دەمێکی تر ئەوان گوتیان (نوێنەری کارگێری فاشیست. موختارو خێزانەکەی وا ئازاددەکەین). ئنجا موختارو هەموو خێزانەکەیان لە خانووەکە کردە دەرەوە. موختاری فاشیست سەرەتا کۆمەکی بەوان کردبوو، لە ماڵی خۆیدا حەشاری دابوون، بەڵام کاتێك هەموو شتێکی ئاشکرابوو، سەربازەکان چوونە سەرماڵەکەی ویستبووی خۆی ڕزگار بکات، بەو مەبەستەی واخۆی نیشان بدات کە هیچ کاتێك پەیوەندی بەو تیرۆریستانەوە نەبووە.

هەوڵماندا هەرچۆنێك بێت کاربکەینە سەر چایانو هاوەڵەکانی قایلیان بکەین کە خۆیان بە دەستەوە بدەن، پێمان گوتن کە دەیانگێڕینەوە بۆ ناو خێزانەکانیان. داوامان کرد قسەیان لەگەڵدا بکەین. ڕووداوی(سیبەل ئەرکان)مان هێنایەوە یادیان کە دەولەت لەو کاتە بە هێزترەوە ئەنجام هەر چۆنێك بێت لە بەرژەوەندی ئەواندا نابێت وخراپ بەسەریاندا دەشکێتەوە. پاشان بە گوێرەی ئەوەی پێمان گەیشتەوە زانیمان کە قسەکانمان بۆتە هۆی نانەوەی ناکۆکی لە نێوانیاندا. بەشێکیان ویستبویان خۆیان بە دەستەوە بدەن، بەڵام ماهر چایان واباروودۆخەکەی



کۆنترۆڵ کردبوو وتبووی:(ئەوەی بیر لە خۆبە دەستەوەدان بکاتەوە دەیکوژم). بۆ ئەوەی ورەیان نەڕووخێ لە سروود وتن نەکەوتن. پاش ماوەیەك هەلیکۆپتەر هات و سەربازی لە پشت خانووەکە دابەزاند. ئێمەش لەناو خانووەکەی تێیدا بووین دەرچووین لەسەرلوتکەیەك دامەزراین.(عمید یاس) پالتۆیەکی لەبەر دابوولە تاو ماندوێتی پەرێشان ببوو بۆیە دانیشت.

وەزیری ناوخۆ, ڕاوێژکاری (میت), فەرمانداری (تۆکان), جێگری فەرمانداری گشتی جەندرمە، سەرۆکی فەرمانگەی (میت)ی ئەنقەرەو چەندانی تر هاتبوونە ئەوێ. چەند هەلیکۆپتەرێك بە مەبەستی هێنان و بردنی زانیاری و دانانی نەخشە بۆ ئەوەی گەر ئۆپراسیونەکە کەوتە شەوچێبکەن لە هاتوو چووندا بوون بۆ ئەنقەرە. داوای هێزی تایبەت کرابوو بۆ هەڵکوتانە سەر تیرۆریستەکان. جار ناجارێکیش داوا لە تیرۆریستان دەکرا بەبڵند و گۆ تا خۆیان بەدەستەوە بدەن، بەڵام ئەوان جگە لەوەی بەنەخێر وەڵامیان دەدایەوە قسەی ناشیرینیشیان دەکرد.

تیرۆریستەکان سێ ئینگلیزیان بە بارمتە گرتبوو, کەلەسایەی پارێزگای حکومەتی تورکیادا بوون. سەرانسەری دنیا چاوی لە(قزل دەرە)بوو، مەسەلەیەکی گرنگ بوو, سەنگی دەوڵەت کەوتبووە تای تەرازووەوە. هەمووکەسێك بیری لەوەدەکردەوە کە چۆن بیانیەکان بپارێزرێن. ئەگەر تیرۆریستەکان خواردنی تەواویان هەبوایە بەرگەی چەند مانگیان دەگرت و داواکارییە کانیشیان بەسەرماندا دەسەپاند, بەو جۆرەی گەر داواکانیان جێبەجێنەکەین یەك لە دوای یەك بارمتەکانیان دەکوشت.هەروەها بیر لەوە دەکرایەوە گەرشەو دابێت چی بکەین؟ دەبێت پرۆژێکتەر بە دەوری خانووەکەدا دابنرێت، چونکە تاریکی لە قازانجی تیرۆریستەکان بوو, دەیانتوانی لەناو تاریکیدا لە خانووەکە هەڵبێن و خۆیان لەناو دارستانی ناوچەکەدا حەشار بدەن, کەئەوەش کارەکەی هێندەی تر دژوار دەکرد.

لەوکاتەدا بیر لەوە کرایەوە کە چەند فرۆکەیەکی جەنگی بەنزمی بەسەر خانووەکەدا بێن و بچن بۆ شڵە ژاندنی تیرۆریستەکان وبە دەست

خستنی فرسەت بۆ دەرباز کردنی بارمتەکان. لەگەرمەی تاوتوێکردنی ئەم پێشنیازانەدا بووین لە ناکاو بووەتەقە. دەورووبەری سەعات (14,30) پاش نیوەڕۆ بووکە گیزەی گوللە لە هەر چار لامانەوە دەبیستra. هەموو ئەوانەی بە هەلیکۆپتەر هاتبوونە ئەوێ ڕایان کردەوە خوارەوە، ئێمەش ناچار خۆمان بەزەویدا دا. من کامێرایەکم پێبوو هەوڵم دەدا وێنە بگرم. فەرماندەی لیوا بەبڵندگۆفەرمانی تەقە ڕاگرتنی دا, سەربازەکان تەقەیان ڕاگرات، بەلاّم سەرباری ئەوەش تەقە کردن و نارنجۆك هەڵدان لە خانووەکەوە هەر بەردەوام بوو. دووبارە داوای تەقە ڕاگراتن بە بلندگۆ بلاّوکرایەوە، بەلاّم تیرۆریستەکان وەلاّمیان نەدایەوە.دوای(15–20) دەقیقە دووبارە یەکتر دانەبەر تەقە دەستی پێکردەوە. ئەوناوەیەك پارچە بووبووە دووکەڵ, ئەمجارە تەقە درێژەی کێشا. هیچ دەنگ لە خانووەکەوە نەما، تەنانەت وەلاّمی بلند گۆکەشیان نەدەدایەوە.

هێزە تایبەتە ئاسنینەکان گەیشتبوونە جێ, چەند ئەفسەرێکیان خۆیان ئامادە کردبوو, لەشوێنی جیاجیاوە نزیکی خانووەکە بوونەوەو چوونەناوی وکەس بەرەنگاریان نەبۆوە. پاش ماوەیەك هێزەکان لە دەرگای خانووەکەوە هاتنە دەرەوە.

کاتێ ئێمە چوینە نێو خانووەکە دیمەنێکی ترسێنەرمان بینی، هەندێکیان نارنجۆکیان بە خۆیاندا تەقاندبۆوەو لەتوپەت بووبوون، تەنها(سافەت ئالت)بە بریندارى مابۆوە، ئەوانی ترگیانیان دەرچوو بوو ڕیخۆڵەو جەرگ و دڵیان تێکەل بووبوو. پاش ئەوەی چووینە ژوورەوە بەچەند دەقیقەیەك (سافەت ئالپ)یش گیانی لە دەست دا. هۆڵەکەش پڕبوو لەلاشە. سێ بارمتەکەش لە ژێر پلیکانەکاندا دانیشێنرابوون، هەریەکەیان گوللەیەك نرابوو بەسەر یانەوەو کوژرابوون. بەکامێرا وێنەم گرتن. هەندێك لاشەمان ناسییەوە.بە ئنگلیزەکانەوە سیازدە تەرمی لێبوو.

لە ڕێگای گەڕانەوەمان زانیمان کە چواردە کەس کوژرابوون نەك سیازە.(ماهیر چایان،جیهان ئەلپ تەکین، عومەر ئانیا, سنیان کازم، ئۆزو



دۆغرۆ، هودای ئاریکان، سەباحەدین کورت،نیهاد یەلماز، ئەرتان سورهان،ئەحمەد ئەتاسۆی، سافەتئەلپ).

(حیرام بێ) لەگەڵ (زیاء یەلماز) لە ئەرنەکۆی گوێیان لەم هەواڵە بووبوو، کاتێك (زیاء یەلماز) هەواڵەکەی بەر گوێ کەوتبوو تێکچوو بوو. دەستی کردبوو بەدرکاندنی هەموو ئەو زانیارییانەی دەیزانی. زانیمان کە(رائد ئەلیاس ئایدن) ماوەیەکی کورت پێش ئەوەی ئێمە هێرش بکەین هاتبووە(قزل دەرە), پاشان ئەو دەنگە بلاّوکرایەوە کە(ئەرتو گرول کورکوچ)و(ئەلیاس ئایدن) سیخوڕی(میت) بوون. من دەمزانی کە(ئەرتو گرول) هیچ پەیوەندییەکی بە(میت)ەوە نەبووە، بەلاّم لەوانەیە(ئەلیاس ئایدن)کاری بۆ(میت) کردبێت، هەروەها لەوانەیە (میت) لەناو ڕێکخستنەکانی تردا، جگە لە پارتی گەلیی ڕزگار یخوازی تورکیا(THKP-C) سیخوڕی هەبووبێت.

www.pertwk.com

# یەڵماز گۆنای

دوای ڕووداوی(قــزل دەرە)، بــە ماوەیــەکی کــورت کــارێکی تــرم پسپێردرا. لەوانەشە پـێش ئـەو ڕووداوە بووبێـت، بـاش لـە یـادم نییـە. ڕووداوەکە پەیوەندی بە سەرۆکی بە شێکمانەوە هەیە کەناوی(نەجاتیە)، دەم وزمان لووسیێ بوو، باش دەیزانی بەشان وباڵێ خۆی و کارەکانیدا هەڵبدات. بەم شێوەیە زۆر خۆی دەبردە پێشەوەو لە ماوەیکیکورتدا بووە لێپرسراوی بەش. بەردەوام هاتووچۆی(ئەرنەکۆی-22) دەکرد، باوەڕو متمانەی مەحموود پاشاو سەرۆك و جێگری فەرمانگەی ناوچەکەی بە دەستهێنابوو. لـە کـاتی لێپێـچینەوەکاندا بۆمـان دەرکـەوت کـە (مـاهر چایان)لەسەرو بەندی ئۆپەراسیونی(فەرتەنەیـەك-23)دا, کـەماڵ بـەماڵێ ئیستانبول پـشکێنرابوو, خـۆی لـەماڵێ (یـەلماز گۆنـا) لـە (لەوەنـد-24) شاردبۆوە، لەسەر ئەم بنەمایە دەبوو(یەلماز گۆنای)بۆ لێپێچینەوە بانگ بکرێت، چونکە ئەو زانیارییانەی کە(نەجاتی)لە لێکۆلینەوەدا بە دەستی هێنابووکـەم وناتـەواو بـوو.(مـەحمود پاشـا)ش وای زانیبـوو کـە(یـەلماز گۆنـای) پیـاوی (میـت)ەو کـاربۆ (میـت) دەکـات، بۆیـە ڕای سپاردبوو کـە زانیاری لە(یەلماز گۆنـای) وەربگـرن، بـەڵاْم پاشـان بۆم دەرکـەوت کـە ئـەوە ڕاست نییە.

(نـەجاتی)وەك(یـەلماز گۆنـای) خـەلکی ئەدەنـە بـوو, هەنـدیێ ئێـواران دەچـووە قومارخانەکـەی براکـەی(یـەلماز گۆنـای) لـە شیـشلی بـۆ قومـار کـردن. باخـەڵێ بـە پـارە هەڵاوسـابوو, کـە ئـەو پـارە زۆرە لـە باخـەلی هـیچ فەرمانبەرێکدا نابینرێت. ژنەکەشی لە یانەکانی قوماردا قوماری دەرکرد بـۆ کـۆڕو کۆمـەلی قومـار دەچـوو.(نـەجاتی) جگـەرەی بـۆ دەهـات. ئـەو گومانەی کە سەبارەت بە (نەجاتی) لەدڵمدا چەکەرەی کردبووبە (محمود پاشـا)م ڕاگەیانـد. لەسـەر ئـەوەش بڕیـاری دەسـتگیر کردنـی(یـەلماز گۆنای)دەرکردو بڕیارەکەش لە(نەجاتی) شاردرایەوە.



(یـەلماز گۆنـای) یمـان لـە قومارخانەیـەکی بـەناوبانگی (بەبـەك-24)دا دۆزیەوە،کـە قومـاری دەکرد،بردمـان. (یـەلمان) وێـسکیەکەی بـە نیـوەیی جێهێشت و لەگەڵماندا هات، حەپەسابوو.دیار بوو لەوکاتـەدا بیری لـەوە دەکـردەوە کـە ئـەو متمانەیـەی(نـەجاتی) پێیـدابوو ئـیتر نـاخوات. لـەناو ئۆتۆمبیلەکەدا (یـەڵماز گونـای) تکـای لێمان کـرد کـە جوێنـی پێنـەدەین و خراپ مامەڵەی لەگەڵدا نەکەین، ئەویش لەبەرامبەردا هەرچییەك دەزانێت پێمان بڵێت. کاتێك ئۆتۆمبیلەکەمان بەقەیاغ بۆ ئەوبەر پەڕاندووە، (یەڵماز گونـای) و (حـیرام بـیێ) مـان بەتـەنها لـەناو ئۆتۆمبیلەکـەدا بەجێهێـشت. (یەڵمان) گوتبووی کە (نـەجاتی) خانوویـەکی تـازەی کڕیـوەو هـەردووکیان لە ئەپارتمانێکدا هاوسێن.

کاتێك ئێمە (یەڵماز گونای) مان لە قومار خانەکەوە بردبوو، (نـەجاتی) گروپەکەی خۆی بە ئۆتۆمبیلی ڕەسمییەوە ناردبوو بۆ ماڵیان تا بیبەن، هـەر چـۆنێك بـوو (نـەجاتی) هەسـتی بـەبڕیاری دەسـتگیرکردنی (یـەڵماز گونـەی) کردبـوو، بۆیـە هـەوڵی دابـوو ئاگـاداری بکاتـەوە تـا خـۆی بشارێتەوە. (یەڵماز گونەی) برابۆ (زێوەر بیێ)، لـەوێش بەشێوەیەك ڕێـزی لـێگیرا کـە دۆشـەکی نـەرم، بـەتانی و چەرچەفی نوێی بۆ ڕاخراومامەلـەی شایستەی لەگەڵ دا کرا. تەنانەت بۆ یادگاری وێنەی لە شوێنەکە گرت. ئەگەر چی من لە لێپێچینەوەی(یەڵمازگونای) بەشدار نەبووم، بەڵاْم زانیم، کەجگـە لـەو زانیارییانـەی خۆمـان دەمـانزانی شـتێکی تـری زیـاد نـەکردبوو.(یـەڵمان) دەیزانـی چۆن سوودلە خۆشەویستبوونی خۆی وەك ئەکتەرێکی دڵبەند وەربگرێت, ئەوەشی لە(زێوەر بیێ)دا بەکار هێنا.

هـەر لـەو ڕۆژنـەدا خێزانەکەشـی(فـاتووش گونـای)لـە لایـەن بەشـی یەکەمەوە بۆ لێپێچینەوە بردرابوو. بینیم دەستێك جلی سپی تەنکی لە بەردایـەو لەسـەر زەوی دانیـشتووە، ژنێکـی بێتـاوان بـوو, تاکـە گونـاهی ئەوەبوو کەژنی(یەڵماز گونای) بوو. من لەگـەڵ لێپرسراوی بەشدا قسەم کردوو دوو چارچە ڕاخەرم بۆی برد تالەسەری دابنیشیێ. هەندێك دواندم و پێیمڕاگەیاند کە وەزعی مێردەکەی باشە. وتی کە خۆی کاری بەسەر

www.pertwk.com

هیچەوە نییە و ئەوەشی دەیزانی گوتوویەتی. ئێمەش پێمان گووت کە دەبێت هەرچی زانیارییەکی لە لایە پێمانبلێت، ئنجا من بە جێمهێشت.

دوای ئەم ڕووداوە(نەجاتی) ناچار بوو لە دەزگا جبا بێتەوەو لە ڕیزدا نەمێنێت، پاشتر زانیمان کە چۆتەوە بۆ ئەدەنەو لەوێ نیشتەجێ بووە. بە پێی ئەو هەوالانەشی کە دوای چەند سالێك پێمان گەیشتن زانیمان کە(نەجاتی) لە کاتی خۆشۆردندا لەناو بانێودا کەوتووەو مردووە.

دوای ئەم ئەرکە، من و(حیرام بێ)و گروپی دژە سیخوڕی و (عمید یاس) گەڕاینەوە سەر کاروباری خۆمان و, پاش ماوەیەکیش(عمید یاس)لە ئەنقەرە دامەزرا.

دوای ئێمە لێپێچینەوە لە (زێوەر بێ) درێژەی هەبوو. لەسەروبەندی ئامادە کاری بۆ شۆڕش، هەندێ لە ئەفسەرانی پلە بەرز لەوانەی گومانیان لێدەکرا بۆ ئەوێ بردرابوون. هەندێکی تریش لە ئەندامانی گروپە چەپەکان لە ئەرنەکۆی دیسان بۆ لێپێچینەوە برابوون بۆ ئەوێ، بەلام ئەوانە بەشداری هیچ چالاکیەکیان نەکردبوو. بەو جۆرە لە(زێوەر بێ)دا کاری زۆر بە سوود ئەنجامدرا. بە درێژایی چەندین سال ئەو کۆشکە بووبوە مایەی تێڕامان و هەردەم سەرنجی بۆلای خۆی ڕادەکێشا، بەلام پێویستە ئەوەش بگوترێ کەلە پاش ڕۆشتنی ئێمە لەوێ ئەو کۆشکە بووە زیندانێك کە تەواو بە زیندانی چاخەکانی ناوەڕاستی دەکرد.



## خستنە بەرچاوی پێشنیازی سالی 1972

ئێمە بێ ئەوەی گوێ بدەینە بارودۆخ کارمان دەکرد, بەلان هەستمان دەکرد هەندێ کاروبار بە باشی بەڕێوە ناچن. ڕیزەکانی دەزگا پێشکەوتنێکی باشیان بە خۆوە نەدەبینی. سەرنجمان دەدا کەموکورتی گەلێك لە ئارادا هەبوون. دوای تاوتوێکردن و تێڕامان لەو بابەتانە لە نێو خۆماندا وامان بە باش زانی کە ئەو کەمو کورتیانە لە ڕێگەی دەزگای بالاو بەر پرسەکانەوە بۆ ڕاوێژکار بەرز بکەینەوە. بەمن و (حیرام بێ)وە سی کەس بووین ئەو ڕاپۆتەمان ئیمزا کردو ناوی (دیکلاراسیۆن) مان لێنا، ئەوەش هەر لەسەرەتاوە وەك یاخیبوونێك لێکدرایەوە. پشکنەران هاتن، داوای گوتە (ئیفادە) ی یەك بەیەکی ئێمەیان کردو ئێمەش ڕازی نەبووین. لەئەنجامدا هەموویان پێکەوە لەگەل پشکنەران کۆبووینەوە.

ڕاوێژکار گوتبووی (ئەگەر پێویست بکات فەرمانگەی ئیستانبوول دادەخەین). ئێمەش سلمان لەوە نەکردەوە. ئەوانەی ڕاپۆرتەکەمان ئیمزا کردبوو لەو جۆرە کەسانە بووین کە ئیشوکاری خۆمان کۆنترۆل کردبوو. هەریەکێکمان خاوەنی چەندین سوپاسنامەو ڕێز لێنان و پاداشت بووین. هەموو قورسایی مەلبەندی (ئیستانبوول) مان لە ئەستۆ گرتبوو, کارەکانمان لەبەر چاوان دیاربوو، نیشانەی باوەڕو دلسۆزی و لە خۆبووردوویی بووین، هیچمان نەبوو کەلێی بترسین, هەروەها شتێکی نهێنیشمان نەبوو کە بیشارینەوە. ڕاپۆرتەکەمان بە ئاشکرا ئیمزا کردبوو، پێشنیازەکانمان لەسەر بنەمای نیازپاکی بەرزکردبۆوە کە پەیوەندییان بە کێشەو گیرو گرفتەکانی ڕیزەکانی دەزگاوە هەبوو. مەبەستیشمان دژایەتی هیچ کەسێك نەبوو, ئەگەر فەرمانگەی(ئیستانبول)یش دابخرایە پەکمان نەدەکەوت، کارێکی ترمان بۆ خۆمان دەدۆزییەوە. ئێستا پاش تێپەڕ بوونی هەژدە سال بەسەر ئەو ڕاپۆتەدا دەیخەمە بەرچاوتان:

www.pertwk.com

## سەرۆکایەتی فەرمانگەی ناوچەی ئیستانبول..

ئێمە، کەکاری خۆمان زۆر خۆشدەوێت وولاٚتپارێزین، کەسانێکین سەرباری کاری زۆرمان لە دەرەوە داوای بەرامبەرمان نەکردووە، ئەرکی هەمە جۆرەی کە خراوەتە سەرشانمان بەئەنجاممان گەیاندووە، بوینەتە مایەی ڕێزلێنانی بەر پرسەکانمان. ئەوساو ئێستاش ئامانجمان سوود گەیاندنە بەولاٚتەکەمان و بەرزکردنەوەو پێشخستنی ڕیزەکانی دەزگایە. لەو باوەڕەداین کە دەزگاکەمان لەبەر چەند هۆکارێکی جیا جیا وەکو پێویست ئەنجامی بە دەستەوە نەداوەو لەم روەوە لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەتانی تردا بەراورد ناکرێت، بۆیە لە پێناوی نەهێشتنی ئەو کەمو کورتی و خراپیانەدا کە هەستیان پێدەکەین وای بۆ دەچین کە پێویستە چەند ڕیفۆرمسازی بەر فراوان لە ڕیزەکانی دەزگادا بکرێت. لە پێناوی خزمەتێکی باشتر وتورکیایەکی باشتردا، بە نیازێکی پاکەوە درێژە بە خەباتمان دەدەین و گوێ نادەینە هیچ هەڵومەرج و بارودۆخێك. دوور لە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی کەسێتی نەخشی خۆمان دەگێڕین، ئەو باوەڕەشمان عەرزی گەورەکانمان دەکەین. لێرەشدا بەپێی تێڕوانین و بۆچوونەکانمان ئەو کەموکورتیانەو چارەسەرکردنیان دەخەینە ڕوو، کەئەمڕۆ بەر ئەنجامی دەزگاکەمانیان کزکردووە:

1– کەسەکان:

لە سۆنگەی زیادبوونی کارو ئەرکەوە هەمیشە دەزگاکەمان بەژمارەیەکی کەمەوە کارەکانی ڕاپەڕاندووە، جگە لەوەی لە ئەنجامی بارودۆخی سەلبی باری دارایی و دابین نەکردنی بودجەی پێویست بۆ کەسەکان هەندێك وازدەهێنن، لەولاشەوە کەسانی پوخت و ڕەسەن هەن کەنایانەوێت بێنەڕیزەوە بۆ کارکردن. پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە کارمەندێکی نوێ پێویستی بە سێ تا پێنج ساڵ هەیە تا ئاکام و بەرهەمی باشی لێبکەوێتەوە، بەلاٚم سەرباری ئەوەش کارمەندی چاك



بەژمارەی کەم وەردەگێرێن ئەگەر هەشبن ئەوا لەبارودۆخی ئێستای ولاٚتدا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەنجامی پێویستی نابێت.

لەلایەکی ترەوە، کارەکانی دامەزراندن کە لەلایەن دام ودەزگاکانی تری دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێت، بەتایبەتی ئەوانەی کەسوپا دەیانکات، بەبێ ڕەچاوکردنی گونجاو و پێویست یان پێویست نەبوون ئەنجام دەدرێن. بەمەش ئەو کارمەندەی کە لەبەشەکانی خوارەوەدا دادەمەزرێنرێ بەباشی سەر لە کارەکەی خۆی دەرناکات و کەسانی تر بۆیان ئەنجام دەدەن. بەلاٚم ئەگەر ئەو بۆشاییانە لەلایەن خودی بەرپرسانی دەزگاوە پڕبکرێتەوە باشترە. بۆ نموونە لەبواری دژە سیخوڕیدا ئەوکارمەندانە دابنرێن باشترە کە لەدەرەوەی فەرمانگە کاردەکەن و ئەزمونیان لەبواری کاری دەزگادا پەیدا کردووە، بەلاٚم هەرچی دامەزراندنەکانی تری دەرەوەیە تەنها وەکو ئیداری مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. جگە لەمەش لە دامەزراندن لە شوێنە بالاٚکانی ناو دەزگادا ڕێوشوێنی کارگێری پیادە دەکرێتو، هەندێ جار ئەو بۆشاییانە بەخەڵکیتر لەدەرەوەی دەزگاوە پڕدەکرێنەوەو پلەبەرزکردنەوەی گونجاوو بەرێوجێو ئوسولی پیادە ناکرێت.

بەلاٚم دەبینین پلە بەرزکردنەوە لەدامودەزگاکانی ولاٚتانی تردا، جگە لە کاروباری پسپۆری پێویست وەك کاروباری تەکنیکی، سەرباری، شیکردنەوە لە نێو خودی کادرەکانی دەزگادا ئەنجام دەدرێت، وەك بەڕێوەبەری گشتی، بەڕێوەبەری بەش، یاریدەدەری ئۆپراسیون، سەرۆکایەتی فەرمانگەی ناوچە، سەرۆکایەتی فەرمانگەی مەڵبەند، کە ئەمانە بەپلە بەرزکردنەوە لەو پۆستانە دادەنرێت. دەنا ئەو پلە بەرزکردنەوانەی کە لەدەرەوەی ئەم ڕێوشوێنە باوانەی ولاٚتانی تردا پیادەدەکرێت بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە دەشکێتەوەو دەرئەنجامی باش نابێت. لەو پلە بەرزکردنەوانەشدا پێویستە بەر لە هەر شتێك بیر لە پسپۆری لەو کارەدا بکرێتەوە. جگە لەوەش دەبێت ئەو ئەنجامانەش لەبەر چاوبگرین کە کادرانی خوارەوە لە ڕابووردوودا لە میانەی

کارەکانیدا لە پلە بەرزەکاندا بەدەستیانهێناوەو لە کاتی بەرزکردنەوەی پلەو ئەو جۆرە دامەزراندنانە ئەمانە لەبیر نەکرێن.

ئەو ئەفسەرانەی کە لەسوپاوە بۆ (میت) ڕەوانەدەکرێن تا پلەی (ڕائد) باشن دوای ئەوەی ئەزموون و شارەزایی لەم کارەدا پەیدا دەکەن، تیایدا سەرکەتوو دەبن و دەتوانن کاری باش ئەنجام بدەن، هەندێکیان دەگێڕنەوە بۆ سوپا بۆسەر کارە سەربازییەکانیان، کە لەڕاستیدا گەر ئەو کەسە لەو شوێنە بمێنێتەوە ڕەنگە خزمەتی زیاتری پێبکرێت. جگە لەوەش ئەو پلەبەرزکردنەوەو دامەزراندنانەی کە لە دەرەوەی دەزگاوە دەکرێت، لەکاتێکدا ئەوانەی کەسالآنێکی دوورو درێژە لێهاتوویی و کارامەیی و دڵسۆزی خۆیان سەلماندووە پشتگوێ دەخرێن، دەبێتە هۆی ئەوەی پشتیان ساردببێتەوەو گوڕو تینی جارانیان دەپوکێتەوەو ورەیان دەڕوخێ. ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی خۆ بۆ کار نەکوتان و نزم بوونەوەی ئاستی ئەنجامەباشەکان و هیواو ئومێدیان بەدوا ڕۆژ، کار، پلەبەرزکردنەوە، بیرکردنەوە لە چۆنیەتی پێش خستنی کارەکەیان دەرەوێتەوەو چیتر ئەنجام بەدەستەوە نادەن. وەك ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤانەی ئەم جۆرە دامەزراندن و پلە بەرز کردنەوانە، بۆ ئەو کادرانەی خۆیان بە شیاوی پلەکان دەزانن دەبنە نارازی کارەکان، بێزارییان پێوە دیاری دەدات و، لە ئەنجامدا دیاردەی دابڕان لە ڕیزەکانی دەزگا لەناویاندا تەشەنە دەکات و پەرتەوازە دەبن.

(ئەو خالآنەی پێویستە لەمیانەی وەرگرتنی کەسانی نوێدا لەبەر چاوبگیرێن):

هەرکەسێ کە تازە لە ڕیزی دەزگادا وەردەگیرێت لێکۆڵینەوەی وردی لەگەڵدا بکرێت، پاشان بە گوێرەی بواری ئەو کارەی پێیدەسپێردرێت (شۆفێر، دژە سیخوڕی، کارمەندی بەدواداچوون و چاودێری.. هتد) لە مەحەك بدرێت. ئەمەش لەلایەن لیژنەیەکەوە ئەنجام بدرێت، کەپزیشکی پسپۆری سایکۆلۆژیشی تێدابێت، بەوردی لێکۆڵینەوە لەتایبەتمەندیەکانی و ڕەوشی ڕۆحی، بیری، فیزیکی کەسەکە بکرێت،



پاشان بەپێی دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکان کەسەکە شیاو دەبێت بۆ وەرگرتنی لە ڕیزی دەزگا.

بەمەبەستی ئەوەی دەزگاکەمان بگاتە ئاستی چۆنایەتی لە پراکتیکدا، لەپێناو پێشخستنی کادرانی ئێستاو سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەیان لە ڕووی ژمارەو چۆنایەتیەوە، دەبێت یاسا خۆیەتیەکانی دەوڵەت و دەزگای (میت) بەزووترین کات دەستکاری تایبەتی تێدا بکرێت و پلەو پۆستەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە چاویان پێدا بخشێنرێتەوە، پێبەپێی پێویستیەکانی دەزگاو خزمەتکردنی زیاتری تورکیا دابڕێژێنەوە. ئەوانەی لێبترازێ کە بەقەزاو قەدەر کارەساتیان بەسەرهاتووە، یان خاوەن پسپۆریی تایبەت، یان ئەوانەی لەڕاپەڕاندنی کاری سەختدابەتوانان، هەرچی خانەنشین کرابێت نابێت بگێڕدرێنەوە بۆ دەزگا، بەڵکو ئەو کادرانەیان لەجێگا دابنرێت کە بەڕاستی و دروستی کاروبارەکان ڕادەپەڕێنن.

لەمیانەی وەرگرتنی کادردا نابێت پلەی خزمایەتی و هەندێ حساباتی کەسایەتی تر بکرێت، لەتاکە خێزانێکیشدا نابێت چەندان کەس لەم بوارەدا وەربگیرێت، بەتایبەتی خێزانی کادرو کارمەندەکان نابێت لە دەزگا وەربگیرێن و کاربکەن. لەئێستاشدا باوەڕمان وایە کەدەبێت ئەوانە تازە وەرگیراون زۆر بەوردی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت باشترینیان بۆ ڕیزی دەزگا هەڵبژێردرێن.

2–دامەزراندن:

دامەزراندن لەناوخۆی وڵات یان لە دەرەوە نابێت لەسەر بنچینەی پاداشتکردن یان سزادان بێت. ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەم دامەزراندنانە دەبێت لەسەر بنەمای بایەخدان بێت بە پسپۆری و سەرکەوتوویی کەسەکان لەبوارەجیاجاکانی کارەکانیاندا، ئەگەر پێویستیش بوو دەبێت چەندان ساڵ لەو بوارو شوێنەیدا بمێنێتەوە.

لەلایەکی ترەوە نابێت کادران تەنها لە ڕێگای تاقیکرنەوەوە بۆ کاری دەرەوە دابمەزرێنرێن،، یان ئەو کادرەی لە دەرەوە دێت لە ئەنادۆل دابمەزرێت، نابێت ئەمە ببێتە پرنسیپ لەمیانەی دەمەزراندندا، بەڵکو بۆ

www.pertwk.com

دامەزراندن پێویستە تایبەتمەندییەکانی کارو ئەرك و لێهاتوویی کەسەکە لەبەرچاوبگیرێت و بەوردی لێکبدرێتەوە. هەڵبژاردنی کادر بۆ ئەرك و کارە هەستیارو سەرەکیەکان بۆ ناوخۆو دەرەوە جگە لەوەی کە دەبێت لە ڕێگای تاقیکردنەوەو لەبەر چاوگرتنی ئەزموون و پسپۆڕییەوە بێت، پێویستە بڕی مووچەی تەرخانکراوو ماوەی خزمەت و تەمەنیش لەبەر چاوبگیرێت. شایانی باسە تایبەتمەندێتی و توانای ئەو کەسەو لەبەرچاوگرتنی کەسایەتی گومناوی بایەخی لەوانەی سەرەوە کەمترنییە. بۆ نموونە، دامەزراندنی کارمەندێکی تەمەن پەنجا ساڵە وەك نووسەری یەکەم یان دووەم لە کارێکی دەرەوەدا مەسەلەیەکە لە جێی خۆیدایە. جگە لەمەش سەرۆکایەتی فەرمانگەی ناوچەو سەرۆکایەتی فەرمانگەی ناوەندهەقە بەپێی پێویستیان مافی دامەزراندن و دەستنیشانکردنی ناوخۆییان هەبێت، چونکە ئەوان بەو حوکمەی کادران لەنزیکەوە دەناسن زیاترو باشتر توانای هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ڕاستتریان لەبەردەستدایە.

بەلایەنی پلە بەرزکردنەوەو دامەزراندنی دەرەوەش ئەگەر ڕاو بۆچوونی ئەو فەرمانگە وەربگیرێت ئەوا بڕیارو ڕاسپێرییەکانی دەزگا باڵاکان زیاتر بەجێ‌وڕێ دەبن. پرسیێکی تری گرنگ هەیە کە ئەویش ئەوەیە ئێمە مانەوەی سەرۆکی خزمەتگوزاری پلەوپایە ئیدارییەکان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە پۆستی خۆیاندا بەشیاو دەزانین، ئەمەش لە کاتێکدا گەر ئەوانە کارو ئەرکەکانیان بەشیاوی و سەرکەوتووی بەڕێوەبەرن.

3- پەروەردەو خول:

پەروەردەو خولەکانی ئەندامانی کارکردن نابێت تەنها تیۆری بن، بەڵکو پێویستە پراکتیکانە جێبە جێبکرێن. بۆ ئەمەش پێویستە ئەو زانیارییانەی لە خولەکاندا فێری دەبن بە کردەوەش جێبە جێی بکەن. ئەم پەروەردەو خولانە لە ڕاستیدا وادەکەن کە ئەندامانی سێرڤس ئەنجامی بەرز بەدەست بهێنن، بۆیە دەبێت مامۆستای خولەکان کەسانی بە ئەزموون بن لە بواری کارداو تەنها لە بازنەی تیۆریدا نەخولێنەوە، بەڵکو



ئەو بابەتەی دەیلێنەوە بە پراکتیکیش جێبەجێی بکەن، ئەمەش بایەخی تایبەتی خۆی هەیە.

4- میتۆدی ئسولی کارکردن و نوێکردنەوەی ئامرازەکانی کار:

*هەرز(بیر)/ مۆدێرنیزە کردنی خێرای ڕیزەکان کارێکی پێویستە. بەرلەهەر شتێك دەبێت بیرو دیدێکی مۆدێرن بخرێتە ڕیزەکانەوە، دیاردەکانی کۆنە پارێزی و بیروکراتی لەناو ببرێت بەمەبەستی ئەوەی کارەکان خێراترو بەبەرهەمترین پێویستە جموجۆل و هەنگاوەکان توندو تۆڵ بن.

*تەکنیك/ هەموو کارمەندەکانی جیهان لە بواری کاری ئیستخباراتیدا کۆمپیوتەر بەکار دەهێنن، بەتایبەتی بۆ ئەرشیف، (ئیستخباراتی سوریا دووساڵە کۆمپیوتەر بەکار دەهێنێت)، بەڵام دەزگاکەمان تا ئێستا کۆمپیوتەری نییە وبیریشی لێنەکراوەتەوە کە بخرێتە بەر دەستی. بۆیە ناتوانرێت سوود لە زانیارییەکانی ئەرشیف وەربگیرێت بۆ ڕووداوێك کە ڕوودەدات. لەلایەکی ترەوە ئاشکرایە کە هەر دەزگایەکی ئیستخباراتی لە جیهاندا(80./.)ی زانیارییەکانی لە هەواڵی ئاشکراوە وەردەگرێت و پۆلێنیان دەکات، (20./.) کەی تریشی کە دەمێنێتەوە لە دەرەوەی ئەو بوارەو بە شێوازی ئۆپراسیون و شێوازی تر کۆیان دەکاتەوە، بەو جۆرەش کارەکە مانای تەواو دەبەخشێت وئەنجام دەپێکێت. بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کاری لەو جۆرەش بێگومان پێویستە دامودەزگای ترلە ڕیزی دەزگا دابمەزرێندرێت و ڕیفۆرمسازی لە ڕیزی دەزگادا بکرێت. ئەو ئۆتۆمبیل و کەلوپەلە تەکنیکیەی کە ئێستا لەبەر دەستماندایە زەحمەتە بتوانێت ئەنجامی خواستراو بە دەستەوە بدەن، هێنانی تەکنیك و ئۆتۆمبیلی نوێ لەو جۆرانەی لە وڵاتانی تردا لە بواری کاری ئیستخباراتیدا بە کاری دەهێنن، ڕەوانە کردنی کەسانی شارەزای زمان بۆ ئەو کارانە، ڕیزەکانی دەزگا بە هێز دەکەن. دەزانین کە دەستەبەر کردنی ئەم پێداویستیانە لە ڕووی داراییەوە دەبنە بارێکی گران بۆ دەوڵەت، بۆ ئەوەشی ئەو بارەگرانە نەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت پێشنیاز دەکەین کە وەك هەندێ ئیستخباراتی وڵاتانی تر هەندێ پرۆژەی بازرگانیمان

www.pertwk.com

هەبێت، کەببنە سەرچاوەی  داهات و دەستەبەری دارایی پێویست بکەن. (دەزگا ئیستخباراتیەکانی ولآتانی ئەمریکا، ئیسرائیل و ئنگلتەرا جۆرە کۆمپانیای بازرگانی نهێنیان هەیە، کە هەم بۆ مەبەستی بازرگانی و دارایی و هەم بۆ کاری ئیستخباری بە کاریان  دێنن و سوودی لێدەبینن)

5- باروذۆخی ئەندام و کادران و کارگەرانی ناو(میت): کادرو ئەندامانی دەزگا شادەماری کاری ئیستخبارینو بێ ئەوان کاروبار بەرێوەناچێ، دەتوانین ئەم خالە بکەین بە دووبە شەوە:

*ئەو کادرانەی لەناو تورکیادا کاردەکەن/ ئەم کادرانە جگە لە برێکی کەم لەبەرژەوەندی مادی تەنها لە رووی باوەڕی ئایدیولۆژییەوە خزمەت دەکەن. وێرای کەمو کورتیە کانیش لەهەموو ڕەوشێکدا ئامادەی خزمەت کردنن، بۆیە پێویستە لە بواری بژێویدا دڵنیا بکرێن.

*ئەو کادرانەی لە دەرەوە کاردەکەن/ ئەمانە لەبەر هۆکاری ترو بەرژەوەندی مادی ڕازین کاربکەن، چونکە لەو رێگایەوە بەرژەوەندییان بۆ دەستە بەردەکرێت.

6- پەیوەندی لەگەل دەزگاکانی ولآتانی تر:

بەپێویستی دەزانین کە کارمەندانی ڕیزەکانمان لەناو خۆو دەرەوەی تورکیادا لە بواری سیاسیدا نەخشی خۆیان ببینن و حکومەت و وەزارەتەکانیش لەلای  خۆیانەوە ئەو کارە بە شتێکی سروستی بزانن. جولآنەوەی ئەم دواییەی چەپەکان و، وردتر سالآنی ڕابووردوش سەلمێنەری راستی ئەم بۆ چوونانەن. لەو رووداوە سیخوڕییانەی کەلە هەندێ بالۆێزخانە وکونسولیەتمان لە دەروەی ولآت دەرکەوتووە، پێویستی بوونی کارمەندانی ئیستخباراتی لەو شوێنانەدا بە باشی دەردەکەوێت، بەلآم لەم ڕووەوە هەتا ئێستا حکومەت ووەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەنگاوی پێویستیان نەهاویشتووە. ئێستا وەزارەتی دەرەوە بەمەبەستی بە هێز کردنی بالوێزخانەکان، کادرێکی خزمە تگوزاری ئیستخباراتی بۆ هەر بالوێزخانەیەك وەك پرنسیپ دابین دەکات، بەلآم دیاریکردنی کادرێکی دەسنیشان کراو لە رێی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی خۆیەوە، یان لەرێی ڕەفتاری کادرانی تری وەزارەتی



دەرەوە ئاشکرا دەبێت. لە بواری ئەرکەکانی دەرەوەدا دەکرێت سوود لە کادرانی دامودەزگاکانی تری دەولەت، وەك (گەشتو گوزار، بازرگانی, هێلی ئاسمانی، ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەو تەلەفزیون) وەربگیرێ. لە هەلو مەرجی ئەمڕۆی تورکیاشدا ڕیزەکانمان نابێت لە ژێر کاریگەری هیچ پارت و گروپێکدا بێت، بەلکو دەبێت لە پێناوی ئاسایش و ئارامی تورکیادا کاربکات. لە دەولەتانی تریشدا ڕیزەکانی ئیستخبارات دەبنە هاوکاری سیاسەت، ئێمەش لەو باوەڕەداین کە ئەمە پێویستە.

7- چەند مەسەلەیەکیتر:

* پلانرێژی/ پلان و نەخشەی ئۆپراسیونە گەورەکان و دیاریکردنی ئامانجی کۆتایی پێویستە لە لایەن کەسانی بە ئەزموون لە بواری کاری ئیستخباراتیدا دابڕێژرێن، لەکاتی جێبەجێکردنیشدا نابێت بکەونە ژێر کاریگەری  دەزگاکانی هیچ دەولەتێك شایانی باسە کاری هەوالگری لە دەرەوەی کاری سیاسەتدا دەتوانێ ڕێگە لە بەردەم کاریگەرێتی ڕەچەی سیاسی تورکیا بکاتەوەو بواری بۆ برەخسێنی.

* پشت بەرنەدانی کادرو کارمەندان/ لە کاتێکدا کارمەندێك لە کاتی جێبە جێکردنی ئەرکێکی سەرشانیدا ڕووداوێکی تووش دەبێت پێویستە دەزگا پشتگیری و کۆمەکی بکات.ئەم شێوازە هەستی دلنیایی و ئاسایش لەناو کارمەندەکاندا دروستدە کات و هانیان دەدات بێ سڵ کردنەوە ئەرکەکانیان ڕاپەرێنن و بە ئەنجامی خواستراو بگەن. ئێمە لەو باوەڕەشداین کە ڕیزەکانمان لە هەر ڕەوشکێدابێت، دەبێت دەزگا لەگەل کارمەندەکانی بێت و کاریگەری باشی لەسەریان هەبێت.

8- ئەنجام:

دەزگا پێویستی بەریفۆرمسازی ڕیشەیی وبەپەلە هەیە، چونکە ناتوانرێت بگوترێت کە بە تێپەڕ بوونی کات ئەو کەمووکوڕییانە چارەسەر دەکرێن، یان تەنها لە شوێنێکدا ئەنجام بدرێن، بەڵکو دەبێت لەسەرەوە تاخوارەوە بگرێتەوە. لە ڕووی پراکتیکەوە پێداویستیە سەپاوەکان لەبەر چاوبگیرێن و بڕیاریان لەسەر بدرێت. لەم ڕووەشەوە سوود وەرگرتن لە کەسانی خاوەن ئەزموون و باوەڕپێکراو بە پێویست دەزانین. وەکو

تەئكيد بوون نايڵێين، وەك بەڵگە لەسەر كەسێك يان تاوانبار كردنی كەسێك نايڵێين, بەڵكو سەرزارەكيانە ئاماژە بەوە دەكەين،و، وەكو تەگبير دەلێين،كە لەوانەيە كەسانی كاريگەر هەبن لە ميكانيزمی كار گێڕيدا بۆ دەولەتی بێگانە كاربكەن، لەبەرئەوەی لە ڕابووردووشدا زۆر نمونەی لەو جۆرە لە وڵاتانی تردا بينراوە، بۆيە ئەركی گرنگ و كاری لەو بابەتانە پێويستە بە نهێنیو تەنها بە كەسانی باوەڕ پێكراو بسپێردرێن. ئێمە دژی بەرزنە كردنەوەو بە هەندوەرنەگرتنی كەسانی پێگەيشتوو كادری ماندوو نەناسين، كەلە بڕييان كەسانی بێئەزموون لەناو فەرمانگەكانی تری دەوڵەتەوە ڕەوانەی ناو ڕيزەكانی دەزگا دەكرێن و بەرزدەكرێنەوە. ئەمەش كارەكەمان بێهێز دەكات. ئێمە لەجێگای خۆمانەوە دژی ڕێو شوێنەكانين كە دەبنە هۆی داهێزراندنی دەزگاكەمان. لەو باوەڕەداين كە توركياش وەكو دەوڵەتانی تر لە بواری كاری ئيستخبارتيدا پێويستی زۆری بە دەزگای هەواڵگری كارامە هەيە، هەركەسێكيش ببێتە ڕێگری پێشكەوتن و ڕێگری چاككردنی كارو بارەكانمان پێمان وايە بە شێوەيەكی ناڕاستەوخۆ دژی توركيا دەجولێتەوەو دەبێتە هەلگری بيرو بۆ چوونی دژايەتيكردنی توركيا. ئێمە كە توركياو دەزگاكەمان زۆر خۆش دەوێت، ساڵانێكی دوورو درێژە ڕۆلەی دەزگاين، ئەو سيفەت و تايبەتمەندييانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان تيايانادا تەنها مەبەستان ئەوەيە، كە بە نيازی پاكەوە دەزگا بەرەو پێشەوە بەرين و نویێ بكەينەوە.

ئەم ياداشتەمان بۆ بەڕێز ڕاوێژكار بەرزدەكەينەوە و ڕێزی خۆمانی پێشكەش دەكەين.

17/ت1/1972

ئيمزاكان:

2 بەڕێوەبەری بەش، 4 بەرێوەبەری گروپ، 2 جێگری بەڕێوەبەری بەش، 4جێگری بەڕێوەبەری بەش

4–1 فەرمانەدەی گروپ، 1–11 فەرماندەی گروپ

2–11 فەرماندەی گروپ، 3–11 فەرماندەی گروپ 11 –4



فەرماندەی گروپ 7–11، فەرماندەی گروپ، 7–11 فەرماندەی گروپ، vi– فەرماندەی گروپ،

2–1 گروپی دژە سيخوڕی، 3–11 گروپی دژە سيخوڕی

3–11 گروپی دژە سيخوڕی، 5–11 گروپی دژە سيخوڕی

5–11 گروپی دژە سيخوڕی، 7–11 گروپی دژە سيخوڕی 11–

8 گروپی دژە سيخوڕی، 2–11 گروپی دژە سيخوڕی

2–71 گروپی دژە سيخوڕی، 3–1 گروپی دژە سيخوڕی،

4–11 گروپی دژە سيخوڕی، 1–11 گروپی دژە سيخوڕی

2–11 گروپی دژە سيخوڕی، 3–11 گروپی دژە سيخوڕی

دوای چوار مانگ لەو ڕاپۆرتە ئاگادارييەكمان بۆهات، ئەو ئاگادارييە بە ڕێكەوتی(21/ شوبات /1973) نوسرابوو ئەمەی لەخۆگرتبوو:

لە بارەی ئەو بابەتەی كە لە (17/ت1 /1972) دا (سی) كارمەند ئيمزايان كردبوو، بۆ سەرۆكايەتی فەرمانگەی ناوچەی ئيستانبووليان بەرز كردبۆوە، كە هەندیێ ڕيفۆرمی پێويست بۆ ڕيزەكانی دەزگا لەبەر چاو بگيرێت، ڕاوێژكار وای دەبينێت كە لەلێكدانەوەو ڕەخنە گرتن لە هەندیێ مەسەلەدا زيادە ڕۆيی تێدا كراوە.

هەندیێ لەو مەسەلە پێويستانەی كەلە نوسينەكەدا خراونەتە ڕوو, بە ئەنجامدراو دادەنرێن و بە شێكی تريشيان بە دەستەوەن جێبە جیێ بكرێن. هەروەها لە ژمارەی پێنجی فەرمانە ڕۆژانەييەكانی ڕاوێژكارلە (3/ مايس /1972) دا ئاماژە بەسەر جەم ئەو مەسەلانە دراوەو بە ئاشكرا ڕوونكراونەتەوە ، ئەوەی ئێوە نوسيووتانە سەبارەت بە ڕيفۆرمسازی ئەوا دووبارە كردنەوەی ئەو فەرمانانەيە.

لەسەر ئەم بنچينەيە، نامەيەك بە هەمان ناوەڕۆك(كە ئيمزای لەسەر نيە و ئێمە بە گومانين كەلەلايەن هەمووتان، يان هەندێكتانەوە ئامادە كراوە)گەيە ندراوەتە سەرۆك كۆمار، سەرۆكی وەزيران، سەرۆكی ستادی ئەركان و فەرماندەيی هێزەكان. ئەو نامەسیێ لاپەڕەييە بیێ ئيمزايەی كە ڕێكەوتی(2/ ك1 /1972) پێوەيە، جگە لەوەی ڕەفتارێكی ناشيرينە،

www.pertwk.com

بازدانیشە بەسەر زنجیرەی فەرمانەکان و پرنسیپەکانی باوەڕبوون و ڕێزو نهێنیگەرایی بە تەواوەتی پێشێل دەکات و نرخیان بۆ دانانێت.

کاتێکیش ناوەڕۆکی ئەو نامەیە بەراوورددەکرێت و هەڵدەسەنگێنرێت وادێتە بەرچاو کە بۆ مەبەستی کەسایەتی ئامادەو بەکار هێنراوەو، لەوەش زیاتر هیچ لێکدانەوەیەکی تر هەلناگرێت. دوای ئەوەی گرووپی پشکنین و بە دوادا چوونیش لێکۆڵینەوەی لەو بارەیەوە کرد، ئەو بۆ چوونەی سەرەوەمان پەسند کرد.

بۆیە ئەمجارە ئاگادارتان دەکەمەوە لە هەر جۆرە خەریککردنێکی دەزگای باڵاو فەرماندەییەکان بەو مەسەلانەوەو خولقاندنی بێباوەڕی و تێکدان و گێرە شێوێنی. ئەگەر ئەم ڕەفتارە دووبارە ببێتەوە، ئەوا ڕێو شوێنی یاساییتان لەبەرامبەر وەردەگیرێت.

**فەریقی یەکەم**
**نورەدین ئەرسین**
**راوێژکاری مێت**

ئەو نامە بێ ئیمزایە لە کوێوە هاتووە؟ ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان پێوەی نییە. ئەوەی ئێمە نووسیومانە بە ئاشکرا ئیمزامان کردووەو بەرز کراوەتەوە. ئەم مەسەلەیە بۆ ئێمە تاوان دانە پالیکی گەورەیە.

راستەوخۆ کۆبوونەوەیەکمان سازداو وەڵاممان ئامادەکرد. چونکە وەکو لێکماندایەوە بێدەنگبوونمان کێشەکەی لە ئەستۆمان دەهاویشت. دوای گەڕان و تاوتوێ بۆمان دەرکەوت کە ئەوانەی نامە بێ ئیمزاکەیان نووسیوە کێن. ئەو نامەیە لەلایەن فەرمانگەیەکی (ئەنقەرەوە) وە نووسرا بووکە (عمید) ێك سەرۆکایەتی دەکرد. لیژنەی تایبەتی پشکنین کە بۆ ئاشکرا کردنی ئەوانەی نامە بێ ئیمزاکەیان نووسیبوو پێکهاتبوو دوای ماوەیەك هەڵوە شێنرابۆوە.

لێرەدا ئەم بەشە بەو وەڵامەی (حیرام بێ) کۆتایی پێدەهێنم کەبۆ مەسەلەی ئاگادار کردنەوەکەی لەمەڕ راوێژکار (نوورەدین ئەرسین نووسیبوویەوە:



1/ ئازار 1973

بەڕێز/ ڕاوێژکاری (میت) فەریقی یەکەم (نوورەدین ئەرسین)

بەڕێز جەنەراڵم..

لە ڕێکەوتی (12 /شوبات / 1973) فەرمانی ئاگادار کردنەوەی ژمارە (804702)م بە دەست گەیشت. لە ڕوانگەی باوەڕمەوە کە هەڵسەنگاندنەکان هەڵەیان تێدایە و ئێمە لەلای خۆشمانەوە ئەم مەسەلانەمان بۆ پشکێنەران ڕوون کردبۆوە، باش و بەسوود دەبێت گەر بۆ بەڕێزتانیشی ڕوون بکەمەوە.

ئەو نووسراوەی ڕێکەوتی (17 /ت2 / 1972) پشتگوێ خستنی فەرمانە ڕۆژانەییەکان نییە، کەلە ڕۆژی (5/ مایس / 1972)دا دەرچووە. جگە لەوەش پلانڕێژی ڕاوێژکاریش بۆ ڕیفۆرمسازی نکوولی لێنا کرێت، بەڵام مەبەستمان لەو نووسراوە تەواو کردنی چوار چێوەی پرۆسەی ڕیفۆرمەکانەو هیچی ترنا.

لەلایەکی ترەوە، ئاماژەدانتان لە ئاگادار کردنەوەکەدا بەوەی کە گوایە ئێمە ئەو نووسراوە بێ ئیمزایەمان بۆ سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیران، سەرۆکی ستادی ئەرکان و فەرماندەکانی سوپا ڕەوانە کردووە، سەری سووڕهێنام و، زۆر کاری تێکردم. لەو باوەڕەدام ئەوەی کاغەرو نامەی بێ ئیمزای لەو جۆرە بەرز دەکاتەوە لە پەروەردەی ڕاستە قینەی دەزگا بە دوورەو بێ شەرەفە، من لەلای خۆمەوە لە خۆمی ڕانابینم بێ شەرەفانە ڕەفتار بکەمو, ئەوەشم پێ قبول ناکرێت. ئەگەر وابوو ئەوامن لە ئێستاوە ئامادەم بۆ توندترین سزاکە بەڕێزتان فەرمانی پێدەدەن.

بەڕێز جەنەراڵم..

من لەو باوەڕەوە دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی تر بکەم و بۆتانی ڕوونبکەمەوە. کاتی چوونی سەرۆك کۆمار بۆ تونس بۆ گەشتو گوزار، من

www.pertwk.com

شەرەفی پاراستنی سەرۆك كۆمارم پێسپێردرا. لەوێ زۆر فەرماندەو گەورە بەر پرسانی لەگەڵدا بوون، كە شەرەفی ناسینیانم پێبڕا. لەلایەكی تریشەوە لە پێناوی بەرژەوەندی توركیا زۆر بە ئاشكرا ئاماژە بەو بابەتانە دەكەین كەلە جێی خۆیاندا نین و بە هەلە و كەم وكورتیان دەژمێرین و بەبێ ئیمزاش ڕاپۆرتیان لەسەر نانووسین. ئێمە پێویستمان بەو ڕەفتارە ناپەسەندە نییە، چونكە كەسایەتیمان ئەوە هەڵناگرێت.

بەڕێز جەنەرالم..

ساڵی(1957) دوای ئەوەی زانكۆم تەواو كرد ڕاستەوخۆ چوومە ڕیزی دەزگاوە. لەو كاتەوە تا ئێستا لە ژێر فەرمانی ڕاوێژكاران: ئەحمەد سالح كۆرۆر، حسەین عەونی گۆتورك، زیازەشەك، ناجی ئەشكون، جەلال قەرەساپان و فواد دۆغۆدا بەر پرسیارێتیم هەبووە.

لەسەردەمی ڕاوێژكاری هەندێكیاندا لە ئەنجامی ئەو سەر كەوتنانەی كە بە فەرمانەكانی سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ بە دەستم هێناون و لەڕێی ناوەندێتی ڕاوێژكارییەوە پێم سپێردراون، زۆر جاران بۆ ڕێزلێنان بانگ كراوم و پاداشت كراوم. چەمكی خزمەتكردن لەلای من خزمەت نیە بە كەسێك، بەڵكو لە پێناوی خزمە تكردنە بە توركیا. لەم گۆشە نیگایەوە تاوانبار كردنمان بە هەوڵدان بۆ بلاّوكردنەوەی ڕەچەی بێباوەڕی و خەریك كردنی دەزگا بالاّكان، كەلە دەقی فەرمانی ئاگادار كردنەوەكەدا هاتووە، قبوولْ ناكەم.

بەڕێز جەنەرالم..

كارەكەمم زۆر خۆش دەوێت. خزمەتكردنی توركیا ئەركی سەرشان و ئامانجە. بەلاّم هەرگیز بەناو زڕاندنم ڕازی نابم. لە پێناوی ئەوانەشدا



سالاّنێكی دوورو درێژە بەڕێو شوێنێك كە لەگەل پرنسیپەكانی كار كردندا دەگونجێ لە ڕیزەكانی دەزگا كاردەكەم. لە پێناوی پێشخستنی ڕیزەكانی دەزگا تادوا هەناسە بە بێ ماندووبون ئامادەی هەموو جۆرە خەباتێكم.

لە كۆتاییدا ڕێزمتان عەرز دەكەم.

**حیرام عەباس**
**بەڕێوەبەری بەشی دژە سیخوری**
**سەرۆكایەتی فەرمانگەی ناوچەی ئیستانبوول**

www.pertwk.com

## محمد ئەرەل

(محمد ئەرەل) چۆن بووە مایەی گومان؟، نازانم!!. پێش ئەوەی بچینە ئەویٚ ئەو گومانەی لەسەر بوو. لەسەر ئەم بنچینەیەیە فەرمان بۆ ( case officr)[26] ی کە پەیوەندی پێوەی هەبوو، دەرچووبوو کە پەیوەندی ببڕێ. یەك لەو (Case officer)لە (شەمسی بیٚ)بوو،کە فەرمانەکەی پشتگوێخستبوو, ژێر بە ژێر پەیوەندی لەگەڵیدا درێژە پێدابوو.

(محمد ئەرەل ئەمین) لەسالی (1927)داله (پەشتەرە)ی بولگارستان لە دایکبووە. جارێکیان بەشداری ئۆپراسیونێکی هاوبەشی کردبوو، کەلەگەل ئەمریکیەکاندا ئەنجامدرابوو. خێزانی (ئەرەل) لەسالی (1934)دا بۆ تورکیا کۆچ دەکەن. ئەو دەمانەی (ئەرەل) تەمەنی حەوت ساڵان دەبێت. لە خوێندنگای باڵای بازرگانی تورکیا خوێندوویەتی. زمانی فەرەنسی، ئنگلیزی، ئیتالی، بولگاری و هەنگاری زانیوەو قسەی پێکردوون.

(شەمسی بیٚ) وەك (جیمس بۆند) تێکسمراوو ڕێکپۆش بوو. سەرۆکایەتی گروپی بە دووادچوونی کردبوە. یەکێك بوو لە بەناوبانگەکان. ئەو کاتە فەرماندەی کەرتی لێپێچینەوە بوو. واتە هەموو ئەو پیشانەی کە بینیونی و ئەو ئاستانەی کە کاری تێدا گرتوونەتە دەست گرنگ بوون و بە زانیاری دەوڵەمەند بوون.

(محمد ئەرەل) چاوی خرایە سەر. بینرابووکە سەرەڕای نەمانی پەیوەندی و دابڕانی لە دەزگا کەچی هاتوو چۆی لقی بە دوواداچوون و کەرتی لێپێچینەوە دەکات، کە(شەمسی بیٚ) کاری تێدا دەکات.

(ئەرەل) هاتووچۆی دەرەوەی ولآتی دەکرد. لە بواری بازرگانیدا زوو پێگەیشت. ڕەوشی دارایی زۆر باش بوو. لە ئەنجامی هاتوو چۆی بۆلای (شەمسی بیٚ)و شوێنی ئەو بولگارییە گومانلێکراوانەی کە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کرابوو سەرنجی بۆلای ڕاکێشابوو. لە ئەنجامدا لە (ك1 /1972) بۆ لێپێچینەوە دەستگیر کرا. لێپێچینەوە کە لەدەرەوەی



نوسینگەکەی (شەمسی بیٚ) ئەنجامدرا. (حیرام بیٚ)ی بەڕێوەبەری لق منی ڕاسپارد کەلەکاتی بێکاریمدا ئەو لێپێچینەوەیە بکەم. جاروبار کاری گرنگی لەو بابەتانە بە فەرماندەی گروپەکان دەسپێردرا کەلەکاتی والآدا بیکەن.

(محمد ئەرەل) تەمەنی چل و پێنج سال بوو، سەری ماشو برنجی بوو. کەسێکی خاوەن ڕۆشنبیری بە جۆرێك بوو کەوای دەکرد باوەڕ بە قسەکانی بهێنێت و لە ئەندازە بە دەر زیرەك بوو. لەو جۆرانە بوو کەلە وەڵامدانەوەی هیچ پرسیارێکدا دانەدەما، بەوەش لێپێچیاری دڵئارام دەکرد. دەیتوانی بۆ ماوەی چەند سەعاتێك زۆر بەڕێکوپێکی و بە وردی و ڕوونی قسەبکات. کەسێکی لەسەر خۆو بە هۆش بوو. ئەمەش وای کرد کە بە شێنەیی و نەرمونیانییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

(ئەرەل) پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ڕووسیاو دەولەتی تری بلۆکی ڕۆژهەلآتیدا هەبوو. لەساڵی (1958) دا لەسەر دانێکی بازرگانیدا کە بۆ بولگاریای کردبوو(ڤاسیلی ستایانۆڤی) ناسیبوو.(ستایانۆڤ) زۆر خۆی لە (ئەرەل) نزیك کردبووەو بایەخی زۆری پێابوو، هاوکاری کردبوو بۆ سەردانی خزمەکانی لە (پەشتەرە).

(ستایانۆڤ) لە مانگی تشرینییەکەمی هەمان ساڵدا لە (ملحق) ی بازرگانی بولگاریا لە ئیستانبوول دامەزرابوو. بە حوکمی بوونی پەیوەندی بازرگانی (محمد ئەرەل) لەگەل بولگاریا، (ستایانۆڤ) زۆر بە ئاسانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ (ئەرەل) دا پەرەپێدابوو. لە دانیشتنەکانیاندا زانیاری دەربارەی خزمەکانی لە بولگارستان، ڕەوشی دارایی و بازرگانی، دەورووبەری کۆمەلآیەتی و دۆست و ناسیاوەکانی لە ڕیزەکانی ئاسایش و دەزگا هەواڵگرییەکان لێوەر گیرابوو. لە ئەنجامدا (ئەرەل) بەرەسمی ڕاسپێردرابوو بۆ خزمەت و کارکردن بۆ بولگارستان. بەپێی ئەم کارەی دەبووە گەشەکردنی زیاتری کارە بازرگانییەکانی لەگەڵ بولگارستانو قازانج و دەستکەوتێکی زیاتری بەدەست دەخست، ئەرەل بەم کارە ڕازی بوو لەهاتووچۆی بۆ بولگارستان

www.pertwk.com

بەردەوام بوو. لەو گەشتانەیدا سەرۆکی (DS) هەواڵگری بولگارستانی ناسیبوو. ئیتر بوو بووە سیخوڕێکی پایە بەرزی بولگارستان.

(ستایانۆڤ) تا ساڵی (1961) کە گەڕابۆوە بۆ بولگارستان، ئەم زانیارییانەی لە (ئەرەل) وەرگرتبوو:

* کەسایەتی و لاوازییەکانی ئەندامانی ستادی کۆمیتەی یەکێتی نەتەوەیی[27].

* دوای پاکتاوکردنی (چواردەکان)[28]، ئایا سوپا دەستەگەرایی تێکەوت یان نا؟ ئەرەل لەم بارەیەوە زانیاری دابوو.

* زانیاری بایوگرافی لەبارەی ئەندامانی (میت)، ئەرك و پیشەیان، خاڵە لاوازەکانیان، ماڵ و نیشتەجێی خێزانیان، باری داراییان، چالاکی و ئاستی ئایدیولۆژییان.

* ئایا تورکیا چەند کۆچبەری تر وەردەگرێت–[29]؟

* کۆچپێکردنی تورك لە بولگارستانەوە بۆ تورکیا، ئایا سیاسەتێکی نەتەوەیی تورکیایەیان پەیوەندی بە سیاسەتی پارتەکانەوە هەیە؟

* ئەو گومانەی لە ئاست هەندێك کۆچبەردا هەیە، چۆن چەواشە دەکرێت و چۆن وادەکرێت ئەو کەسانە چیتر نەبنە جێی گومان؟

* ئەوانەی گومانیان لێدەکرێت ماوەی چەند لەژێر چاودێریدا دەمێننەوە؟

* هیچ ناسیاوی لەناو نوسینگەی کۆچبەری ئەدرنە پەیدا کردووە یان نا؟

* پەیوەندی نێوان کاری هەواڵگری تورکیا – ئەمریکاو زۆر زانیاری تری لەم بابەتانەیان لە (ئەرەل) داواکردبوو.

لەو ماوەیەدا (ئەرەل) پەیوەندییەکانی لەگەڵ بولگارستاندا بەباشی بەڕێوەبردبوو، ئیتر ئەو پارەیەی کە لە بولگارییەکانی وەردەگرت ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد، بەڵام بولگارییەکان بەمەبەستی گوشار خستنەسەری بەشێکی زۆری پارەکەیان بلۆك کردبوو.



بولگارییەکان بەمەبەستی شاردنەوەی چالاکیەکانیان لە جنێڤ لە ئیتالیادا کۆمپانیای پاراڤان (ڕووپۆش) یان بۆ (ئەرەل) کردبۆوە. شایانی باسە (ئەرەل) لە ئەورووپاش کاری بۆ بولگارییەکان کردبووە.

(ئەرەل) کۆمەکی دارایی منداڵەکانی (شەمسی بێ) ی کردبوو، کە لەدەرەوەی وڵات دەیانخوێند و پاڵتۆیەکی کەوڵی بۆ ژنەکەشی کڕیبوو. ئەو دوو دەستگیرکراوە بولگارییەشی کە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرا ناویان درابوو بە (ئەرەل) و بەهۆی (شەمسی بێ) وە بەبێ تاوان دانرابوون. یەکێك لەو دووانەش هەتا ئێستا لەلای (ئەرەل) کاردەکات.

بولگارییەکان کاروئەرکی سەرنجڕاکێشیان بە (ئەرەل) سپاردبوو. لەوانەش زانین و چاودێری کردنی ژیانی کەسێتی هەندێ کەسایەتی سەرکردایەتی تورکیا، کەڕاسپێردرابوو زانیاریان لەبارەوە کۆبکاتەوە.

بەگوێرەی زانیارییەکانی (ئەرەل)، بولگارییەکان ئەو کاتانە لە (نوسینگەی بڵاوکردنەوەی زانستی) بە پارەو بەچەك هاوکاری ڕاستڕەوەکانیان دەکرد. پلانی بولگارییەکان ئەوەبوو کەڕاستڕەوەکان چەکدار بکەن و بیانخنە سەر شەقام و کۆڵانەکان تا پەلاماری چەپڕەوەکان بدەن،پاشان گروپێکی چەپیش بخەنە گەڕو بیانکەن بەگژیەکدا. بەو جۆرە بزاڤێکی چەکداری و شەڕ دروست بکەن، لەئەنجامیشدا سوپا بێتە ناوەوە لە ئاکامی گوشاری سوپا سەرهەڵدانی جەماوەری و شەڕی ناوخۆ هەڵبگیرسێت. بەم جۆرە و لەدوای چەند قۆناغێك، بەپێی ئەم نەخشە داڕشتنە خەڵك دەستەڵات بگرنە دەست و دەستەڵاتی گەل بە گوێرەی بۆچوونەکانیان دابمەزرێت.

گوتراوەکان (ئیفادە) ی (محمد ئەرەل) حەفتا هەشتا لاپەڕەی چاپکراوبوو، کە ڕۆژانە کارمان تێداکردبوو.(حیرام بێ) لەو باوەڕەدابوو کە (ئەرەل) سیخوڕی دوو سەرەبێت ڕەنگە کار بۆ ئەمریکیەکانیش بکات، چونکە چەندان کەسی تریش کە لە چالاکی هاوبەشدا لەگەڵ ئەمریکیەکان کاریان کردبوو لەو بابەتەبوون، جگە لەوەش کە ئەم شێوازە لە تایبەتمەندێتی ناسراوو زانراوی ئەمریکیەکان بەدوور نەبوو.

www.pertwk.com

(شەمسی بێ) زۆر لە ئەمریکیەکان نزیك بوو. (حیرام بێ) لەو باوەڕەدابوو کە ئەگەر (محمد ئەرەل) دوو سەرە نەبێت، ئەوا (شەمسی بێ) لەلایەن ئەمریکیەکانەوە ڕاسپێردراوە تا لە (ئەرەل) نزیك نەبێت. بەڵام لە لێپێچینەوەکاندا دەربارەی ئەم مەسەلەیە هیچ زانیاریمان چنگ نەکەوت و بەهیچ ئەنجامێك نەگەیشتین، بەڵکو تەنها وەك گومان لە نێوماندا مایەوە، خۆ ئەگەر لەنێو ئەو ئۆینەدا ئۆینێکیتر هەبوو بێت ئەوا نەماندۆزییەوە.

فەرمان درەکرا، من و برادەرێکم دۆسییەمان هەڵگرت و بەرەو ئەنقەرە بۆ بارەگا چووین. بەڵگەو زانیارییەکانمان نیشانی جێگری ڕاوێژکارو فەرماندە گەورەکان دا. کۆبووینەوەو لەنێو کۆبوونەوەکاندا (شەمسی بێ) لە (ئەرەل) زیاتر بووە جێگەی سەرنج و لێدووان. بیرمان کردەوە کەچی لێ بکەین؟ چونکە کابرا چەکی پێیەو، چۆن چەکەکەی لێبستێنین؟ گەر بەرگری کرد چی لێبکەین؟. ئەو بابەتەمان بەدرێژایی چەندین سەعات تاوتۆێ کرد. لە ئەنجامدا (شەمسی بێ) نەلێپێچینەوەی لەگەڵدا کراو نەدەریشکرا، بەلآم دوای لێکۆلینەوەکانی ئیداری لەلایەن دەزگای پشکنینەوە لەو شوێنەی گوێزرایەوە و لە نوسینگەی لێپێچینەوەی ئەنقەرە دامەزرێنرا.

(شەمسی بێ) دوای چەند سالێك لە دەزگا جیابۆوە، یان بە ناچاری بەرەو ڕووی جیابوونەوەو دەرچوون کرایەوە. ماوەیەك پەیوەندی نزیکی لەگەڵ ئەمریکیەکان هەبوو، کە لە کۆمپانیایەکی بازرگانیدا کاری دەکرد. لە مانگی تشرینی دووەمی (1978) تووشی نەخۆشی دڵ بوو. ماوەیەکی دوورو درێژ لە فەرمانگەیەکی هوتیل هلتوندا نیشتەجێ بوو، خەرجی و مەسرەفی لەلایەن باوکیوە دابین دەکرا، کە پیاوێکی ناوداربوو. لەلایەن کارگێڕی هوتیلەکەو دەوروبەریشیەوە وەك سەرۆکی (میت) ی ئەستانبوول دەناسرا. هەر لەو ماوەیەشدا پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکیەکان بەردەوام بوو. لەو بانگهێشتە تایبەتیانەی کە لەماڵی (چارلس) ی نوێنەری (سیا) لە ئستانبوول دەکرا بەشداری دەکرد. (چارلس) زۆر حەزی دەکرد بزانێت و زۆر بە دوای ئەوەو بوو، کە گۆڕینی حکومەت کاریگەری لەسەر (میت) چی دەبێت؟ ئایا ڕاوێژکاری (میت) و سەرۆکی



فەرمانگەی (میت) لە ئەستانبوول دەگۆڕێن یان نا؟ ماوەیەکیش (شەمسی بێ) لەگەڵ باوکیدا خۆی بەکاروباری بەڕێوەبەرایەتییەوە خەریك کرد. پاشان مرد.

دۆسییەی (محمد ئەرەل) یش دوای ئەوەی لێپێچینەوەی تەواو بوو درایە دادگای سەربازی دەستەی ئەرکان و، بەتاوانی سیخوڕی کردن بۆ بولگارستان و خیانەتی نەتەوەیی بە دوازدە ساڵ و شەش مانگ حوکم درا. دوای ئەوە نازانم چی لێبەسەرهات و منیش بەدوایدا نەچووم. بەلآم بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کەبەدەستم هێنا دوای ئەوەی حوکمەکەی تەواو بوو بوو ئازاد کرابوو، لەساڵی 1988 یان 1989 دا مردبوو.

دوای تێپەڕ بوونی چەندین ساڵ بەسەر کێشەکەی(ئەرەل)دا، لەساڵی (1990) برادەرێکم تەلەفونی بۆ کردم هەواڵی دەرچوونی کتێبێکی پێڕاگەیاندم کەبەشێکی زۆری باسی من و (حیرام بێ) ی دەکرد، هەروەها زانیم کە بالوێزی خانەنشین (ئیسماعیل بەردوك) نووسیویەتی. کتێبەکە بەناوی (کلوی قەریتە کراو) وەوە بوو. منیش بەو برادەرەی کتێبەکەی بۆ ناردم پێمڕاگەیاند کە نووسەرەکەی ناناسم. بۆ دڵنیایش تەلەفونم بۆ (حیرام بێ) کرد، کە لە ئەستانبوول بوو، ئەویش ئەو ناوەی نەدەهاتەوە یاد، هەروەها ئەوەشم بەبرادەرەکەم ڕاگەیاند.

بەخێرایی چاوێکم بەکتێبەکەدا خشاند، بینیم کە بالوێزی خانەنشین کراو باسی گوتراوەکانی (محمد ئەرەل)ی کردووە، کە ناوبراو لە کاتی درکاندنی ناوی ئەو کەسانەی کە سەر بە دەزگای ئیستخبارات و هەواڵگری بولگارستان بوون، ئاماژەی بەناوی ئولگای چای کردبوو. لەدوو تۆیی کتێبەکەدا هەست دەکرێت کە بەڕێز بالوێز خاوەن ڕۆشنبیرییەکی فراوان و ئەندێشەیەکی قووڵە. لەڕێی پارێزەرەکەی (محمد ئەرەل) ەوە ئەو ڕووداوەی زانیبوو. دوای چواردە ساڵ کردیە بابەتی لێدوان، ئەگەر چی بەدرێژایی ئەو ساڵانە هیچ پرسیارێکی نەکردووەو هیچ پرسیارێکیشی لەو بارەیەوە لێنەکراوە. بەڕێز بالوێز لەو باوەڕەدایە کە بەدرێژایی ژیانی پیشەیی خۆی لەلایەن من و (حیرام بێ) وە پیلانی لێگێڕدراوە.

www.pertwk.com

ئۆلگای چای، کە بالوێزی خانەنشین کراو لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێداوە، وازەندە کرێت کەیەکێك بێت لەوسەدان ناوانەی کە(محمد ئەرەل) لە گوتراوەکانیدا باسی کردبوون، ئێستا بە هیچ شێوەیەك نایەتەوە یادمان. سروشتیشە کە ناوی نەیەتەوە یادمان. بەهەر حال ئەو لێپێچینەوانەی کە ئەو دەمە لەلایەن بەشە بالأکانی دەزگاو دادگای بالأوەکران بوونی ناوی(ئولگای چای) سەرنجی ڕانەکێشاون و بە تاوانبار نەزانراوەو بایەخی پێنە دراوە، بۆیە بالوێزخانەو بالوێزیش ڕوو بە ڕووی لێپێچینەوە و پرسیار لێکردن نەبوونەتەوە. سەرەڕای ئەوەش هەست دەکرێت کە نەدۆزینەوەی ئەوە تاوانبارێتییە چەند گەوەرەیە، بە تایبەتی لە کاتێکدا ئەو مەسەلەیە خراوەتە بەردەم دادگا و بە ئاشکرا باسی لێوە کراوە.. بۆچی ئەو کاتە بالوێز ئەم مەسەلەی باس نەکردو بۆ چوار دەسال بەسەردا خراوی لەلای خۆی هێشتوویەتیەوە؟ ئەمە کارێکە بە باشی سەرم لێی دەرناچێت. بەڕێز بالوێز بۆچی پێش چواردەسال کاتێ بەو مەسەلەیەی زانی لەگەل بەرپرساندا قسەی نەکردووە و هیچ کاردانەوەیەکی نیشان نەداوە. بۆچی بۆ ئەو دەمهەلبەستانە پەنای بۆ دادگا نەبردووە؟. ئەو تیۆرەی کە بالۆێزی خانەنشین لە بارەی (ئولگای چای) دایڕشتووە وەك ئەوە وایە بە ناوی سێوەو هەرمێ کۆبکەیتەوەو خۆی کردووە بە چەقی مەسەلەکان، بەو خەیالەی کە هەر جوولأنەوەو کارێ بکرێ پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە ئەمەش بە ڕاستی زۆر سەرنج ڕاکێشە. لێرەدا دەمەوێت لەم نووسینەمدا بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم مەسەلەیە، بە چەند ڕستەیەك ئاماژە بە ئەندێشەو خەیالی فراوانی بالوێز بکەم و پاشان کۆتایی بە بابەتەکە دەهێنم.

بەڕێز (ئۆلگای چای) کەلە کتێبە کەتاندا باسی لێوەکراوەو گوایە گوێی لە تەلەفونی دەزگا ئیستخباراتیە بیانیەکان ڕاگرتووەو کردوویەتی بە ڕاپۆرت. لە دەرەوە قاچاخچییەکان و، لە ناوخۆشدا کەسێك بۆی بۆتە ڕووپۆش . ئەو ڕاپۆرتانە نەبۆ من و نەلە لایەن سەرۆك کۆمار یان فەرماندەیی ڕەوشی نائاسایی‌یەوە بۆ ئێمە بەڕێ نەکراون، سەرۆك کۆمار یان فەرماندەیی رەوشی نائاسایی لەو حالەتانەدا لە ڕیزی پسۆڕە پایە



بەرزەکان، یان لە ڕیزی دەزگا یەکێك بۆ ئەم ئەرکە دیاری دەکات. من لەلای خۆمەوە تەنها زانیاریم پێدەگات. پاشان کە ئەو مەسەلەیە بە ئاشکرا ڕووبەڕووی دادگا کرایەوە بۆچی لێی بێدەنگ بوون؟ بۆچی بەو شێوە کوێرانەیە هێرش کراوەتە سەر چەند کەسێك و پارێزگاری لە (محمد ئەرەل) کراوە؟ یان ڕەنگە وابزانێت کە ئێستاش(ئەرەل) ئەندامێکی چالاکی (میت)ە!!

لەلایەکی ترەوە ئەو نووسینانەتان بەرامبەر بە من و (حیرام بێ) تفەنگ تەقاندنە بە تاریکیەوەو قسەو تاوانبار کردنەکان بێبنچینەن. ئەگەر یەکتریشمان ببینیایە ئەوا من و(حیرام بێ) باشترمان بۆ ڕوون دەکردیتەوە.کێ دەزانی؟ لەوانەیە گەر دیبلۆماتێك چاو بە پرس و باسەکاندا بخشێنێتەوە و لێیان وردبێتەوە، گەرچی درەنگ وەختیش بێت، داوای لێبووردن کردنی لێبێت.

www.pertwk.com

## ڕووداوی ساڤاشمان[30]

له ساڵی (1975) دا كرامه لێپرسراوی بەشی به دواداچوون (تعقيب) لەسەرۆكايەتی فەرمانگەی ناوچەی ئەنقەره، سەرۆكی فەرمانگه (عميد ياس) بوو. ناوبراو زۆر به باشی منی بەبەشی خۆجێەتی ناساندو گوتی: كه يەكێكی ئيشكارەو جێگای متمانەيه، هەروەها باسی لەسەر كەوتنەكانيشم كرد، لەبەر ئەوەی يەكەمجارم بوو لەبەردەم ئاپۆڕەيەكی لەو جۆرەدا وەسف بكرێم سووربوومەوەو شەرم دايگرتم و، له كاتی قسه كردنمدا دەلەرزيم.

ئەو زەماوەندەی ساڵی (1970) كردم زۆری نەخاياند، منداڵێكی سێ ساڵەم بۆمايەوه، كەلەلای دايكیبوو، جاروبار چاوم پێيدەكەوت.

كۆنترۆلكردنی بەشی به دوادا چوون كارێكی زۆر قورسه. وای پێويست دەكرد له بەيانی زووەوه تا نيوەشەو كادرەكانمان له كۆڵانان و لەسەر كاره گرنگەكان بەسەر بكەينەوەو لەسەر كاره گرنگەكان بين.

زيادكردنی ژمارەی كارمەندانی (ميت)و كەلوپەلی بێسيم به پێچەوانەوه بەكارەكانمانەوه ڕەنگی دابۆوه. له جياتی چاودێری كردن و به دوواداچوون له شوێنێكدا، له ناو ئۆتۆمبيلێكدا دادەنيشتن و به دەم خوێندنەوەی ڕۆژنامەوه سەريان دەنابەيەكەوەو شۆخيان دەكرد، كه ئەمەش كاريگەری نێگەتيڤانەی بۆسەر كارەكه هەبوو. له لايەكەوه به زووترين كات سەرنجی دەووروبەری ڕادەكێشا، لەلايەكی ديشەوه كاری چاودێرييان بۆ ناكرێت و، ئەو ئامانجانەی دەيانەوێت نابينرێن و له چاووندەبن. ئەو ڕاپۆرتانەی كه به دواداچووەكان دوای تەواو بوونی كارەكانيان دەيانووسی وردو تێرو تەسەل نەبوون، لەسەروری هەموويەوه خۆشيان تێدا دەپاراست. لەكاتی چاودێری كردنی كەسی به دواداچوون هەندێجار كارەكان تێكەل به كاری بەشەكانی تری به دوادا چووندا دەبوون، ئەمەش وەك دەست تێوەردانی كاری گروپی تری لێدەهات. هەندێجاريش ئەو كەسەی كه دەبوو چاودێری بكرێت له ئەنقەره نەبوو.



به هاوكاری (عميد ياس) و به تێپەڕبوونی كات و ڕۆژ له دوای ڕۆژ كەمو كورتيەكانمان دەستنيشان كردبوو بنەبڕمان كردن. تاوای لێهات بەشی به دوواداچوونی ناوچەی ئەنقەرەمان كرده باشترين بەش. له گەڕەكی (كاڤالێكدەره)له ئەنقەره، له نهۆمی سەرەوەی كلينيكێك نيشتەجێ بووم. ساڵی (1976) يش كه (حيرام بێ) جێگری سەرۆكی فەرمانگەی ئەستانبول بوو، گوێزرايەوه بۆ ئەنقەرەو لەوێ له بارەگای ڕاوێژكارێتی به سەرۆكی فەرمانگەی دژه سيخوڕی دامەزرا. خێزانەكەی بەهۆی خوێندنی مندالەكانيانەوه له ئيستانبول مابوونەوه، ئيتر ئەميش لەگەڵ من مايەوه ولەو شوێنەدا پێكەوه دەژيايين.

(حيرام بێ) بوو به برادەرێكی مەدەنی ماڵەوەم. پياوێكی گوێگری خاوەن هەست و بير بوو، لەبەر ئەوەی من ڕازی نەبووم هاوبەشی كرێی خانووەكه بكات، مەسرەفی ماڵەوەی دەكردو نەيدەهێشت من مەسرەف بكەم. من بەيانيان به زەحمەت خەبەرم دەبۆوه، چونكه شەو درەنگ دەخەوتم. (حيرام بێ) كه وەرزشی بەيانيانی تەواو دەكرد بەرچايی بەيانيانی ئامادە دەكردو بانگی لێ دەكردم (هەسته ... تەمبەڵ)، ئەگەر كاتمان هەبوايه ئێواران پياسەمان دەكردو له دەرەوه له ماڵەوه نانمان دەخوارد. له دەرەوەی ڕەسمياتدا به (ئاغا بێ)[31] بانگم دەكرد. كاتێك له نزيكەوه ناسيم زۆرم خۆشويست و، وەك برايەكی گەوره بوو بۆ من.

ساڵی 1974 له دوای جوڵانەوەی ئاشتی (قوبرس) له مانگی ئابدا، من و (حيرام بێ) بۆ ماوەيەكی كورت به ئەركێك ڕەوانەی (بەيروت) كراين. لەوێ هەندێ زانياريمان لەسەر هاوكاری ڕێكخراوی ڕزگاريخوازی فەلەستين بۆ قوبرسيەكان كۆكردەوه، كه چەك و تەقەمەنی و بەلەمی لاستيكيان بۆيان ڕەوانه كردبوو. ئەم زانيارييانەش بۆ ئەو كاته زۆر گرنگ بوو. لەو گەشتەدا قونسولی بالوێزخانه (بيلگه ئەڕۆل) مان ناسی. ماوەيەكی زۆر بوو لەوێ كاری دەكرد.، برادەرايەتيمان ساڵانێكی زۆری خاياندوو بەردەوام بوو. دۆستايەتيكردن له دوژمنايەتيكردن باشتره. جارێكيان لەگەڵيدا تێكچوين، بەڵام پاشان پەيوەندييەكانمان چاك بووەوه. هەر كەسێكيش كه چووبێته بەيروت لەگەڵيدا تێكچووه.

ئەو ئەركە بەپەلەیەمان لە لایەن خوالێخۆشبوو ڕاوێژكار فەریقی یەكەمی دەریایی (بەهادین ئۆزولكەر) ەوە پێسپێردرابوو. كاتێ كەوتینە ڕێ، وەك بلێی ئەگەری بەسەلامەتی نەگەڕانەوەمان لە ئارادایە، ماچیكردین و لە باوەشی گرتین. (حیرام بێ) ی بەهۆی باوكیەوە دەناسی كە كاپتن بووە، منیش بەهۆی خاڵمەوە كە لە هێزی دەریایی بوو. گاڵتەی لەگەڵ هەردووكماندا هەبوو، بەمنی گوت (ئەوە چییە، بۆچی سمێڵت وەك سەوزە فرۆشان كردۆتەوە). بۆیە هەر كە هاتمە دەرەوە سمێلم تاشی. كاتێكیش لە ئەركەكە گەڕاینەوە پێمی گوت (یاهوو[32].. ئەوە بۆچی وات لەخۆت كردووە؟) و.. دیسان بەرۆكی گرتم.

(بەهادینی ئەلبانی) وێڕای نەخۆشیو نەگونجانی باری تەندروستی لەسەردەمی سەركۆمار (فەخری كۆرۆتورك) و بەفرمانی ئەو لە ساڵی (1974) كرابووە ڕاوێژكار. لە هەمان ساڵدا و لە كاتی بەسەركردنەوەی ڕیزەكانی دەزگا لە (سامسۆن) بە نەخۆشی دڵ گیانی لەدەستدا.

لەو ماوەكەمەی كە ڕاوێژكار بوو لەناو دەزگادا زۆر خۆشەویست بوو.، ئەویش زۆر پەیوەست بوو بە دەزگاوە. ئەگەر تەمەنی درێژتر بوایە، بەو تایبەتمەندی و تێڕوانینانەی لەمەڕ جیهان هەیبوو، لەو باوەڕەدام دەزگای زۆر پێشدەخست.

دوای جووڵانەوەی (قوبرس) ڕەوشی هێزی چەكداری تورك، حكومەت، بڕیارە سەربازییەكان، دیبلۆماسیەكان زۆر بە نهێنی بوون. وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا بڕیاری دابوو ئابلوقە بەسەر توركیادا بسەپێنێت. ئێمەش لە بەرامبەردا ڕاگرتنی كاروبارو چالاكیەكانی بنكە ئەمریكیەكانی ناو توركیامان كردە بابەتی لێدوان و بڕیار لە سەردان. ئەو ساردو سڕییەی كە كەوتە نێوان ئێمەو دۆستەكانمانەوە لە بواری ئیستخبارتیشدا ڕەنگی دایەوە. بەنیازبوونی بڕینی كەناڵی هەواڵگری ئەمریكا و ئنگلتەرا، كە لە ڕێگایانەوە هەواڵمان لەسەر یونان پێدەگەیشت، وای پێویست دەكرد بەزووترین كات بكەوینە خۆمان بۆ زانینی هەواڵەكانی خۆپڕچەككردن و دزە كردنیان بۆ ناو وڵاتەكەمان، بەتایبەتی كە ئاستی وەرگرتنی زانیاری لە نێوان ئێمەو دۆستەكانماندا



زۆردابەزی بوو. ئەو كاتەش بابەتی سەرەكی كە دەوڵەتان و ئێمەش هەلوێستەمان لەسەر دەكرد ژمارەی هێزی چەكداری توركیا لە قوبرس، چالاكیەكانیان، دەزگا هەواڵگرییە بیانیەكان بوون لە قوبرس.

لە ڕێكەوتی (25/ ك1 / 1977) بەمانشێتی گەورە لە ڕۆژنامەكاندا (جێگری سەرۆكی هەواڵگری میت بە تاوانی سیخوڕی دەستگیركرا) بلاوكرایەوە. (سەلاحەدین ساقاشمان، بەسیخوڕی كردن بۆ ئەمریكا و ئنگلتەرا تاوانبار كراوە). ئێستا بابگەڕێینەوە بۆ چەند مانگێكی پێش ئەم هەواڵە.

سەرۆكی فەرمانگەی ناوچەی ئەنقەرە (عمید یاس) منی بانگ كردو پێی ڕاگەیاندم كە ئەركێكی گەورەو گرانت پێدەسپێرم. داوای كرد كە چاودێریو كۆنترۆڵی كەسێكی ناو هەواڵگری بكەم، هەروەها جێگری سەرۆكی هەواڵگریش بەدواداچوونی بۆ بكرێت.

بە گوێرەی ڕێكخستنی دەزگا لە خوار ڕاوێژكارەوە بەڕێوەبەرایەتیەكانەوە، دوای ئەو گروپ، سەرۆكایەتی فەرمانگە، بەڕێوەبەرایەتی بەشەكان دێن. لەو ڕێكەوتەدا سەرۆكایەتی هەواڵگری یەكێك بوو لە دەزگاچالاكەكان و (ساقاشمان) یش جێگری سەرۆكی پێسپردرابوو. (ساقاشمان) (عمید ركن) ی خانەنشین بوو، لەبەر ئەوەی مەسەلەكەی پەیوەندی هەبوو بە گومانی خیانەتكردنەوە فەرمانەكەم وەرگرتو ڕاستەوخۆ دەستم بەكاركرد. پێشترو پێش ئەوەی (عمید یاس) فەرمانەكە بە من ڕابگەیەنێت بەشێوەیەكی ئسولی فەرمانەكەی ڕەتكردبۆوە، بەلام دواتر گەیاندمە ئەو بڕوایەی كە ئەو فەرمانە لە ڕاوێژكارییەوە دووبارە كراوەتەوەو پێویستە لەبەر چاوی بگرێت. ئەو فەرمانە لەلایەن سەرۆكی ئیستخبارات (فەریقی یەكەم NY) و سەرۆكی ناوچەی دیار بكر (FK)، كە پاشان لە ئەنقەرە دامەزرا هاتبوو. ئەوان داوای بەدواداچوونیان كردبوو.

(NY) پاشا كاتێ سەرۆكی فەرمانگەی ئیستانبوول بوو من لەبەر دەستیدا كارم كردبوو، لەبەر ئەوەی ماوەیەك جێگری باوكم بوو نێوانمان زۆر خۆش بوو. یەكێ بوو لەو فەرماندانەی كە ڕێبازی ئەتاتوركی

www.pertwk.com

پەیڕەودەکرد. زۆرم خۆشدەویست و ڕێزم بۆی هەبوو، فەرماندایەتیەکەی گوڕو تینی پێدەدام. (FK) یش بەخزمەتکردنی خۆی بوو بووە ئەفسانە. کاتیٚ لە سوریا دەستگیر کرابوو ئازاری چەشتبوو. یەکێك بوو لەو کەسانەی کە پەیوەندی برادەرایەتی نزیکم لەگەڵیدا هەبوو. هەموو کەس دەیزانی کە (FK) پیاوێکی نزیکی دەولەتە، ئەویش لەلای خۆیەوە ئەو نزیکایەتیەی نەدەشاردەوەو بە ئاشکرا دەجولاٚ.

بەپێی قسەی (یاس)، لەنێو ئاستە بالاٚکانی دەزگادا کێشمەکێش هەبوو. لەکاتێکدا ئەو کەسانە فەرماندەی ئێمەبوون و ڕێزمان دەگرتن، کەچی ئێمە وەکو ئامێر لە نێو ئەو ململانێیانەدا بەکاردەهێنراین، بەلاٚم کاتیٚ کارەکە دەگاتە ئاستی خیانەت کردن ئەوا تەواوی توانامان بۆ ڕێگا لێگرتن دەخەینە کار.

سەرچاوەکانی ئەم کێشمەکێشە (نوری بیٚ) سەرۆکی خۆیەتی دەزگاو (محمد علی بیٚ) سەرۆکی (MAH) بەوەکالەت بوون، کە بەمەبەستی دەست بەسەراگرتن و کۆنترۆلکردنی هەموو شتێکی دەزگا ئەوانەیان پاکتاو دەکرد کەلایەنگیریان نەبوون. لەو باوەڕەدام کە ڕاوێژکاریەتیش لەو ڕووەوە بەهەڵەدا دەبرا. کاتێکیش هەریەکێکی دەزگا سەرقاڵی چاودێریکردنی ئەوی تر بێت ئەوا ئەرکەکان جێبەجێناکرێن.

من پلەیەکی تایبەتم لای (عمید یاس) هەبوو، باوەڕی پێم دەکردو خۆشی دەویستم، هەندیٚ جاریش خۆم لە کاروباری ئەویش هەڵدەقورتاندو، ئەویش بەخۆشییەوە وەریدەگرت. وەك باوك ڕێنمایی دەکردم لە ڕۆژگاری زۆر سەختدا لە ئیستانبوول پێکەوە لە ئاستێکدا کارمان کردووە، کەبوبوینە یەك مرۆڤ. زۆر ماندونەناسانە کاری دەرکردو هیچ حسابێکی بۆ پایەنەدەکرد کە لە ژووروی ئێمەوە بوو. گوێدێری پێشنیازی خوارەوەش بوو.

دوای ماوەیەك ڕاوێژکاری بینی، پێشنیازی دووبارە چاو خشاندنەوەی بە بڕیاری بە دوادا چوونەکە پێشکەش کرد. لە ئەنجامدا(NY) پاشاو (FK) وازیان لەو مەسەلەیە هێنا. (FK) پاش ماوەیەك لەسەر داوای خۆی خانەنشین کرا. پاشان دوای جیابوونەوەی لە



دەزگا ناحەزەکانی پڕوپاگەندەی ناڕاست و هەلەیان لەبۆ دەکرد، بە تایبەتی لە بواری پەیوەندی بە ئافرەتاتەوە. لەو بەروارەدا پۆستی جێگری سەرۆکی (MAH) والاٚبوو. (FK) و (عمید یاس) و (TD) ی سەرۆکی پێشووی فەرمانگەی ئیسانبول، کۆنترین سەرۆك فەرمانگە بوون. (نوری بیٚ) یش لەو ئەرکەی کەلەدوای (حیرام بیٚ) لە ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست پێسپردرابوو گەڕابۆوەو کرابوو بە سەرۆکی بەشی خۆیەتی فەرمانگەی ئەنقەرە.

(نوری بیٚ) لێزانانە کاری دەکردە سەر(هەمزە) پاشای ڕاوێژکار. بە بەهانەی دووبارە ڕێکخستنەوەی دەزگا لەسەر خۆسەرقالی جێگا خۆشکردنی خۆی بوو. کاروباری کارگێریی سەرۆکایەتی فەرمانگەی خۆیەتی سەربە سەرۆکایەتی بوو, (کەمال ئەکەر)ی یاوەری کۆنی(جلال بایار) سەرۆکی بوو. (نوری بیٚ) لەگەل(کمال ئەکەر) نە دەگونجا .بوکی(کەمال ئەکەر)، (سۆنیا)بە ڕەگەز بەلجیکی بوو. پاش ماوەیەك وابزانم لە ڕۆژنامەی جمهوریەدا نووسرابوو، ئۆتۆمبیلی ڕەسمی (کمال ئەکەر) زۆر شیاوی بووکە کەیەتی. هەلبەتە بۆ ئەم کارەش بەشی بە دوادا چوون، کەمن سەرۆکی بووم، بەکارهێنرابوو.ئەو ڕووداوە کۆتایی بە تەمەنی کاری (کمال ئەکەر) لەناو دەزگادا هێنا. کاتیٚ هەوالەی خانەنشینی کرا، لەگەل پێنج کەسی تری دەرچووی مەکتەبی میت پێش هەواڵەکە لە پەڕلەمان داوای هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینیان پێشکەش کردبوو. لە(28/ت1/1976) ڕۆژنامەی جهموریەت نوسیبووی (لە کاتێکدا خانەنشین کردن بەردەوامەو هەندیٚ داوای وازهێنانیان کردووە، ئەم پرۆسەیە بە مەبەستی پێگەیاندن و پێشخستنی کادرانی دەزگا ئەنجام دەدریٚ و، بەردەوامیش دەبێت).

لە مانگی (تەمووز 1990) لە ڕۆژنامەدا خوێندمەوە کە (سۆنیا) بووکەکەی (کمال ئەکەر) لە بەلجیکاوە هاتبۆوە بۆ بینینی (دۆرۆکی) کوڕی، کە تەمەنی حەوت سالاٚن بووە، بەلاٚم (سۆنیا) بە دەمانچە تەقەی لە (کمال ئەکەر) کردووەو لە سیٚ لاوە بە سەختی برینداری کردووە. زۆرم پێناخۆش بوو. ئەو بوو کە لە دیاریکردنی چارەنووسی (کمال ئەکەر)

ڕۆڵێکی خراپی گێڕا. ڕووداوی خانەنشین کردنی (کمال ئەکەر) چاوی کردمەوەو گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە بوار نەدەم ئەو بەشەی من سەرۆکایەتی دەکەم جارێکی تر بۆ ئەو جۆرە کارو ڕووداوانە بەکاربهێنرێت. لە ئەنجامیشدا (نوری بێ)ی فەرمانگەی خۆیەتی جگە لە کاروباری کارگێڕی خۆجێییەتی، کاروبارەکانی تری ڕاستەوخۆ بەستران بەڕاوێژکارێتیەوە، کرا بەبەشێکی سەربەخۆ.

پۆستی جێگری سەرۆکی (MAH) والأبوو، لەو کاتەدا کەسێ کەس بە پلەلە (محمد علی بێ) ی سەرۆکی فەرمانگەی ناوچەی قونیا لەسەرەوەتربون، ئەو پۆستەی بەوەکالەت پێسپێردرا. یەك دووجار هاتبووە ئەنقەرەو لە ژووری) عمید یاس) بینیبووم. گوێم لێبوو بە(عمید یاس) ی دەگوت (برای گەورەم، بە بۆ چوونی من ڕاسترەوەکان گەورەترین مەترسین بۆ تورکیا. ئەگەر چەپرەوێك ڕابکات و بڵێین دەستگیری بکەن بە سەدان کەس دەستگیردەکرێن، کەچی کاتێك پیاوێکی ئاینی ڕادەکات کەس دەستگیر ناکرێت) لەم جۆرە قسە هەلەق و مەلەقانەی دەکرد. لە یادمە کە زۆرم لاسەیربوو کەسێك کە سەرۆکایەتی فەرمانگەی ناوچەی کردبێت ئەم تەرزە لێکچواندنە سادەو نابەجێیانەو ئەو جۆرە دەستنیشان کردنانە بکات.

کاتێ داوای بە دواداچوون و چاوەدێری کردنی (ساڤاشمان) م لێکرا (حیرام بێ) سەرۆکی فەرمانگەی دژە سیخوڕی بوو. چەندان جار سای شمانمان بینیبوو کە کاغەزو دۆسیەی زۆری بەدەستەوە بووە، جگە لەوەی پەیوەندی توندو تۆڵی لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان سەرنجی ڕاکێشابوو. بەمەبەستی پەیبردن بەڕاستی و ناڕاستی گومانەکە چەند تاقیکرنەوەیەکی کردبوو، لەئەنجامیشدا بە گومانەکە قایل بوو بوو، کە ئەویش ڕەفتارەکانی بەسەر سوڕهێنەر لێکدابۆوەو مەسەلەکەی گەیاندبوە لای ڕاوێژکار (هەمزە گور گوچ).

چاودێری کردنی کەسێکی ریزی دەزگا کارێکی سەخت و گرانە، لەبەر ئەوەی بابەتەکە گرنگ بوو دەبوو ئامانجەکە شەو و ڕۆژ بێپسانەوە لەژێر کۆنترۆلدا بوایە دەبوو لەو ساتەوەی کە (ساڤاشمان) لە دەزگا دەردەچێت



تا لە مالەوەو، هاتوچۆکردنی ئەوانەشی سەردانیان دەکرد چاودێری بکرانایە، پێویستیش بوو هەموو ئەمانەش بەجۆرێك بکرانایە کە هیچ کەسێکی ناوبارەگاو دەوروبەری پێنەزانن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە (ساڤاشمان) خۆشی پێشتر لەبەشی بەدواداچووندا کاری کردبوو یەك دوو کەسی نزیکیشی لەوبەشەدا هەبوون، کەدەبوو دەمی ئەوانە باش بگیرێت.

کارمەندانی بەشەکەم کۆکردەوەو دەربارەی ئەرکەکە زانیاریم پێدان گروپەکانمان لەسەر بنچینەی کاری بیست و چوار سەعاتە ڕێکخست. ئەوەی پێویست بوو لەبارەگادا ئەنجامماندا. خاڵەکانی چاوەڕوانی، چاودێری و بەدواداچوونمان دیاری کرد. نەدەبوو بەشەکانی تری ئەنقەرە بەم کارەبزانن. هەروەها دەبوایە شان بەشانی چالاکی بەدواداچوونەکە، سەرجەم پێداویستیە تەکنیکی و لێکۆلینەوەو لێپێچینەوەکانیش ڕاپەڕێنین. سەرباری ئەمانەش نهێنگەرایی تەواو لە هەموو ئەو کاروبارانەدا شتێکی بنچینەیی بوو. لەمیانەی چالاکیەکەماندا دەبوو وێنەی فۆتۆگرافی و فلیم بۆ دۆکیومنت و بەڵگە بگرین. (NY) پاشا و (حیرام بێ) هەردووك پێکەوە سەرپەرشتی ئەم کارەیان دەکرد، شایانی باسە ئامادەکاریەکانمان تەواو کرد. بەمەبەستی بەهێزکردنی چوار چێوەی کارەکە سێ چوار خانمی باوەڕپێکراویش لە سەرۆکایەتی فەرمانگەی ناوچەوە ئەرکیان درایەو هاتنە ناو کارەکەوە. پێش ئەوەی یەکەم هەنگاویش بنێن. بەوانەی لە (ساڤاشمان) نزیك بوون ڕامگەیاند کە باش دەمی خۆیان بگرن و بە تەواوی وادارم کردنەوە.

گروپی بەدواداچوون بە کاری گران ڕاهاتوون. کاری هەرەقورسی دەزگا لەسەر شانی ئەمانە. بەگشتیش دەرچووی قۆناغی ئامادەیین. بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانج شەوو ڕۆژ دەدەنە دەمیەك بێ پشوو درێژە بەکارەکانیان دەدەن. هەر چەند کارەکە زەحمەتیش بێت، بەلاّم لە میانەی بە ئەنجام گەیاندنی کارەکاندا تەواوی هێزو توانای خۆیان دەخەنە گەڕ. تا ئەو کاتەی من بوومە سەرۆکی ئەو بەشە هیچ ئافرەتێك کاری تێدا نەدەکرد، بەلاّم لە ئەنجامی سووربوون و بەردەوام بوونم لەسەر

پێشنیازەکەم بۆ بەکارهێنانی ئافرەت لەو بوارەدا، لە کۆتاییدا ئافرەت وەرگیرا. بەگوێرەی بۆچوونەکان ئەو خانمانە سەرکەوتنی گەورەیان لەو بوارەدا بۆ بەشەکە بەدەست دەهێنا، چونکە زۆربەی ئەو ئامانجانەی چاودێری دەکرێن، یان لەناو ئۆتۆمبیلدا چاودێرییەکە بەڕێوە دەبرێت، گەر نێرینە بن گومان دروست دەکەن، بەلاّم ئافرەت ئەوجۆرە گومانە دروست ناکات.

(NY) پاشا لە بارەی دەرچوونی (ساڤاشمان) لە بارەگاوە بە بێسیم ئاگاداری دەکردینەوە، ئێمەش لەگەڵ ترازاندنی بەئۆتۆمبیلە ڕەسمیەکەی، دوای دەکەوتین. ڕۆژانی سەرەتای چاودێرییەکە بەگشتی هەندێ پێداویستی دەکڕی و بەرەو ماڵ دەبۆوە. لەوێش تا بەیانی ماڵەکەیمان دەخستە ژێر چاودێرییەوە، بەلاّم هیچ جموجۆڵێکی نائاسایمان نەدەدی. ئەوەی هاتووچۆی ئەپارتمانی (چانکایا) ی بکردایە، کە ماڵی(ساڤاشمان)ی تێدابوو، چاودێریمان دەکرد. ئیتر دوای ماوەیەك نیشتەجێبوانی ئەپارتمانەکەمان ناسی. گروپەکان بەنۆرەو شەفت کاریان دەکرد.منیش لەگەڵ هەموو شەفتەکاندا کارم دەکردو سەرپەرشتی کادرە نۆبەچییەکانم دەکرد.

هەر لەو ماوەیەدا، ڕۆژێکیان چووە بارەگا بۆ لای (عمید TT) سەرۆکی کاروباری کارگێڕی، وابزانم نیوەڕۆکەی دەکرایە پشوو. لە ژوورەکەدا یەك دوو کەسی تریشی لێبوو. من زوو زوو (عمید TT) م دەبینی. یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لە ژیانی تایبەتیمدا خۆشم دەویستن، دۆستایەتیم کردوون. لە کاتی کارو دەوامدا زۆر جدی بوو، لەگەڵ هیچ کەسێکدا پەیوەندی ناڕەسمی نەدەبەست، لە کاتی دەوامیشدا مامەڵەی لەگەڵ هەموو کەسێکدا ڕەسمی بوو، بۆیە لێی نزیك نەدەبوونەوە، سەرەڕای ئەوەش لە میانەی پەیوەندییە تایبەتیەکانی برادەرایەتیدا زۆر گەرم و سەر ڕاست و خاوەن قسەی خۆی و مەردبوو. من ڕێزم لێدەگرت و خۆشم دەویست، ئەویش لەلای خۆیەوە وەك برادەرێك مامەڵەی لەگەڵ مندا دەکرد. کاتێ لە ژووری (عمید TT)



دانیشتبووم (ساڤاشمان) هات. جارێکی تر لە ئاهەنگی زەماوەندی برادەرێکماندا بینیبووم، باوەڕ ناکەم کە منی باش ناسیبێت.

بەشی بەدواداچوون لە دەزگادا خزمەتی هەموو بەشەکانی تر دەکات کارەسەرپێییەکان بەشێوەیەکی چۆنایەتی ئەنجام دەدات، کەچی هەربەسووکی سەیری دەکرێت. لەلایەکی تریشەوە کارو ئەرکی هەرەقورس ئەنجام دەدات و وەك قوتوویەکی سەرداخراو وایە. کادری ئەم بەشە بە ئوتۆمبیلی بێسیمدارەوە بەهەموو شاردا دەسووڕێنەوە، لە کاتێکدا کە هێزی پۆلیس ناوێری لەو ناوچانەدا بسوڕێنەوە. خەڵکی ئەو ناوچانەی کەبەشی بەدواداچوون کاریان تێدا دەکەن زۆر ڕقیان لێیانەو نازانن چی بکەن، ئەوانە یەك پارچە ئاگرن.

کاتێ (ساڤاشمان) هاتە ژووری (عمید TT)، هەر چەندە بەشێوەیەکی سروشتی ڕەفتارم دەکرد،بەلاّم هەستم کرد بەبوونی من سەغلەتە. هەڵبەتە ئەوانەی کە چالاکی نهێنی بەڕێوەدەبەن بە نیازی چاودێری کردنی ئامانجێك سەرنجی باری دەروونی و ناڕەحەتی دەدەن. لە کاتی قسەکردنی (عمید TT) دا، (ساڤاشمان) هاتە ناوقسەکانەوەو بەناوی داواکردنی چاوە هەستەکانی تاقیدەکردنەوەو پێوانەی دەکردن. دوای ماوەیەك ئیزنم خواست کەبڕۆم، ئنجا خودا حافیزیم لێکردن.

ڕۆژێکیان، دوای چوار پێنج ڕۆژ لە چاودێری و بەدواداچوونی (ساڤاشمان)، ئێوارەیەکی درەنگ بینرابە جانتایەکی گەورەی کاغەزو دۆسیەوە لە بینای بارەگا هاتە دەرەوەو ڕاستەوخۆ بە ئۆتۆمبیلە ڕەسمیەکەی بەرەو مالی خۆیان لە (چانکایا) کەوتە ڕێ. پاشان چووە ئەسانسۆری ئەپارتمانەکەوە، ئۆتۆمبیلەکەی لەو شوێنەی کەرایگرتبوو بەجهێشت. ئێمە لەو باوەڕەدا بووین کە چۆتە سەرەوەو گەیشتۆتە مالەکەی خۆی، بەلاّم دوای ماوەیەکی کورت بینیمان بەجانتایەکەوە هاتەوە دەرەوە. بەهۆی تارکییەوە باش نەدەبینرا. ئیتر هەموو گروپەکان بەبێسیم ئاگادارکرانەوەو کەوتنەخۆ.

بەدواداچووەکان بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری گوێلێگرتنی بێسیمەکانیان بە شفرە قسەیان دەکرد، کە ئەوەش یەکێك بوو لەو

کارانەی لەو بەشەدا فێری بووبوون. چاودێریکارەکان بەبێسیم زانیاری دەربارەی ئامانجەکە بەیەکتر دەدەن و شوێنی تەواوی خۆیان بۆ یەکتر دیاری دەکەن. ئەگەر پێداویستی و مەرجەکانی بەدواداچوون بەباشی لەبەرچاو بگیرێت زەحمەتە هیچ کارمەندێکی هەواڵگری هەستی پێبکات. لە کاتی بەدواداچوونی بەوجۆرە هەستیاردا لانی کەم شەش تا حەوت ئۆتۆمبیل و پازدە تا بیست کەس پێویستن. چاودێری کردن بەهۆی ئۆتۆمبیلەوە بێت یان بەپیادە، دەبێت چاودێرکار لە پاش و لەپێش و لە تەنیشتی ئامانجەکەوە بڕوات. ئەو ئامانجە وەکو تۆپێ بەردەوام بەدەم پاسدانەوە بۆ یەکتری ون نەکرێت. ئەگەر هاتوو ئامانجەکە بەهەر شێوەیەك بێ هەستی بەچاودێری کردنەکە کرد، دەبێ ڕاستەوخۆ لێی دووربکەونەوەو چالاکیەکە ڕابگیرێ. کەسانی کاری بەدواداچوون دەکەن نابێت بەهەیکەل و سەرو سیماو جەستەو شانوشەوکەتدا سەرنجڕاکێش بن، دەبێت هەمیشە ئاگایان لە خۆیان بێت و هەموو ڕۆژێك بەجۆرێك خۆی نیشان بدات کەنەناسرێنەوە.

(118 – 52– 17، 12 – 14 – 161) لەڕێی بێسیمەوە ڕاگەیاندرا کە ئامانجەکە بەپلیکانەکاندا هاتە خوارەوەو، جانتایەکی بەدەستەوەیەو ڕووەو شەقامی ئاسایش دەڕوات. لەلایەن چاودێرەکاران و کۆنترۆلەوانی دوایشەوە ڕاگەیەندرا کە زۆر ئالۆزوناڕەحەتە. لە کاتێکدا ئامانجەکە لەلایەن دووگروپەوە بەو پەڕی هەماهەنگییەوە چاودێری دەکرا، لە کاتی بەڕێگا ڕۆشتنیدا دەستکرا بەوێنەگرتنی دۆکیومنتی فۆتۆگرافی و ڤیدیویی. (ساڤاشمان) لەبەر ئەوەی بەگەورەیی فێری شۆفێری بووبوو زۆر عەجەمیانە (نەزانانە) ئۆتۆمبیلی دەئاژووت. هەواڵگری بەئەزموون هەرگیز بەوجۆرە نائاساییەی ئەو ناجولێتەوە، چونکە پێشی ئەوەی دەست بداتە کارەکەی، یان لە میانەی کارەکەیدا کەبینی چاودێری و کۆنترۆڵ لە ئارادایە ڕاستەوخۆ کارەکەی ڕادەگرێ، کەچی (ساڤاشمان) ئەو وردەکارییانەی هەواڵگری ڕەچاونەدەکرد. ئێمە لەسەرخۆ لەدوایەوە دەڕۆشتین. لە ناوەڕاستی شەقامی ئاسایشدا بایدایەوە چووەڤێلایەکی دوونهۆمیەوە، کە دەکەوتە ناوەڕاستی باخچەیەك. ئێمە یەکسەر خۆمان



ئامادەکرد. من چوومە پاڵ گروپی وێنەگرتن. ماڵەکە هاتوچۆکەری نەبوو، دوای سەعاتێك یان سعات و نیوێك (ساڤاشمان) هاتە دەرەوە. کاتێکیش کە گەڕایەوە بۆ ماڵ هێمن و ئارام دەهاتە بەرچاو.

ڕۆژی دواتر (تاك قۆلێکی) پیاوێکی یەك قۆڵ تەمەن (55–60) ساڵ، کەلەو خانووەی شەقامی ئاسایشدا بووخرایە ژێر چاودێرییەوە. تانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە وێنەو ناسنامەی سەرجەم خزمەتکارەکانی ماڵەکەمان پەیدا کرد. خاوەن ماڵ بەڕەگەز ئنگلیزێك بوو، بەناوی (A. Denton Thompson) فەرمانبەری (UN) بوو. کاتێ لەسوپادا بووەو لە شەڕدا قۆلێکی لەدەستداوە. بەم شێوەیە گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە (ساڤاشمان لەگەڵ ئنگلیزەکاندا دەستی لە کارێکی نهێنیدا هەیە.

دوای نیوەڕۆ لەگەڵ چەند کەسێکی تر لەوانەی بەشداربوون لە چاودێریکردنی (ساڤاشمان) چووینە ژووری ڕاوێژکار. وێنە فۆتۆگرافیەکانمان پیشانی (هەمزەپاشا) دا، کە نائارامی بەهەلسوکەوتی(ساڤاشمان)ەوە بەڕوونی دیاربوو.(هەمزە پاشا) گوتی (تا ئێستا لەم مەسەلەیە دوودڵ بووم، بەڵام کەفیلمەکەم بینیقایل بووم. لەسەر کارەکەتانو بەردەوام بن).

(هەمزە پاشا) وەزیرە پەیوەندیدارەکانی بینیبوو، لەو مەسەلەیەش ئاگاداری کردبوونەوە، دیدو بۆچوونیانی لەمەڕ ئەوەی پێویستە بکرێت وەرگرتبوو. لە کۆبوونەوەی سەرۆکەکاندا (حیرام بێ) پێشنیازی کردبوو کە (ساڤاشمان) بەبەڵگەکانەوە دەستگیر بکرێت، بەڵام (محمد علی بێ) و (نوری بێ) بەرپەرچیان دابۆوە، کە ڕاستەوخۆ دەستگیر بکرێت و لە ژێردرادا دان بەتاوانەکانیدا بنێت، بۆیە لەم بارەیەوە نەگەیشتبوونە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە. (لە ڕاستیشدا ئاگاداربوونی سەرۆکایەتی فەرمانگەیخۆیەتی لەو جۆرەکارانەو بوونی زانیاران لەو جۆرە چالاکیانە و ڕادەربرین لەسەری و دواجار بە گوێکردنیان کارێکی ئاسایی نییە.)

ئێمە بەنیاز نەبووین ئەم چالاکیەمان هەروا زوو کۆتایی پێبێت. دوای چوونی (ساڤاشمان) بۆ مالی (تۆمبسن) بە چەند ڕۆژێك جارێکی تر بەجانتاکەیەوە لە بارەگا دەرکەوتەوە. پاشتر کاتێ دەستگیر کرا زانیمان

www.pertwk.com

که ئەو ڕۆژە (محمد علی بێ) تووشی هاتووەو پێی گوتووە (سەباحەدین جانتاکەت نوێیە؟!). ئەم کارەی (محمد علی بێ) خۆی لە خۆیدا ئاگادارکردنەوەی (ساڤاشمان) بوو، بەڵام ئەو لێی حاڵی نەبووبوو. دواتریش هەروەك (ساڤاشمان) بۆ خۆی باسی کردبوو داخی بۆ ئەو بەدحاڵی بوونە خواردبوو.

ئەو ئێوارەیە دوای ئەوەی (ساڤاشمان) گەڕایەوە بۆ (چانکایا) لەوێوە بەرەو شەقامی (نەنەخاتوون) ڕۆیشت. لەبەشی خوارووی شەقامەکە چووە ماڵێك لە نهۆمی خوارەوەی ئەپارتمانێك. ئەمجارەیان لە دوورەوە چاودێریمان دەکرد. هیچ وێنەیەکی فۆتۆگرافی و ڤیدیویمان نەگرت. ڕۆژی دواتر خاوەنی ئەو ماڵەمان دەستنیشانکردوو خستمانە ژێر چاودێرییەوە. وێنەی خەڵکی تری ماڵەکەشمان پەیداکرد. زانیمان کە ئەو کابرایە بەڕەگەز ئەمریکییەو، ئەفسەرە بەپلەی (ملازم اول) بەناوی (Inarac Onsagar Thuslogda) یەو هاوسەرەکەشی ناوی (Lyle ) و لەوێ نیشتەجێیە.

چوونی (ساڤاشمان) بۆ ئەو شوێنی دووەمەو هەڵسوکەوتەکانی سەری لێشێواندین، چونکە تا ئەو کاتە نەزانرابوو کە دانیشتوانی ئەو ماڵە پەیوەندییان بە کاری هەواڵگرییەوە هەیە. ئەوانە بەلامانەوە کەسانێکی نەناسراوبوون. پرسیارەکەئەوەبوو کە ئایا ئەمە ئۆپراسیونێکی هاوبەشی ئەمریکاو ئنگلتەرایە؟! ئایا مەسەلەکە هێندە گرنگە تا بەو جۆرە بەر پرسانی سەرەوە بە نهێنی یەکتری ببینن؟ ئایا دیدارێکی تری جیاواز لە ماڵەکەدا ساز دەکرێت؟. دەمانویست چەند دەکرێت زووتر بە وەڵامی ئەو پرسیارانە ڕابگەین.

لە ئەنجامدا بارەگا بڕیاری دەستگیرکردنی ساڤاشمانی لەکاتی دەرچوونی لەهەریەك لەودووماڵەدا. بەڵام بڕیارەکە بە جۆرێك بوو کەدەبوو ئێمە لەناو ماڵەکەدا دەستگیری نەکەین، بەڵکو دەبوو لە بەردەرگا چاوەڕوانیبکەین، چونکە چوونە ناو ماڵەکە بە گونجاو نەدەزانرا.

ئەم جۆرە دەستگیرکردنەش بە تەواوی ناچێتە خانەی دەستگیرکردن بەبەڵگەوە. لەوانەیە (ساڤاشمان) نکوڵی لە هەموو شتێك بکات و لە ڕووی



یاساییەوە سوود لەمە ببینێت. من ئەم بۆچوونەم بە(عمید یاس) ڕاگەیاند، ئەویش گوتی (محمد چی بکەم! منیش هەمانشتم پێگوتبوون، بەڵام ئەوان هەر سوورن لە سەربڕیارو فەرمانی ئەمجۆرە دەستگیرکردنانە)، هەروەها (حیرام بێ) ش لەلای خۆیەوە ناڕازی بوو بەمجۆرە دەستگیرکردنە، پێی دەستگیرنەکردن باشتربوو لەو جۆرە دەستگیرکردنە.

لەئەنجامدا کەوتینەخۆ، (عمید یاس) فەرمانی بەبەش و گرووپی تەکنیکیدا کەدەنگ تۆماربکرێت، وێنەی فۆتۆگرافیو ڤیدیویی بگیرێت و هەر کەلە دەرگا هاتەدەر دەستگیری بکەن. ئەم فرمانە بە کۆمەڵ و تاك تاکیش بەهەردوو گرووپەکەدرا، کە لە هەردوو شوێنەکەدا بوون. فەرمانەکە بە جۆرێك بوو کەدەبوو پاش دەستگیرکردنی (ساڤاشمان) بەمینبوسێك (پاسی بچوك) بگوێزرێتەوە بۆ بارەگا، هەروەها دەبوو بە دوواداچووەکان لە هەردوو شوێنەکەدا کاردانەوەی هەواڵگرییە ئنگلیزو ئەمریکیەکان پێوانە بکەن. بەو جۆرە گرووپەکان بە ڕۆژ لە حاڵەتی ئامادەباشیدا مانەوە بۆ سەردانی (ساڤاشمان) بۆ هەریەك لەو دووماڵە.

لەکۆتاییدا ڕۆژی چاوەڕوانکراو هات، ئەو ڕۆژە (ساڤاشمان) بەخۆیی و کۆمەڵێك کاغەزی فۆتۆکۆپی کراوی ڕاستەقینەوە، کەلەسەر داوای ڕۆژئاواییەکان ئامادەی کردبوون، لە بارەگا دەرچوو. وەك هەموو جارێك جانتاکەی بەدەستەوەبوو. مەراقمان بوو بزانین بۆ کام یەك لەماڵەکان دەچێت. سەرجەم کارمەندی گرووپەکان لەئامادەباشیدا بوون. بیرمان لەوە کردەوە کە لەوانەیە بۆلایەکی تر بڕوات و دەبێت هەڵەو کەموکورتی نەنوێنین. (ساڤاشمان) ڕاستەوخۆ لە(چانکا) یەوە شەقامی (نەنەخاتوون)ی گرت، بەپێ بەرەو ئەو ماڵە شۆڕبۆوە. هەنگاوە شلەژاوەکانی بەرەو چارەنوسی خۆیان دەبرد.

(عمید یاس) بەدڵگەرمییەوە لەگەڵ گرووپەکان دەرچوو. دوای ئەوەی (ساڤاشمان) چووە ماڵی (ئۆنسجەر)، (عمید یاس)، من، گرووپی تەکنیکی و چەند کەسێك لە بەدواداچووەکان چووینە ناو ئەپارتمانەکەوە. (عمید یاس) تا بەر دەرگای ماڵەکە هاتوو، پێکەوە گوێمان هەڵخستبوو، ئەوانی

www.pertwk.com

تریش لەسەر پێپلیکانەکان چاوەڕوان بوون. دەنگە دەنگ لەژوورەوە دەهات، بەڵام لێی تێنەدەگەیشتین. لەناکاو گوێمان لە چرکەیەك بوو، وەك ئەوەی بە کامێرا فۆتۆگرافی وێنە بگیرێ، یان ئێمە وامان هاتە بەرگوێ، لەهەمان کاتیشدا گوێمان لەتەپەی پێبوو لەناو ماڵەکەدا.

شتەکان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ڕوویاندا. چارەنووس بواری بۆ گوێگرتن لە بڕیاری ڕاوێژکارییەتی و ئەگەری ڕزگار بوونی (ساڤاشمان) نەهێشتەوە. لە پڕێکدا دەرگا بەڕووماندا کرایەوەو لەگەڵ (لیلی ئۆنسجەر) و هاوسەرەکەی کە لە پشتەوەی وەستابوو ڕووبەڕوو بووینەوە. لەو کاتەدا من وام بە بیرداهات کە لەوانەیە بەهەڵە ماڵەکەمان دەستنیشان کردبێت و ئەمە ماڵی مەبەست نەبووبێت. (عمید یاس) پێی هاویشتە نێوان درزی دەرگاکەو نەیهێشت دایبخەینەوەو ڕاستەوخۆ خۆی کرد بە ژووردا. منیش بەدوویدا وگرووپی تەکنیکیش بەدوای مندا، ئیتر هەمووومان چووینە ژوورەوە.

لەلای ڕاستی ڕاڕەوەکەوە سالۆنی دانیشتن هەبوو. لەوێدا بینیمان (ساڤاشمان) و یەکێکی چاویلکەدار بە پێوە وەستاون. (ساڤاشمان) کە ئێمەی بینی ڕەنگی پەڕی، زۆر ترسا، دەستی کرد بەقسەی هەڵەق و مەلەق. بەدووداداچووەکانیش ڕاستەوخۆ دەستگیریان کرد. کابرای چاویلکەداریش کە لە بەردەمی قەنەفەکە وەستابوو بەپەلە دەستی دایە چەند پارچە کاغەزێك، کە لەوناوەدا بوون و خستیە گیرفانی ناوەوەی چاکەتەکەی بەری، (عمید یاس) ڕووبەڕووی بووەوە ویستی کاغەزەکانی لێبستێنێت، بەڵام کابرا بەرەنگاری کردو بەئینگلیزی هاواری کرد (دیپلۆمات – دیپلۆمات)، چالاکی سیخوری خۆی بەبەهانەو خۆ پاراستنی دیپلۆماتیی دەشاردەوە، منیش پێم گوت گەر ئەوانەی لە گیرفانت هاویشت دەری نەهێنی لەوانەیە توندو تیژیت لەبەرامبەردا بنوێنین.

پاشان زانیمان کە ئەو کەسە (William philips) ی کادری (CIA) بووە. پێناسەو دەفتەری گیرفانی وەسڵەکانی کە (ساڤاشمان)ئیمزای کردبوون لە گیرفانی دەرهێناو هیچ لە گیرفانیدا نەما. کۆمەڵێك کاغەزی



تری نهێنیش لەسەر مێزێکی بچووکی بەردەم قەنەفەکان بوون. لە گۆشەیەکی تری ماڵەکەدا جامخانەیەك هەبوو، کە خانەی ژێرەوەی پڕبوو لە پاکەتی دیاری بردن. ژن و مێردە خاوەن ماڵەکەش بەشڵەژاوی لە گۆشەیەکدا وەستابوون بەخەفتبارییەوە سەیری ئەوانیان دەکرد. بەدووداداچووەکان قۆڵی (ساڤاشمان) یان لە دوواوە بەستبوو، لەسەر کورسییەکی تەنیشت مێزی نان خواردن دایاننیشاندبوو. لەسەر داوای (ساڤاشمان) لەبەر ئەوەی قۆڵی ئازاری هەبوو داوام کرد قۆڵی بکەنەوە. مەبەستی بەدووداچووەکان لەبەستنی قۆڵ تەدبیر وەرگرتن بوو. لەلایەکی تریشەوە بەدووداچووەکان لە کاتی دەستگیرکردنی ئامانجێك حەز دەکەن بەقۆلبەستراوی کۆتایی بەکارەکەیان بهێنن.

لەو ساتەوەی کەچووبوینە ژوورەوە گرووپی تەکنیکی دەستی بەوێنەگرتن کردبوو. دوای پشکنینێکی کورتخانەیەنی ماڵەکە ژمارەیەکی زۆر فایلمان دۆزییەوە. کاتێ لە بەردەمی دەرگاکەدا وەستابووین و گوێبیستی دەنگێکی وەك وێنەگرتن بووین، تۆمەز ئەوە چرکەی وێنەگرتنی ئەو بەڵگەنهێنیانەبوو کە لە فایلەکاندا دۆزیماننەوە.

(ساڤاشمان) مان خستە ناو پاسێکی بچوکی داخراوەوەو بردمان بۆ سەرۆکایەتی فەرمانگەی ناوچەی ئەنقەرە، لەوێ لە ژوورێکی تەنیشت ژووری (عمید یاس)، کەبانیۆکەشی تێدابوو بۆپشوودان جیاکرابۆوە دانراو پاسەوانێکیش تەرخان کرا تاچاودێری ژوورەکە بکات.

(عمید یاس) بەتەلەفون زانیاری بەشوێنە پێویستەکان گەیاند کە (ساڤاشمان) دەستگیرکراوە، بەڵام چالاکیەکە کۆتایی نەهاتووەو بەدووداچووەکان لەسەر کارەکانیان بەردەوامن تەکنیکارەکانیش سەرقاڵی شتنەوەی ئەو فیلمانەن کە لەو کاتەدا گرتبوویان.

(ولیەم فیلیبس) مان هێنابوو. ئەو وادانەی کە لەگەڵ (ساڤاشمان) هەیبوو لە دەفتەرچەکەیدا تۆمارکرابوون. لەتەنیشت ڕێکەوتی وادەکاندا بەبچوکی وشەی (SS) نووسرابوون، هەروەها چەندان نووسینی تری بچوك کەبەشفرە تۆمارکرابوون و چەند واژەیەکی تری والاش نووسرابوون. لەهەمان دەفتەرچەدا چاوم بەناوی (محمد علی) کەوت،

لەگەڵ چەند ڕێکەوتێکدا بەبچووکی نووسرابوون. ئەمەم پیشانی (عمید یاس) دا کەوتی (تۆ بلێی ئەمە ئەوەبێت؟.. یان لەوانەیە پەیوەندی بەوادەی ڕەسمییەوە هەبێت!) پاش ماوەیەك (محمد علی بیٚ) و پاش ئەویش (نوری بیٚ) هاتن.

(محمد علی بیٚ) دیاربوو بە ڕووداوی برادەرە سەربازەکەی خەفەتبار بوو. (عمید یاس) کەمێك زانیاری سەبارەت بەدەستگیرکردنەکەی پێدا. منیش خەریکی هەڵدانەوەی پەڕەکانی دەفتەرچەکەی کابرای (سیا) بووم. بە (محمد علی بیٚ) و گووت (ناوی ئێوەش لە دەفتەرچەکەدا هەیە). هەڵوێستەیەکی کردو گووتی (کوانیٚ؟.. لەکوێیە؟ بابیبینم). دەفتەرچەکەم پێپیشاندا. زەردەخەنەیەکی بچووکی کردو هیچ قسەیەکی لەسەر نەکرد. ناوی (محمد علی بیٚ) بۆچی لەدەفتەرچەی کابرایەکی (سیا) دا تۆمارکراوە؟ ئایا لەو ڕێکەوتانەی کە تۆمار کراون و وادەی ڕەسمیان هەبووە؟ ئەم مەسەلەیە لێی نەکۆڵرایەوە و هەرگیز پەی بەڕاستییەکەی نەبرا.

(نوری بیٚ) داخ و پەژارەی خۆی بۆ (ساڤاشمان) دەربڕی، ئێمە لەو بارەیەوە دەدواین کاتیٚ سەرپاسەوانەکە هەواڵی داینیٚ کە (حیرام بیٚ) هاتووە. لەو کاتەدا (محمد علی بیٚ) ئاوڕی بۆ من دایەوەو گووتی (ئەم پیاوە کەکەسێکی ئاساییە بالێرە نەمێنیٚ.) من بەتووندی وەڵامیم دایەوەو گووتم (ئەو قسەیە بەخۆتان بلێن). لەو کاتەدا گوێمان لە دەنگی (حیرام بیٚ) بوو. (عمید یاس) ڕاستەوخۆ چووە دەرەوەو (حیرام بیٚ) ی برد بۆ ژووری کۆبوونەوەکە، کەلەولا ترەوە بوو. بەپێی فرمانی ڕاوێژکار(حیرام بیٚ) و (عمید یاس) و من بەشداری لێپێچینەوەمان دەکرد لەگەڵ (ساڤاشمان). (ساڤاشمان) بەجاریٚ ورەی بەردابوو. بێپسانەوە جگەرەی دەکێشا. جارجارەش دەگریا. زۆر پەشیمان بوو. باسی لەوە دەکرد کە بەشەرمەزارییەوە ناتوانێت لە زینداندا بژی بەدەم خەم و خەفەتەوە دەمرێت. هەروەها دەیگوت ئەگەر نەمردم باشترین کاربیکات ئەوەیە کە کتێبێك بنووسێت.



بەبڕوای (حیرام بیٚ)، (ساڤاشمان) کاتێك هاوەڵی سەربازی (ملحق عسکری) بووە لە بالوێزخانەی تورکیا لە ئێران تەجنید کراوە، بەڵام بەقسەی خۆی نزیکەی ساڵێك پێش ئێستا دەستی داوەتە خزمەتکردنی ئەمریکیەکان. (ساڤاشمان) سەرەتا بوونی پەیوەندی بەئنگلیزەکانەوە دەشاردەوە، بەڵام دوای ئەوەی لەگەڵ ئەدرەسیماڵەکەی شەقامی ئاسایش بەرەو ڕوومان کردەوە، دانی بەوەدانا کە لەو ماڵەدا (ڕۆبن سیلی) کادیری (Ingiliz gizli servisi –SIS) خزمەتگوزاری نهێنی ئنگلیزی بینیوە. هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد، کە خزمەتی هەردوو سێرفسەکەی بەجیاکردووەو یەك بەوی تری نەزانیوە. وەسلە ئیمزاکراوەکانی (ساڤاشمان) کە لەو ماڵەدا کەتەدەستمان هینی ئەو پارەیە بوون، کە وەك پاداشت لەبری خزمەتەکانی بۆی خراوەتە سەرمووچەکەی. لەڕاستیشدا ئەو بڕەپارە کەمە بە دۆلار ئەوەندەی مووچەی خۆڵڕێژێکە کەوەردەگیرێت لە ئەمریکا. (ساڤاشمان) لەبڕی ئەو پارەکەمە زانیاری لە بارەی هێزە سەربازییەکانمان لە قوبرس، چالاکیەکانی میت و کەسانی هەواڵگری ڕۆژئاوایی کە لەژێر کۆنترۆڵی (میت) دان و چالاکیەکانمان و سەدان زانیاری تری جۆراوجۆری گرنگی پێدابون، ژیانی دەوڵەت و زانیاری تری نەتەوەیی نهێنی هەرزان فرۆش کردبوو.

لێکۆلینەوە لەگەڵ (ساڤاشمان) دا کەمی خایاند، بەباشی مامەڵەمان لەگەڵیدا کرد. ئێواران لەگەڵ ئێمە نانی دەخوارد. جار جارێکیش بۆ هەوا گۆڕین شەوانە دەمانهێنایە دەریٚ. دوای ئەوەی لێپێچینەوەی کۆتایی هات ناردمان بۆ دادگای سەربازی، کە بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە خواحافیزی لێمان کردو، داوای لێبوردنیشی کرد کەماندووی کردووین. پارێزەرێکی ناسراو، کە پرۆفیسۆری ماف و لە نێوان چەپەکاندابوو، بۆی گیرا. بەڵام ئەو کارەکانی ژێر بەژێر بەڕێوە دەبرد، بۆیە ناوی ئاشکرانەبوو، لەدادگا وانیشانیدابوو کە (ساڤاشمان) پیلانی لێکراوە. (ساڤاشمان) لەزیندانیشدا نامەیەکی بۆ سەرۆکی دەستەی ئەرکان نووسیبوو بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە من ئەشکەنجەم داوە. بەڵام

www.pertwk.com

دادگای سەربازی بەڵگەکانی بەلاوە بایی ئەوە بوو کە کاری سەنگین (اشغال الشاقە)ی بەسەردا بسەپێنێت.

دوای ئەم ڕووداوە (هەمزە گورگوج پاشا) نامەیەکی توندی بۆ سەرۆکی هەردوو سێرڤسی ئەمریکی و ئنگلیزی نارد. هەردووکیشیان لە وەڵامدا داوای لێبوردنیان کردبوو، جەختیان لەسەر ئەوە کردبۆوە کە جارێکی تر چالاکی لەو جۆرە ئەنجام نەدەن. هەروەها لە ڕووی کارگێڕیشەوە تاوانەکانی (ساڤاشمان) یان پێڕاست بوو. بەرپرسانی باڵوێزخانەی ئەمریکیش وەك وەفایەك بۆ (ساڤاشمان) و خۆ بەقەرزار زانین بەرامبەری بەردەوام هاوکاری و یارمەتی خێزان و خزمەکانیان دەدا.

ساڵی پار (حیرام بیَ) لەگەڵ خێزانەکەیدا چووبووە چێشتخانەیەك ڕوو بەڕووی (ساڤاشمان) بوو بۆوە، (ساڤاشمان) جوان خاس و ڕێکپۆش بوو، لەسەر مێزێکی ئاپۆڕەیی لەگەڵ خێزانەکەیدا خەریکی نان خواردن بوو بوو. هەردووکیان خۆیان وا دەرخستبوو کە یەکتریان نەدیوەو سلاویان لەیەکتری نەکردبوو. کاتێکیش (ساڤاشمان) خواردنی تەواو کردبوو، هەستابووە سەرپیَ، (حیرام بیَ) سەرنجی دابوو کە ئیفلیج بووە. بەر لەوەی لە چێشتخانەکە بچێتە دەرەوە (حیرام بیَ) دەستی خستبوە سەر شانی، ئەویش وتوویەتی (حیرام.. چۆنی، چیت دەوێت؟) ئەویش بە کورتی تەنها گوتبووی (باشم!). هەر چۆنێك بێت (حیرام بیَ) ئیفلیج بوونی (ساڤاشمانی) بەلاوە زۆر گرانبوو. دوای تەواوبوونی ڕووداوی (ساڤاشمان) ئەم سوپاسنامەیە بۆ (حیرام بیَ) هات..

(لە سۆنگەی لە خۆبووردبووی و دڵسۆزی و بەدیسپلینی و نەخشەکێشی بۆ ئەو ئەنجامەی لە ماوەیەکی کورتدا بەدەستتان هێناو بە لە بەرچاوگرتنی هەستکردنتان بەئەرکی سەرشان، بەپێی بەندی (ا، ب، ج، د، ه) لە مادەی چوارەم کە تایبەتە بە بەخشینی مەدالیا، بڕیارماندا نیشانەی سەرکەوتنی بالاَ بە حیرام عەباس سەرۆکی فەرمانگەی دژە سیخوڕی بەوەکالەت، ببەخشین. هەروەها بەپێی مادەی (106، 107) ی ڕێنمایی کەسایەتی، بڕیارماندا ڕێزنامەو پاداشتی ئاڕاستە بکەین. ئەم



بڕیارەش بەسەرجەم ڕیزەکانی دەزگادا بلاَودەکرێتەوەو بۆیان دەخوێندرێتەوە.)

بەمجۆرە، لە (19ك،1977) لەلایەن ڕاوێژکارەوە پاداشت کراین. پاداشتەکەی (حیرام بیَ) هەزارو پێنج سەد لیرەو هینەکەی من پێنج سەد لیرەبوو. ژمارەی سوپاس و ڕێزلێنانەکانی (حیرام بیَ)، کە بەدرێژایی ژیانی بۆی نێردراوە، نازانم چەندبوون، بەلاَم هی من ئەمەیان دەیەمین بوو.

www.pertwk.com

## فابریکاتۆر [33]

دوای دەستگیرکردنی (ساڤاشمان) بەسەر تاوانەکەیەوە لە ساڵی (1977)دا، ئەوانەی کە(ساڤاشمان) کاری بۆ دەکردن دەستیان دایە بەرسڤدانەوەی بەرامبەر. بەڕای (حیرام بیێ) بۆ (ئۆپراسیونی چالاکیە نهێنیەکان) ئەو فابریکاتۆرەی بەکار دەهێنرا ڕۆژنامەی پارتێکی سیاسی بوو کە سەرۆکەکەی(گونەی سادق) بوو.

(گونەی سادق) لە ساڵی (1986) دا سەرۆکی فیدراسیونی ڕێکخستنە سیاسییەکانبووە. لە ساڵی (1969) دا لە سۆنگەی سەرهەڵدانی تێڕوانینی جیاوازەوە لە نێوان ئەو و (میهری بیللی) دا لەسەر پرسی شۆڕشی نەتەوەیی دیمکراسی، جیابۆتەوەو بۆتە سەرۆکی گروپی چەپ. لە ساڵی (1978) دا (سادق) پارتێکی سیاسی دامەزراندبوو بوو بەسەرۆکی گشتی. قۆستنەوەی هەل، خەبات و شەڕی درێژخایەن، تەنگەتاو کردن و تەسککردنەوەی گۆڕەپانی دوژمن و یەکخستنی سەرجەم هێزەکان بەشێکی تاکتیك و ڕێبازی خەباتیان بوو. هەوڵیان دەدا چەندی بۆیان بکرێت سوود لە توانایی خەباتی ئاشکراوەربگرن و خۆیان بەهێز بکەن. جگە لەوەش بەنیازبوون لە داهاتوودا ڕەچەی خەباتی چەکداریی بگرنەبەر.

لە دوای (12/ئەیلول) بەو حوکمەی (سادق) و پارتەکەی پەیڕەوییان لەیاسا دەکرد، کارگێڕێتی هیچ هەڵوێستێکی بەرامبەریان نەنواند، بەڵام وەك هەموو پارتەکانی ترداخرا.

(سادق) لە ساڵی (1988) دا پارتی کۆماری (cp) دامەزراند. ستراتیژی پارتەکەی بریتی بوو لە شۆڕشی نەتەوەیی دیمکراسی و پاشان دامەزراندنی دەوڵەتی سۆشیالیستی. هاوکات ئەم پارتە لەلایەکەوە زۆردژایەتی (PKK)ی دەکردو لەلایەکی تریشەوە پڕوپاگەندەی بۆ (عەبدوڵا ئۆجەلان) دەکرد. (حیرام بیێ) لەو باوەڕەدابوو کە (گونەی سادق) سەرۆکی فابریکاتۆر سیاسەتی پارتەکەی دەگۆڕی.



ڕۆژنامەی ئەم فابریکاتۆرە لە ناوەڕاستی (ئادار /1978) دا دەستی بەدەرچوون کرد. دروشمەکانی لەم بابەتە بوون: (نە ئەمریکا و نەیەکێتی سۆڤیەت). لەو پۆستەرانەشی کە بەدارو دیواری کۆڵانەکانا هەڵیدەواسین پڕوپاگەندەی بۆ (ماویزم) دەکرد. جار ناجارێکیش بەپێی پێویستی کار باسی دەوڵەتانی ڕۆژئاوای دەهێنایە ئاراوە پاشان هێرشی دەکردە سەر ئیمپریالیزمی سۆڤیەتیو پارتی کۆمۆنیستی ساختەی تورکیا.

(حیرام بیێ) لەو باوەڕەدابوو کە یەکێك لەو دەوڵەتانەی (ساڤاشمان) کاری بۆ کردبوون، ئەمریکا و ئنگلتەرا، یان ئەوانەی کە بەرژەوەندییان لە پێشنەکەوتنی تورکیادا هەیە، وەك سەردەمی عوسمانیەکان کە چەندین دەوڵەت بەمەبەستی هێنانەدیی بەرژەوەندیەکانیان، وەك فەرەنسا، دەستیان خستە ناو کاروبارەکانیەوە. ئەم دەوڵەتە و چەندان دەوڵەتی تری ئەورپایی پێش دامەزراندی کۆماری تورکیا و پاش دامەزراندنیشی هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە هێندەی خودی تورکیا لەناو تورکیادا دەستیان بڕوات. لەم بارەیەوە سەرۆك وەزیرانی پێشووی دەوڵەتی تورکیا (عیسمەت ئینۆنۆ) لە ساڵی (1963) دا لەسەروبەندی تەنگەژەی قوبرس، لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا نیگەرانی خۆی لەم بارەیەوە بەئاشکرا دەربڕی. (عیسمەت پاشا) کە چەندان لەشکری بەڕێوەبردووەوچەندین سەرکەوتنی لەشەڕدا بەدەستهێناوە، لە دامەزراندنی کۆماری تورکیادا ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، کەچی لە ئاست ئەم بارەدا بێدەستەڵاتی دەربڕیوەو گوتوویەتی (هەر کەسێ هەڵدەستێ داوا دەکات کارگێڕییەکی شیاوو سیاسەتێکی سەربەخۆی دەرەوە پیادە بکرێت، چۆن ئەمە بکەم؟، من لەو بارەیەوە بڕیاردەردەکەم و کارەکە بەتەکنیکسازان دەسپێرم، کەچی ئەوان ئاڕاستەی کار بەرەو لایەکی تر دەبەن. دەوروبەرتان بەخەڵکی بیانی تەنراوە، هەوڵدەدەن غافلگیرتان بکەن. ئەگەر لەم بوارەدا سەرکەوتنتان بەدەست نەهێنا، ئەوا دەتانخەنە چاوەڕانکردن و درەنگتان دەخەن بۆ ئەوەیکارەکانتان بەئەنجام نەگات. من ئەرکێك بەیەکێك دەسپێرم، کەچی بەر لەوەی ئەنجامەکەیم بەدەست بگات واشنتۆن لێی ئاگادارە. من ئەو ئەنجامەم لە کارمەندێکی خوارەوە پێدەگات پێش ئەوەی بالوێز بمداتێ.

ئێمە دەولەتمان بەو جۆرە دایە دەستتان؟! هەتا ئێستا ڕاپۆرتێکم بەدەست نەگەیشتووە کە دەردەکانمانی دەستنیشان کردبێ. سەرتاپای ڕاپۆرتەکان خۆیان لەشتەکان دەپارێزن و ملکەچی بەسەریاندا زاڵە. ئەوان چی دەکەن ئێمەش دەبێ لەڕێی کادرو پسپۆڕەکانمانەوە ئەوە بکەین. سەیر بکەین.. چۆن هەزاران کەسیان لەو چوارچێوەیەدا دەسوڕێنەوە دیارە دەبێت وابکەن، چونکە پێویستیان بەزانیاری و بەڵگەی پێویست هەیە بۆ خۆیان. دوای شەڕی سەربەخۆیی و ڕێکەتننامەی پێکهاتن، خەبات و ململانێی سەرەکیمان لەسەر بایەتی ئەو شارەزایانەبوو، دەنا مەسەلەی کێشەی سنوور بابەتێکی وانەبوو. ئێمە کاروباری ئەمنی و ڕێکخستنمان وەك دوو دەوڵەت لەنێو خۆماندا چارەسەر دەکرد. بە هەموو هێزو توانایەکمانەوە دژی زاڵدەستی وەستاین. لە پێناوی پێشکەش کردنی یەك پسپۆڕ بە ئێمە داوای قەرەبووی گەورەو گران دەکرا، بەلاّم ئێمە هەر پێمان دادەگرت و دەشمانزانی بۆچی ئەوەندە سوورین لەسەر هەلوێستمان. هاوکات ئەوانیش دەیانزانی بۆچی ئێمە بەو سەرسەختیە داواکانمان پشت گوێخستین. ئەمە بەو شێوەیە بوو. لە سەردەمی پەیامبەرانیشدا بەرژەوەندی و بەلێنی بەرامبەر هەبووە، هەروەك چۆن ئەمڕۆ هەیە. هەر کە ئیمزات کرد ڕۆژی دواتر دەگەنە سەرت. پیاوەکانیان دێن. پاشان تالێك و پێکت نەکەنەوە نارۆن. بۆیە پێش ئەوەی کار لە کاربترازێ پێویستە هەل قۆزینەوەو پاشقۆڵ بگرین. دەنا سیاسەتێکی سەربەخۆی دەرەوە بەخۆمانەوە نابینین. واشی تێمەگەن کە گەیشتنە ئەو سیاسەتە هاسانە، بەلْکو پێویستی بە کات و کار بۆ کردن و یەك دوو دەستپێشخەری هەیە پاشان کارەکە بەرەو ئاسانی دەچێت، بەلاّم گەر کوڕوزاینەوە ئەوا کەس نازانێت چیمان بەسەر دێت.)

ئەوەی کەبانگەشەی سەرۆکایەتی جیهان دەکات و مافی بەڕێوەبەڕێتی ئەو جۆرە چالاکیانە لە هەموو کونجێکدا بۆ خۆی بەڕەوا دەزانێوپیادەشی دەکات تەنها ئەمریکاو (سیا)یە. لەسەرەوەولە خوارەوە زۆر نهێنی بەڕێوەدەبەن، بەلاّم زانیاری گرنگیان لەسەر ئێمە لەبەردەستدانییە.



ڕۆژنامەکەی فابریکاتۆر لە ڕۆژانی یەکەمی دەرچوونیدا بەڕێوەبەری هەواڵ و وتارەکانی ئەندامێکی کۆنی ڕێکخستنێك بوو لە ئیستانبوول. لە ماڵی ئنگلیزێك دەمانەوە ناوی (ڕۆبەرت کۆلەج) بوو، باڕۆکەی لەسەر دەکرد. ماڵی ئەو پیاوە ئنگلیزە بوو بووە نواو شوێنی مانەوەی ئەندامانی ئەو ڕێکخستنە. لەم ڕووەشەوە زۆر لە ڕۆڵی ئینگلیزەکە نەکۆلرایەوە، چونکە لە نێوان بیروبۆ چوون و کاری دژە سیخوڕی و بەشەکانی تردا جیاوازی دەرکەوت. پاشان بێسیم لە ماڵی ئنگلیزە باڕۆکە بەسەرەکەدا گیرا، سەرەڕای ئەوەش زۆر لێی نەکۆلرایەوە.

بەپێی بیروڕای (حیرام بێ) ئەرکی (گونەی سادق)و فابریکاتۆر لە تورکیادا ئەمانەبوو:

1–کۆنترۆڵ کردن و بەیەکدادان و دووبەرەکی نانەوەو لەبەر یەکترازاندن و بێ کاریگەرکردنی باڵی چەپڕەوی سەر بەسۆڤیەت، کە لە تورکیادا بەخێرایی گەشەی دەکرد و، مەترسی بۆ سەر ڕۆژئاوا هەبوو.

2– بۆ ئەوەی لەناو دەوڵەتدا سوپا، میت، شەڕی تایبەت نەپەڕژێنە سەر کارەکانی خۆیان ڕێکخستنی کاروبارەکان و بیرو چالاکیەکانیان بخەنە ڕەوش و ئاستێکی خراپەوەو ئەندام و کادرەکانیان بەشێوازی جیاجیا لەناو بەرن و کلیکی پێشکەوتن و دام و دەزگاکان  ون بکەن.

3– بەردەوام بن لە خۆشکردنی ئاگری بێ ئارمی سیاسی و ئابووری لە تورکیادا و کۆسپ بخەنە بەردەم بەدەستهێنانی سیاسەتێکی سەربەخۆو نەتەوەیی تورکیا.

فابریکاتۆر تا ساڵی (1980) ئەرکەکانی سەرکەوتووانە جێبەجێکرد. لە دوای ئەو ساڵەشەوە هەندێکی تر ئەم کارەیان درێژەپێدا.

فابریکاتۆر (7/ئاب /1978) لە ژێر ناوی (سەرکردەکانی کۆنتراگەریلا ئاشکرا دەکەین) دەستی بەدەرچوون کرد. ئامانجیەکەمی کۆنە جێگرەکەی سەرۆکی فەرمانگەی ئیستانبوول بوو. لە هەمان ڕۆژیشدا بەڵگەکانی (گونەی سادق) یشی تێدابلاّوکرایەوە. (سادق): (بەرز ڕاگرو هەڵگری ئالاّ لە قوبرس، سەرچاوەی ئاژاوەو لەیەکدابڕانە لە تورکیا) ئاماژەی بەوە کردبوو، کەبەشی تایبەتی فەرمانگەی شەڕی تایبەت

www.pertwk.com

هەڵگری ئاڵاکەیە. کەواتە دیاربوو کە چالاکیەکانی تورکیا لە قوبرس یەکێکیانی نارەحەت کردبوو. کاری پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی فەرمانگەی شەڕی تایبەت ئەو لایانانەی هەراسان کردبوو.

لەهەمان بەیان و ڕوونکردنەوەدا، بەگوێرەی ڕای سادق (حیرام عەباس، لە 12 ی ئادارەوە تا ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ لەسەرجەم پلانەکان بەرپرسیارە)

لەژمارەی ڕێکەوتی (8/ئاب/1978) ئەم هەواڵانە بەمانشێت لە ڕۆژنامەکەدا بلاوکرابوونەوە:

(سەرۆکی کۆنترا گەریلا چوارساڵ لە خوێندنگاکانی سیادا خولی پەروەردەی بینیوە. سەرجەم ئەو نەخشەو پلانگێڕیانەی لە ئیستانبوول ئەنجام دراون (م. حیرام عەباس) لێیان بەرپرسیارە.)

(م. حیرام عەباس، لە هەموو ئەو پلانانە بەرپرسیارەکە لە ئیستانبوول ئەنجام دروان و سەرکردەی کۆنترا گەریلایە. بەناوی (سیاومیت)ەوە ڕاوێژکاری (فاروق تورون)ە دەکات، خودی خۆی ڕێکخەرە لە نێوان (سیاو میت)دا.

(ڕووداوی ئەلڕۆم، پراکتیزە کردن و ئۆپراسیونی هەڵمەت و ڕووداوی لەم جۆرانەو هێرشەکانیش، حیرام عەباس نەخشە داڕێژیانەو بەر پرسی جێبەجێکردنیان بووە.)

(حیرام عەباس، نەخۆشی ئەشکەنجدان و ئەنجامدانی ئۆپراسیونی هەیە. بەمەبەستی خۆدەرخستن و پلەوپایە بەدەستهێنان لە 12ی ئادارەوە تا ئەمڕۆ بەشداری تەواوی ئۆپراسیون و هێرشەکانی کردووە، لە پێشەوەی ئەو کارمەندانەدا بووە کە کارەکەیان ئەنجامداوەو کاروباری پیلانەکانی بەڕێوەبردووە، شێوەی نوێی ئەشکەنجەدانی داهێناوە، خودی خۆشی بەشداریکردووە لە پراکتیزەکردنی ئەو شێوە ئەشکەنجە نوێیانەدا.)

فابریکاتۆر وێنەیەکی (حیرام بێ) ی بە قەبارەی (12x18 سم) لە گۆشەیەکی ئەم نووسینەدا بلاوکردبوەوەو لە ژێر وێنەکەدا نووسرابوو:

ناو: مستەفا حیرام عەباس

ڕۆژو شوێنی لە دایکبوون: 1932–ئیستانبوول



ناوی دایك: فاتمە

ئاستی خوێندەواری: 1952– ئامادەیی سانت جۆزێف، فەرەنسا /1957–کۆلیژی زانستە سیاسیەکان.

ئەرکی لە (12/ئادار) دا: ڕاوێژکاری (فایەق تورنە) بۆ سیاو میت. سەرۆکی کۆنتراگەریلا، داڕێژەرو جێبەجێکاری تەواوی پلان و هێرشەکان. ڕێکخەربووە لە نێوان بارەگای کۆنترا گەریلاو سیاو میت.

شوێنی نیشتەجێ: ئیستانبوول – شەقامی جەمیل تۆپزلو 32/2

ژمارەی تەلەفۆن: 55417

(حیرام بێ) تا ڕۆژی شەهید بوونی ماڵەکەی لەو شوێنەدا مایەوە. فابریکاتۆر بەزۆری نەخشی سیخۆڕێکی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانی بەشانی (حیرام بێ)دا دەسوو، وەك ئەندامێکی (سیا) پیشانی دەدا.

پێش (12/ئەیلول)، وێنەی (حیرام بێ)، ناونیشانی، مۆدیلی ئۆتۆمبیلەکەی وەك ئامانجێك نیشانداو بلاوکرایەوە. نووسیبووی کەچوار ساڵ لە خوێندنگاکانی ئەمریکا پەروەردەی دیوە، داڕێژەری پیلانەکان، تێکدان بووەو ئەشکەنجەی داهێناوە، کابرایەکی ماسۆنییە، لە کاتی لێپێچینەوەدا پیسایی درەخواردی دەستگیرکراوان دەدات.. هتد و زۆر شتی تری لەم بابەتەی لەسەری نووسیبوو. بەپێی نووسینەکانی فابریکاتۆر هەوڵیان دەدا تا ئەوەندەی سەرەدەرزییەکیش بێت و بۆیان برەخسێت هێرشبکەنە سەر پیاوکوژێکی لەو بابەتەو لەناوی بەرن.

(حیرام بێ) دوای دە ساڵ لەم باسو خواستە، بووە جێگری ڕاوێژکار. بۆیەکەمین جاری بوو بۆ ماوەی هەفتەیەك بچێتە ئەمریکا. واتە مەسەلەی چوار ساڵ خولی پەروەردەییەکەی لە ئەمریکا و تێکدان و داهێنانی ڕێبازی ئەشکەنجەی نوێ و پیلان گێڕان، هەموو ئەمانە درۆبوون، پەیوەندییان بە ڕاستیەوە نەبووە.

باشە، دەزگایەکی ڕاگەیاندنی ئاسایی چۆن وێنەی فۆتۆگراف و بایوگرافیای (حیرام بێ)ی دەست دەکەون و دەشنوسێ: (ڕەوانەی باتۆم کراوە، لە 1968/9/30 بۆ ئەسینا، لە 1970/12/21) بۆ بەیرووت ڕەوانە کراوە.) ئەم زانیارییانە چۆن کەوتوونەتە دەستی فابریکاتۆر؟ ئەمە ئەوە

www.pertwk.com

دەگەیەنێت لەوئاستەی بەڵگەو زانیاریان بەدەست هێناوە دزەیان کردۆتە ناومان.

بۆ ڕۆژی دواتر، فابریکاتۆر جارێکی ترو بەشێوەیەکی وردتر لە (9/ئاب /1978) دا (حیرام بیٚ) ی کردەوە بەمانشێت، وێنەی ماڵ و ئۆتۆمبیلەکەی بلاٚوکردبۆوەو نووسیبووی: (حکومەت بۆچی بێدەنگە؟!) تا ئێستا بەرپرسیارێتی ماوەو، لە کارەکانیدا بەردەوامە).

(م.حیرام عەباس، جێگری سەرۆکی (MAH) ناوەندی میتی ئەنقەرەی لە تۆرێکی سیخوڕی ئاگاداکردۆتەوە، لەسەرئەم بنچینەیەش جێگری سەرۆکی هەواڵگری ئیستانبوول (سەباحەدین ساڤاشمان) دەستگیرکراوە.

(حیرام عەباس) لە دەستگیرکردنی سەباحەدین ساڤاشمان دەورێکی سەرەکی گێڕاوە. بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی کە بەدەستمان گەیشتوون، گوایە سەباحەدین شاڤاشمانی جێگری سەرۆکی فەرمانگەی (میت) لە ئیستانبوول زانیاری گەڵێکی سەبارەت بە بڕیارو نەخشەنهێنیەکانی قوبرس داوە بە دەزگا سیخوڕییەکانی ئەمریکاو ئنگلیزەکان، لەکاتی تەسلیم کردنی ئەو بەڵگانەدا دەستگیرکراوە. ڕووداوی دەستگیرکردنەکەش لە گەڕەکی غازی عوسمان پاشا لە میوانخانەیەکی میتدا ئەنجامدراوە. ساڤاشمان کاتیٚ بەڵگەکانی داوەتە دەست سیخوڕی ئەمریکی (ولیەم فیلپس) لەلایەن میتەوە دەستگیرکراوە.

(ساڤاشمان) وەکو ئەندامێکی (میت) بەردەوام لەهەوڵ وکۆششدا بووە. پیاوەکانی (میت) کاتیٚ لەمەسەلەیەکدا پێویستی کردبێت (سیا) یان ئاگادارکردووەو لەو بارانەوە هاوکاری و ئامۆژگارییان لە (سیا) وەرگرتووە. بەلاٚم ئەمجارەیان ڕووداوەکە هەندیٚ لایەنی شاراوەی هەیە، چونکە ئەوەی خەبەری لە (ساڤاشمان) داوەو دەستگیریشی کردووە (حیرام عەباسە) کە لە خوێندنگاکانی سیا پێگەیەندراوە، لە 12ی ئابەوە بەو کارە ڕاسپێردراوە کە هەموو مەسەلەکان بەسیا بگەیەنێت. حیرام عەباس تەنها بەخەبەردان لە ساڤاشمان نەوەستا، بەڵکو بۆ خۆی چۆتە میوانخانەی میت بۆ دەستگیرکردنی. ئایا حیرام عەباس بۆ خۆی سیایە



بۆچی زمان لە ساڤاشمان دەدات بەو ناوەی کە سیخوڕی بۆ ئەمریکا کردووە؟ ئایا پۆزی ولاٚتپارێزی لێدەدات؟ ڕاستی مەسەلەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیەوە:

(لە (12 ئادار بەدواوە حیرام عەباس و ژمارەیەك لە ڕیزەکانی میت بەو پێودانگەی کە کۆن بوونەو کەڵکی کاریان پێوەنەماوە، ڕووبەڕووی دەرکردن بوونەتەوە. لەبەر ئەمە، بەمەبەستی گەڕاندنەوەی پایەی خۆیان پێویست بوو ڕووداوێك دروست بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش ساڤاشمان کرایە قوربانی. ئەم کارەش لە لایەن وەستای پیلانگێڕان و هێرش بەرپاکردن (حیرام عەباس) ەوە بەڕێوەبرا. بەدەستگیرکردنی (ساڤاشمان) یش، حیرام عەباس لەنێو میتدا پایەداری بۆ خۆی بەدەستهێنا.)

فابریکاتۆر لە نووسینەکانیدا بەرگری لە ساڤاشمان دەکردوو، ئامانجی سەرەکی لە بندێڕەکانیدا ئاشکرابوو کەچییە؟. سەرباری ئەوەش فابریکاتۆر هەر بە نووسین نەوەستا، بەڵکو لە(30/تەمووز/1979) دا نووسیبووی (دەزگا، ئەلقەی ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاستە بۆ سیا، تۆماری تێبینییەکانی پیاوی سێیەمی سیا) فابریکاتۆر بەم مانشێتەی سەرەوە بابەتەکەی دەستپێکردبوو. هەروەها چیرۆکی سیخوڕی ساڤاشمان، کە لەزاری ساڤاشمانەوە لەزیندان وەریگرتبوو، بلاٚویکردەوە. باشە، بۆچی ساڤاشمان ئەو چیرۆکە سەرنجڕاکێشەی داوەبەو ڕۆژنامە بەناو بێلایەن و چەپڕەوە؟بۆنی ئەو چیرۆك و بەسەر هاتە بەدرێژایی حەوت ڕۆژ دەڕۆشت، پوختەکەشی ئەوە بوو کە ساڤاشمانی لە سیخوڕی کردن بۆ ئینگلیزو ئەمریکا بێبەری کردو بەکەسێکی پاك، بێتاوان، لەچالنراو، ئەشکەنجەدراوپیشان دەدا. ئامانجی سەرەکیشی (حیرام بیٚ) و ئێمە بووین، جگە لەوەش باسی لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ لە دژی خاوەن ماڵەکەو دزینی ماڵەکەشی کردبوو.

دوای (NY) ی سەرۆکی هەواڵگری، من بوومە ئامانجی فابریکاتۆر. لە (24/ئاب /1978) دا بەمانشێت باسی کردبووم. دوای من لە (26/ئاب) دا نۆرە هاتە سەر (یاس –YS)، ئیتر بەم شێوەیە تەواوی گروپەکەی

(EKIP)* ی باسکردو، یەکە بەیەکەمانی وەك ڕێکخستنی کۆنترا گەریلا پێشانداو ناوی ئەوانی تریشی بە کۆمەڵ زڕاند، بەڵام بە تایبەت باسی ئێمەی کردبوو.

(لە ئەرنەکۆی: ئەشکەنجەدان بەسەرپەرشتی (مقدم محمد ئەیمور) لەگەڵ وتارەکەدا وێنەی فۆتۆگرافی پیاوێکی سەر ڕووتاوەی بڵاوکردبۆوە، کە لەبەردەم ماڵەکەی مندا لەئۆتۆمبیلێکی ڕینۆدادەبەزیّ، بەو ناوەی وێنەی منی بڵاوکردۆتەوە، لەژێری نووسرابوو (محمد ئەیموور – جەنگیز عەبە ئۆغلۆ)، زانیاری لە بارەیەوە بڵاوکردبۆوە.

فابریکاتۆر لەنووسینەکانیدا سەبارەت بە (حیرام بێ) و ئەو زانیارییانەی کە بڵاویکردبوونەوە، سەرچاوەکەی خستبووە ڕەوشێکی نالەبارو نزیك لە ئاشکرابوون. ئەمجارەیان لە نووسینەکەیدا لەسەر من هەوڵیدابوو نەکەوێتە ئەو ڕەوشەوە.

لەو ڕێکەوتەدا من لە گەرەکی بەبەك لە نهۆمی خوارەوەی ئەپارتمانێکدا بووم. فابریکاتۆر ئەو زانیارییانەی بەدەستگەیشتبوو. کەچی وێنەی چەند دراوسێیەکیان گرتبوو لە نهۆمی سەرەوەی ئەپارتمانێکی نزیکمان. هەروەها ناوی تەواوی منی کەپێی دەناسرام بڵاوکردبۆوە. ناوی (جەنگیز عەبە ئۆغلۆ) ش ناوی برادەرێکی ڕیزەکانمان بوو، کەپێکەوە کارمان دەکرد. فابریکاتۆر بەمەبەستی شاردنەوەو ئاشکرانەبوونی سەرچاوەی زانیارییەکانی هەر بەئەنقەست ئەو هەڵەیەی کردبوو. هەروەها ئەمانەشی لەسەر من بڵاوکردبۆوە:

(لە ناوەندی ئەشکەنجەی ئەرنەکۆی بەموقەدەم ناو دەبرێت. هەموو ئەشکەنجەدانەکانی ئەویّ لەلایەن (م. ئەیموور) ەوە جێبەجێ و بەڕێوە دەبرێت. باوکی یەکێکە لە ئەندامە دێرینەکانی (میت)، کە ناوی (مەزهەر ئەیموور) ە. بەپاڵپشتی باوکی بەخێرایی لەناو (میت) دا بەرزکراوەتەوەو گەورەبووە. ئێستا لە پلەیەکی گرنگی (میت) دایە. ئەیموور تەمەنی (35) ساڵە، باڵای بەرز، سەرو سمێڵ زەردی تێر، ڕەنگ و ڕووخساری

* EKIP: مانای گروپی بچوك (2–5)ئاشکرا نییە دێت.



هەڵبزڕکاوەو سەری ڕووتاوەیە. لەبەبەکی بچوك دا دەنیشێت. هەوالنێرەکەمان ئەو وێنەی ئەیمووری لە کاتی دەرچوونی لە ماڵ و سواربوونی ئۆتۆمبیلەکەیدا گرتووە.)

زانین و چاڵ هەڵکەندنی فابریکاتۆر بۆ ئێمە کارێکی گرانبوو، لەمەبەستەکانی دەگەیشتین. بەباشترین شێوە ئەرکەکەی جێبەجێدەکرد. لە سەردەمی سەرۆك وەزیران (بولەند ئەجەوید)، کە کۆنترا گەریلا باڵادەست بوو، توانی ئەشکەنجەدان و کۆنترا گەریلا بخاتە بواری ئەدەبیاتیشەوە. (میت) و پۆلیسی لەوچالاکیانە بێبەری کرد. (میت) یان لە کاری لێپێچینەوە دوورخستەوەو فەرمانگەی تایبەتیش خرایە ژێر چاودێرییەکی توندەوە. لە ئەنجامدا شەڕو ململانێی ناوخۆی ساڵی (1979) بە حەرەکەتی (12/ئەیلول/1980) گەیشت. بەڵام سەرەڕای ناهەمواری بارودۆخەکە هەلومەرجی وڵات پارێزرا.

لەدوای ڕووداوی (ساڤاشمان) سەرۆکەکانی سیاو.(MI6) ی ئنگلیز پەیمان و زەمانەتی دووبارەنەبوونەوەی ئەو مەسەلەو ڕووداوانەیان بە ڕاوێژکار (هەمزە گۆرگوچ) دابوو، بەڵام پابەندی پەیمانەکانیان نەبوون. لەژێرەوە (عمید ڕۆکنیکی) خانەنشینی هێزی ئاسمانی ژێر بەژێر ئەو نووسینانەی فابریکاتۆری ئامادە دەکردو لە(16/ئادار/1983) دا و لە کاتی چاوپێکەوتن و پێدانی زانیاری بەکادێرێکی (سیا) لە ئیستانبوول دەستگیرکرا.

(میت) ی ئیستانبوول لەلای خۆیەوە کارێکی سەرکەوتووانەی ئەنجام دابوو. بەڵگەی باشی سەبارەت بە سیخوڕییەکە لەدەستدابوو، (جۆهان) ی ئەمریکی ئۆتۆمبیلی ژمارە (34CA200) ی بەکاردەهێنا.

چالاکی سیخوڕی (A.T) نزیکەی دە ساڵ بەردەوام بوو. پەیوەندی لەگەڵ (جۆهانی) سەر بە مخابەراتی ئنگلیزی (SIS) و، نیك، بیلی و جوهان ناوێکی تر کە لە یادی نەمابوو، لە مخابەراتی مەرکەزی ئەمریکی هەبوو. لەمیانەی ئەو هەموو پەیوەندییانەشدا ناوەنهێنیەکەی (سەرخۆش) بوو. (لەبەر بەرژەوەندی ئاسایشی دەوڵەت و ناوخۆو نێودەوڵەتی، هەروەها لەبەر خاتری بەرژەوەندییە سیاسیەکان، زانیاری و

www.pertwk.com

بەڵگەکان پەردەیان لەسەر هەڵنەماڵراو بەنهێنی مانەوە) بەڵام تاوانەکە سەلمێنرا. جگە لەوەش لە کاتی پشکنینی ماڵەکەیدا بەڵگەی زۆر بەردەست کەوتن. هەردوو سێرڤسی ئەمریکی و ئنگلیز پێکەوە دەستیان لەم کارەدا هەبوو.

(A.T) دەستگیراکرا، لەبەر بەرژەوەندی ئاسایشی گشتی دادگایی کردنەکەی بە ئاشکرا ئەنجام نەدرا تەنانەت بڵاوکردنەوەشی قەدەغەکرا: بەڵکو ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو قەدەغەیەی لەسەر لابرێت و شتە سەرنجراکێشەکانی کە باسی کردوون بۆ ڕای گشتی بڵاوبکرێتەوە.

لەزیندانەکەیەوە نامەیەکی بۆ سەرۆکایەتی فەرمانگەی ئەستانبوول ڕەوانە کردبوو، کەتیایدا سوپاسی ئەو مامەڵە نەرم و نیانەی کردبوو کە لە کاتی لێپێچینەوەدا لەگەڵیدا کرابوو.

پاش ماوەیەك ڕۆژنامەکان بڵاویان کردەوە کە (A.T) لە زینداندا بەنەخۆشی دڵ مردووە. ئنجا (عمید ركنی) خانەنشینی ئاسمانی لەنێو چەند هەواڵێکی بچووکی ڕۆژنامەکاندا باسیکراو پاشان لە بیرکراو لەیاددا سڕایەوە. ئەم هەواڵە نەگەیشتبووە دەزگا گەورەو سەرنج ڕاکێشەکانی ڕاگەیاندن، بەڵام ئەوەی سەرنجراکێش بوو گەیشتبوو بە فابریکاتۆر، کە وەك جارەکانی تر لێی بێدەنگ نەبوو، چونکە(A.T) سەرچاوەیەکی کۆن و نووسەرێکی بوو.

باشە، ئەو هەموو باس و قسەو باسەی فابریکاتۆر بۆ سەر (حیرام بێ) لە پای چی بوو؟ ئایا (حیرام بێ) دوژمنی ئەمریکا، ئنگلتەرا، فەرەنسا، ئەلمانیا، و دەولەتانی تری ڕۆژئاوا بوو؟ نەخێر.. بە دڵنیاییەوە دەلێم کە دەزگای هەواڵگری ئەو دەوڵەتانە لە هەر چوار لای جیهاندا چالاکیان ئەنجام دەدا، ئێمە لە لای خۆمانەوە وەك لایەنگر سەیرمان دەکردن و تەنانەت پەیوەندیشمان لە گەڵیاندا هەبوو، تاوانی (حیرام بێ) ئەوە بوو کە، ئەوەی دەکرد کە پێویست بوو بکرێ. بەرژەوەندی دەوڵەتەکەی لە سەرووی بەرژەوەندیەکانی ترو بەشێوەیەکی سەرەکی دەپاراست. ئەمەشبوو دەبووە کۆسپی ڕێگای بەرژەوەندیەکانی تری ئەو دەوڵەتانە. ئەویش لەم ڕووەوە دەستی نەدەپاراست.



فابریکاتۆر تا مردنی (حیرام بێ)، تەنانەت پاش مردنیشی لە سەر ڕەوتی دژایەتی کردنی بەردەوام بوو. دوای مردنیشی وەك پیاوی مافیا. قاچاخچی و قاچاخچی مادە بێهۆشکەرەکان پیشانی دەداو باسی دەکرد. لێرەدا بوار نییە ئاماژە بە هەموو ئەو نوسینانەی فابریکاتۆر بکەین کەدگری(حیرام بێ)ی ولاتپارێزو هەواڵگری یەرکەوتوو نوسراون. کارێکی وا جگە لەوەی زانیاری و بەڵگەی زۆری تێدا ئاشکرا دەکرێت، کتێبێکیشی پێویستە. زۆر ڕۆژنامەی ناسراو هەبوون کە ئەم هەواڵانەیان لە فابریکاتۆر وەردەگرت و دەیانکردە سەرچاوەیان. لەم ڕووەشەوە دەبینین ڕۆژنامەکان پاش مردنی (حیرام بێ) باسی (چوار ساڵ پەروەردەی لە ئەمریکا بینیوە دەکەن.)

ئێستاش بابواری (حیرام بێ) بدەین بۆ خۆی قسە لەسەر فابریکاتۆر بکات:

ڕۆژنامەی فابریکاتۆر لە ساڵی (1978) دەرچووە، لەو ڕۆژنامەیەدا وێنەی ماڵەکەم و وێنەی قۆناغی خوێندکاریم بڵاوکراوەتەوە. منی بە یەکێکی ئەشکەنجەدانی و کەسێکی نەخۆشی سایکۆلۆژی و دەروون شێواو.. هتد لە قەڵەم داوە. ئەمەش یەکسەر لە پاش دەستگیرکردنی (سەباحەدین ساڤاشمان) وە بوو، ڕوداوی دەستگیرکردنی ساڤاشمان ئۆپراسیونێکی زۆر جوان بوو. دوای ئەم دەستگیرکردنە ئەو ڕۆژنامەیە بەو بابەتانەوە بەردەوام بوو لەسەر دەرچوون.

پرسیار: ئایا چوونە سەنگەری بەرگری کردن لە گرتنی کەسێك کە سیخوری بۆ ئەمریکا کردبێت، بەنیسبەت چەپرەوەوە، یان ورتر بە نیسبەت (گونەی سادق). لەگەڵ یەکدا ناکۆك نییە؟

دوای ئەوەی لە گەشتی تۆریستی (سیاحی) لە سوریا گەرامەوە، کە لەگەڵ سەرۆك وەزیراندا چووبووم، ئەمجارە فابریکاتۆر مەدەنیەتی لە ناو میتدا هێنایە ئاراوەو منی وەك نموونەیەك هێنایەوە. دیسانەوە بوومە خاڵی دووبارەکردنەوە، چونکە شتێکی تر نەبوو لە سەرم کە باسی بکات. ئەوانە بە حوکمی ئەو نووسین و بابەتانەیان کە لە ساڵی (1978) لەسەر

(میت) بڵاویان کردبۆوە ئامانجیان ئەوەبوو کە (میت) بخەنە رەوشێکی نا کەریگەر و پاسیڤەوە.

پرسیار: ئایا لەمەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا؟

بەڵێ: سەرکەوتنیان بەدەست هێناو ئەو سەرکەوتنەشیان ماوەیەك بەردەوام بوو. دەبێت دان بەو راستیەدا بنرێ کەسەر کەوتنیان بەدەست هێنا. ئێستا (1978 – 1988) ئەو کاروچالاکیانەی کەویستوومە لە هەندێ شوێن بەرێوەی بەرم، ئەو فەرمانگەیەی کەدامەزراندووە ئەو کارانەی کە کردوومن کەمکردنەوەی تیرۆر بووە لە باشووری رۆژهەڵاتدا.

کەم کردنەوەی چالاکی (PKK) لە باشووری رۆژهەڵاتدا کارێکی گرنگە، بەڵام گۆرەپانی سەرەکی چالاکیان لە ئەوروپادایەو وەك ئەرمەنیەکان کارەکانیان لەوێ ئەنجام دەدەن. هەموو داراییان لە ئەوروپاوە دێت. لەم روانگەیەوە هەوڵدان بۆ بنەبرکردنی چالاکیەکانی (PKK) بە تەنها لە باشووری رۆژهەڵاتدا تێروانینێکی هەڵەیە. لەم روەشەوە من لەو بروایەدام کە پێویستە کارو چالاکیەکان بەفراوانیو سەرتاپا گێرانە بەرێوە ببرێن، چونکە PPK چالاکیە بۆ دابەشکردنی تورکیا لە ئەوروپاش واتای چالاکیە بۆ بە کورد کردنی تورکە بە رەگەز کوردەکان و پارچە پارچە کردنیانە. پێویستە سەرجەم ئەمانە پێکەوە سەیربکرێن. بەپێی ئەمەش، وەزارەتی دەرەوە کارو خەبات دەکات بەڵام لای پیاوانی رێبازی کۆن وانییە. من ئەوە دەپارێزم، لە ئەنجامدا دیارە ئەمانە هەندێکی تەنگاو کردووە، بۆیە (گونەی سادق) جارێکی تر هێرشی کردۆتەوە سەرم.پێویستە (گونەی سادق) بەعەقلێکی باش قبول بکەین، لەتەك ئەو کاروبارانەشیدا هەندێ ئیشی تریش دەکات. بۆ نموونە، بەپێی زانیارییەکانم ئەو هەواڵ و زانیارییانەی لەسەر من بڵاوی کردونەتەوە لە دەولەتانی دەرەوەشدا وەردەگێرێن و بڵاودەکرێنەوە. من تا ئێستا وەڵامی نووسینەکانی (گونەی سادق) م نەداوەتەوە، هەر چەندە ئەو نووسینانە منیان بەشتی گەورە تاوانبار کردووە. کردوومی بە سیخوری سیا، دەڵێ گوایە پەیوەندی نزیکم لەگەڵ (مۆساد) هەیە.. هتد. ئەمانە هەڵبەستراون و من لە سەریان رانەوەستاوم و بایەخیشم پێ نەداون، چونکە من



بەحوکمی پیشەکەم لەبەرامبەر دەوڵەتەمدا بەرپرسیارم، لەپێناوی خۆپاراستندا خۆم ناکەمە جێی باس و خواست و لێدوان، جگە لەوەی کە بەو نووسینانەش فریووم نەخواردوە، کەمەبەستیان راکێشانم بووە بۆ وەڵام دانەوە.

لەکاتی نووسینی ئەم کتێبەش لە کۆتایی ساڵی (1990) و سەرەتای ساڵی (1991) دا فابریکاتۆر جارێکی تر دەستی کردەوە بە ئاژاوەگێری، دیسان چەندین هەواڵی درۆو دەلەسەی بڵاوکردەوە تاکو ئاگری گومان خۆش بکات.

بە بڕوای من پێویستە فابریکاتۆر وەکو دەزگایەکی بچووکی راگەیاندن سەیرنەکرێت، بەڵکو وەکو چالاکیەکی سیخوری هەڵبەسنگێنرێت. ئەو هێزانەش کە لە پشتیەوەن، ئیتر هەر کەس و لایەنێك بن، ئاشکرا بکرێن و پەردەیان لە روو هەڵبمالرێت. پێویستە ئەو کارە وەك چالاکی سیخوری بخرێتە ژێر چاودێرییەوە. جگە لەمەش لەو باوەڕەدام کە دەبێ دام و دەزگا دادوەرییەکان لێپێچینەوە لەسەر فابریکاتۆر بکەن، لەسەر کوشتنی (حیرام بێ) و چەندین تاوانی تری پیاوکوژی، کە لە رێی نووسینەکانەوە نەخشی هەبووە تیایاندا.

## دەست لە کار کێشانەوە

(حیرام بیٚ) لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت:

(ساڵی 1980، پێش دوانزەی ئەیلول دەست لەکار کێشانەوەم لە کاری سەرۆکایەتی فەرمانگەی دژە سیخوری پێشکەش کرد. هۆی دەست لەکار کێشانەوەم لە دەزگا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە بواری خەبات دژی تیرۆر کۆسپ خرایە ڕێگام. جگە لەوەش دەمویست شان بەشانی کارکردن دژی تیرۆر چەکی ئایدیۆلۆژیانەش بە شێوەیەکی کاریگەر دژی قاچاخچییەکان ئاراستە بکەم. بۆ دەست لەکار کێشانەوەم نامەیەکم نووسی و هۆکارەکانی پاڵنەرم بوون تێدارونکردەوە، بەڵام قبوول نەکرا. وتیان دەبێت داوایەکی دوودێری وازهێنان بنووسی. (دەست لەکارکێشانەوەو خانەنشینیم دەوێت)، بەو مەبەستەی والێکبدرێتەوە کە خانەنشینم دەوێت. بەڵام سەر لە بەیانی دوازدەی ئەیلول بڕیاردرا (هەموو کەس دەوام دەکات و هیچ کەسیٚ لە کارو پیشەکەی خۆی دوور ناکەوێتەوە). من لە کۆتایی مانگی ئابدا دەست لەکار کێشانەوەم پێشکەش کردبوو، چونکە بە حوکمی کارەکەم بەرامبەر بەهەر مەترسیەك بۆ سەر تورکیا بەرپرسیارم بووم، لە هەموو ژیانمدا ویستوومە کە ئەو زانیارییانەی کۆدەکرێتەوە بۆ ئەوە نەبێت تەنها بۆ بەرپرسە باڵاکان بێت، بەڵکو بۆ بەکار هێنان بێت لە خودی کارەکەداو سوودیان لێوەربگیرێت. ئەو زانیارییانەی کە دژی تیرۆر کۆدەکرێتەوە ببنە سەرچاوەی کاری چالاك دژی تیرۆر و لەو بوارەدا بەکار بهێنرێت. لەم ڕوەشەوە ئەرکی گەورە دەکەوێتە سەرشانی (میت)، بەهەمان شێوە دژی قاچاخچییەتی چەکیش بەکاربهێرێت. واتە دژی قاچاخچییەتی چەك کە لە ناوەوە تورکیا پارچە پارچە دەکات و دەسوتێنیٚ. زۆر هەوڵمدا ویستم فەرمانگەیەکی تایبەتی بۆ دابمەزرێنم، بەڵام سەبارەت بەم بابەتە پێش ساڵی 1980 تێروانینێکی جیاواز هاتە کایەوە.)



ئەم قسانەی سەرەوە هی (حیرام بیٚ) ن و، لە ڕێکەوتی (8) ی حوزەیرانی ساڵی 1988 لە چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ (گۆنگۆر ڕەنگیدا) گوتراون، بەڵام ئایا هۆی قبوول نەکردنی دەست لە کار کێشانەوەی لە ساڵی 1980 چی بوو؟

## بەڵگەیەك

لەو باوەڕەدام کە خەبات کردن دژی ئانار شیزم و تیرۆر، وردتریش دژی کاری ئەو ڕۆخێنەرو سیخورییانە، کە دەوڵەتانی سەر بەهاوپەیمانی وارشۆ دژی تورکیا پیادەی دەکەن لەم سەردەمی کارگێری وسیستەمی حوکمی عورفیەدا، بارەسەرەکییەکەی دەکەوێتە سەر شانی راوێژکارییەتی (میت)، ئەوە مەیدانی کاری ئەوە.

لە مەیدانی ڕێگرتن لەو کارە سیخورییانەی کە دەوڵەتە دەرەکیەکان ڕەوانەی لای ئێمەی دەکەن بە ئاشکرا دەبینرێت کە راوێژکارێتی میت سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، ئنجا لە پێناوی بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەو بوارەدا راوێژکارێتی (میت) دەبێت چاوێك بە ڕێبازو میتۆدی کار و سیاسەتی کەسایەتی خۆیدا بخشێنێتەوەو بە گوێرەی پێویست دایڕێژێتەوە.

لەم هەلومەرجەدا، راویژکارێتی (میت) ساڵێکە وەرگرتنی کەسانی نوێی ڕاگرتووە، کە تیایدا (30./.)ی کادرەکانی بێزارو دوودڵن. لە ئاکامی وەکو پێویست بە ئەنجام نەگەیشتنی راوێژکارێتی (میت) لە بواری چالاکیە سیاسیەکانی ناوخۆیدا لەم هەشت مانگەی دوایدا نزیکەی (150) کەسی بە ئەزموون و پێگەیشتوو، کە فەرمانبەری بواری کاری چالاك و ئیداری بوون لە راوێژکارێتی (میت) جیابوونەتەوە، جگە لەوەی کە تائێستاش ئەو دابران و جیابوونەوەیە لە راوێژکارێتی (میت) بەردەوامەو ئەوانە لە دەرەوە بۆ کاردەگەڕێن. دوای بەرزکردنەوە (ترفیع) کەی ئەمساڵ، کادرانی راوێژکارێتی (میت) بەرزنەکراونەتەوە، کە دەبوو

بکرایەو کاریان لە ئاستی بەرزدا پێبدرێ، هەروەها هەموو جۆرە دامەزراندنێك ڕاگیراوە. وا دەردەکەوێت کە تا ئێستاش راوێژکارێتی (میت) لەسەر پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتی و چالاکی نواندنە بێسوودە بەردەوامە. لە ئەنجامی ئەوهەلومەرجەی کەباسم کرد، ئەمرۆ لەو باوەرەدام کە ناتوانم خزمەتێکی باش لە کارگێرێتی راوێژکارێتی (میت) بکەم، بۆیە داوای خانەنشین کردنم دەخەمە بەردەمی بەرێزتان.

**حیرام عەباس**

**سەرۆکی فەرمانگەی دژە سیخوری**

23 / **ئاب** /1980

به هۆی بریاری کارگێرێتی دوازدەی ئەیلولەوە داوای دەست لە کار کێشانەوەی پەسەند نەکرا، (حیرام بێ) سەرباری ئەوەی داواکەی پێشکەش کردبوو، بەلاّم تا مانگی تشرینی دووەم لە کارەکەیدا مایەوە. لەو بەروارەداو، لە کۆتایی سالّی (1978) دا خۆم ئامادەکردبوو بەئەرکێك بچمە دەرەوەی ولاّت، چەند کەسێك رێگایان بەشۆفێرێکی گروپی بەشی بەدوواداچوون گرتبوو، پەلاماریان دابوو. یەکێکیان کوڕی پەرلەمانتارێکی پارتی گەلی کۆماری (CHP) بوو. من ویستم ناسنامەکەی بناسم، ئەو گوتی (من کوری پەرلەمانتارێکم، تۆ کێیت تا لە من بپرسی؟) من بەزەبرو پالّنان خستمە ناو ئوتۆمبیلەکەوە. داوای لێبوردنم لێکردو داوای ناسنامەکەیم کرد. رۆژێ دوای رووداوەکە قیامەت هەلّسا، مەسەلەکە گەیشتە ئەنجومەنی بالاّی میللی تورکیا(T.B.M.M). پەرلەمانتاری (CHP) و گروپەکەیان و (بلند ئەجەوید) یش داوایان کردبوو من لە(میت) دەرکرێم، ئەگینا ئەوان لە ئەنجومەن دەست لە کار ئەکێشنەوە. ئەو کاتە هەل و مەرجی (CHP) یش لە ئەنجومەندا نالەباربوو. دەزگای دادوەری گوتی (کارمەندی (میت) بە ئەرکی خۆی هەلّساوەو پێویست بە دادگایکردن ناکات)، ئنجا ئەنجومەن بریاری دادگایی نەکردنی دەرکرد.



دوای ماوەیەکی کورت، لە بەرێوەبەری بەشی بەدوواداچوونەوە کرامە بەرپرسی پەروەردە لە خوێندنگەی (میت). لە ئاکامدا بە فەرمانێکی نووسراوی سەرۆك وەزیران لە (میت) ەوە بۆ فەرمانگەی ئیستاتیکی دەولەت گواسترامەوە. نزیکەی سالێك لەسەر ئەو کارە مامەوە. پاشان کاتێك دەسەلاّت گۆرا، لە سەردەمی سەرۆك وەزیران (سلێمان دەمیرال) دا ئەو فەرمانە هەلّوەشێنرایەوەو دووبارە گەرامەوە سەر کارەکەی خۆم لە ریزی دەزگا. دوای ئەمەش بە فەرمانێك لە خوێندنگەی (میت) ەوە پلەکەم بەرز کرایەوە بۆ سەرۆکایەتی فەرمانگەی دژە سخوری (کۆنترا سیخوری)، کە لەوێ وەك سەرپەرشتیارو بەرێوەبەری بەشی دەولّەتە رۆژئاواییەکان دەست بەکاربووم‌و،(حیرام بێ) سەرۆکم بوو.

(حیرام بێ) لە مانگی کانوونی یەکەمدا جیابۆوە، بەلاّم بەسەرو دلّێکی نارەحەتەوە، لە روانگەی سوود بەخشین بەدەزگا بەسەر لەنوێ ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتیەکەی لەو باوەڕەوە لە مانگی کانوونی یەکەمی سالّی (1980) ئەم نووسراوەی پێشکەش راوێژکارێتی کرد:

(ماوەی بیست و سێ سالّە بە کردەوە لە راوێژکارێتی میتدا و لە چەند جۆری ئەرك و پیشەو ئاستدا کارم کردووە. لە سۆنگەی باری نائارامی ولاّتمان و خەریك بوونی سوپا بە کارگێرێتی حوکمی عورفی و ماندووبوونی دام ودەزگاکانی تری دەولّەت لە بواری خەبات دژی ئانارشیزم و تیرۆر لە دەرەوەو ناوەوەدا، لەو باوەرەدام کە راوێژکارێتی (میت) پێویستە خەباتەکەی بە ئەنجام بگەیەنێت. لە کاتێکیشدا من لێی جیادەبمەوە ئەو تایبەتمەندی و خەسلەتانە دەخەمە بەرچاوی بەرێزتان، کە باسکردنیان سوود بەخشە. لە کاتێکدا کە لە خزمەتکردن جیادەبمەوە، ئەم بابەتەم تەنها بە مەبەستی سەلامەتی ولاّتە و لە دەرەوەی ئەمەش هیچ مەبەستێکی ترم نییە، لەو روانگەیەوە رێزو حورمەتم پێشکەش دەکەم.)

(حیرام بێ) نامەکەی بەو شێوەیەی سەرەوە دەست پێکردبوو، بە کورتی ئاماژەی بەکەم و کورتیەکانی کاری هەوالّگری تورکی دابوو. ئەوەش لە پێناوی بەرژەوەندی تورکیادا بوو، کە رەوشی راوێژکارێتی

(میت) ی بە ئاشکرا شیکردبۆوە، لێرەدا دەمەوێت چەند پەرەگرافێکی نامەکەی (حیرام بێ) تان پێشکەش بکەم:

(..کاری ئیستخبارات، جگە لە کۆکردنەوەی زانیاری و پێشکەش کردنی بە دەزگا باڵاکان، دەبێت ئەو زانیارییانە بۆ کارو ئۆپراسیونەکانی بەکار بهێنێت و سوودی گەورەیان لێوەربگیرێت، تا سەرچاوەکانی مەترسی بنەبڕ بکات. لە بواری تیرۆر و ئانارشیزمیشیدا بەهۆی ئەو زانیارییانەی کە کۆی کردوونەتەوە دەتوانێت رێکخستنەکان پارچە پارچە بکات، کادرانی سەرکردایەتیان بە باشی چاودێری بکات، هەروەها سەرچاوەی چەك و دارایشیان لە دەرەوە بزانێت و، لێیان تێکبدات..)

(.. لە بواری خەبات دژی تیرۆر و چالاکیەکانیدا، نابێت دوای ئەنجامدانی چالاکیەك تەنها کاری ئەوە بێت خەریکی بەدواداگەران و دەستگیرکردنی تاوانباران بێت، بەڵکو دەبێت سەرچاوەکەی دەستنیشان بکات و نەیهێڵێت. ئەمە کاری ئیستخباراتە. بەڵام راویژکاریتی (میت) لەم رووەوە تا ئەمرۆ هەنگاوێکی نەناوە. کەچی ئەمرۆ وا دەزانرێت کە دەست نیشانکردنی کادرانی رێکخستن و ناوەکانیان و گەیاندنی ئەو زانیارییانە بەدامەودەزگا پەیوەندیدارەکان، کە کارێکی راویژکارێتییە، ئەنجامدراوەو پێکهێنراوە..)

(کاری ئیستخبارات دەبێت شێوازو رێبازی خێرای کۆکردنەوەی هەواڵی تیرۆر بەکار بهێنێ، کە تیایدا فاکتەری خێرایی و تێرو تەسەلی هەواڵ بایەخی هەیە، بەڵام راوێژکارێتی (میت) تا ئەمرۆ لەبەر ململانێی ناوخۆو بێئەزموونی کادرەکانی ئەو رێگەیەی نەگرتۆتە بەر..)

(.. بەشداریکردنی گروپەکانی (میت) لە لێپێچینەوەکاندا کارێکی پێویستە و نابێت نەکرێت، هەروەها کاروچالاکیەکانی دروستکردنی سیخوریش، کە بەشادەماری هەواڵگری دادەنرێت، کاری پێویستە، کەچی راوێژکارێتی هەتا ئێستا ئەمانەی نەکردووە.)

(.. لە قۆناغی تیرۆر و ئانارشیزمدا هێزەکانی دەوڵەت کاتی زۆریان بەدەستەوە نییە بۆ لێوردبوونەوەو لێپێچینەوەی درێژخایەن، بۆیە ئەو هەواڵ و زانیاریانەی کە دەیانهێنن بە بنەما وەربگیرێن و کاریان



پێبکرێت. جگە لەمەش لێپێچینەوەی دەم ودەست بەرەو سەروترو ناوەندی تری تیرۆمان دەبات، هەر کاتێکیش کار بەو جۆرە کرا ئەوا بواری هەل قۆستنەوە لە دەستی تیرۆرستاندا نامێنێت..)

(.. لە بواری خەبات دژی تیرۆر و ئانارشیزمدا، دەستەبەرکردنی پشتگیری کۆمەلانی خەلك بۆ دەولەت بایەخێکی گەورەی هەیە. ئەمەش لە رێی لەسەرخۆ کرنترۆلکردنی ئانارشیزم و ئامادەکردنی سایکۆلۆژیانەی خەلکیەوە بۆ یارمەتی دانی دەولەت دەبێت. بەشێك بە ناوی(سایکۆلۆژیاپارێزی) لە راوێژکارێتی (میت) دا کە بۆ ئەم شێوازی کارکردنە هەیە تا ئێستا هیچ کارو چالاکیەکی ئەنجام نەداوە، بەرێوەی نەبردووە..)

(.. قاچاخچیەکان سەرچاوەی سەرەکین بۆ دابین کردنی چەك بۆ تیرۆرستان و ئانارشیستەکان لە تورکیادا. بە گوێرەی هەندێ زانیاری بەدەستهاتوو لە بارەی ئەو مادە بێهۆشکەرانەی کە لە تورکیاوە بۆ دەرەوە رەوانە دەکرێت، چەکیش بۆ ناو تورکیا رەوانە دەکرێت. لە بارەی پرسی قاچاخچێتیش لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆبوونەوە گەلێکیان کردووە، راوێژکارێتی (میت) یش لەم بارەیەوە بڕیاری کۆکردنەوەی زانیاری داوە، کە ئامادەکاری بکرێ. بەڵام لەم بارەیەوە کەمتەر خەمییان نواندووە. راوێژکارێتی (میت) بە تێرو تەسەلی گرنگی پێنەداوە. لە راوێژکارێتیدا دەزگایەکی تایبەت بە قاچاخچیان دانەمەزراوەو کارو چالاکی سەرچاوەکان لەم رووەوە بە سەرزارەکی بەرێوەبراوە. بۆیە لە پێناوی رێگرتن لە تیرۆریزم و ئانارشیزم لە پێناوی بریارەکانی دەوڵەتدا، پێویستە (میت) کارو چالاکیەکانی لەو بوارەدا چڕوپڕبکات..)

(.. لە کاتێکدا کەسانی سەر بە دەولەت و کاربەدەستانمان لە دەرەوەی ولات لە لایەن ئەرمەنیەکانەوە شەهید دەکرێن، بەیاننامەیان لە بۆ دەردەکرێت و بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە تۆویان بڕن و تۆڵەیان لێبکرێتەوە، کەچی هەتا ئێستا هیچ هەنگاوێك بۆ بەرپەرچدانەوەیان نەنراوە. هەروەها لە بواری ئامادەکردنی کادری پسپۆر لە دەرەوەو ناوەوەدا و دزەکردن بۆ ناو رێکخستنەکان، (میت) کەم وکورتی گەورەی

www.pertwk.com

پێوە دەبینرێت، کە تا ئێستا هیچی بۆ نەکراوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەیوەندی بەو پرسەوە هەیە کە لە سەرەوەدا ئاماژەی پێدرا.

لەلایەکی ترەوە نەبوونی دوو سیٚ پۆلیس بۆ پاراستن و بۆ نەکوژرانی نوێنەرەکانمان لە دەرەوە بە ئاشکرا دیارە، ئەوەش تا ئێستا لەبەر رەوشی ئەو ولأتە، یان لەبەر باری سیاسی لەو ولأتانەی کە نوێنەرەکانمان تێیدا کوژران، وەکو پێویست کاری بۆنەکراوە. دامەزراندنی دام ودەزگای بەرپەرچدەری کاروچالاکی ئەرمەنیەکان، کە لە دەرەوە دژی هاولأتیەکانمان ئەنجام دەدرێت، کارێکی پێویستە، نموونەی بەرچاوی ئەمە ئیسرائیلە لە دژی فەلەستینیەکان. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر رەوشی (میت) و، بەڵگەشە کە ئەم کارە دەکەوێتە ئەستۆی..)

(.. بەمەبەستی هەبوونی قورسایی زیاتری سیاسی پێویستە لوبی وەك لوبی ئەمریکیو کەنەدی دروستبکرێت لەم روەشەوە هەندیٚ ئەرك دەکەوێتە سەرشانی (میت)، کەچی راوێژکارییەتی هیچ ئەرك و چالاکیەکی لەو جۆرەی ئەنجام نەداوە..)

(.. ئەگەر ئەمرۆ کادرانی راوێژکارێتی (میت) هەڵسەنگێنین دەبینین سیٚ لە چواریان بەواستەی کەسێك دامەزراون، زۆربەیان بەژن خزم و کەسوکاری نزیکی یەکترن. وەك کۆمپانیای بنەماڵەیەك دێتە بەرچاو، زۆربەیان خانەنشینیان هەیە کەزووتر لە (میت) دا کاریان کردووە تا خانەنشین بوون. لە کاتێکدا دەتوانرێت کاروچالاکی گەورەو کاریگەر بە ژمارەیەکی کەمی کادران بەرێوەببریٚ و ئەنجامی باش و سەرکەوتووش بەدەست بهێنێت..)

(.. لە نێوان کادرانی (میت) و راوێژکارێتی میتدا بێباوەری دروستبووە. ئەم لێکدابرانەش لە نێوان سەرەوەو خوارەوەدا کاریگەریو رەنگدانەوەی زۆر خراپی لەسەر کاروبارەکان دەبێت. ئەمرۆ راوێژکارێتی (میت) دەبێت بۆ بواری کاری هەوالیٚ ئاشکرا راگەیاندن دابمەزرێنێت و خۆی بگەیەنێتە ئاستی سێرڤسی هەواڵگری راستەقینە..)

(.. هێزی چەکداریی هێژامان لە هەلومەرجی ئەمرۆدا لە سۆنگەی سەرکەوتنەکانیانەوە پاراستنی بنەماکانی دەولەتمان دەستەبەردەکات.



بۆ ئەوەی کارو ئەنجامی باشتر بەدەستەوە بدەن پێویستە هەماهەنگی لە نێوان هەواڵگری و سوپادا لە بابەت ئۆپراسیونە گەورەکاندا هەبیٚ، هەروەکو لە زۆر دەوڵەتدا دەبینرێت..)

ئەم مەسەلانە هەشت ساڵ لەمەوبەر، وردتر لە ساڵی 1972 دا بە گیانێکی سادەو ناپسپرۆییەوە نووسیمان و بۆ راوێژکارێتیمان بەرز کردەوە. بەلأم ئێستا بە گیانێکی پرۆفیشنالیەوە دەخرێنە بەرچاو، کە جەوهەری وانەی ئیستخباراتن، لێرەدا جێی خۆیەتی کە بپرسین کێ کۆسپی بەردەم کارو چالاکی بەرهەمدارترو بەئەنجامترەو رێگرە؟ لە کاتێکدا هەواڵگری هەندیٚ جار کاریگەری لە دەیان تیپی چەکدار کاریگەترو زیاترە، بۆچی ئەم شێوازە پەیرەو ناکرێت؟ ئایا ئەگەر (حیرام بیٚ) ببوایەتە راوێژکاری (میت) توانای رێکخستنی هەندیٚ شتی دەبوو؟ نازانم.. بەڵکو وەلأمی ئەم پرسیارە لە لاپەرەکانی داهاتوودا بدۆزینەوە.

(حیرام بیٚ) دوای خانەنشین بوونی، بەتکاو پارانەوەی تایبەت گەڕایەوە سەرکارەکەی. دوو منداڵی دەیانخوێند، بە (30) هەزار لیرەی مووچەکەی خێزانی بەرێوە دەبرد، ئەگەر بشگەرابایەتەوە بۆ سەر کارەکەی پارەی زیاتری چنگ نەدەکەوت.

من ماوەی دوو ساڵ لە ولأتێکی سۆشیالیستی دراوسێدا بۆ کارو ئەرك مامەوە، جگە لە کاتی بینیی کە بە مۆلەت دەهاتمەوە، زۆر کەم یەکترمان دەبینی. پاش ئەو دوو ساڵەش لەو ولأتەدا لە کۆتاییدا وەك ناحەز دەرکرامو، لەسەر سنور چاوەروانم بوون.

لەو قۆناغەدا ئەرمەنیەکان دەستیان کرد بە تیرۆکردنی چەندین نوێنەری گەورەی تورکیا لە دەرەوە. گەورەکانمان لە رێورەسمی ناشتنیاندا دەیانگوت بەرپەرچیان دەدەینەوە، تۆویان دەبرین، بەلأم هەر قسەبوو.

کۆشك بانگی (حیرام بیٚ) ی کردو ئەرکی تۆڵەی خوێنیان پیٚسپارد. کادرانی کۆشك بەکردەوە ئەم هەنگاوەیان نا، لەم روەشەوە دەست و بازووی (حیرام بیٚ) ئاسنین بوو. جارێکی تر ئەرکی رزگارکردنی تورکیای کەوتە ئەستۆ.

www.pertwk.com

# جێگری راوێژکاری میت

سالّی 1982 دوای تەواوبوونی کارم لە دەرەوە گەڕامەوە بۆ ولاّت، بۆ ماوەی سالێك کرامە بەڕێوەبەری (میت) لە ناوچەی ماردین. لە کۆتایی سالّی 1983 دا دووبارە گەڕامەوە بۆ ئەنقەرە لە فەرمانگەی کۆنترا سیخوری بوومە بەڕێوەبەری بەشی قاچاخچیان. کە تازە دامەزرابوو. پاش ماوەیەکی کورت کرامە جێگری سەرۆکی فەرمانگەی کۆنترا سیخوری. لەبەر ئەوەی تاکە جێگربووم، بەشەکانی تری فەرمانگەی کۆنترا سیخوری وەك فەرمانگە سەر بە من بوون. سالّی 1984 (بەهجەت جان تورك – گەورە قاچاخچی خەڵکی دیاربەکر) بۆ مەبەستی لێپێچینەوە لەلایەن (میت) ەوە گیرا. من بەرپرسی لیژنەی لێپێچینەوە بووم.

سالّی 1985 بە ئەرکی پەروەردەو وانە گوتنەوە لە خوێندنگای (میت) دامەزرام، کە لە دەرەوەی ولاّت ئەرکم پێسپێردرابوو، کتێبێکم لەسەر قاچاخچیەتی بە چاپ گەیاندو خولێکی تایبەتم لەسەر قاچاخچێتی بەڕێوەبرد.

لە کۆتایی سالّی 1985 دەنگ وباسی گەرانەوەی (حیرام بێ) بۆ ریزەکانی دەزگا پەیدابوو. نیوەڕۆی رۆژێکی پشوو لە ژووری تایبەت بە مامۆستایانی خوێندنگەی (میت) دانیشتبووین، پیاوێك هاتە ژوورەوە کە وەك (ساڤاشمان) گومان لێکراوبوو، تا ئێستاش لە پلەی بەرزدایە، بە گاڵتەیەکەوە پێی گوتم: محمد ئەوە چییە، حیرام دەگەڕێتەوە ریزەکانی دەزگا و دێتەوە دژە سیخوری؟ منیش گوتم (منیش بیستوومە، بەلاّم وەك راوێژکاریان جێگری راوێژکار دەگەڕێتەوە ناو دەزگا). گوتی (گیانەکەم چۆن دەبێت؟!.. ئەو پلەیە بە ئەو نادەن.). ئەمەی بەدەم گاڵتە جارکردن بە (حیرام بێ)وە وت.

(حیرام بێ) لەمانگی کانوونی دووەمی سالّی 1986 بە پلەی جێگری راوێژکاری (میت) گەڕایەوە بۆ ناو ریزەکانی دەزگا. گەڕانەوەی مایەی دڵ خۆشی بوو بۆ دۆستەکانی، ئەوانەشی کە بەدەم سەردانی وەزیرو



سەرۆکی پارتەکانەوە جنێویان پێدەدا لەپاشملە، حیرام بێ بەم دامەزراندنە ببوە برا گەورەیان. لە مەمەری پێش ژوورەکەی (حیرام بێ) یەك لە دوای یەك ریزیان بەستبوو بۆ پیرۆزبایی کردن، گومان لێکراو، خاوەن پێکەنینە گاڵتە جارییەکەش لە نێوانیاندا بوو، لەو ژوورەوە دەمبینی زوو زوو ریزی پێشکەشی جێگری راوێژکار دەکرد.

(حیرام بێ) هەڵوێست و رەفتاری ئەوانی دەزانی، سەرەرای ئەوەش کاتێ بووە جێگری راوێژکار و لە نزیکی کاریان دەکرد پشتی لێهەڵنەکردن و لێشیان خۆش بوو.

راوێژکار (بوورهانەدین بیگالی) زۆر بە توندی دژایەتی (حیرام بێ) ی دەکرد. بەلاّم کاتێك بووە جێگری، دژایەتیەکەی گۆڕا بۆ نزیکایەتی و نەرم ونیانی نواندن. ئنجا بەڕێوەبردنی هەموو ئۆپراسیونەکانی بە (حیرام بێ) سپارد.

(بیگالی پاشا) رۆیشت و (خەیری ئەندۆل پاشا) وەکو راوێژکار هاتە شوێنەکەی. دوای گەڕانەوەی (حیرام بێ) بە چەند مانگێگ، من لە فەرمانگەی ئەمنی تازە دامەزراودا دانرابووم.

(خەیری ئەندۆل) لە رەفتاری بەرزتری (حیرام بێ) و مەسلەکیەتی ئەو نارەحەت بوو بوو. بۆیە سڵی لە گرفت نانەوەو بە خراپە باسکردنی لە لای گەورە بەر پرسەکان نەکردەوە. بەشێنەیی دەستی کرد بە بەرچدانەوەو پێشگرتنی. (حیرام بێ) ش لە کۆتاییدا بریاریدا کێشەکە بۆ بەرپرسە بالاّکان بەرز بکاتەوەو ئەگەر پێویستیش بکات واز لە دەزگا بهێنێت، چونکە هەر چۆن بووە بەو شێوەیە نەیدەتوانی خزمەت و سوود بەریزەکانی دەزگا بگەینێت.

ئێستاش با سەیری کاغەزە تایبەتەکانی بکەین..

1978/8/31

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران..

به فرمانی بەڕێزتان لە (12ی کانونی ساڵی 1986 ەوە تا ئەمڕۆ ئەرکی جێگری راوێژکارێتیم بە شانازییەوە بەڕێوە بردووە. کە دەست بە کاریش بووم ئامانجم ئەوەبووە (میت) لە ناوەوەو لە دەرەوە بە شێوازێکی نوێتر و بەبەرهەمترو ئەنجامگیر تر بکەم.

لە سەردەمی راوێژکارێتی (موشیر بورهانەدین بیگالی)، کە ئێستا سەر لە شکری سووپای دووە، بە هاوکاری و رێنماییەکانی ئەو دامودەزگای نوێمان دامەزراندو توانیم رێکخستنەکانی ناوخۆسەر لە نوێ رێك بخەمەوە. بەڵام راوێژکاری نوێ

(فەریقی یەکەم خەیری ئەندۆل) لە رووی بیروبۆچووندا لەگەڵ من دژ بەیەکترین.پێویستش دەکات کە ئەو دژایەتیە لەسەر پرسە سەرەکیەکان روون بکەمەوەو عەرزتانی بکەم:

1– جیاوازی لە نێوان مەدەنی و سەربازیدا دەکات، ئەمە لە کاتێکدا بۆ بەهێز کردن و پێشخستن و دوا ڕۆژی دەزگاکەمان پێویستە دەرچووانی زانکۆکان دابمەزرێنرێن.

2– لە بارەی باشووری ڕۆژهەلاتو (PKK) لەگەڵ بەرێز راوێژکاردا تێروانینمان تەواو دژی یەکترە. بەرێز سەرۆك کۆمارمان لەم رووەوە جەخت لەسەر پێویستی هاوکاری نێو دەولەتی دەکات و شێوەی جیاجیاشی دیاریکردووە. بۆ ئەم جۆرە هاریکارییەش فەرمانگەی ئەمنیمان دامەزراندبوو، کە سەر بەجێگرێتی راوێژکار بوو، بەلام بەرێزی بە فرمانێك ئەم بەرێوەبەرایەتیەی بەخۆیەوە گرێداوەو بەرێوەبەری فەرمانگەکەش (محمد ئەیموور) بە ئەرکی ناپێویست رەوانەی دەرەوەی ولات کردووە. هەروەها بەرێز راوێژکار رازی نەبووە پۆستەکانی دەرەوە بەهێز بکات و نوێیان بکاتەوە.

3– دامەزراندن و گواستنەوەکان ساڵانە لە مانگەکانی حوزەیران و تەمووزدا لە ریزەکانی دەزگادا دەکرێت. بەرێز راوێژکار لە مانگی ئەیلولدا بۆ چوونی خۆی بۆ من ئاشکرا کردووە. کە بەنیازە سەرۆکی فەرمانگەی ئاسایش، سەرۆکی فەرمانگەی هەواڵگری دەرەوەو سەرۆکی فەرمانگەی ناوچەی ئەنقەرە بگۆرێ و ئامادەکاری بۆ دەکات. ئەم پلەو



پایانە زۆر هەستیارو ناسك و گرنگن، جگە لەوەی کە ئەو بەرپرسانە ئەرکەکانی خۆیان بەسەرکەتووی ئەنجامداوەو خاوەنی ئەزموونن. ئەگەر ئەوانە لابرێن شوێنەکانیان بە ئاسانی پرناکرێتەوە، کە ئەمەش بە ئاشکرا دیارە. لەو بروایەشدام کە ئەم لادان و دامەزراندنانە بێ بنەماو شتی شەخسین.

4– سالانێکی دوورو درێژە کە بەشی زۆری بودجەی کار لە بیناکاندا خەرج دەکرێت. خەرجی کەلوپەلی پێداویستی ئۆپراسیۆنەکان زۆر کەمە، ئەمەش زۆر گرنگە، چونکە دەرئەنجامی ئۆپراسیۆنەکانی پێوەبەندە. بۆیە بەمەبەستی بەهێزکردنی هەواڵگری تورکی و دەرئەنجامی چالاکیەکان پێویستە بودجەی ئۆپراسیۆنەکان زیاد بکرێت و سەرچاوەی داراییە نهێنییەکان فراوانتر بکرێت. ئەوەشمان لە بەرێز راوێژکار داواکردووە، کەچی رازی نەبووە.

5– لە کۆتایشدا، پەیوەندی و چاوپێکەوتنم لەگەڵ بەرێز سەرۆك وەزیران و راوێژکارەکەی لەلایەن راوێژکارەوە لێ قەدەغەکراوە، ئەمەش بەو ناوەی کە تاقە قسەکەری دەزگا ئەوەو بەس.

بەرێز سەرۆك وەزیرانم..

چەندین رۆژنامەی هەمە چەشن لە مانگی ئابدا باسیان لەوە کردووە کە ئەگەر هەیە بەرێز رەجەب ئەرگۆن یان من بۆ پۆستی راوێژکارێتی بەرزبکرێنەوە. ئەم نووسینانەش راوێژکاریان زۆر سەغلەت کردووە. من بەمێملی پۆستەکەی خۆی دەبینێ، بۆیە وازندەکرێت کە بەتەواوی کەوتبێتە دژایەتی کردنم.

کۆبوونەوەی هەموو کارو دەسەلاتەکان ئەگەر بەشێوەیەکی تاکڕەوانە لە دەستی راوێژکاری میتدا بێت، ئەوا دەزگاو کاری هەواڵگری تورکی لاواز بێت. بەرێز فەریقی یەکەم تەنها ساڵێکە بۆتە راوێژکار و هاتۆتە ناو کاری ئیستخبارییەوە، بۆیە ناتوانێ مەسەلەکان یەکلایی بکاتەوە، ئەزموونی پێویستی نییە. من وەك جێگرێك لەو باوەڕەدام، مەبەستیشم چشت بۆ هەلبەستن نییە، کە کێشەی نێوان راوێژکار و جێگرەکەی شڵەژان لە ناو ریزەکانی دەزگادا بلاودەکاتەوە، منیش لەلای خۆمەوە

www.pertwk.com

هەردەم ئامادەم بۆ خزمەتكردنی دەوڵەت و جێبەجێكردنی هەموو كاروفرمانێكی دەرەوەی سنووری وڵاتیش. لەم روەوە دڵئارامیتان داخوازیمە، بەرێزەوە چاوەروانی بریارو فەرمانتانم و رێزتان عەرز دەكەم.

**حیرام عەباس**
**جێگری راوێژكاری میت**

نازانم نامەكەی بە چی وەڵام درابۆوە، بەڵام لەو باوەرەدام كە داوای ئارام گرتنیان لێكردبێ. (حیرام بێ) یش ئارامی گرت.

لە سەردەمی جێگری راوێژكاریدا هەوڵیدا بوو شتێك بەرامبەر ئەم پێشگرتنانە بكات. لە ئاست كادیرانی كۆنی (میت) ئەوانەی خانەنشین كرابوون و ئەوانەشی كە خزمەتیان زۆر كردبوو، زۆر بە ئەمەك بوو. هەوڵی بۆ دەدان، بەسەری دەكردنەوەو لێیدەپرسینەوە، هەموویان لە یەكتر دابڕابوون و لە گۆشەكاندا ونبووبوون تەنانەت هەواڵی مردنی هەنێكیشمان نەزانیبوو!! (حیرام بێ) هەوڵی كۆكردنەوەی ئەوانەی دەدا، ناسنامەی بۆ كردن. بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە ئەزموونەكانیان و دامەزراندنەوەی نزیكایەتیەكی هەوالگرییانە، یانەیەكیشی بۆ كردنەوە.



## هەواڵگرییە خانەنشینكراوەكان

بەبێ ئامادەكاریی كەوتمە ناوپۆلی خانەنشین بونەوە. نەمدەزانی چی بكەم؟ لە پێناوی بژوێوی ژیان و خۆخەریككردن كار پێویست بوو. هەندێك جار لەو بێكارییەدا هەستم بە بۆشایی رۆحیی دەكرد. لە كۆتاییدا كارێكم دۆزییەوەو خۆم لەو بارەرزگاكرد. جار نا جارێكیش پرسیارم لە خۆم دەكرد كە، ئایا ئەو هەموو كارو هاتوچۆ لەبن نەهاتووەی جارانم كۆتایی پێهات؟!

لەو بارودۆخانەدا، مرۆڤ كاتێك لە دەرەوەرا دەروانێتە ئەو كێشمەكێش و فەرتەنانە زۆر بێ مانا دێتە بەرچاوی، بەڵام لە راستیدا ژیان خۆی بەو جۆرەیە و هەر بەو شێوەیەش بەردەوام دەبێت. لەلایەكەوە مرۆڤ بە جۆرێكی درندانە بەردەبنە گیانی یەكترو كێشمەكێشی بێسنوورو شەرو تیرۆر لەناوا دەبێت، لەلایەكی تریشەوە ئاشتیو برایەتیو چەك فرێدان و ژیانی ئاسودە. لەسەرەتای دەستبەكاربوونم لەو كارەدا هەندێ دژایەتیم كرا. ئەو راپۆرتەی كە لێمدرابوو بووە مارو تێمئالاْ. ئەنجامی زۆر ئیش و كار كە پەیوەندیشیان بە منەوە نەبوو، بەسەرمدا شكانەوەو سەریەشەی زۆریان بۆ دروست كردم. بەڵام لە رووی كارو ئەركەكانمانەوە بواری وەلام دانەوەم بۆ نەدەلوا بۆیە خۆم لێ لادان و دەم خەپاندن، لەلایەكی تریش فەرماندەكەم، هاوسەر، خێزان، دۆست و برادەرەكانم منیان باش دەناسی و راستییەكانیان دەزانی.

هیچ نارەحەتیكەم بەرامبەر دەزگاو دەوڵەت نەبوو، چونكە دەوڵەت دەوڵەتی خۆم و دەزگاش دەزگای خۆم بوو. ئەوانەش بوو بوونە بەشێكی پیرۆزی ژیانم. هەمیشەش وەك چاوی خۆم پاراستوومن. پرسەكە سادەو بچووك بوو، راپۆرتەكە لە دەرەوەی ئیرادەی خۆم گەیشتبووە ئەوێ و كردەوە هەلەی كەسێكی مەسلەكچی بوو. بەڵام ئەمە لەلایەن كەسانی تێنەگەیشتووەوە بێشەرمانە قۆسترایەوەو لە كارەكەم خانەنشین كرام. بۆیە تائێستاش لەو كەسانەتوڕەو دڵگرانم.

(خانەنشینکراوانی میت) زوو زوو تووشی کەسانی هەڵپەرستو بێ ئەمەك بێ باوەر دەبووم. خەڵکی وەك خۆشمی تێدابوو. پرسیارم لە خۆم دەکرد کە ئایا منیش دوای خانەنشین کردنم بەدەم ناکۆکی گەلێکی دەرونمەوە دەتلامەوە لەیانەی بووم بە یەکێك لەوانە؟! لە دڵەوە دەمپرسی ئایا بۆ من دەلوێ وەکو ئەوانە ببم و بژیم، لەکاتێکدا ئیتر هێلی ژیانی خۆمم پێ نەدەگۆڕدرا. لە ژیانی رابووردووی کارەکەشمدا لەکەدار نەبووم و ژیانی تایبەتیشم زۆر ئاشکراو لە رووبوو وەك هەر کەسێکی تریش بەشی خۆم هەڵەو کەم وکورتیم هەبوو، بەڵام پەندو وانەم لێهەڵهێنجاون.

خێزانەکەم، وەك هەمیشە، هەر یاریدەرو هاوکارم بوون. چەند برادەرو دۆستی راستەقینەش هەرگیز دەورمیان چۆڵ نەدەکرد، لەگەڵ ئەوانەدا پێکەوە کۆمپانیایەکمان دامەزراندو من بوومە کارگێری، ژیان هەر خەبات و تێکۆشانەو ئیتر لە بواری بازرگانیدا درێژەی پێدەدەم.

جگە لە چەند برادەرێکی کۆنەهاویشتەی بە ئەمەکم. پەیوەندیم بە تەواوی بە دەزگاوە پچراندبوو. بەلای منەوە ئەو قۆناغە بەشەرەفە داخراوو، کۆتایی پێهاتبوو.

(حیرام بێ) دۆستی راستەقینەم، ئەویش لەو کۆمپانیایەدا بەشداربوو. کورەکەی بە ناوی (جەنگیز) لاوێکی چوست و چالاك و کار بەرێوەبەر بوو، کۆمپانیاکەی بەرێوەدەبرد، گواستنەوە، هێنانی شمەك رەوانە کردنیانی بە ئەستۆگرتبوو، نوێنەری چەند کۆمپانیایەکی بیانیش بوو.

(حیرام بێ) کارێکی وای لەناوکۆمپانیاکەدا نەبوو، ئەو لەبارەی چۆنایەتی شمەکەکانەوە مامەڵەی دەکردو هەندێ جاریش بۆ کارو باری نوێ پەیوەندی‌یە بالاکانی بەرێوەدەبرد. ئەگەر چی کاروباریشی زۆر نەبوون، بەڵام چونکە بەپێی کاری پێشوو وا راهاتبوو هەموو بەیانیەك بچێتە سەر کار، بۆیە رۆژانە دەهاتە کۆمپانیا، سەرباری ئەوەش کە ئەو کارانە داهاتی باشیان هەبوو بۆی کە چی دڵی ئەویان ئاسوودەنەکرد، چونکە ئەو پیاوێکی هەواڵگری بوو، تەنها کاری ئیستخباراتی و پیادەکردنی، وەك یاری شەترەنج لە رووی زانینی ئۆینی بەرامبەرەکەی و



خۆ سازدان بۆی و خوێندنەوەی پاشان بەرپەرچەدانەوەی، تێردڵ و ئارامی دەکرد. زۆر حەزی بە یاری ئۆینی عەقل بوو.

لەوانە بوو (حیرام بێ) لە جیاتی خانەشین کردن بۆ ئاستی راوێژکارێتی بەرز بکرایەتەوە، گەر ئەو راپۆرتە نەبووایە و هەروەها ئەگەر لە بواری کارگێری و پلە جیاجیاکانی بەرپرسیارێتی‌دا ناحەزی نەبووایە. دوای ئەوەی راپۆرتەکە، لەلایەن هەندێ کەسەوە بە نهێنی و بەبێ ئیمزا و ژێر بەژێر گەیەنرایە هەندێ ئاست و شوێن کێشەکە ئالۆزبوو. جگە لەوەی کە راپۆرتە ئاشکراوو ئیمزاکراوەکەی خۆشمان حسابی بۆ نەکرا.

جارێکیان ئەفسەرێکی بالای دەزگای ئاسایشی دەولەت (MGK) هاتەماڵمان و بە حوکمی برادەرایەتی راستییەکانمان ئالوگۆرکرد، بەلای ئەوەو کە ناشێ (حیرام بێ) بۆ پلەی راوێژکارێتی بەرزبکرێتەوە، چونکە لەناو سوپاو ئەندامانی دەزگای ئاسایشدا وەك دوژمنی عەسکەریەکان دەناسرێت. ئەو ئەفسەرە دەیزانی کە ئەم تێروانین و هەلوێستە راست نییە، بەڵام ئەوە هەلەسنگاندنی فەرماندە بالاکان بوو، ئەو کەسەشی کە شوێنی راوێژکار (خەیری ئەندۆل) ش دەگرێتەوە دیاری کرابوو. دەکرا ئەو تێگەیشتنە هەلەیە بەرامبەر بە (حیرام بێ) لە مێشکی گەورە بەرپرسانی سوپادا بسرێتەوە، بەڵام ئەمە نەدەکرا، چونکە کات بەدەستەوە نەمابوو.

سەرباری هەمووی، ئەم هەلوێست و هەلسەنگاندنانە هەرگیز (حیرام بێ) یان سارد نەدەکردەوە. هەمیشە ئامادەی خزمەتکردنی وڵاتەکەی بوو ئەوەشی بەئەرکی سەرشانی دەزانی, کە منیشی دەبینی دەیگووت (بروانە تۆ کەوتویتە دوای پارە و منیش تا ئێستا لە خزمەتی دەوڵەتدا کار دەکەم.)

پەیوەندی بەردەوامی بەئاستە بالاکانی دەوڵەتەوە هەبوو، لە هەندێ مەسەلەدا هەردەم رێنمایی دەکردن بە ئاگاداری گەورە بەرپرسانی دەوڵەت بەشداری چەندین پلاتفۆرمی نێو دەوڵەتی لە بارەی تورکیاوە کرد وەکو لۆبیەکی سەرکەوتوو کاری پروپاگەندەی دەکرد. ئەندامە بالاکانیش بۆچوون و تێروانینەکانیان بەهەند دەگرت.

www.pertwk.com

له ناو کاغەزەکانی (حیرام بیٚ) دا رەشنووسی راپۆرتێك، سەبارەت بە چۆنێتی کارکردن و خەبات و پلانی پێویست دژی (PKK) دەبینرێت. ئەم راپۆرتەی لە ساڵی (1989) بەرز کردبۆوە، بەلاٚم نازانریٚ بۆ کیٚ رەوانە کردووە. منیش بەمەراقەوە دوای کەسی بۆ نێردراوەوە نەگەڕام و لێم نەپرسی. (حیرام بیٚ) پسپۆرێکی هێژای خۆرهەلاٚتی ناوەراست بوو. پێش مردنی بە سالێك، لە ساڵی 1989 دا راپۆرتێکی لە بارەی سیساسەتی ئەمریکا لە رۆژهەلاٚتی ناوەراست و ئەو نەخەشەیەی بۆ تورکیایی دیاریکردووەو مەسەلەی داگیرکردنی کوێت و شەرو شۆری ناوچەکەوە نوسیبوو. لەو راپۆرتەدا شتەکان شی دەکاتەوەو دەلێت (.. ئەمریکا لە سەردەمی کیسنچەرەوە پلانێکی بۆ رۆژهەلاٚتی ناوەراست دارشتووە، ئەوەش بە مەبەستی سەپاندنی دەست رۆیی سیاسیو ئابووری خۆی تێدا. بەگوێرەی ئەو پلانە هەولٚ دەدات ئەم ئامانجە بهێنێتە دی:

1- هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی مەسەلەکانی عەلەوی، سونی، کریستیانی، ئەرمەنی، کوردو کەمایەتیەکانی تر. بەمەبەستی پارچە پارچە کردنیان و خستنە گەریان لە بەرامبەر هێزی دژ و لاوازکردنی دەوڵەتانی ناوچەکەو خەریك کردنیان بە کێشەو ململانێی ناوخۆییەکانەوە.

2- هەوڵدان بۆ چەسپاندنی زاڵدەستی لەرێگای ئیسرائیل پۆلیسی ئەمریکاوە، کەئیسرائیلیش هەول دەدات ئیسرائیلی گەورە لە نێوان نیل بۆ فورات پێك بهێنێت.

3- کۆتایی هێنانی کێشەی فەلەستین بەوەی کە لوبنان پارچە پارچە بکرێت و فەلەستینیەکان لە باشووری لوبنان نیشتەجیٚ بکرێن.

4- سەرچاوەو داهاتی دارایی لوبنان، کە لە ئەنجامی شەڕو پشێوی ناوخۆوەو تێکدراوە لە رێی پترۆ -دۆلارەوە لە دەرەوە پربکرێتەوە.

5- بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جۆلان لە نێوان سوریا و ئیسرائیل بەشێکی زۆری لوبنان بدرێتە سوریا.



ئەم پلانە دارێرژراوە و سەرەتا جگە لە بەرژەوەندی سوریاو ئیسرائیل، دانای پترۆ – دۆلار بۆ بانکەکانی ئەوروپاو لەسەرووشیانەوە بۆ سویسرا قازانجی زۆری تێدابووە.بۆیە دژایەتی ئەو پلانانەیان نەکردووە.

* لە ئەنجامی شەری ئیسرائیل و لوبنان دەرکەوت کە ئیسرائیل شەری داگیرکردن ناکات، بۆیە خەیالی پۆلیسکردنی ناوچەکە هەلوەشایەوە.

* ئەمریکا لەبەر خاتری پترۆ – دۆلار،ئەورپاش شان بەشانی ئەوە بۆ ماوەیەکی کورت نا، بەلکو لە ماوەی پازدە ساڵدا نەیتوانی بە هیچ ئەنجامێك بگات. لە کاتێکدا کوژرانی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مەدەنی بەشێوەی بۆردوومان و کۆکوژی نارەزاییەکی زۆری نایەوە. تاوای لێهات پاپا ئەو کێشەیە بە هی خۆی بزانێت و لێی بێدەنگ نەبێت.

لەلایەکی تریشەوە دەولەتانی تری ئیسلامی لە ترسی ململانیٚ و گیروگرفتی مەزهەبی سوننەو شیعە لەناو خۆی لوبناندا کەوتنە خۆ بۆدۆزینەوەی رێگاچارەیەکی سیاسی بۆ کێشەی لوبنان، کە دەبوو ببێتە هاندەرو نموونەیەك بۆ مەزهەبە جیاجیاکانی ناوخۆ، بەتایبەتی لەنێوان سوننەو شیعەکاندا و بەرەیەکیان دژی سوریا پێکهێنا بۆ بەرەنگاری کردنی هەولوێست و هەبوونی چالاکی سوریا لە لوبناندا.

*لەبواری پێداویستی پاراستنی مافی مرۆڤیش حکومەتی ئەمریکا کەوتۆتە رەوشێکی نارەحەتەوە لە بەرامبەر هاولاٚتیانی خۆیدا.

*لە ئەنجامدا گۆران لە سیاسەتی ئەمریکا دەرحەق لوبنان – خۆرهەلاٚتی ناوەراست لە شێوازدا پێشبینی دەکرێت و روو دەدات.

*لەوانەیە لە رۆژانی داهاتوودا بۆردومانەکانی سەر لوبنان رابگیرێن، لە ماوەیەکی سیٚ مانگیدا ئاگر بر رابگەیەنرێت و گەران بەدوای رێگا چارەی سیاسی دەست پێبکرێت و سەرۆك کۆمارێك بۆ لوبنان دیاری بکرێت کە هەر سیٚ لایان قبوڵی بکەن.

*ئەم گۆرانکاریانە لە سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەلاٚتی ناوەراستدا بایەخ و گرنگی تورکیا زیاد دەکات.

www.pertwk.com

*بەئاشکرا دەرکەوت کە ئیسرائیل ناتوانێت ڕۆڵی پۆلیس لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕێت، بۆیە بایەخی تورکیا بۆ ئەمریکا زیاتر دەبێت. لەو ئیماکانە بکۆڵێرێتەوە کە دەوری ئەو پۆلیسە بدرێتە تورکیا. لەم ڕوانگەیەشەوە لەوانەیە بەلایەنی کەمەوە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کێشەی کورد و ئەرمەن .... هتد زیاتر ببێت.

سوریا نوقمی ڕووداوەکانی لوبنان بووە، بارودۆخێکی دژواری بۆ هێناوەتە ئاراوە و کاردانەوەی زۆری دەوڵەتانی ئیسلامی بۆ خولقاندوە بۆیە لەبارێکدایە گەر تورکیا لەسەر هاوکاری کردنی بۆ (PKK) زۆر فشاری بخاتە سەر بواری کاردانەوەی نییە.

*پێویستە تورکیا لە نزیکەوە چاودێری گۆڕانکارییەکانی لوبنان بکات. گۆڕەپانی لوبنانیش باشترین گۆڕەپانە کە گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێدا چاودێری بکرێت و ببینرێت. بۆیە پێویستە لەو گۆڕەپانەدا ئیمکاناتی هەواڵگریمان بۆ ئاستێکی بەرز گەشە پێبدەین.

**عەرزتان دەکەم**
6/**ئەیلول**/ 1989
**حیرام عەباس**

عێراق کوێتی داگیرکردبوو. قۆناغێکی نوێ و چالاك بۆ سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هاتبووە ئاراوە. (حیرام بێ) پەیوەندیەکانی بە گەروە بەرپرسانی دەوڵەت دریژە پێدابوو. لەم بوارەدا زانیاری و شارەزاییەکی کە لە میانەی ئەم کارەیدا بەدەستی هێنابوو بۆی بەرز کردبوونەوە. پێش مردنی بەسی و پێنج ڕۆژ ڕاپۆرتێکی لە بارەی جەنگی کەنداوەوە پێشکەشی سەرۆك کۆمار (تۆرگوت ئۆزال) کردبوو:

بەرێز سەرۆکی کۆمارم..

لەم ڕۆژانەی دووایدا لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا هاتووە، تورکیا پێویستی بە



سیاسەت و هەواڵگری چالاکە، کە بتوانێ لە ئاست ئەم گۆڕانکارییانەدا بێت و تەنانەت ئامانج و ڕێوشوێنی کارکردنیشی بگۆڕێت.

ڕێکخستنی هەواڵگریمان، کە لە دوای حەرەکەی ساڵی 1960 وە بەکردەوە کەوتۆتە ژێر دەستی سەرۆکی دەستەی ئەرکان و بە بۆچوون و ڕێوشوێنە میلیتارییەکان بەڕێوەبراوەو ئامانج و بەرنامەی کاری لە ڕووی جۆری ئەو زانیارییانەی کە کۆدەکرێنەوە لەسەر هێزی میلیتاریی دەولەتان دامەزراوە.

لەم ڕووەوە ڕێکخستنی هەواڵگری جگە لەوەی کە بەسنوورداری ماوەتەوە، نەخشەی باشیشی بۆدانەڕێژراوەو بەپێی پێویست لە هەموو بوارەکاندا نەخراوەتە گەڕ.. لە ناوەوەش دەستەی ئەرکان هەموو قورسایی خستۆتە سەر چالاکی تێکدەرو پارچە پارچەکردن و تیرۆر لەسەر ئەم بنچینەیەش هێڵی گشتی کاروبارە سەرکیەکانی (میت) بە تەواوەتی نەگیراوەتە بەرو. سست و لاواز ماوەتەوە.

لەم سەردەمەی ئەمرۆدا، لەبواری چالاك کردنی سیاسەتی دەولەتەکەمان و دامەزراندنی (هەواڵگری میللی) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و پێشکەشکردنی ناتوانین دەستەبەرداری کاری (میت) بین و پێویستە بیرێکی لێبکەینەوە.

لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا تەلەفزیون و دەزگاکانی ڕاگەیاندن گەورەترین هەواڵ و ڕووداو لە چرکەیەکدا دەگەیێننە هەموو کونجێکی جیهان. لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانرێ لەلایەن وەزارەتی دەرەوەیان ڕێکخستنی جیاواز چاودێری بکرێت. بەڵام ڕاگەیاندنی دەرەوە بە ئاستێکی بەرز لە ژێر کۆنترۆلی ئەمریکا و ئیسرائیلدایە. هەر چەندە ئەو هەواڵ و ڕووداوانە لەلایەن سەرچاوە میللیەکانی خۆمانەوە لێیان بکۆلرێتەوە، بەڵام هێشتا لە بارەیانەوە ناگەینە ئەنجامی یەکلاکەرەوە. هەواڵی هەڵەش مەترسی گەورەی لێدەکەوێتەوە.

لەلایەکی تر ڕێکخستنی ئیستخبارات، کاری بە تەنها کۆکردنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو ئامێرێکی گرنگە بۆ پراکتیك کردنی سیاسەتی شاراوەی دەولەت. بۆ نموونە سەرۆکی ئەمریکا (بۆش) ئەرکی

رووخاندنی (سەدام حوسێن) ی بە (سیا) سپاردووە. سوریا هەتا ئێستا سیاسەتەکەی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا لەرێی مخابەراتەوە بەرێوە دەبات. مخابەراتیش لە رێی رێکخستنی وەک (PKK) و (ئەمەل) وەوە سیاسەتی خۆی پراکتیزە دەکات. ئەمانە نموونەی نزیك و بەرچاون.

ئەگەر ئەو جموجولە سەربازییە رژێمی (سەدام) بروخێنن. لەو بروایەدام گۆرەپانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەبێتە مەیدانی گۆرانکاری زۆر گەورە.ئنجا لە پێناو سوود وەرگرتن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تورکیا لەو گۆرانگارییانەدا پێویستە ریفۆرمی بەپەلە لە ئیستخبارات و چالاکییەکانیدا بکات و، بەپێی پێویست بکەوێتەخۆ.

بەم رێو شوێنە دەتوانرێت زانیاری ووردو راست، لە ئەمریکا زیاتریش کە لە رێی مانگە دەستکردەکانیەوە دەیکات، کۆبکەینەوە.

(میت) وەکو پۆلیس، یان تۆزێك کەمتر، لەناوخۆدا سەرقاڵی کارو خەباتە دژی تیرۆر. ئەمەش وایکردووە نەپەرژێتە سەر کاروباری دەرەوە. بۆیە بوونی لەناوچەکەدا بەبەراورد لەگەڵ ئیستخباراتی عێراق، ئێران، یونان و دەوڵەتانی رۆژئاوا کەمترە. پێویستە زیاتر بایەخ بە کاری دەرەوە بدرێت و کاروباری خۆی لە میانەی مەسەلەی کورددا بە تێگەیشتن و رێوشوێنی نوێ بەرێوەبەرێ.

ئەو دەوڵەتانە زۆر بە ئاشکرا لە ئاستێکی بەرزدا پێویستیان بە تجنیدی کاریگەر هەیە. (بوش) ئەرکی رووخاندنی (سەدام) ی بە (سیا) سپاردووە. هەلبەت ئەوان بەهێزی سەربازی دەست تێوەردان ناکەن، بەڵکو بەرێوشوێنی ئابووری و شێوازی تری (سیا) هەوڵی ئەوە دەدەن، جگە لەوەش خۆیان تواناییان نییە دزە بکەنە ناو عێراق، بۆیە (سیا) لە توانای سوودوەرگرتن لە تورکیا، ئیسرائیل و سووریا لەم چالاکیەدا دەکۆڵێتەوە.

(سیا) توانستی تورکیا بەهەند ناگرێت، ئەگەر هاوکاری نێوان ئیسرائیل و سووریا ببێت. تواناو نیازی ئەو دەولەتانە بە تایبەتی بەرامبەر بە کورد بۆ تورکیا رەوشی مەترسیداری لێدەکرێتەوە، بۆیە پێویستە هەواڵگریمان زۆر بەوەستایانە یاری ئۆینەکانی بکات.



بەرێز سەرۆك کۆمارم..

سەرەرای لوتفی جەنابتان بۆ عەرز کردنی سەرزارەکیم، ئەم خالآنە کە زۆر بە کورتی دیاریم کردووەو ئاماژەم پێداون. بەخالی سەرەکی هەواڵگریم زانیون بۆیە پێشکەشی بەرێزتانی دەکەم.

هەواڵگری تورکیا دەکرێت لە خۆرهەڵاتی ناوەرستدا زۆر کاریگەربێت.

هەندێ رێکخستن کە تا ئێستا لە ژێر کۆنترۆلی عێراقدان بەسوود وەرگرتن لە گۆرانگارییە نوێیەکان دەتوانرێت کۆنترۆل بکرێن، لەسەر ئاستی بالأشدا تجنید بکرێن و لە ناوەوەی تورکیا یان لە ولأتێکی دەرەوەی وەك قوبرس ئیدارە بدرێن.

لەم قۆناغە گرنگەی کە ولأتانی پێدا تێپەر دەبێت، لە بواری ئیستخباراتیدا کە شارەزاییم لێی هەیە، ئامادەم بۆ هەموو جۆرە خزمەتێکی ولأتەکەم.

**حیرام عەباس**

1990/8/21

خوێنەران دەتوانن جێ پەنجەی چالاکانەی (حیرام بێ) لە میانەی سیاسەتی دەرەوەدا لە دەستپێکی شەری کەنداوەوە تا ئێستا بەکردەوە ببینن وادرك بەرِوداوو هەلۆیستەکانی تورکیا بکەن.

ئومێدەوارم کە ئەم دوو راپۆرتە چەمکی دەوڵەتیو بوونی و تواناکانی(حیرام بێ) یان باش روونکردبێتەوەو پیشاندابێت.

www.pertwk.com

# مردنی هەواڵگرییەکی مەزن

رووداوی تیرۆر بەشێوەیەکی سیستماتیزەکراو لە تورکیادا زۆربوو بوو، جگە لەوەی گۆڕەپان گۆڕابوو، یاریچییە کۆنەکان شوێنیان بۆ یاریچییە تازەکان چۆڵکردبوو، بەڵام یارییەکە هەمان یاری بوو.

لە (26/ ئەیلول / 1990) دا، دەورووبەری سەعات (10,30) دەقیقەبوو کەتەلەفونی نوسینگەکەم لێیدا. برادەرێکی رۆژنامەنووسم بوو. کە سەرۆکی بەشی هەواڵگری رۆژنامەیەك بوو دوای چاك و چۆنی ووتی (هەواڵێکی ناخۆشم پێیە) وام بەبیرداهات کە دیسان هەواڵ یان نووسینێکی تر بێت کە دژی ئێمە بلاْوکرابێتەوە. (تەقەیان لە حیرامی براگەورە کردووە). تاسام، هەستامە سەرپێ، ماوەیەك مێشکم جام بوو، دوای قەدەرێك بێدەنگی گوتم (ماوە یان مردووە؟)، (بەداخەوە) وەڵامی دامەوە. برادەرەکەم وتی (15 – 20) دەقیقە پێش ئێستا لە دەوربەری ماڵی حیرام بێ، کاتێ سواری ئۆتۆمبیلەکەی بووە، تەقەیان لێکردووە، تا ئێستا هیچ رێکخستنێك بەرپرسیارێتی خۆی لە ئەنجامدانی کارەکە لە ئەستۆنەگرتووە.)

ماوەیەك ئەوها مامەوە، بیرم کردەوە چی بکەم؟!. یەکەم شت کە بەبیرمدا هات ئاگادارکردنەوەی ماڵ و خێزانم بوو، ئەوان لە بازار بوون. بیرم کردەوە کە پەیوەندی بە ماڵی (حیرام بێ) وە بکەم، ئایا ئێستا ژنەکەی تەنیایە؟ کێ دەزانێت لەچ حاڵێکدایە؟!. گەیشتمە ئەو بڕیارەی کە ئێستا کەڵکی ئەوەی نییە قسەی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە تەلەفۆنم بۆی نەکرد. باشترین شت ئەوەبوو تەلەفون بۆ نوسینەگەی (حیرام بێ) خۆی بکەم.

یەکەمجار بەدالە وەڵامی دامەوە، منی دەناسی، راستەوخۆ جەنگیزی دامێ. جەنگیز گوتی(مەرحەبا برا گەورە)، لە دەنگیدا زانیم بەو هەواڵەی



نەزانیوە. گوتم (هەواڵی باوکت دەزانی؟)، گوتی (پاش (15–20) دەقیقەی تر دەگاتە ئێرە). کەواتە نەیزانیبوو. گوتم (جەنگیز.. لە بەر دەرگای ماڵتان تەقەیان لە باوکت کردووە، ئێستا بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە، منیش بەدواتدا دێم). گوتی (باشە.. هەر ئێستا دەڕۆم)، ئیتر هیچی تری نەگوت.

بە یەکەم فرۆکە گەیشتمە ئیستانبوول لە رێگا بیرم لە زۆر شتی (حیرام بێ) لە بارەی ژیان و خزمەتەکانیەوە کردەوە. بەگشتی هێرشێکی لەو جۆرە دژی هەریەکێکمان لە دیدماندا بوو، چاوەڕوانکراوبوو، چونکە ناومان بە ئەشکەنجەچیو پیاوی سیاو موساد زڕێنرابوو، لە هەندێ وڵاتاندا ناساندن و ئاشکراکردنی ناوی ئەوانەی لە ریزی هەواڵگریدا کاردەکەن بە تاوان دادەنرێت و سزای توندی خۆی هەیە، کەچی لای ئێمە ناونیشانی ماڵ و وێنەشمان لە رۆژنامەدا بلاْوکرابۆوەو ناومان لە لیستی هەرەپێشی هەندێ رێکخستندا بوو بۆ تیرۆرکردن، ماڵی (حیرام بێ) پڕببوو لە خزم و دۆست و برادەرانی دەزگا. ژن و کوڕو کچەکەی سەرەڕای نواندنی خۆڕاگری، کاریگەری کارەساتەکە بە ئاشکرا پێیانەوە دیاربوو. منیش بێدەنگ مامەوەو هیچ قسەم نەکرد.

رووداوەکە دەووروبەری سەعات (10,00) ی سەر لەبەیانی لەسەری کۆڵانی ماهوور لە جفت هاوزلار لە ئاست دووریانی شەقامی جەمیل تۆبزلوو شەقامی بەغدا، وردتر لە بەردەمی ئەپارتمانی سی و شەش، روویدابوو.

(حیرام بێ) لەبەردەمی ماڵەکەیدا سواری ئۆتۆمبیلەکەی دەبێت، کە لە جۆری شاهین بوو. دەیەوێت بچێتە سەرکارەکەی. پێش کۆتایی شەقامی بەغدا بە (25–30) مەترێك بەهۆی تاسەیەکی سەر رێگاکەوە (حیرام بێ) زۆر هێواشی دەکاتەوە، لەو کاتەدا هێرش دەبرێتە سەری و تەقەی لێدەکرێت. هێرشبەرەکە لە بووردێکی نزیکەوەو لە جامی لای دوواوەی سەیارەکەوە تەقەی لەسەری (حیرام بێ) کردبوو. یەکەم گوللە کاری خۆی کردبوو.. زۆرنامەردانە پەلاماریان دابوو.

(حیرام بیٚ) هیچ كاتێك مردنی سەرجێگای بەبیردا نەدەهات تەنانەت نەشیدەخواست. چەكەكەی، كە چەندین ساڵ بوو هەڵیدەگرت بە نرخترین شتی بوو. خولیای ئەوەبوو بەوچەكە نیشانە بپێكیٚ و هەرگیز حەزی نەدەكرد بەو جۆرەی كەلێیاندا بكرێتە نیشانە. چەكەكەی تەردەستانە ڕادەكێشاو لە چەند چركەیەكدا ئامانجێكی جوولاٚوی دەپێكا. لەو باوەڕەدام كەم كەس هەبێت لە توركیادا بە جۆری ئەو بەوخێراییە نیشانە بپێكیٚ.

هەرگیز بیری لەوە نەدەكردەوە كە ئاوانامەردانە لە پشتەوە دەستی لیٚ بوەشێنرێت. وای زەندەكرد كە پێنچ شەش كەس بۆی دێن، دەبێتە دەست ڕێژو دوو سیٚ كەسیان لێدەپێكێت و ئنجا خۆی بەردەكەوێت و دەمرێت. یەكێك بوو لەو مرۆڤە مەردوچاونەترسانەی كەدەمناسین، تەنانەت چاوەڕێی مەردایەتیشی لە دووژمن دەكرد.

لێدانەكەی بەدەمانچەی (عیار 7,75 ملم) ئەنجامدرابوو. لە ئەنجامی لێپێچینەوە دەركەوتبوو، كە سەعات(14,30) دەقیقەی ڕۆژی(21/ ئەیلول / 1990) یش بەهەمان چەك سیٚ كەس لە نوسینگەیەكی دراوی دەگمەندا بریندارکرابوون.

هێرشبەرەكان دوو كەس بوون، یەكێكیان مێردمناڵێك و ئەویتریان بالاٚبەرز. چوار فیشەكیان پێوەنابوو. فیشەكێك بەردەماری ملی كەوتبوو، ئەوی تریان كاریگەری نەبوو، دووفیشەكەكەی تری بەرنەكەوتبوو.

مێردمناڵە كەكورتەبالاٚیەكی قژئالۆزكاوبووە، ئەویدییان تەمەنی لە نێوان (35–40) ساڵ بووە، دوای ئەوەی تەقەیان لێكردووە، لە جامەكەوە، زۆر لە نزیكەوە تێیانروانیوە، كەبینیویانە كارەكەیان بەسەركەوتووی ئەنجامداوەو پێكاویانە هەلاٚتوون.

دووسیٚ مانگ پێش ڕووداوەكە. (حیرام بیٚ) هەستی كردبوو كارێك لە دژی ڕێكدەخرێت، یان هەستی بەجموجۆلێك بۆ لێدانی لە دەوروبەریدا كردبوو. چونكە چەندان ساڵ بوو نوقمی ئەو كارەبوو، ئەزموونێكی زۆری لەو كارەدا هەبوو، بەلاٚم لای هیچ كەسێكی نزیكی خۆی باسی نەكردبوو. جارێكیان كە بۆ ئەنقەرە چووە چاودێرییان كردووە، وەكو باسیان دەكرد



لەوانەیە ئەندامانی دەزگا خۆیان شوێنیان هەلگرتبیٚ، تابزانن ئەو هەوالگرییە كۆنە بۆ كویٚ دەچێت و كیٚ دەبینیٚ؟. ژمارەی دوو ئۆتۆمبیل لەوانەی كە گومانیان لێدەكرا درابوو بە سەرۆكایەتی فەرمانگەی ناوچەی ئیستانبوول، لێیان كۆلرایەوە، بەلاٚم خاوەنەكانیان پاشینەیان پاك بوو. لێرەدا بیری بەراستی چاودێریكردنی جێگری راوێژكاری (میت) لەلای ئەندامە بالاٚكانی كارگێڕێتی دەزگاوە بەهەند وەرنەگیرابوو. بۆ ماوەیەكی كورتیش بێت چاودێری ئەمیان نەكردبوو، تابزانن كەسی بەشوێنەوەیەو چاودێری دەكرێت یان نا! كاتێكیش قەوماو لە دەست چوو ئنجا ڕێوشوێنی ئەمنی لە دەوروبەری ماڵەكەی وەرگیرا.

پێش ئەنجامدانی هەر چالاكیەك، بێگومان بەدوواداچوون و چاودێری دەكرێت شوێن و كاتی چالاكیەكە دیاری دەكرێت. بەتایبەتی ئەنجامدەری چالاكیەكە كەهەر دەبێت شوێن و ناونیشان و هاتووچۆی ئامانجەكە بزانێت. دەستنیشانكردنی ماڵی (حیرام بیٚ)ش خۆی لە خۆیدا كارێكی قورس نەبوو، چونكە ڕۆژنامەی فابریكاتۆر وەك ڕابەرێكی تارمایی لێهاتبوو بۆ چالاكی تیرۆرستان و چەندین جارو بەئاشكرا ناوو ناونیشان و وێنەی (حیرام بیٚ) ی بلاٚوكردبۆوە. ئەمانە هەمووی كرابوو، ئەوەی مابۆوە دیاریكردنی كات و شوێنی لێدانەكەبوو. لە ئەنجامیشدا ئەو كارەیان بەباشی ڕێكخستبوو. هەر لەو كات و و شوێنەی كەویستبوویان لە (حیرام بیٚ)یان دا.

چەند سەعاتێك دووای ڕووداوەكە و لە نێوەشەودا، ڕێكخستنی (DEV.SOL) چەپی شۆرشگێر هێرشەكەی گرتە ئەستۆی خۆی، بەلاٚم هەموو جارێك لە شوێنی هێرشەكان بەیاننامەیان بەجێدەهێشت، یان ماوەیەك قسەكەرێك بە ناوی ئەو ڕێكخستنەوە بەرپرسیارێتی خۆیان لەو چالاكیە ڕادەگەیاند، ئەوەش لە ڕێگای پەیوەندی كردن بە دەزگای ڕاگەیاندنەوە. ئەمجارەیان بۆچی بەو جۆرە درەنگ كەوت؟!.

بەیاننامەكە دوولاپەرەبوو، لێرەدا بەشێكی دەخەمە بەرچاوتان:

(حیرام عەباس، تاوانباری جەنگ و دوژمنی گەلانی توركیاو ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست..

– بەڕێوەبەری ئەو شەرەی کە لە دوازدەی ئادارو دوازدەی ئەیلولدا دژی گەلەکەمان راگەیەندرا.

– سەرۆکی کۆنترا گەریلا و ڕێکخەری چەندین کۆمەڵکوژی دژی گەلەکەمان.

– ئەندامی کارگێڕیی (میت)، ڕێکخەری تاوان، ئەشکەنجە، پیلان و بکوژی هەزاران شۆڕشگێڕ، بەرپرسی ئەشکەنجەدانی هەزاران کەس و لە زیندان توندکردن و دەستگیرکردنیان.

– داڕێژەرو جێبەجێکاری نەخشەی لەناوبردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بە هاوکاری چەندان دەوڵەت.

– داڕێژەری پلانی دژ بەگەلی فەلەستین و، یاریدەدەری (سیا) و (مۆساد).

– جێبەجێکەری سیاسەتی دەوڵەت بەڕێ و شوێنی تیرۆرستیانە، چاودێریکردن، هەڕەشە کردن و تۆقاندنی جەماوەر.

ڕێکخستنەکەمان کە بڕیاری دابوو ئەم کەسە لەناو بەرێت، بڕیارەکەی جێبەجێکرد. هیچ بەڵگەیەکیش بۆ سەلماندنی تاوانباریێتی حیرام عەباس پێویست نییە، چونکە سەرجەم کردەوەو تاوانکارییەکانی لەبەر چاون.

تیپە شۆڕشگێڕەچەکدارەکان

ئاڵا، یان دروشم (ئەستێرەیەکی سوور لەناو چەکوش و داسێکدا)

ئەو بەیاننامەیە کە بەدرەنگ وەخت ئامادەکرابوو بە لای منەوە نامۆنەبوو، ئیتر نازانم لای ئێوەش وایە یان نا؟. ئەگەر حەز دەکەن دڵنیا بن چاوێك بەوبەشەیدا بخشێننەوە کە باس فابریکاتۆری تێدا کراوە. ڕاست وادەردەکەوێت کە باسەکانی فابریکاتۆر و ئەم بەیاننامەیە لەیەك ناوەندەوە ئامادەکراون. لە ڕووانگەی خۆمەوە، بەکارهێنانی ئەو چەکە لە هەوڵی تالآنکردنی نوسینگەیەکی پارە گۆڕینەوەو دواتر بە درەنگ کاتەوە جولآنی چەپی شۆڕشگێڕ بۆ بە ئەستۆگرتنی ئەم کارەو دەرکردنی بەیاننامە جێی باوەڕکردن نییە، چونکە ئەو ڕێکخستنە (DEV – SOL.) بەمەبەستی پروپاگەندەو ڕیکلام بۆ خۆی زۆر چالاکی و ڕووداوی لەم جۆرەی لە ئەستۆی خۆیگرتووە، ئەمەش باش دەزانرێت. لەوانەشە



چەکەکە زۆر دەستی گۆڕیبێ و کەوتبێتە دەستی ئەو ڕێکخراوە. بە کورتی وازەن دەکەم کە ئەو ڕێکخراوە ئەم کارەی ئەنجام نەداوەو پێدەچێت کرا بێت بەناوییەوە.

خەڵکێکی زۆر بۆ ناشتنی (حیرام بێ) کۆبوونەوە، لەوانەی کەدەیانناسیو خۆشیان دەویست و باوەڕیان پێدەکرد. لەو باوەڕەدابوون کە زۆری بۆ ئەم وڵاتە کردووە. هەموومان، لەگەڵ چەندان بەرپرسی کۆن و نوێی گەورەی (میت) و دەوڵەت بەخاکمان سپارد.

(حیرام بێ) سەبارەت بە تیرۆکردنی پرۆفیسۆر (موعەمەر ئەکسۆی) و (چەتین ئەمەچ) زۆر خەریکی لێکۆڵینەوە بوو بوو. زۆر بە جدی گرنگی پێدابوو، چونکە هەردووکیان لە بواری کاری خۆیاندا زۆر هێژابوون بۆ تورکیا.

لەناو کاغەزەکانی (حیرام بێ) دا ڕەشنووسی ڕاپۆرتێك دەبینرێت، کە مەسەلەی کوژرانی ئەو دووانەو ئامانج و مەبەستی ئەو تیرۆرە ڕووندەکاتەوە، کە بە (چالاکی ڕووخێنەر، یان پارچە پارچە کەرو تیرۆر)ەوە گرێدراوە.

(حیرام بێ) دەڵێت: ئامانجی تیرۆر (لاوازکردنی سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەی دەوڵەت و تێکدانی ئابووری، ڕاگرتنی بە گەڕخستنی سەرمایەگوزاری بێگانە، بە گەڕخستنی سەرمایەگوزاری لە دەرەوەی تورکیا، بێباوەڕکردنی خەڵك بەرامبەر بە دەوڵەت، لەباربردنی دیموکراسی، لە قاڵبدانی ئازادی، دوور خستنەوەی سوپا، پۆلیس و هەواڵگری لە ئەرکی سەرەکیان و گەشەپێدانی تیرۆرو ڕووخاندن و پارچە پارچە کردنە).

هەروەها لە میانەی هەوڵدانی بۆ دەستنیشانکردنی لایەن و کەسانی پشت تاوانی کوشتنی ئەمەچ و ئاکسۆی دەڵێت (ئەگەر ئەو تیرۆرانە لەلایەن ڕێکخستن و چالاکی جیاوازەوە ئەنجام درابن، ئەوا لەوانەیە دەستی دەوڵەتانو نەخشەی دەرەوەیان لە پشتەوە بێت، بەڵگەی نەبوونی ئەو دەستانەش دەبێت بزانرێ و ببینرێ.، چونکە ئەم جۆرە کارانە لە

ئەنجامدا زیانی زۆر لەناوەند، ئارامی، ئاسایش و  تواناکانی تورکیا دەدەن.)

هەڵبەتە ناوی (حیرام بێ) ش لەو لیستە ڕەشەدا هەبووە، چونکە ئەویش وەکو ئەمەچ و ئاکسۆی کە هەموویان بۆ تورکیا پێویست بوون، بووە قوربانی تیرۆر.

فابریکاتۆر دوای مردنی (حیرام بێ) لە دەرچوون نەوەستا. زۆر بێ شەرەفانە و ڕاستەوخۆ باسی لە کوژرانی (حیرام بێ) دەکرد.. (باوابێ).. موستەحەقە، باشیان کرد کە کوشتیان.) نووسینەکانی بۆنی ئەم قسانەیان لێدەهات.

دوواتر لە هەمان ساڵدا، کوڕی (حیرام بێ) بەپێی مادەی (19) لە یاسای پێنجی ڕاگەیاندن دەعوای لە سەریان تۆمار کرد، پێشتر لە ڕێگای چەندین کەناڵەوە سەردانی ڕۆژنامەکەی کردبوو، بەڵام هیچ وەڵامیان نەدابۆوە، بۆیە پەنای بۆ دادگا برد.

دادگا لە دوای چوار دانیشتن بە هیچ نەگەیشت. بۆیە لە ڕێگای پارێزەرەکانیەوە داواکەی بۆ وەزارەتی داد بەرزکردەوە.

دوای مردنی زانیم کە (حیرام بێ) پەیوەندی زۆرپتەوی بە گەورە بەرپرسانی دەوڵەتەوە هەبووە، ئەمەش لە دۆسیە تایبەتەکاندا دەبینرێت. تەنانەت دەگوترێ کە پێدانی وەزیفەیەکی گەورەش پێیلەئان و ساتدا بووە.

ئایا دەشێت ئەوە هۆکاری ئەو تاوانە بووبێت؟!

لەو باوەڕەدانیم کەدام و دەزگاکانی ئێستا بەم عەقلیەتەی کە هەیانە بتوانن لە میانەی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی (حیرام بێ) بەهیچ ئەنجامێك بگەن. تەنانەت گەر بکەرەکانیش دەستگیر بکرێن، باوەڕناکەم بگەنە هیچ ئەنجامێك. چونکە بەر لە هەر شتێك پێویستە هۆکارو ئامانجەکانی ئەو کارە دەستنیشان بکرێت. کارێکیش کە بۆ ئامانجێکی نادیار دەکرێت وەك بلقی سەر ئاوە. ئومێدەوارم ئەو ئەنجامەی کە بەدەستی دێنن شەرمەزارم نەکات.



چەندین ساڵە پاشا گەردانی و خراپە کاری و کەموکورتی ڕیزەکانی دامودەزگاکان پشتگوێ دەخرێن. بەو مەبەستەشی کە مرۆڤەکان و دامودەزگا و ڕێکخراوەکان بەرێك و پێکی کاربکەن دەبێ تاکەکان ڕێك و پێك و چالاك بکرێن و، سیفەتی باشیان تێدا بچێنرێت. لێرەدا کتێبەکەم بە قسەیەکی (حیرام بێ) کۆتایی پێدێنم:

(لە پێناوی تورکیای مەزندا، دام و دەزگای هەواڵگری ناچارە گەورە بێت و نەخشی گەورە بگێڕێت.)

## دامو دەزگاکانی هەواڵگریو زاراوەکانیان

چالاکی ئیستخباراتی بە لای هاوڵاتییەکی ئاساییەوە شتێکی ئاڵۆزو قورسە بۆ تێگەیشتن. دام و دەزگای ئیستخباراتی دەزگاو دامەزراوەی پێویست و ئسلوبی کارکردنی تایبەت بەخۆی هەیە.

ئەمریکیەکان زاراوەیان بۆ هەموو شتێك داناوە، بەجۆرێك کە بەکورتی جەوهەرو ناوەڕۆکی ئەو چشتە بەدەردەخات. بۆ نموونە (case officer) کە لە تورکیا و زۆر وڵاتانی تردا بەکاردێت. ئەم زاراوانە زمانی هاوبەشی هەواڵگرین.

وا لە خوارەوە ئاماژە بە دەزگا ئیستخباراتیەکانی دەوڵەتان و دامەزراو دەزگا هەواڵگرییەکان دەدەین. لەگەڵ ئەو زاراوانەی کە ئەمریکیەکان بە کاری دەهێنن. هەروەها هەندێکیشیان ڕووندەکەوینەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر لەو مەسەلە شاراوەو، لەو کتێبە تێبگەن کە لە هەندێ شوێندا لە دوو توێی باسەکاندا بەکارهێنراوە.

www.pertwk.com

# دەزگاكانی هەواڵگری جیهان

یاریدەدەری / ACSS) ASSISTANT CHIEF IFMI 6)
سەرۆكی سیڕڤەیسی نهێنی ئنگلیز / ( BSC) BRITISH
كۆردیناسیونی ئاسایشی / SECURITY COORDINATION
بەریتانیا. / Air force office of speial INVIESTIGATIONS
/ نوسینگەی تایبەتی لێپێچینەوەی هێزە ئاسمانیەكانی ئەمریكا، كە بە (OSI) یش دەناسرێت.

ASIS-ASIO) ( / هەواڵگری سەربازی ئیسرائیل / AMAN AUSTALINE SCURITYAND INTELLEGENCE تەشكیلاتی ئەمنی هەواڵگری / ORGANIZATION SERVICE ئوستralیا.

دەزگای /AVD) ALLAMI VEDELMI BATOSAG) هەواڵگری هەنگاریا.

( BCA) BO CONG AN/ دەزگای هەواڵگری ڤیەتنام

BCRA) BUREAU CENTRAL DE ) بیرۆی سەنتەرو / RENSEIGNEMENTS ET J,ACTION بزاوتی فەرەنسا.

(BFV) BUNDESAMAT FUR دەزگای ئنتلەجنسی ئەلمانیای / VERFASSUNGSSCHUTZ رۆژئاوا.

دەزگای ئاسایشی سویسرا. / BUNDES POLIZEI



/ CIA) CENTRAL INELLEGNCE AGENCY) سەنتەری ئاژانسی هەواڵگری ئەمریكا. بەناوی (THE COMPANY) یش دەناسرێت. (سیا) تەواوكارو درێژەپێدەری (OSS) (OFFICE STRATEGIC SERVICES) نوسینگەی كاروباری ستراتیژییە، كە لەسەرو بەندی جەنگی یەكەمی جیهاندا هەبووە. (سیا) یەكێكە لە بەهێزترین دەزگا ئیستخبارییەكانی جیهان. ساڵی (1947) بەپێی یاسای ئاسایش دامەزراوە. لە ساڵی (1961) بنكەی لە (لانگلی) لە ڤێرجینیا لە بینایەكدا كراوەتەوە، كە رووبەرەكەی (219) هكتاربووە. ساڵی 1947، دوای دامەزراندن بەپێی هەندێ رێكخستنی نهێنی سەرچاوەی خەرجی نهێنی بۆ دابینكرا. تا ساڵی (1975) یش كۆمیتە هەمە چەشنەكانی لەژێر ئیدارەی كۆنگریسدا بوون. ساڵی 1982 بەپێی یاسای پاراستنی ناسنامە بڕیاردرا كە ناسنامەی كادیرو كارمەندانی (سیا) ئاشكرا نەكرێ و هەر نهێنی بێت. بەشی هەرە نهێنی (سیا) دایرێكتەری ئۆپراسیۆنەكانە. (سیا) جارجارێك لە كۆبوونەوەی كورتخایەندا لە بارەی هەندێ بابەت زانیاری بە كۆنگرێس و دەزگاكانی میدیا دەدات. وەرگرتنی ئەندامانی لە ئەنجامی زنجیرەیەك چاوپێكەوتن دەبێت. لە لێپێچینەوەی ئەمنیەوە تا تاقیكردنەوە بە دەزگای ئاشكراكردنی درۆ. شوێنی پەروەردەیان لە ( COMP ALEXANDDIA MCLEAN ) لە هەیە دا (PEARY (VIRGINIA WILLIAMSBURG. (سیا) بایەخێكی تایبەت بە پاراستنی ئەندامانی لە وڵاتانی دەرەوەدا دەدات. لە هەموو شوێنێكی دنیا باش بڵاوبوونەتەوەو شوێنی خۆیان گرتووە، لە رووی جێبەجێكردن و تەكنیك و لێپێچینەوەوە بەهێزترین سیڕڤەیسە. لە رووی گەڕان و لێكۆلینەوەشدا بەهێزترین دەزگای جیهانە. لە هەموو وڵاتانی جیهاندا كۆمیتەیەكی نهێنی (پەنابەران و لایەنگۆڕین) یان هەیە. ئەمانەش بۆ پلان و رووداوو گۆڕانكاری چاوەروان نەكراو ئامادەكراون.

www.pertwk.com

COMITTE) CDI) / کۆمیتــەی پاراســتنی مەلــەکی بــەریتانی
EAST) COMBINED INTILIGANCE FOR CIFE) /
ئنتلجانسی یەکگرتووی ئنگلیز بۆ کاروباری خۆرهەلاّتی دوور.
SERVICE) COMBINED INTILLIGANCE CIS) /
دەزگای ئنتلجانسی یەکگرتووی ئنگلیز.
INFORMATION) COORDINATOR OF CIO) /
کۆردیناتۆری زانیاری ئنگلیزی.
CABIENT RESEARCH (CRO /دەزگای هەوالّگری ژاپۆن.
CSIS/ دەزگای ئیستخباراتی کەنەدا.
CHIEF OF MI6) CSS) / سەرۆکی دەزگای ئنتلجانسی نهێنی ئنگلیز.
D BRANCH) COUNTERESPIONAGE BRIANCH
OF M15 / بەشی دژە سیخوڕی دەزگای ئاسایشی ئنگلیز.
DCI) DIRECTOR OF CENTRAL INTELLIGENCE)
/ بازنەی (سیا) ئاژانسی مەرکەزی مخابەراتی ئەمرکی.
DEPUTY CHIEFOF M16) DCSS) / یاریدەدەری سەرۆکی دەزگای ئنتلجانسی نهێنی ئنگلیز
DDCI) DEPUTY DIRECTOR OF CENTRAL )
INTALLIGENCE / یاریــدەدەری بازنــەی ئۆپراســیونی ســەنتەری هەوالّگری ئەمریکا، کەسی دووەمی دەزگایە.
DEPUTY DIRECTOR OF OPERATION) DDCI) /
یاریدەدەری بازنەی ئۆپرسیونەکانی سیا.
DGI) DIRECTION GENERAL OF )
INTELIGECEIA / تشکیلاتی هەوالّگری کوبا
DGSE) DIRECTION GENERAL DE SCURITY )
EXTERIEUR / سێرڤس ئنتلجانسی ئاسایشی دەرەوەی فەرەنسا.
AGENCY) DEFENSE INTELLIGENCE DIA) /
وەکالەتی پاراستنی ئەمریکا.



DMI) DIRECTOR OF MILTARY )
INTELLIGENCE / بازنەی ئنتلجانسی سەربازی ئنگلیز.
INTELIGENCE) DIRECTOR OF NAVAL DNI) /
دایرەکتەری ئنتلجانسی هێزی دەریایی ئنگلیز.
(DST) DIRECTION DE LA SURVEI DE
TERRITOIRE / دەزگـای سـیخوڕیو ئاسایـشی فەڕەنـسا، وەك ( M
15) ی ئنگلیز و (FBI) ی ئەمریکی.
FEDERAL BUREAU OF INVESTGATION) FBI) /
بیرۆی لێکۆلینەوەی فیدرالی ئەمریکی
SIGURNOST) DRZA VEN DS) / دەزگـای هـەوالّگری بولگاریا.
FOE) FORSVARVARSFTABEN OPERATIVE )
ENHHAT / دەزگای ئاسایشی سوید.
(GCHO) GOVERNMENT COMMUNICATION
HEADQUARTERS / هەوالّگری ناوەندی حکومەتی ئنگلیز.
(GCR) GROUPMENT DE CONTROLES RADIO
–ELECTIQE / بەشی هەوالّگری ڕادیوو ئەلکترۆنی فەرەنسا.
(GRI) / دەزگای هەوالّگری چین.
(GRU) GLAVNOYE RAZVEDYVATLANYE
UPRAVLENIYA / هەوالّگری سـەربازی سـۆڤیەت، سـەر بەدەسـتەی ئەرکانە.
(HVA) HAUPTVEWALTUNG FUR
AUKLARUNG / دەزگای هەوالّگری ئەلمانیای ڕۆژ هەلاّت.
CENTER INDESTRALA INTELIGENCE (IIC) /
سەنتەری ئنتلجانسی پیشەسازی ئنگلیز.
(ISIC) INTER – SERVICES INTALIGENCE
COMMITTEE / کۆمیتەی ئنتلجانسی نێوان سێرڤەیسەکانی ( M15
& M16) ی ئنگلیز.

www.pertwk.com

(ISLD) INTER – SERVICES LIASION DEPARTMENT / بەشی ڕێکخەری نێوان سێرڤیسەکانی ئنگلیز.

/(JIC) JOINAL INTELLIGENCE COMMETTE کۆمیتەی ئنتلجانسی یەکگرتووی ئنگلیز.

(KGB) KOMITET GOSUDARSTVENNOY BEZOPASNOSTRE / کۆمیتەی ئاسایشی دەولەتی سۆڤیەت. گەورەترین بودجەی هەیە، کە لە هی سەرجەم سەرڤیسەکانی دونیا زیاتر. بەگوێرەی ئەو بابەتەی کە لە شوباتی 1978 دا لە گۆڤاری تایم دا بلاوکرایەوە یەکێکە لە چوار ئیستخباراتە سەرکەوتووەکانی جیهان.

(KYP) / دەزگای ئیستخباراتی یونان.

(MEIS) MIDDLE EAST INTELLIGENCE CENTER / سەنتەری ئنتلجانسی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی یونان.

(M15) BRITISH SCURITY SERVICE / دەزگای ئاسایشی ئنگلیز. لەکۆندا بەشی ئنتلجنسی سەربازی بووە لە دەزگای هەواڵگری ئنگلیز. ئەم ناوەشی تا ئەمڕۆ هەر بەکار دەهێنرێت. وەکو دەزگای (FBI) ی ئەمریکیە. کاری پاراستنی ناوخۆیە لە هەر مەترسییەك و، ئنجا تیرۆر، تەقاندنەوە، مادە بێهۆشکەرەکان، هەروەها ئەرکی پاراستنی دەولەتیشە لەنەتەوە بێگانەکان.

(M16) BRITISH SECRET INTELLIGENCE SERVICE / دەزگای نهێنی ئنتلجانسی ئینگلیز. پێشتر ئەمە بەشی شەشەمی دەزگای مخابەراتی سەربازی ئنگلیزبووە، بە (SECRET INTELLIGENCE SERVICE – SIS) دەناسرا. ئەم دامەزراوە مەدەنیە وەکو (سیا) ی ئەمرکی وایە. ئەرکی کرکردنەوەی زانیارییە لە دەرەوەی ولات و، جێبەجێکردنی ئەرکە ستراتیژییەکانە. بەگوێرەی گۆڤاری تایمی ساڵی 1978، شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی سیاسیش لەوێدا دەکرێت و، سەرچاوەو جێبەجێکاری ئەم کارەیە.

(MOSSA) HA MOSSAD,LE MODIYN VELE TAFKDIM MAYUHADIM / پەیمانگای ئنتلجانس و



ئۆپراسیونە تایبەتەکانی ئیسرائیل. لە جیهاندا بیست هەزاریەکەی چالاك و پازدە هەزار ئەندامی هەیە. واتە سەرجەمی دەکاتە سی و پێنج هەزار سیخوڕ. بە گوێرەی ژمارەی شوباتی گۆڤاری تایم، مۆساد یەکێکە لە چوار دەزگا هەواڵگرییە سەرکەوتووەکانی جیهان. بەبەراورد لەگەڵ دەزگاکانی تر، دامەزراوەی مۆساد زۆر باش ڕێکخراون و، بواری دزە کردن بۆ نێویان نییە. مۆساد پەروەردەو خولی بۆ دەزگای ئاسایشی ناوخۆی چیلی، دەزگای ساڤاکی ئێران، هێزەکانی ئاسایشی کۆلۆمبیا، ئەرجەنتین، ئەلمانیای ڕۆژئاوا، باشووری ئەفریکا، عیدی ئەمینی دکتاتۆری ئۆگندەو، پۆلیسی نهێنی نۆریگای دکتاتۆری کۆنی پەنەما کردۆتەوە.

MUHABERAT/ ناوێکە لە دەزگا هەواڵگرییەکانی میسرو سوریا و زۆر لە دەولەتە عەرەبییەکانی تر نراوە.

/ (NIC) NATIONAL INTELIGENCE COUNCIL کۆنسەی هەواڵگری میللی ئەمریکا.

(NIS) NAVAL INVESTGATIVE SERVICE / دەزگای لێپێچینەوەی هەواڵگری هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا.

(NSA) NATIONAL SCURITY AGENCY / دەزگای ئاسایشی میللی ئەمریکا.

(OS) OVRVAAKSINGST JAUETE / دەزگای هەواڵگری نەرویج.

(RCMP) ROYAL CANADIAN MONTED POLICE / پۆلیسی چیایی مەلەکیەتی کەنەدا.

(SABO) UNDERRATTLSE OCH SAKERHETSENHET / دەزگای ئیستخباراتی سوید.

SAVAK / دەزگای هەواڵگری ئێران.

(SB) SLUBZA BEZPIECZENSTWE / دەزگای هەواڵگری پۆلۆنیا.

www.pertwk.com

(SDECE) SERVICE DE DOCUMENTATION ESTERIEUEAR ET CONTER ESPIYONAGE / دەزگای دژە سیخوڕویو دۆکۆمینتاسیونی دەرەوەی فەڕەنسا.

SHABACK / دەزگای ئاسایشی ناوخۆی ئیسرائیل، بەرامبەر بە (FBI) ئەمریکایە.

(SIS) SECRET INTELIGANCE SERVICE / دەزگای نهێنی ئنتلجانسی ئنگلیزی، ناوێکی تری (M16) یە.

(STB) STANI TAJNA BEZPECNOST / دەزگای ئیستخباراتی چیکۆسلۆڤاکیا.

UB / دەزگای ئیستخباراتی پۆلۆنیا.



## زاراوە هەواڵگرییەکان

ACCOMMODATON ADDRESS / ئەو ناونیشانەیە کە پۆست و پێویستی تر بۆ کارمەندێکی چالاکی نهێنی بەرێدەکرێت.

ACTIVE OPPOSITION / ئەو چالاکی و کاروبارانەن کە بەر ئەنجامدانی ئۆپراسیون بە نهێنی لەلایەن چەند کەس و دام و دەزگایەکەوە بەڕێوەدەبرێت. لەم کارەدا هێزە پرۆفیشنالەکانی ئاسایش و پۆلیس و دام و دەزگا یاساییەکان بە هەماهەنگیو بەشێوەیەکی سیستما تیزەکراو بەڕێوەی دەبەن. دام و دەزگا یاسایەکان زیاتر وەکو هاوکار، یان یارمەتیدەری هێزە ئەمینەکان ڕۆڵ دەبینن. سیستمی بەرگری دەتوانرێت بەهاوکاری گروپی سیاسی، یان بەسبەشداری هێزی هەواڵگری و ئاسایشی دەولەتانی تریش بەڕێوەببرێ.

AGENT NET / ئەو گروپ یان تۆڕە تجنید کراوانەن، کە بەنهێنی لەژێر سەرپەرشتی بەرپرسی تجنید کردن بۆ مەبەستێکی تایبەت کاردەکەن.

ALIAS / ئەو ناوە نهێنییەیە کە بۆ مەبەستی ئاشکرانەبوون و شاردنەوەی ناسنامەی ئەسلی بەکاردەهێنرێت. ئەو ناوەش بەگشتی لە ئۆپراسیونی تایبەت و کاتیدا بەکاردەهێنرێت.

AUDIO SURVELLANCE / چاودێری کردنی تەکنیکی، یان گوێڕاگرتن و تۆمارکردنی هەموو دووانێکی تەلەفونی و قسەی کەسی گومانلێکراوە، یان دیاریکردنی ئەو ئامێری پەخش و بێتەلانەیە کە بەنهێنی پەخش دەکرێت.

AUTHENTICATION DOCOMENTATION / 1- ڕێکخستنی ژیاننامەی کەسی تجنید کراو، سەلماندنی بەپێدانی بەڵگەی

www.pertwk.com

کەسـایەتی و دابـین کردنـی پێداویـستی تـەکنیکی بـۆ ئەنجامـدانی ئەرکەکـەی. 2– ئـان ئامـادەکردین ڕاپـۆرت و شـتی لـەو بابەتـە، کـە بڵاودەکرێتەوە بە جۆرێك خوێنەر نیشانەی بیٚ ئاسایشی و نائارامی تێدا هەست پێنەکات.

BACK STOP / ڕێکخـستنی سەرچـاوەیەك، یـان چـەند سەرچاوەیەکی سەربەخۆ بۆ سەلماندنی لێپێچینەوەیەکی پشتپەردە کە دەکرێت.

(BLOWW COMPROMISE (BURN)) / ئاشکراکردنی ئەو کەس و چالاکیانەی کە بەنهێنی ئەنجام دەدرێن، ئەمەش بەبیٚ مەبەست لەلایەن کارمەندانەوە ئاشکرا بکرێت، بەهۆی ڕێگایان کەم و کورتیەکەوە کە ڕوو دەدات، کە لەلایەن دژەکەوە بەلێزانی و بۆ مەبەستی ناسین و ئاشکراکردن ئەو کارە بەڕێوەدەبرێت.

BORDAR CROSSING / مانای دەربازکردنی سنوورێك، یان ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ چوونە ناو مەیدانی لێپرسراوێتی کەسێکی سیاسی، کە بەنهێنی کار لەو مەیدانەدا دەکرێت و زانیاری و بەڵگەی تێداکۆدەکرێتەوە.

BRASH CONTACT / ئەو ڕێو شوێنەیە کە بۆ مەبەستی سەرنجڕانەکێشان و بەخێرایی بەدەستهێنانی هەواڵ، بەشێوەی مادی یان سەرزارەکی، لە نێوان دوو کارمەندی دەزگادا دەگیرێتە بەر.

BUG / 1– ئامێرێکی گوێدێرە وەك مایکرۆفۆن. 2– یان چاندنی ئامێری لەو جۆرەیە.

BUILD UP MATERIAL / ئـەو زانیـاری و بەڵگـە ڕاستەقینانەن کە بە سیخوڕێکی دوو سەرەدەدرێن، ئەویش لەلایەن دەزگاوە بەمەبەستی گەیاندنی بۆ لایەنی دژ، بۆ ئەوەی پایەی سیخوڕەکە لەلای دژەکان سەقامگیر تربێت.

Bury / 1– ڕێوشوێنی پەردە پۆشکردنی مەسەلەی سەرەکی لێپێچینەوەیەك، یان شاردنەوەی ناوو مەسەلەی سەرەکی هەر دیدارێك،



ئەوەش بەمەبەستی شاردنەوەی کەسەکان. 2– یان دیزە بەدەربەدەرخونەکردن‌و، ڕێونکردن.

Cach / 1– دەستەبەرکردنی کەلو پەل و پێویستی ئۆپراسیونێك لە قۆناغێکدا. 2– یان پاراستنی کەلو پەلی ئۆپراسیونێك لە تێکچوون.

Case oficer / هەواڵگرییەکی ئەرك پێسپێردراو کە لێپێچینەوە لە ڕووداوێك دەکات و، لەبڕێوەبردنی کارەکەدا بەشداری دەکات. ئەگەر کارەکە لەسەر مێز ئەنجام بدرێت، هەر لەشیکردنەوەوە تا دەگاتە ئەنجامدانی لێپێچینەوە لەگەڵ کەسی گومانلێکراو، ئەوا ئەو کەسە پێی دەگوترێت(desk officer).

هۆنپی بپپی / ئەو دۆسیە و کەلوپەلانەن کە بۆ فریودانی دژەکان دادەنرێن، لە پێناوی ڕاکێشان و جولاّندنیان. بەتایبەتی ئەو دۆسیەو پێداویستیانەی وەك پێدان ئامادە دەکرێت.

CONDUCTING OFFICER / 1– ئەو کارمەندەیە کە سیخوڕێك یان گروپێکی سیخوڕی تا خالی سەوقکردن دەبات. 2– ئەو کارمەندەیە کە بۆ مەبەستی ئیستخباراتی جاسوسێك یان نوێنەری دەزگایەکی دۆست لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر، لەولاّتێکەوە بۆ ولاّتێکی تر دەبات.

CONSUMER / دەستکاری کردنی ئەو زانیارییانەی کە دەزگایەکی ئیستخباری کۆیکردونەتەوەو بەدەستی هێناون لەلایەن کەسێکەوە، یان دەزگایەکی ترەوە.

COUNTER SURVEILANCE / چالاکی چاودێری کردن و بەدوواداچوون، کە بەشێوەیەکی سیستماتیزەکراو بەڕێوەدەچێت، بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی کە ئایا کەسێك یان گروپێك دەکرێن یان نا، ئەوەش پێی دەوترێت کۆنترا بەدوواداچوون.

COVER STORY / ئەو ناسنامەو ژیاننامەیەیە کە بۆ داپۆشینی چالاکی کادیرو کارمەندانی هەواڵگری ئامادە دەکرێت.

COVER DISRUPTIVE ACTION / ئەو چالاکیانەیە کە بۆ مەبەستی کۆسپ نانەوە و پێشگرتنی چالاکی تێکدەرو ئاژاوە گێڕیانە

ئەنجام دەدرێن. ئەمەش بەشێوەی پەلاماردانی ئەو کەسە یان سازدانی پیلان، دەربڕینی ناڕەزایی و مانگرتن، ئاژاوەنانەوە لە ناو گەڕەك و کۆڵانان بۆ تێکدان و لە باربردنیان.

COVER ACTION OPRATION / ئۆپراسیونێکن تیایاندا مەبەستی ڕاستەقینە دەشاردرێتەوە، کە ئەگەری ڕەتکردنەوەی بەرپرسیارێتی کارەکەش دەخولقێنیٚ. ئەم ئۆپراسیونانە جگە لەوەی کەلەلایەن نوێنەری ڕەسمی دەزگاکەوە لە وڵاتی ئامانجدا بەڕێوەدەبرێت، بۆ بەڕێوەبردنیشی لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، دارایی، سەربازیشدا لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکرێت. هەروەها بۆ پەردە پۆشکردنی ئامانجی سەرەکی ئۆپراسیونەکە، ئەوا بەتایبەتی بەڕێوەدەبرێن و بەجیاش هەڵدەسەنگێنرێن.

DEAD END / ڕێکخستنی ژیاننامەی کایچرانە بەشێوەیەك کە لە کاتی لێپێچنەوەدا بوار بۆ لێپێچینەوەی ڕێکخراونەکاتەوەو، نەگەنە خالی تەنگە تاو کردنی کادیرەکە.

DEFEPTION / چالاکیەکە بەمەبەستی سەوق کردنی تاك، گروپ یان میلەتێك بۆ بەهەلەبردنیان.

DEFETION / ئەو کەسانەی کە بڕواو باوەڕیان لەگەڵ وڵات، حکومەت، یان مەسەلەیەك نامێنێو، بەگشتی ئەو کەسانە لەبەر ئەوەی شارەزایی لە بارەی ئۆپراسیونەکان و بواری سایکۆلۆژی هەیە ئەوا لە بەرامبەر وڵاتی ئامانجدا وەکو دژ بەکاردەهێنرێت.

Defection in place / کەسێکە کە دڵسۆزی و پابەندی بۆ وڵات و کێشەکەی خۆت نامێنێت، هاوکات لەسەر کاری حکومەتیش ماوەو کار بۆ وڵاتی دژ دەکات. هەروەها زاراوەی (rectuitment in place) یش بۆ هەمان مەبەست بەکار دێت.

DENIED AREA / ئەو ناوچەیە، یان وڵاتەیە کە چوونە ناو، یان دەرچوون لێی گەر بە ناوی گەشت و گوزاریشەوە بێت زەحمەتە و گوشاری زۆرە.



DISPATCH / جانتای تەتەر، کە دۆسیەو نووسراوی ڕەسمی تێدایەو، لە نێوان دام و دەزگاکانی بنکەیەك، یان لە نێوان بەشەکاندابەکاردێت.

DISPOSAL / ئەو ئیش و کارو ڕێ و شوێنانەن کە لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئاسایشی دەزگا دەگیرێنە بەر، لەدوای دابڕان و دەرکردنی تجنید کراوێك کە بەنهێنی بۆ دەزگا کاری کردووە.

DOBULE COVER-SECOND COVER / ئەو بەهانەیە دەگەیە کە بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکی دیاریکراو ئامادەو بەکار دەهێنرێت. بەگشتی لە کاتێکدا بەهانەی یەکەم، یان ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە بەهۆی کەم و کورتی ووردە هەلەوە ئەنجامی نەبوو ئەوا مانای ددان نانە بەکارەکەدا، بۆیە بەهانەیی‌یە دەگیش دەبێت ئامادە بێت بەمەبەستی شاردنەوەی چالاکی نهێنی و نیاز لە کارەکە.

DOUBLE AGENT / ئەو کەسەیە کە پەیوەندی بەدوو دەزگای ئاسایش، یان دوو دەزگای هەواڵگرییەوە هەیە. زانیاری‌یەکی بۆ ئەوی تر، یان هەردووکیان بۆ یەکتری دەبات.

(EEIS) EVASION AND ESCAP FEGERPINT LADENTIFCATION SYSTEM / میتۆدی ڕەوانەکردنی زانیاری سەرەتایی بۆ دام و دەزگا پسپۆڕەکان، لە پێناوی دڵنیابوون و دیاریکردنی هەبوونی دەستی ئەو کەسە لەو کارەدا، ئەوەش دوای ئەوەی کەجێگا پەنجەی سەرەتایی وەردەگیرێت ئاماژە بە تاوانباری خاوەنەکەی دەکات.

(EEI) ESNETIAL ELEMENT OF INFORMATIO / لە بنەمادا واژەیەکی سەربازییە، بە مانای کۆکردنەوەو پەیداکردنی زانیاری خوازراوو پێویست بەکار دێت.

ELICIL / وەرگرتن و هەڵهێنجانی زانیاری لە یەکێك و، زمان دزینی لە کاتی قسەکردندا بیٚ ئەوەی هەستی پێبکات، ئەوەش بەمەبەستی هەواڵگری.

www.pertwk.com

EVASIVE ACTION / ئەو جموجوولەیە كە بەمەبەستی خۆڕزگاركردن لە گیران و هێرش كردنە سەر ئەنجام دەدرێت، بەتایبەتیش بۆ خۆ قوتاركردن لە چاودێرییەك كە لە سەرێتی.

EXFILTRATION / بەدەست هێنان و نەهێشتنی نهێنی ئەو كەسانەی لەناو لایەنی بەرامبەریان لە ناوچەی دوژمندا كاردەكەن.

FABRICATOR / كەس یان گروپ كە هەواڵ هەڵدەبەستن، بەگشتی بەمەبەستی شاردنەوەی سەرچاوە ڕاستەقینەكانیان، یان بە ئامانجی سیاسی و كەسێتی. واژەی فابریقەی كاغەز ( PAPER MILL) بە هەمان مەبەست بەكار دەهێنرێت.

HANDOLDER / تەجنید كراویان ئەندامێكی پەیوەندی گرتوو بە دەزگایەكی ترەوە، یان كەسێكی تایبەت بە ئۆپراسیون كە ڕێبەری دەكات و ناوچەكەش باس دەناسێت، بەگشتی ئەو كەسە كارمەندێكی دەزگا دەبێت.

INFELTRATION / 1- چاندنی تجنید كراوێك یان كەسێك بە نهێنی لە ناو گۆرەپانی دوژمندا، كە ئەم چالاكیە پێویستی بەبەزاندنی سنووریان هێلی دیاریكراو هەیە. 2- كەوتنە ناوو گوێگرتن لە كەسێك یان زیاتر، یان لە گروپ و دەزگایەك بەمەبەستی كۆنترۆڵ كردنیان.

INFORMANT SUB- SOURCE / 1- ئەو كەسەی كە زانیاری ئیستخبارات دەدات و پەیوەندی ڕەسمیشی نییەو سەرچاوەكە لە دەرەوەی كۆنترۆڵدایە. 2- لە كاتی ڕاپۆرت نووسیندا زانیاری دیاریكراو دەدات بەو كەسەی كە سەرچاوەی سەرەكیە.

INFORMER / ئەو كەسەی كە هەواڵ و زانیاری لە بارەی گومنانلێكراو، یان چالاكیەك بە پۆلیس یان دەزگای ئاسایش بە شێوەیەكی ڕێك و پێك و لێزانانە دەدات و، لەبەرامبەریشدا پاداشتی مادی وەردەگرێت.

INSULATE / بەگشتی واتە جیاكردنەوەی ئەو كەسەیە لە دەزگا، یان لەو كەسانەی لەناوچەكەدا كاری نهێنی بەڕێوەدەبەن، ئەوەش لە



سۆنگەی ئاشكرابوونیەوە، یاخود گومانلێكردنی هەبوونی ئەگەری ئاشكرابوون.

INTELLIGENCE AUDIT / هەڵسەنگاندنی بە تەنیا، یان بە كۆمەڵی ناوەرۆكی ڕاپۆرتی سێرڤەیسی ئیستخباراتی، وە لە كاتی ڕاستبوون و ئیجابی بوونیدا، بە لەبەر چاوگرتنی هەندێ فاكتەر وا بكرێ كە خاوەنی ڕاپۆرتەكە و ئەوانەی ئامادەیان كردووە هەست بەڕێزو بایەخی دەزگاكانی سەرەوە بكەن، بۆ ئەو ڕەنجەی كە لەپێناویدا داویانە.

KASTA / زاراوەیە كە هەواڵگری ئیسرائیلی بەكاری دەهێنێت، وەك (CASE SERVICE)

LIASION / ئەو پەیوەندییە ڕەسمیەیە كە لەنێوان دەزگاكانی هەواڵگری دوو دەولەت یان زیاتردا هەیە، هەروەها بە نارەسمی و پەیوەندی تا دوا پلەی لە دەرەوەی (KURAL)، واتە ڕێو ڕەسمی باو، و تا پەیوەندی كەسایەتی جیاجیاش دەگرێتەوە.

LIASION OPERATION / بریتییە لە پەیوەندی لەگەڵ كادیرانی دەزگایەكی بێگانە، لە ڕووی هاوكاری كردنی یەكترەوە بگرە تا دەگاتە ئەنجامدانی ئۆپراسیون و بەڕێوەبردنی هەرچەشنە چالاكیەك.

NAME CHECK / گەڕان لە دوو توێی دۆسیەو بڕوانە ڕەشنووسەكە بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر كەسێك. هەلبەتە ئەو ڕێ و شوێنە بۆ چەیكردنی زانیاری بەكاردێت كە ئایا وایە یان نا، لەو ڕووەوەی كە بەكار دێت بۆ كاری هەواڵگری و، لە سەر ئەو بنەمایەش بڕیار دەدرێت بەكار بهێنرێت یان نا. ئەم بەدوواداچوونەش یەكەمین هەنگاوی ئەم پرۆسەیە. بڕوانە ڕەشنوسەكە (TRACES) بۆ هەمان مەبەست بەكار دێت.

ONE- TIME PAD / ڕێ و شوێنی بەكارهێنانی شفرەیە، بەتێكەلكردنی جارێكی پیتەكان دەكرێت، بۆ یەك جار بەكار دەهێنرێت.

PENETRATION / چاندنی تەجنید كراویان تەكنیك، یان هەولدان بۆ دروستكردنی كەسێك بە مەبەستی زانینی نهێنیەكانی دەزگایەكی دیاریكراو كاركردنە سەر چالاكیەكانی.

www.pertwk.com

RECTUITMENT IN PLACE / بریتیە لە چالاكی تەجنید كردنی كادیرێكی دەزگایەكی ئامانج، كە لەسەر كاری خۆی بەردەوامە، وەك سەرچاوەی سەرەكی.

RECRUITMENT / كرداری قایلكردن و هاندانی كەسێك بۆ كاركردن بۆ دەزگایەكی نهێنی.

(ROLL BACK) ROLIUP / لەناوبردنی ڕێكخستنی نهێنی لەلایەن دەزگایەكی ئەمنیەوە لە ڕێی دزە كردن بۆ ناو چالاكیەكانیان و ناسینیان و ئاشكراكردنیان.

TERMINATION / بریتیە لە ئسولی كارگێڕی و ئەمنی پەیڕەوكراو، كە لە كاتی كۆتایی هاتنی پرۆژەیەك، یان كۆتایی هێنان بە كاری تجنید كراوێك دەگیرێتەبەر.

THIRO CONTRY OPERATION / ئەو ئۆپراسیونەیە كە دەزگایەكی هەواڵگری لە وڵاتێكی بێگانەدا دژی وڵاتێكی تر بەڕێوەی دەبات.

THIRD COUNRY AGENT / ئەو تەجنید كراوەیە كە لە دژی میللەتی خۆی و دژی وڵاتێكی تریش بەكار دەهێنرێت.

WALK-IN / سەنگەر گۆڕینی نوێنەری وڵاتێك و خزمەتكردنی لە بواری هەواڵگریدا، یان بەمەبەستی هاریكاریكردن لە هەموو بوارێكدا بەشێوەی خۆبەخش.



## پەراوێزەكان

1- رئاسە مەقامی / قەرارگای خزمەتی ئاسایشی میللی، كە لە نێوان فەرمانبەرەكاندا ئەو ناوەیان پێگوتووە.

2- كەسترمە / دیاریكردنی شوێنی ئامێرێكی بێسیم بۆ برین و تەشویش خستنە سەری. ئامێری وەرگری لە جۆرێك كە ئاراستەی پەخشكەرەكە دیاری دەكات. ئەم جۆرە ئامێرانە لەسەر ئێ ئۆتۆمۆبیل بەمەزەندە لەسێ خالی شاردا دانرابوون، پەخشكەرەكەی وەردەگرت و دیاری دەكردو بەهۆیەوە تەشویشی دەخستەسەری. لەسەردەمێكدا كە لە ئەلمانیای رۆژهەڵاتەوە ئیستگەیەكی جوداخوازی بە ناوی (رادیوی ئێمەوە) بەرنامەكانی بڵاودەكردەوە، بەهۆی ئیستگەیەكی جێگیرەوە تەشویش دەخرایە سەری.

3- مەبەست كودەتای 26ی مایسی 1960، كە سوپا بەسەر عەدنان مەندەرسدا كردی.

4- ئەو گروپانەی كە لەوڵاتەكەماندا خەریكی كاری ئیستخباراتین، میت، دەستەی ئەركانی سوپا، وەزارەتی دەرەوە، جەندرمە، دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی و سەرۆكایەتی كۆمار. ئەمانە هیچ جۆرە هەماهەنگیەكیان لە نێواندانیەو، ئاستی هاوكاریيان زۆر نزمە.

5- لێرەدا دەقی كتێبە كە لە لاپەرە (44–45) كەمە.

6- مانۆكیان / ژنێكە سیخوری بۆ رووسیا كردووە.

7- ماسلاك / ناوی رێگایەكە.

8- دەتراپ (DETRAP) / بە ئنگلیزی واتە (DEAD DROAP)، ئەو جێگایەیە كە بە مەبەستی دانانی هەواڵ و زانیاری و شت لە نێوان سیخورێك و بەر پرسی كارگێری گرووپەكەی دەستنیشانكراوە، بەبێ ئەوەی كەسیان ئەوی تر ببینێت. ئەمەش یەكێكە لە رێبازە نهێنیەكانی گەیاندنی هەوال و زانیاری. ئەو جێگایە لەوانە كلۆری دار، یان زێر بەردێك بێت كە هەردوولا لەسەری رێك كەوتوون. هەندێ جار

نیشانەیەکیش دادەنرێت کە دەتراپەکە پڕە، واتە سەرچاوە زانیاری تێهاویشتووە. لە تورکیدا واتە (خودی پۆستەی بێگیان).

9- موبارەك غالب ئالدەم /
(1781 – 1938) ئارکۆلۆجیست بووە، بەڕێوەبەری گشتی مۆزەخانەکان بووە

10- BALO / وشەیەکی ئیتالیە، واتای ئاهەنگی سەما بە جل و بەرگی ڕەسمیەوە دەگەیەنێت.

11- سەدری ئەعزەم خواجە خەسرەو پاشا / لە سەردەمی سولتان سەلیمی سێیەمدا پارێزگاری ئەسکەندەریە بووە، لەسەردەمی سولتان عبدالحمیدا بۆتە سەدری ئەعزەم. ساڵی 1854 مردووە.

12- سەدری ئەعزەم ئەدهەم پاشا / (1818 – 1893) پیاوی دەولەت و زانست بووە، ئەندازیاری مەدەنی بووە، لە 1856 بۆتە وەزیرو، چەندین بەرپرسیارێتی تری وەرگرتووە، لەسەردەمی سولتان عبدالحمیدا بۆتە سەدری ئەعزەم.

13- موشیر شاکر پاشا / (1838– 1899) سەرۆکی ئەرکانی جەنگی هەرسك بووە، لە ساڵی 1876 دا لە شەری رووس بە پلەی فەریق بەشداری کردووە

14- عوسمان حەمدی / (1842 – 1910) لە بواری ئارکیولۆژی و وێنە کێشاندا شارەزابووە، گەلێك بەرپرسیارێتی گرتۆتە دەست، لەئەسکی شەهید نێژراوە.

15- مولیکە / لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بە کۆلیجی زانستە سیاسیەکان گوتراوە.

16- دەنیز گەزمیش / سەرکردەیەکی چەپی تورك بووە، لە دوای کودەتای ساڵی 1971 دەستگیر کراوەو لە تورکیا لە سێدارە دراوە.

17- ماهیر چیایان / سەرۆکی (THKP-C) پارتی رزگاری میللی تورکیا بووە، بەهۆی یەکێك لە پاسەوانەکانەوە لە زیندان هەلهاتووە، پاش دەستگیرکردنی پاسەوانەکە لە سێدارە دراوە.

18- ئەل رۆم / بالوێزی ئیسرائیل بووە لە تورکیا.



19-گەردەلوولی یەك / هەلمەتێکی پشکنین و دەستگیرکردن بووە، کە (میت) لە دووای کودەتای 12ی ئاداری 1971 ئەنجامیداوە.

20- (THKP-C) پارتی رزگاری میللی تورکیا – بەرە.

21- چی کفتە / کفتەیەکی تورکییە زۆر تیژە، بیبەری زۆری تێدایە، شاری ئورفە بەم جۆرە کفتەیە بەناوبانگەو، خواردنێکی میللی بلاوە لە تورکیا.

22- ئەرنەکۆی / گەرەکێکی ئیستانبوولە.

23- فەرتەنەیەك / ناوی ئۆپرایونەکەی تورکیایە (گەردەلوولی یەك) بۆ دەستگیرکردنی (ماهر چایان) و ئەندامانی پارتی رزگاری میللی تورکیا.

24 – لەوەند / گەرەکێکی ئیستانبوولە.

25- شیشلی، بەبەك / ناوی دوو گەرەگی ئیستانبوولی تورکیایە.

26- کیس ئۆفیس / ئەو کەسەی لە رووداوێکی ئیستخباری دەکۆلێتەوە، لە ئنگلیزی وەرگیراوە.

27- ستادی کۆمیتەی یەکێتی نەتەوەیی / ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییە.

28- پاکتاوکردنی چواردەکان / رووداوی کوژرانی ماهیر چایان و هاوەلەکانی.

29- مەبەست کۆچکردنی تورکەکانە لە بولگارستانەوە بۆ تورکیا.

30- ساڤاشمان / سەلاحەدین ساڤاشمان، جێگری سەرۆکی قەرارگای (میت) بووە.

31- (Aga bey) ئاغا بێگ، برا گەورە، وشەیەکە بۆ رێزلێنان بە کاردێت لە کاتی قسەکردندا لەگەڵ کەسێك لەخۆ گەورەتر.

32- (yahu) / یاهوو، واتە کورە.

33- فابریکاتۆر / زاراوەیەکی ئەمریکاییە بۆ ناوزراندنی کەسی بەرامبەر.

34- میهری بەلی / سەرۆکی گرووپی لاوانی شۆرشگێر (dev. genc)

www.pertwk.com

**تێبینی**/ سەرەتایەك بۆ مێژووی دامەزراندنی (میت) و هەندێ دامودەزگای ئیستخباراتی تورکیا لە سەرەتای کتێبەکەدا زیاد کراوە، تا خوێنەر وێنایەکی روونی هەبێت لەمەڕ دامەزراوەکانی کاری ئیستخباری ئەنجام دەدەن. ئەو بەشە پەیوەندی بە نووسەری کتێبەکەوە نییە.

www.pertwk.com

# زنجیرەی بڵاوكراوەكانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی 2004

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | ساڵی دەرچوون | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|---|
| رۆشنبیرو دەسەڵات | عەرەبی | سعدالدین ابراهیم | رۆشنبیری | 2004 | هەڵكەوت عەبدوللا |
| شانۆ لە چەند وتارێكدا | عەرەبی | عەونی كەڕومی | شانۆیی | 2004 | پەروەر نەجمەدین |
| ستراتیژیی سەربازیی | فارسی | ریچارد كاگلەر | سیاسی | 2004 | دلێر میرزا |
| نامەیەك دەربارەی لێكبوردن | فارسی | جۆن لۆك | فەلسەفی | 2004 | شۆڕش جوانڕۆیی-فەرشید شەریفی |
| مەولاناخلیدو تەریقەتی نەقشبەندی | فارسی | سەید طاهر هاشمی | فیكری | 2004 | دلێر میرزا |
| سێ شانۆ نامە | عەرەبی | جان كۆكتۆ<br>ئۆین ج. ئارنۆ<br>میشێل دی.<br>ئۆنامۆنۆ | شانۆی | 2004 | هەورامان قانع |
| را پۆرتی برۆدی | فارسی/ عەرەبی | خۆرخە لویس بۆرخس | چیرۆك | 2004 | یاسین عومەر |
| بیرەوەرییەكانی هەڵەبجە | كوردی | بەكر حەمە صدیق | مێژووی | 2004 | بەكرحمە صدیق/ كوردی<br>دلێرمیراز/ فارسی<br>م. حسن عبدالكریم/ عەرەبی<br>فوئاد تاهیر / ئینگلیزی |
| رەهەندەكانی ناسیۆنالیزم | فارسی | كۆمەلێ نووسەر | نەتەوەیی | 2004 | ئارام جمال |
| ریفراندۆم باشترین شێوازی خەباتە | سویدیی ەوە | تۆم گولبێری | سیاسی | 2004 | ئیدریس ئیبراهیم |
| شانۆی پانتۆمایم | عەرەبی | بورهان قەرەداخی | شانۆی | 2004 | بورهان قەرەداخی |
| گوڵەزەر | عەرەبی | جەنگیز ئیمتاتۆف | رۆمان | 2004 | جەوهەر كرماج |
| پاژنەی ئاسنین | عەرەبی | جاك لەندەن | رۆمان | 2004 | كەمال غەمبار |
| خەناوكەیەك بۆ سەر میناز | فارسی | ئەحمەدخان ئەبوبەكر | رۆمان | 2004 | ئەبوبەكر خۆشناو |